# ناسیونالیزم
## لەنێوان فکر و سیاسەتدا

سمکۆ محەمەد

٢٠١٨

ناوی کتێب: **ناسیونالیزم لەنێوان فکر و سیاسەتدا**
بابەت: لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی
نوسینی : سمکۆ محەمەد
دیزاین: عیسا بۆتانی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانە:
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان لە هەولێر
ژمارە (       ) ی ساڵی ٢٠٠٩ دراوەتێ

## پێشەکی

مێژووی بزووتنەوەی سیاسی لە سەراسەری جهاندا، بریتییە لەو چیرۆکانەی کە لەئەنجامی کێبەرکێی گەلان و چینەکاندا نوسراونەتەوە و بەشێکیشی هەم لەترسی دەسەڵاتدارانی سەردەمەکان و هەم بەهۆی کەمتەرخەمییەوە بەهەڵواسراوی ماونەتەوە، لەمڕاستایشەدا بۆ بەدەسهێنانی دەسەڵات کۆمەڵێك چەمکی جیاواز لە نێو سیستمی سیاسیدا بەرهەمهاتووە، بۆ هەر یەکێك لەو چەمکانەش پاساوێکی بۆ دۆزراوەتەوە و لۆژیکێك لە باگڕاوندیدا راوەستاوە و بەرگری لێدەکات، بەپێچەوانەشەوە تیۆریستینە فکری و سیاسیەکان هەم بەرچاوڕوونیان خستۆتە روو، هەم بە تێڕوانینی جیاواز ئاڵۆزترییان کردووە، بەڵام سیاسەت هەر بەیەك مانا نایەت، چونکە بەشێکە لە زانست و یاسا، یان میتۆدی جیاواز، لق و پۆپی جیاوازی لەخۆ گرتووە کە تیۆریزەکارانی ئەم بوارە بنەماکانیان داناوە.

دابەشبوونی وڵاتان و پەرشوبڵاوبوونی نەتەوەکان بەسەر داگیرکەران لەئەنجامی جەنگە جهانیەکانەوە، هەروەها درووست بوونی سنووری جوگرافی بۆ هەر نەتەوەیەك کە بوونە خاوەن شوناسی دەوڵەتی و بەناوی نەتەوەیەك دەوڵەت پێناسە کرا، بەپێی کولتوور و خەسڵەتی کۆمەڵگەکان لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر کەڵکی لێوەرگیرا، ئەگەرچی کۆمەڵگەیەکی بەر سێبەر و کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن وەکو یەك چاوی لێکراوە، بەڵام دواجار دەست و پەنجە لەگەڵ ئەو چەمکانە گەرمکراوە کە بزووتنەوە سیاسیەکان و رەهبەرانی ئەو بزووتنەوانە لەکاتی خۆیدا خوازیاری بوون، هەڵبەت بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەدەوڵەتێکەوە بۆ نەتەوەیەکیش کە دەوڵەتی نییە جیاوازی هەیە، ئەگەرچی لەهەناوی هەر یەکێك

لەو سیستمانەی کە لەمێژووی سیاسیدا بوونیان هەبووە، ناسیۆنالیزم کەڵکی لێوەرگرتووە و لقێك بووە لەو سیستمە، (جۆن ستیوارت میل) یەکێکە لەو بیرمەندە سیاسیانەی گرینگی بەم باسەداوە و تیۆریستێکی لیبراڵە، پێیوایە پێکهێنانی ئەو جۆرە دەوڵەتە ناکارن کە لەسەر بناغەی نوێنەرایەتی کولتووری جیاواز درووست بوون، کەچی (ستێنر) تیۆریستێکی ئاڵمانییە و دژە بۆچوونی هەیە لەگەڵ میل، رەخنەی توندی لە سیستمی لیبرالی سیاسی و سۆسیۆلۆژیای بەشەری هەیە، ئەم جیاوازیانە لەبەرامبەر چەمکی ناسیۆنالیزم و خودی نەتەوەکان، لە تیۆرەکانی کانت و ماکیاڤیللی جودا دەکاتەوە و پێی وایە لە پراکتیکدا دەبینرێت.

ناسیۆنالیزم ئەو چەمکەی بۆ نەتەوە ژێردەستەکان جێکەوتەبووە و بوو بەئیدیۆلۆژیایەکی رووت، یان باشتر بڵێم نەتەوەخوازی کردە داواکارییەکی سیاسی پەتی، بەو ئاراستەیەی کە نەتەوەی ژێردەست لەژێر چەپۆکی نەتەوەی سەردەست نەمێنێ، سەرەنجام رژێمێکی سیاسی خوڵقاندووە کە هەندێك جار زۆر دوورکەوتۆتەوە لە داواکارییە ستراتیژییە نەتەوەییەکە، تائەو جێگەیەی کە رەوایەتی داوە بە دەستەبژێرێکی بەناو سیاسی و جۆرێك لە بازاڕی سیاسی گەرم کردووە، هەروەها ئەم چەمکە بەرادەیەك توندڕەوی بەرهەمهێناوە کە دواتر پاشگری ئیزمی بۆ هەریەك لە رژێمە فاشیزم و نازیزم و شۆڤێنیزم و هتد هێنا ئاراو جەنگێکی تری خوڵقاند و هەر ئەوەی کە ئێستا وەکو ئەزموونێکی ناحەز و نابووت تەماشای دەکرێت، بیروباوەڕی ئینتەرناسیۆنالیزمیش کە بیرکردنەوەیەکی پێچەوانەی ناسیۆنالیزمە بەدیوە ئیدیۆلۆژیاکەی، هەندێکجار کێبەرکێی سیاسی خوڵقاندووە و ئەو نەتەوانەش بوونە بەقوربانی ئەو کێبەرکێ ناعادیلانەیە، بەتایبەتی کێبرکێی نێوان ئامریکا و سۆڤیەتی کۆن کە جەنگی ساردی چەند ساڵ درێژکردەوە و

دواتریش بەسەرکەوتنی ئامریکا و سەرمایەداری نێودەوڵەتی کۆتایی هات.
خراپ کەڵك وەرگرتن لە چەمکەکانی ناسیۆنالیزم و کۆمۆنیزم و رووبەڕووبوونەوەی رژێمی سەرمایەداری لەپەنا ئەمەشدا تێنەگەیشتنی کۆمۆنیستە سوننەتیەکان لەنێو کاری حیزبیەت و ئیدیۆلۆژیای مارکسی بوون، هەرچی زیاتر رێگە خۆشکەر بوون بۆ ئەوەی بیری ناسیۆنالیزمی تا ئەو رادەیە سەرهەڵبداتەوە کە دوای نزیك بەسەدەیەك جارێکی تر راسیزم بەرهەمبهێنێەوە، ئەم مەشغەڵەتە سیاسیە کە لەو دەوڵەتانەوە دەستی پێکرد کە لەسۆڤیەت جوودابوونەوەو سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت، رێگەی بۆ ئەو نەتەوانەش سازکرد کە بچنە نێو هاوکێشە سیاسیەکان و نەتەوەی کورد کە یەکێکە لەو نەتەوانەی بەدرێژایی مێژووی خۆی سەربەخۆیی بەخۆیەوە نەبینیوە، تائەو رادەیەی شوناسی خوشی نەدۆزیوەتەوە جگە لەو داتایانەی کە رۆژهەڵاتناس و بەشێك لە زانا عەرەبەکان باسیان کردووە و مێژووکەیان بەنیوە ناچڵ بۆ نوسیوەتەوە، بۆیە تائێستاش و رەنگە دواتریش هەر نابێت بە ناسیونالیزم و نەتەوەی خۆی ناپارێزێ لەوانی تر کە دوژمنەکانین، بۆیە لە پەراوێزی ئەم چەمکەدا موناقەشەی زۆر لەنێوان رۆشنبیران و سیاسیەکانی نێو بزووتنەوەی کوردی کراوە کە خاوەنی گوتاری ناسیۆنالیزمی نین و پێشتریش نەبوونە، بەبیانووی ئەوەی کە تایبەتمەندی ئەم نەتەوەیە لەڕووی جوگرافی و کولتوور و زمانەوە، جیاوازی زۆری لەگەڵ گەلانی تر هەیە کە تائێستا خاوەن دەوڵەتن و سەربەخۆیی خۆیان راگەیاندووە و لەرووی کولتووری سیاسیشەوە هەرگیز ناسیونالیست نەبوون، چونکە بەردەوام هێندەی خۆیان دژی خۆیان بوون بەخزمەت گەلانی تر و دەسەڵات و حوکمڕانەکانی تر، هێندە ئەو رژێمانە نەبوون.
قەناعەت پێکردنی کۆمەڵگە لەلایەن دەستەبژێرێکی سیاسیەوە بۆ

ئەوەی لە پەراوێزی چەمکی ناسیۆنالیستیدا هاوکاری سیاسیەکان بکەن، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە چارەنوسی کۆمەڵێك خەڵك بەجیاوازی کولتوورەوە لەکێشە بنەڕەتیەکانەوە کورت کراوەتەوە بۆ کێشەیەکی جوگرافی، لەبەرامبەر دەوڵەتانی تر و هێزی سیاسی باڵادەست لەو ناوچانەدا کە چەند نەتەوەیەك هەن و تەنها نەتەوەیەك حاکمە، کێشەیەکی دیکەی نەبوونی بیری ناسیونالیزمی کوردی لە مێژووی خۆیدا، مەسەلەی ئینتیما بووە بۆ ئاینی ئیسلام کە ئەوانیش بەهۆی ئەوەی موجتەهید و فتواکارەکاناین زمانی عەرەبیان بە زمانی خودا زانیوە، نەتەوە بچووکەکانی ناوچەکەیان بە پلە دوو ناسیوە، بەتایبەتیش پەراوێزخستنیان بەبیانووی ئەوەی رێگر و پیاوکوژ بوونە، تائەو رادەیەی بە ئاژەڵ تەماشایان کردوون، وەکو ئیبن تەیمیە باسی دەکات، یان بە کافر کە بەناچار هاتوونەتە نێو چوارچێوەی جوگرافی و قەڵەمڕەوی خاوەن ئاینەکە کە عەرەب بووە، ئەمە یەکێك لەو بنەچانەیە کە رێگری لەو بیرکردنەوەیە کردووە کە کورد ناسیونالیزم بێت، یان دوور بخرێتەوە لە رەسەنایەتی نەتەوەیی.

ئەم پێشەکیە کورتکراوەی هەندێك لەو هێدڵاینانەیە کە لەنێوەڕۆکی باسەکاندا تا ئەو جێگەیەی پێویست بووبێت موناقەشە کراوە، دەمەوێ ئەوەش لەم پێشەکیەدا بە بیر خوێنەر بهێنمەوە کە سەرەتا گەرەکم بوو تەنها لەسەر چەمکی ناسیۆنالیزم کار بکەم، بەڵام دواتر بەناچار خزامە نێو چەمکی سیاسیەوە و دەبوایە باس لە بیری سیاسی کۆن و نوێ بکەم کەسەرەتا لە یۆنانی کلاسیکەوە هاتووە و دواجار لە رۆژئاوا گەشەی پێدراوە، بۆیە بوو بەمیحوەرێك لە کتێبەکە، میحوەرەکانی دیکەش ناسیونالیزم و چەمکی دەوڵەتە، میحووەرێکی تر لە بزووتنەوەی سیاسی کورد و ناسیۆنالیزمە کە نەدەبوو خۆم لەم لایەنانە بەدوور بگرم، رونکردنەوەیەکی کەمی ئەو بیانووەیە

کە بەناو ناسیۆنالیزمی کوردی لەمێژووی خۆیدا خراپ کەڵکی لێوەرگرتووە. بەهەرحاڵ لێکۆڵینەوەکە تائەو جێگەیەی پێویست بوو بێت لایەنێکی بۆ نەبۆتە کەلێن مەگەر پەیوەندی بە باسەکەوە نەبوو بێت. بەهیوای ئەوەی دەستکاری کردنی لێکۆڵینەوەکە بۆ دەوڵەمەندکردنی بێت و کارێکی باشم کردبێت.

سمکۆ محەمەد
٢٠١٨

# تیۆرە سیاسیەکان و ناسیونالیزم
# دەوڵەتی نەتەوەیی بە نموونە

«سەربەخۆیی ئەوەنییە دوژمنەکانمان وەدەرنێین، بەڵکو ئەوەیە فێربین چۆن خۆمان بەڕێوەبەرین».
(گاندی)

**١: چەمکی سیاسەت**
**٢: تیۆری یۆنانی ئەرستۆ**
**سەرەتایەك لەبارەی چەمکی سیاسەتەوە**

**سیاسەت (politiqe) وەکو پێناسە بەمانای وشە ئەوەیە کە لەعەرەبیدا (السوس) ە. السوسیش بە مانای سەرۆکایەتی کردن بۆ بەرژەوەندی کەسێك، یان چەند کەسێك، یان کۆمەڵگەیەك، یان دەوڵەتێك دێت، لە زمانە فەرانسایییەکەشدا بە مانای ( دەوڵەت و شار و هاوڵاتیان) دێت، لە پێنایەسەکی دیکەدا سیاسەت مانایەکی تری بۆ داتاشراوە کە لە زمانی عەرەبیدا ( فن الممکنات) واتە (هونەری بەدەستهێنان) یاخود بە مانایەکی تر (هونەری شتە ڕێتێچووەکان) ئەو شتانەی کە ڕێگەی تێدەچێت و بە کاردێت کە ئەمەیان لەرووی پراکتیکەوە دێت، نەك لە رووی زانستی سیاسیەوە، زاراوەی سیاسەت زاراوەیەکی ئەپستراکت و داماڵراو نییە تاکو بۆ یەك کایە بەکاربهێنرێت، بەڵکو چەمکێکی گشتی و شمولییە بۆ بەدەستهێنانی دەرەنجامێك لەهەموو کایەیەکدا بەکاردێت، بۆ نمونە سیاسەتی ئابوری و کارگێڕی و سیاسەتی کشتوکاڵی و سیاسەتی فەرهەنگی و سیاسەتی جوگرافی و سیاسەتی ئەدەبی و هتد، ئەمە جگە لەوەی کە سیاسەت لە هەموو کایەکاندا وەکو نەخشە ڕێگایەك کاری پێدەکرێت و**

زۆربەی کایەکانی دیکەی پێکەو لکاندووە و هەموو کایەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی بازرگانی و سیاسی و فەرهەنگی لەهەناوی خۆیدا کۆنترۆڵ کردووە.

بەهەرحاڵ ئێمە لێرەدا زاراوەکە بۆ خودی سیاسەت بەکاردەهێنین و هەر لەو بوارەشدا مامەڵەی لەتەك دەکەین کە پەیوەندی بەژیانی گشتەوە هەیە و گرووپێك گەمەی تێداگەن، بە بەبڕوای (جۆن رۆلز) کە لەکتێبی (تیۆری داد) دا نوسیویەتی (سیاسەت ئەوەیە کۆمەڵێك کەس باوەڕ و بیروڕای جیاوازیان هەیە بەیەکسانی ملکەچی کۆمەڵێك یاسا و پرنسیپ دەبن کە دلەسەرەوە یان لەرێگەی بیرمەند و تیۆریستەکانیانەوە داڕێژراوە) یەعنی بەم شێوەیە ئێمە دەچینە بەردەم چەند جۆرێك لە سیاسەت، بۆ نمونە (سیاسەتی ئابوری. سیاسەتی نێوخۆیی، سیاسەتی دەرەکی و نێودەوڵەتی، سیاسەتی فەرهەنگی، سیاسەتی ئیدیۆلۆژی، سیاسەتی ئاینی و هتد) کە پێشتر بیرکردنەوەی کەسێك یان چەند کەسێکە و دواتر دەبێتە پرنسیپێك و کاری پێدەکرێت.

بەڵام ئێمە لەم باسەدا ناچینە سەر هەندێك لەو چەمك و زاراوە داتاشراوانەی کە هەریەکێك لە بیرمەندانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بە شێوەی جیاواز پێناسەیان کردوون. ئەگەرچی هەر یەکێك لەو چەمکانە کۆمەکمان دەکەن و لەشوێنی خۆیدا کاری پێدەکرێت، بەڵام کەمتر پەیوەندی بە باسەکەوە هەیە و گرینگی هەیە، لە کاتێکدا هەر یەکێك لەو چەمکانە هەم فکری و فەلسەفین، هەم بوون بە سیستمی جیاواز لە یەکتر.

لەباری شیکردنەوەشدا سیاسەت ئەو چەمکەیە کە هەم لقێکە لە لایەنە جیاوازەکانی سوسیۆلۆژیا و هەم فکرێکی کۆنە و هەم پرسیارگەلێکە لەسەر عەقڵ و لۆژیك، هەم میتۆدێکی زانستی دیکەیە بەهەموو بۆچوونە جیاوازەکانەوە، بەو مانایەی کە نزیکایەتی لەنێوان هزری سیاسی و ژیانی سیاسی دروستدەکات، بەڵام لەدەرەوەی زانست و میتۆد و سیستمە جیاوازەکان، ئەم

چەمکە توانیویەتی هەموو کایەکانی تر لەهەناوی خۆیدا جێگە بکاتەوە و کۆنترۆڵیان بکات، هەروەها مشتومڕێکە لەسەر کێبەرکێی نێوان هێز و فکری سیاسی، مشتومڕێك لەنێوان پێناسەیەکی کلاسیکی و هاوچەرخدا لەگەڵ سەرهەڵدان و هاتنە ئارای فکری نوێ، بۆیە شێوازی بەدەستهێنانی دەسەلاتیشی گۆڕیوە بۆ بارێکی تر کە پێشتر بە کۆنکریت هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرا، سابا ئەو بەدەستهێنانە بۆ دروستکردنی دەوڵەت بوو بێت، یان جێکەوتە کردنی هەر بیرێکی سیاسی دیکە بوبێت کە سەرەتا تەنها فەلسەفەی پەروەردەکردنی کۆمەڵگە و هۆشیاری لەپشتەوە بوو.

بۆ ئەوەی ئامانجی باسەکان بپێکین پێویستە باس لەمشتومڕە جیاوازە فکرییەکانی سیاسەت بکەین، بۆ نمونە چوار مشتومڕی جەوهەری هەن لەمەڕ (نەتەوە و ناسیۆنالیزم) باسیان دەکەین کە دێنە نێو توێژینەوەکەمان و پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە بەم باسەوە، بەرلەمەش پرسیارەکە ئەوەیە کە چۆن چەمکی ناسیۆنالیزم بخەینە نێو زاراوە و سیستمە سیاسیەکانەوە، هەروەها چۆن ئەم زاراوەیە هەڵکۆڵین و لەڕووی ئەکادیمییەوە کۆمەڵە چوارچێوەیەکی هەمەچەشنەیان بۆ پێشنیارکراوە، یاخود چۆن بتوانین مامەڵەیان لەتەکدا بکەین و پەخشی بکەین بەسەر کولتوور و ئاین و جوگرافیا و زمانەوە، هەروەها چۆن ئەو پەیوەندییە بدۆزینەوە لەنێوان هەردوو چەمکی (ناسیونالیزم و ئینتەرناسیونالیزم) ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە بەشێکی زۆر لە پانتایی باسەکەیان داگیر کردووە.

هەڵبەت ئەم چاپتەرەمان بۆیە بۆ چەمکی سیاسی تەرخان کردووە، چونکە دەمانەوێ لانیکەم باگڕاوندی سیاسی مێژوویی گەلان وەربگرین و چەمکە سیاسیەکان لەم باسەدا جێبکەینەوە، هەروەها لەڕێگەی بۆچوون و موناقەشەی بیرمەندانی تایبەت بەم باسەوە، جیاوازیەکان پیشانبدەین کە هەر یەکەیان

لەزەمەن و جوگرافیایەکی جیاواز قسەی لەسەر کراوە، یان بەپێی بیرکردنەوەی جیاواز پراکتیکی جیاوازی بەرهەمهێناوە، هەروەك ئەوەی لە مێژوودا بینومانە.
بەرلەوەی باس لە تیۆرە سیاسیەکان بکەین، هەروەها لە پەراوێزی ئەو تیۆرانە قسە لەسەر سەرهەڵدانی بیری ناسیونالیزم بکەین، پێویستە پێناسەیەکی دەوڵەتشار بکەین، بەوپێیەی کە باسەکە گرێدراوی کۆمەڵ و ئەتنیك و نەتەوەی ڕەسەنی کۆنە، چونکە بەشێوەك لە شێوەکان دەوڵەتشار ناسیۆنالیزمی ئەو قۆناغە بەشەری و سیاسیە بووە کە لەیۆنان لەسەر بنەمای قەوارەی خێڵ و عەشیرەت چەمکی نەتەوەی بەرهەمهێناوە، ئەگەرچی ئەم سیستمە دەوڵەتییەی لەڕووی مێژووییەوە چیرۆکی زۆری تێدایە و باسێکی زۆری لەسەر کراوە، بەڵام بەپێی قسەی (برتراند رسل) بێت کە لە کتێبە بەناوبانگەکەی لەژێر عینوانی (سیاسەت و ئاکار) بۆچونێکی دیکەیە لەدەرەوەی شیکردنەوەکانی دیکە و کتێبەکانی ئەفلاتون و ئەڕستۆ. ئەم دیاردەناس و سۆسیۆلۆلیژیستە ئینگلیزە ئەگەرچی بە سۆز لەم باسەی ڕوانیووە، نەك عەقلانی، بەڵام ئەم جۆرە دەوڵەتە بە بنکەیەکی گەورەی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی داناوە، هەروەك وادەرچووە، هەروەها پێیوایە بەشێکیشە لەو هۆکارانەی کە بۆتە بنچینە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی، لەلایەکی دیکەشەوە کێبەرکێی دەسەڵاتی سیاسی بووە لەشارێکی دیاریکراودا، جگەلەوەی دامەزراندنی دەوڵەتشاری سەربەخۆ و مێژووی دروستبوونی گریك هۆکارێکی سەرەکی بوو، هەروەها کێبەرکێ و جەنگی نێوان نەتەوە ڕەسەنەکان هۆکارێکی دیکەی شەرعیەتپێدانی ئەم تێگەیشتنەن لە دەوڵەتی نەتەوەیی، جەنگی فارس و یۆنان دوای جەنگی نێوان سپارتە و ئەسینا، سەلمێنەری ئەم بۆچوونەن.
لەسەروەختی خۆیدا ئەسینا ڕووبەرێکی فراوانی نەبووە تاکو

هاوڵاتیەكانی یەكتر بناسن، چونكە هەریەك لە سپارتا و ئەسینا وە ناوچەكانی تر وەكو دەوڵەتی سەرەتایی خاوەن ئابورییەكی سەربەخۆ بوون كە عەشیرەتەكانی ئەو كات ناوچەكانیان بەڕێوەدەبرد، بەڵام لەبارەی سیاسیەوە ئامادە نەبوون ملكەچی هیچ هێزێكی دیكەبن لە ناوچەكە، دەوڵەتی ئەسینا كە بچوكترین شاری یۆنانە و خاوەنی سیمایەكی تایبەت بووە لەڕووی هزری و سیاسیەوە كە سوكرات و ئەفلاتۆن پیشەنگەكانیانن، وەكو دەزانرێت كە دانیشتوانەكەی بەسەر سێ چینی جیاوازدا دابەشبوون، كە ستراكتۆر ئەم شارە بووە، لەوانە چینی (كۆیلەكان و بێگانەو هاوڵاتیانی ئازاد) بوون ئەوەی كە پەیوەندی بە كۆیلەكانەوە هەبوو لەمافی سیاسی بێبەش كرابوون تائەو رادەیەی كڕین و فرۆشتنیان پێدەكرا، نە پیاوان بۆیان هەبوو ژن بهێنن و نە ژنان بۆیان هەبوو مێرد بكەن، چونكە هاوڵاتی نەبوون بە پێی یاسای دەوڵەت، چینی بێگانەكانیش ئەو چینە بوون كە نەخۆیان و نەباوك و دایكیان لە ئەسینا لەدایك نەبووبون وەبەپێی ئەسینایی گەورە نەبووبوون، هەرچی چینی هاوڵاتیە ئازادەكانیش بوو هەموو جۆرە مافێكی سیاسی و سوپا و وەرگرتنی پۆستی وەزیفی دەوڵەتیان پێدرابوو، چونكە ئەسینا خاوەنی چەند دەزگایەكی گرین بووە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، بەو رێساو یاسایانە كاری كردووە كە دابەشی سەر سێ دەزگای جیاواز كراوە.

دەزگای یەكەم: كۆنگرەی گشتی كە تەنها هاوڵاتیانی نێرینەی وەردەگرت، وە لەتەمەنی ١٨ بۆ ٢٠ساڵی بوو كۆبوونەوەكانی ١٠ ساڵ جارێك گرێدەدا.

دەزگای دووهەم: ئەنجومەنی پێنج سەدی بوو، ئەم ئەنجومەنە بریتی بووە لە ٥٠٠ كەس و نوێنەرایەتی ئەو ١٠ هۆزەیان دەكرد كە لەئەسینا دەژیان، لێپرسراوێتیەكەیان تەنها ئەوەبوو پێشنیاری یاسایی بخەنە ژێر دەستی كۆنگرە و سەرپەرشتیان دەكرد،

هەروەها بڕیاردەر و جێبەجێكەری فەرمانەكانی دادگا بوون، جگە لەمەش باج و سەرانەشیان كۆدەكردەوە و چاودێری دارایی دەوڵەتیشیان دەكرد، سەرباری هەموو ئەمانەش ئەنجومەنەكە دەسەڵاتی ئەوەیان هەبوو هەم جەنگ رابگەیێنن و هەم ئاشتی بەرقەرار بكەن.

دەزگای سێهەم: دادگا بوو، ئەم دەزگایە لەرێگەی هەڵبژاردنێكەوە بوو كە لەنێو دامودەزگا ئیدارییەكانی دەوڵەتەوە دەكرا، دەبوو ٦٠ كاندید هەبێت بۆ ٦٠٠٠ هاوڵاتی، مافی ئەوەیان هەبوو دەست لەكاروباری دەوڵەت وەربدەن تەنها سوپا نەبێت» تاريخ الفلسفة. برتراند رسل. الفسلفة القديمة. ترجمة. زكي نجيب محمود. دار النشر القاهرة. ل ١٦٠ _ ل١٦٢ _ ل١٦٣ .

سپارتا یەكەمین شاری ناسیونالیستی جهانە و دراوسێی ئەسینا كاریگەرییەكی زۆری تەواوی لەسەر ناسیونالیستی كۆمەڵگەی یۆنانی هەبووە، هەرئەم هۆكارەش وایكردووە لەململانێ و شەڕدا بەسەر ئەسینادا سەربكەوێت، لە حاڵێكدا لەڕووی سیستمی دەوڵەتییەوە، هیچی وەهای جیاواز نەبووە لەگەڵ ئەسینا، بۆ نمونە چەند دەزگایەكی هەبوو بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، لەوانەش بریتی بوون لە سیستمی دوو پاشایەتی و ئەنجومەنی پیران و كۆمەڵەی گەل و راوێژكاران.

دەزگای یەكەم: دوو پاشایەتی، ئەم سیستمە تەنها لە سپارتا هەبوو دوو بەرەچەڵەك لە دوو بنەماڵەی جودا بەمیرات پاشایەتیان بۆ ماوەتەوە دەبوون بە پاشای دەوڵەت، هەردووكیان لە جەنگدا سەركردایەتی سوپایان دەكرد و سەرپەرشتی سرووتە ئاینیەكانیشیان دەكرد، بەتایبەتی لە كاتی ئاشتیدا دەسەڵاتیان سنووردار كرابوو.

دەزگای دووهەم: ئەنجومەنی پیران كە لە٢٨ كەس لەچینە سەر بە ئەرستۆكراتەكان پێكدەهات، هەریەك لە ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە دەبوو تەمەنیان لە ٦٠ساڵ كەمتر نەبێت،

ئەرکیان یەکلایی کردنەوەی تاوانەکان و هەروەها بەڕێوەبردنی کاروباری بازرگانی بوو.
دەزگای سێهەم، دەزگای کۆمەڵەی گەل بوو، ئەم دەزگایە لەهەموو هاوڵاتیان پێکدەهات و هەموو مانگێك كۆدەبوونەوە، هەروەها لەبری هەموو گەل پۆستەکان بۆ ئەو کەسانە دیاریدەکران کە بەڕێوەبەری کارگێڕی بوون و بڕیاری جەنگ و ئاشتی و ئەو کێشانەی رووبەڕووی سەرۆك دەبووەوە، ئەرکی سەرشانی ئەم کۆمەڵەیە بوو.
دەزگای چوارەم: دەزگای راوێژکاران بوو ئەم دەستە راوێژکارییە لە ٥ ئەندام پێکدەهات و لەلایەن ئەنجومەنی پیرانەوە هەڵدەبێردران و ئەرکیان ئەوەبوو کە باڵانسێك لەنێوان دەسەڵاتەکانی هەردوو پاشا بکەن کە سوێندیان لەبەردەم ئەم ئەنجومەنە دەخوارد، سەبارەت بە پاراستنی دەستووری سپارتا، هەروەها ئەم دەستەیە دەیتوانی دادگایی پاشاکانیش بکات لەئەگەری ئەنجامدانی هەر سەرپێچی و تاوانێکدا دەرهەق بەدەوڵەت، ئەم دەزگایە هێندە باڵادەست بوو کەدەیتوانی بەنهێنی دەزگای پۆلیس دروستبکات و چاودێری فەرمانبەرانی دەوڵەت بکات لە راییکردنی کاروباری خەڵك.
ئەمە کورتەیەك بوو لەپێکهاتەی ژیانی سیاسی و یاسایی و سیستمی هەردوو دەوڵەتی سپارتا و ئەسینا، کەپەیوەندی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بەتیۆری سیاسی یۆنانەوە هەیە و بنچینەیەك بووە بۆ هەموو سیستمەکانی دیکەی دونیاش، هەروەها پەیوەندی بە ستراتیژییەتی ئەم باسەوە کە گرێدانە بە بیری ناسیۆنالیزمەوە لە کۆنەوە تاکو ئێستا، هەر لەپێکهێنانی دەوڵەت و شارو دامودەزگا حکومی و یاساییەکانەوە بگرە تاکو دەگاتە جەنگی نێوان ئەسینا و سپارتا و کێبەرکێی شارستانی و دابەشکردنی هاوڵاتیان بەسەر چەند چینێکی جیاوازدا، سەرتای باسێکی کۆنی مێژوویی کە کۆمەکی تەواو بەم

لێکۆڵینەوەیە دەدەن کە شیکارییەکی جیاوازە لەو شیکارییانەی پێشتر بۆ ناسیۆنالیزم کراوە، بەوپێیەی پشتگیری لە بۆچوونی مارکسیانە دەکات کە ناسیۆنالیزم وەکو دەرەنجامی بیرێکی کۆن تەماشا دەکات، بەمشێوەیە سیستمی سیاسی بەپشتگیری هزر و فەلسەفەی سیاسی گەشەی کردووە و لەگەڵ هاتنی سەدەی ٢١ بۆتە مۆدێلێکی دیکەی سیاسی بۆ زیندووکردنەوەی دەوڵەتی نەتەوەکان، بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی خاوەن قەوارەی دەوڵەتی نین، مەبەست لە نوێکردنەوە بەپێی قسەی دکتۆر خلیل بکری بێت لەکتێبی (فكر البري و القضايا تجدد القومي) بەشێوەیەکی گشتی ئەوە دەدرکێنێ کە ئەم سیستمەی ئێستا دونیا بەڕێوەدەبات، واتە سیستمی سەرمایەداری کەبریتیە لە زلهێزەکان و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی دونیا، هەموو جۆرە کارتێك بەکاردەهێنن بۆ درێژەدان بەگەمە سیاسیەکانیان و بەردەوام بوون بەسیستمی ئابوری نوێ، یەکێك لەو کارتانە مەسەلەی نوێکردنەوەی کێشەی ئەو نەتەوانەیە کە تائێستا دەوڵەتی خۆیان نەبینیوە و مێژوو غەدری لێکردوون، بۆیە بە پاڵپشتی کۆمپانیا و لەسەر حیسابی بەروبووم و سامانەکەیان دەبن بە دەوڵەت، کە ئەمە ئێستا تازەترین مۆدێلی سیاسی دەوڵەتییە لەدوای دەوڵەتی فرەیی لە کولتوور و مەزهەب و نەتەوە، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەوە تەنها گروپە دوواکەوتووەکان نین کە بەئاواتی پێکهێتلتی وڵاتێکن بۆ خۆیان بیر لە جیابوونەوە و دروستکردنی کولتوورێکی باڵای نوێ دەکەنەوە کە نەتەوەیەکی نوێ دروست بکات، هەندێ لە گروپە پسپۆڕ شارنشینەکانیش کە خاوەنی ئیمتیازی ئابوری و خوێندەواری بوون و تەنها لە سیستمی کۆندا دەیانتوانی درێژە بە مانەوەی خۆیاان بدەن، چونکە سیستمەکە پشتیوانی لەوان دەکرد». (١) لەراستییەکەی ئەمە بەورگری نییە لە نەتەوە بۆ دروستکردنی دەوڵەت، بەڵکو باسەکە لەوێوە دەستپێدەکات کە چۆن قەرار بگرین مۆدێرنە

تەواو ئامادەباشی کردبوو بۆ ئەوەی ببێتە مەترسی بۆسەر چارەنووسی کۆمەڵە نەتەوەیەك کە نەك هەر مافی دەوڵەتیان هەبوو، بگرە شەمەندەفەرەکەیان بە ئاراستەیەکدا هاژووشت کە ئەو نەتەوانە بەجێمێنن، ئەمە نادادییەکەیە کە سیستمێك فەزایەکی بەرهەمهێنا و چەند قۆناغێکی بەپەلەی تێپەڕاند کە نەتەوە ژێر دەستەکان نەیانبینی بوو، ئەم باسە لە چاپتەرەکانی داهاتوو بە درێژی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە.

## تیۆری سیاسی یۆنان لە ئەفلاتۆنەوە بۆ ئەرستۆ:

هەڵبەت ناکرێ باس لە تیۆری سیاسی یۆنان بکەین یاخود باس لە تیۆرەکانی ئەرستۆ بکەین، ئەگەر باسی ئەفلاتۆن نەکەین، ئەفلاتۆن کە لەساڵی (٣٤٧ـ٤٢٧) بەر لەزاین ژیاوە، سەرەتا قوتابی سوکرات بووە، دواتر پەرەی بە ژیانی فەلسەفی و سیاسی داوە، ئەگەرچی لەژێر کاریگەری بیرکردنەوەکانی سوکرات بووە، بەڵام بەجیاواز لە مامۆستاکەی بیری کردۆتەوە، دانەری ٣ کتێبە بەناوی (کۆمار و سیاسەتمەدار و یاساکان) لەکتێبی کۆماردا ئەو بیروڕایانە دەخاتەڕوو کەپەروەردەکردن و ئیرادەکرنی تاکەکەس لەسەر بنچینەی چاکە و مەعریفەت بوونیات دەنرێت. هەر لەم راستایەدا حکومەت دەسەڵات بەدەستدێت، ئەم کتێبە شرۆڤەیەکی رەخنەیی دەوڵەتشارە دواتریش هەر خۆی هێرشی دەکاتە سەر، بۆیە پلاتفۆرمی فەلسەفی دەخاتەڕوو و پێشکەشی دەکات، دواتر لە کۆمارەوە بیر لە دانانی یاساکان دەکات، ئەو لەدوای (بریکلی) لە خانەوادەیەکی ئەسینایی لەدایك بووە خاوەن ئاراستەیەکی سیاسی لیبراڵی بووە ئیدی بیری لەوە کردۆتەوە بە چ حوکمێکی دیموکراتیانە دەوڵەتی ئەسینا حوکمی مردن بە سەر سوکراتدا دەدەن، هەروەها لەلایەن سۆفستاییەکانەوە

دژایەتی زۆر دەکرا، بەمەش ئەفلاتۆن گرینگی بە بەرژەوەندی گشتی لەبری بەرژەوەندیەکانی تاکدا، بیری لەوەش کردۆتەوە کە کۆمارەکەی بە یاسایی بکات هەروەها پرسیاری لەوە دەکرد کە فەیلەسوف کێیە، ئەگەر خاوەنی زانست و مەعریفی ئینسانی و مەعریفەی خێر و چاکەکاری نەبێت، یاخود نەزانێ بەرژەوەندی تاك دەبێتە هۆی دابەشبونی کۆمەڵگە بەسەر دوو چینی هەژار و دەوڵەمەن، ئەمە جگەلەوەی گرینگی تەواو بە پەروەردە داوە، پاشان سێ جۆر سیستەمی لەیەکتر جودا کردۆتەوە کە هەرکەیان لەوەی تر جودا بوو، سیستەمەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە.

١: سیستمی سۆفۆکراسی، ئەم سیستمە لەلای ئەفلاتون سیستمێکی نموونەیی سیاسیەو خزمەت بە کۆمەڵگە بەگشتی دەکات.

٢: سیستمی ئۆلیگارشی، ئەم سیستمەی بە سیستمی دەستەبژێرییەك زانیوە کە دەوڵەت لەچەند کەسێکدا کۆدەکرێتەوە و خەڵکی عەوامیش دەسەنەخواری ئەو دەستەبژێریە سیاسیە دەبن، هەروەها هێزی سەربازی لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا دەبێت، ئەمە جگەلەوەی دەوڵەمەندە و پارەدارەکان دەسەڵات دەگرنە دەست و خەڵکەکەی تریش بەهەژاری دەمێننەوە.

٣: سیستمی ئەریستۆکراتی و دیموکراتی، رەخنەگرتنی ئەفلاتون لەم سیستمە لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو، کە خەڵك بەزۆری ناتوانن لەکاتی دەستنیشان کردنی فەرمانڕەواکاندا ببن بە کارێکتەری سیاسی و کۆمەڵگە بەگشتی تێیدا بەهرەمەند بێت» (٢). هەڵبەت خاڵی هاوبەشی نیوان نەتەوە و دەوڵەت لەسەرەتاکانەوە دەستپێدەکات، کە دواتر لە چاپتەرێکی تردا دەبێتە موناقەشەی سەرەکی ئەم باسە، واتە چەمکی ناسیۆنالیزم و چەمکەکانی دیکە کە پەیوەندیان بە دەوڵەت و نەتەوە هەبووە، کە ئەمە قوتابخانەیەکی فکری گەورەی دیکە دەگرێتەوە بۆ خاوەن فکرە هەمیشەییەکان کە داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەن

نەتەوەکان بەدرێژایی زەمەنێکی زۆر دەڕۆن، هەرچەندە لە خاڵە جیاوازەکانی مێژوو فۆڕمی جیاواز دەبن، دواتریش هەرچی دیاردەی سیاسی هەیە و ناسیۆنالیزم بەتایبەتی، لەدیاردە سیاسیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەپراکتیك قسەی لەسەر دەکەین ئەوەش کە دامەزراندنی دەوڵەتی کورد بە یەکێك لە سەرقاڵیە سیاسیەکان و رەگو ریشەداکوتانی دەسەلات، مەسەلەی چەمکی سیاسەت ناسی بوو، ئەم میتۆدە کە میحوەرێك بوو لە فەلسەفەی یۆنان، وەکو نمونەیەکی باڵا دەوڵەتشاری بەرهەمهێنا و (ئەرستۆ تالیس تیۆریزەی کردووە)، بەڵام ئەو ئیشکالیاتە نێوخۆییانەی کە لەدوای ئەڕستۆ وە هاتۆتە ئاراوە کە بەشێکی بیروڕاکانی ئەفلاتون بوو، مەسەلەی ئیمتیازات بۆ هاولاتی و لەئەستۆگرتنی ئەرکی سیاسی و بەشداریکردنی هاولاتیان لەرووی سیاسیەوە لەلایەك، چەمکی ئەخلاق لە دەوڵەتشار و قۆرخکردنی سەروەت و سامان بۆ کەمینەیەك، نەك چینە هەژارەکان وەکو کرێکار و جوتیار و پیشەوەر لەلایەکی دیکە، بەشەکەی تری شالاوەکانی (ئەسکەندەری مەکدۆنی) بوو بۆ سەر بەربەرەکان، لەمبارەیەوە د. غانم لەکتێبی بیری سیاسیدا بەدرێژی باسی ئەو رووداوانە دەکات و ئەو دەڵێ « لە ئاکامی ئەو شالاوانەی ئەسکەندەری مەکدۆنی بیرو باوەڕێك هاتە ئاراوە کە رەگەزی مرۆیی یەکەیەکی دانەبڕاوە لەیەکتر، چیتر ئەو دڵسۆزیەش بۆ دەوڵەتشار نەما کە پێشتر هەبوو، ئەم تیۆرە نوێیە بووە هۆی کارلێکی یۆنان لەگەڵ بەربەر » (٣).

لەلایەکی ترەوە سەبارەت بەکەڵك وەرگرتنی هەردوو لەیەکتر، دکتۆر غانم دەڵێ « ئەمانە مەبەست لەبەربەرەکانە، شتێکی زۆریان لە زانستەکانی یۆنان وەرگرتووە و یۆنانەکانیش بەهەمان شێوە کەڵکی زۆریان لە ئەفسانەکانی بەربەرەکان وەرگرت، بەمجۆرە شارستانیەتی یۆنانی هاوکات لەگەڵ بلاوبوونەوەی لەڕووبەرێکی فراوانتردا لەڕووی ناوەڕۆکەوە، مۆرکە یۆنانیەکەی رووی لە

كاڵبوونەوە دەكرد»(٤)..
سەبارەت بەوەش كە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە جگەلەوەی لە سەردەمی فیرعەونیەكانی میسریش هەبووە كە كارێكی لەگەڵ ئەم ئیشكالیەتە هەبووە و كارلێكی لەگەڵ دەرەوەی خۆی كردووە، بۆ نمونە لەگەڵ ئاسیای بچووك و سوریا و میسر و بابل و فارس و سەمەرقەندیش مەسەلەی دەوڵەتشاریان بەرەو پوكانەوە برد» (٥). مەبەست لە هێنانەوەی ئەم چیرۆكگەلە لە یۆنان و دەوڵەتشار و كاریگەری لەسەر تیۆری ئەرستۆ وەك پێشەكییەك بۆ دەوڵەمەند كردنی باسەكە، رونكردنەوەی ئەوئاڵوگۆڕە بوو كە لەتیۆری سیاسی یۆناندا روویدا، بەڵام دیسان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهەموو جیاوازییەكانیەوە كە لەگەڵ یۆنان هەیبوو، هاوكاتی یەكتریش بوون، دواتر كەڵكی لێوەرگیرا و ئەمجۆرە دەوڵەتە زیاتر لەسەردەمی خەلافەتەكانی ئیسلامەوە سەریهەڵدا، پاشان كەڵك لەو ئەزموونە وەرگیراو گەشەی كرد.
ئەوەی كە لەیۆنان بوو لەرێگەی فەلسەفەوە دروست بوو كەدواتر بە فەلسەفەی سیاسەت ناسرا، هەروەك باسمان كرد و دواتر بەتایبەتی باسێكی لەسەر دەكەم سەرەتا ئەرستۆ لەمیتۆدەكەی خۆیدا روبەڕووی چەندین جۆر ئیشكالیاتی سیاسی بۆتەوە، « بۆ نموونە زۆری لە سیستمە سیاسییەكانی بەشێوەیەكی رێژەیی لاپەسەند بووە، لەكاتێكدا ئەفلاتون پێشتر رووبەڕووی ئەم بیروبۆچوونە دەبێتەوە و داوا دەكات تەنها یەك شێوە لەسیستمی ئیدیاڵ هەبێت بەبێ گوێدان و گوڕانی بارودۆخ و هەمەچەشنەیی» (٦).
ئەمەش لە سیستمی دەوڵەتی رۆمەكانەوە بەجێماوە وەكو كولتوورێكی سیاسی ئەوەیە كە تەنها بنەما یاساییەكانی بەمیرات بۆ بەجێماوەتەوە نەك تیۆری سیاسی، چونكە سیستمی سیاسی رۆمای كۆن بە سێ قۆناغدا تێپەڕیووە، (قۆناغی پاشایەتی و كۆماری

و ئیمبراتۆری) هەرچی ئەوەی کە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا هەبووە کە جگە لەو سیستەمەی فیرعەونەکاندا پەیڕەودەکرا، مەسەلەی تەختی پاشایەتی نەمری بوو تاکو ئەندازەی خۆ بە خوا زانین بوو، هەرچی ئەوانی دیکە بوون کۆیلە بوون و هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێك لەو سیستمەدا پەیڕەو نەکراوە، تاکۆتایی هاتن بەسەر حاکمیەتی فیرعەونەکان، بەڵام ئەوەی کە لەدوای سیستمی کڵێسای مەسیحیدا دەرکەوت و نموونەیەکی نوێ لەنێو عەرەبدا بەتایبەت لە فکری ئیسلامدا چەکەرەی کرد، درورستکردنی پەیوەندی نێوان دەق و روایەتییەکان بوو، کە پێویستی دەوڵەتی دروستکرد وەکو زەرووڕەت، هەروەها کەڵك وەرگرتن لە زانست و فکری گریك.
لەم نێوەشدا بیرمەندانی وەکو (فاڕابی و ئیبن روشد و ئیبن سینا و ئیمامی غەزالی) هەروەها وەرگێڕانی ئەو دەقە یاسایی و فەلسەفیانەی یۆنانی کۆن و دامەزراندنی دامەزراوەی وەرگێران بۆ سەر زمانی عەرەبی، بەشێکی دیکەی ئەو کاریگەرییە بوو لەسەر هەم عەرەب و هەم رۆژئاواش، فارابی لە ساڵی ٧٨٠ـ٩٥٠ بەر لەزاینی ژیاوە، یەکێك لەو بیرمەندانەیە کە زەمینەی بۆ یۆنانیە هاوچەرخەکانی خۆی خۆش کردووە کە باشتر لە فەلسەفەی خۆیان تێبگەن، ئەوەی کە لەفارابی (المدینة الفاظلة) واتە شاری چاکەکاری نوسیویەتی، ئەوەش کە ئیبن روشدا لە ساڵی ١١٢٦ـ ١١٩٨ ژیاوە و بەدیارترین شیکەرەوەی بیری سیاسی ئەرستۆ ناسراوە، دوای چەندین سەدە کاریگەری بیری ئەفلاتونی لە فەلسەفەی عەرەبیدا زیندوو کردەوە تا ئەو جێگەیەی کە زەمینەی بۆ بیرکردنەوەی قەشە تۆما ئەکوینی خۆش کرد، بۆئەوەی کەڵك لە کولتوور و فەلسەفەی سیاسی ئەرستۆ وەربگرێت، هەروەها (ئیبن سینا و ئیمامی غەزالی) بەهەمان شێوە کاریان لەسەر چەمکی میتافیزیکای ئەرستۆ کردووە و تەنانەت رۆژئاواش کەڵکیان لێوەرگرت کە رەخنە بوو لەفکری

عەرەبی كۆن، ئەمە جگە لەو رەخنانەی كە لەدەوڵەتە یەك لەدوای یەكەكانی عەرەبی گیراوە، هەر لەسەردەمی خەلافەتی ئیسلامەوە تادەگاتە دەوڵەتەكانی عەباسی و ئەمەوی ئەكەدی و هتد.

تائێستا موناقەشەكە لەسەر دەوڵەتی نەتەوەیی وەكو قەوارەیەك بەرهەمی بیری كۆمەڵەیەكی پێویست بووە بۆ دەسەڵاتێكی رەها نیسبەت بە نەتەوەكانی دیكەی ئەو نەتەوەیەی كە لەگەڵ نەتەوەی دەسەڵاتدار دەژی، لەفەرانسەدا لەسەردەمی ناپلیۆنەوە وەكو دیكتاتۆرێكی میللی خۆی دەرخست و لە سكۆتلەنداش ساڵی ١٨١٥ هەمان ئەوە بیرۆكەیەی هێنایە بزاوت، بەڵام دەبێ بگەڕێین سەرچاوەكەی لەكوێوە هاتووە، « زاروەی دەوڵەتی نەتەوەیی (naiton state) لەگفتوگۆ سیاسیەكانی سەدەی بیستدا جارێكی دیكە بۆتە باو، نزیكەی ١٥٠ قەوارە بوونیان هەیە كە خۆیان بە دەوڵەتی نەتەوەیی ناودەبەن، هەروەك لێرەشدا نەتەوەیە یەكگرتووەكان و كۆمەڵەی نەتەوەیی و فرە نەتەوەیی و یاسا رەگەزیەكان و ئەوانی دیكەمان هەیە، نەتەوەش دیاردەیەكی رێژە نوێیە و مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ كۆتایی سەدەی هەژدە و تاكو بیست، ئەوان وەكو سەروەرێتی میللین و كە گشتی یاخود گشت گەلی گەورە و بەرێز دیاریكردووە، هەروەك لە ویستی گشتی لەلای (ژان ژاك رۆسۆ) هاتووە، تاكاتێك پاشخانێكی شێواوی دروستكرد بۆ زۆرێك شورشە دیموكراتییەكان و تا دەگاتە رۆشنگەری». (٧).

لێرەوە تێدەگەین كە ئەم بیرۆكەیە بۆ بەرپەرچدانەوەی چەرخی رۆشنگەری و رزگاربوونە لە قینی نەتەوەیی لۆكاڵی و ترس لە ئەوانی تر، هەردوو بیرمەندی گەورەی ئاڵمانی (هێردەر و فیختە) ش بۆیە بۆ بەرزراگرتنی ئاڵمان وەكو نەتەوەیەكی باڵاو زاڵ بەسەر ئەوانی تر و دوورخستنەوەی ئاڵمان لە نەیار و دوژمنەكانی، باسی ئەوەیان كردووە كە دەوڵەت بۆ نەتەوە

لێرەدا لە خێزانەوە دەستپێدەکات کە دەبێ خۆیان خۆشبوێت و لەپێناو هۆزدا و لەپێناو ئەواندا بجوڵێنەوە، کەوابوو ئەو بیرۆکەیە کە بەکارهێنانی نەتەوە بۆ دەوڵەت، مانای یەکگرتن و پاراستنی داهات و تەشریعە کولتوورییەکان بووە و دواتر بۆتە مۆدێل.

## تیۆری سیاسی رۆژئاوا

لەچاپتەری پێشووتردا بە تیژتێپەڕ باسمان لە تیۆری سیاسی کرد، زۆر بیرمەندی سیاسی لەبارەی تیۆری سیاسی بۆچونی جیاوازیان لەبارەی دەوڵەت و سیستمی بەڕێوەبردن خستۆتە بەردەست، (ژۆلین فرۆند) سیاسەتناسێکی فەرانسەییە، لەپێشەکی کتێبی (سیاسەت چییە) دا دەڵێ «سیاسەت چالاکییەکی کۆمەڵایەتیە و پشت ئەستوورە بەزەبرو زەنگ و بەپێی مافەکان، ئاسایی دەرەکی و رێکخستنی نێوخۆییە و یەکەیەکی سیاسی تایبەت دەستەبەر دەکات». (٨).

«هەروەها (کلۆد برنارد) یەکێکە لە تیۆریستینە سیاسیەکانی ئامریکا کە گرینگی بە چەمکی سیستمی دەوڵەتی داوە و وەك دیاردەیەکی سیاسی لەژێر تاقیکردنەوەدا بوو دەبێتە تیۆر، هەر دیاردەیەکی تر کەچووە نێو ئەم لۆژیکەوە دەبێتە رژێمی سیاسی». (٩).

ئەم بۆچوونەی بیرنارد لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە هەر دیاردەیەکی سیاسی لە سیاقی مێژوویی خۆیدا دەناسرێت، بۆ نموونە رژێمی خێڵەکی لە پاراستنی بنەماڵە و دەوروپشتی خۆی، هەروەها جگە لەجیاوازی چینایەتی هیچ مەهامێکی دیکەی نەبووە، بۆیە رەنگدانەوەی ئەم جۆرە تێگەیشتنە لەسەروەختی خۆیدا، لۆژیکی تایبەتی هەبووە و بنەماڵە و خێزانە ئەشرافەکان، تەنها لەپێناو خۆیاندا رەعیەتی خەڵکیان دەکرد، هەم بۆ ئەوەی ببن بە

بەسەرداری خەڵك، هەم بۆ پاراستنی سەرمایە و بەرژەوەندییە چینایەتیەکانیان لە سیسیتمی فیودالی ئەوکات.
هەڵبەت ئەوەی کە سیستمی فیودالی لەسەر پێی راگرتبوو، بوونی سەردارێکی خاوەن زەوی و خاوەن دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی بوو کە گەرەکی بوو کولتووریش ئاراستە بکات لەپەنا دەسەڵاتەکانی دیکەی، جوتیاریش وەکو کۆیلەی زەوی و بەشێك لە ئابوری کشتوکاڵی ژیانیان دەکرد، ئەم پایانە و خاوەن موڵکە گەورەکانی هەرچی زیاتر دەسەڵاتی گەورەتر کردووە، باج ئەستاندن و پاراستنی پاشا وەك سەرۆك دەوڵەتی فیودالیزم، هەروەها سەربازگیری بۆ پاراستنی سیستمەکە و جوگرافیا و دەسەڵاتدارێتی، ئەو هێزە چەکدار کراوەش بریتی بوون لە جوتیارانەی کە کۆیلەی زەوی و زارەکانیان بوون کە بەسیستمی بێگاری پێکردن گەشەی کردبوو، بەو مانایەی کە جوتیارەکان لەو سیستەمەدا جارێك بۆ نەفعی خۆیان بوون بە سەربازی پاراستنی دەرەبەگ و جارێکی دیکەش بۆ مەنفەعەتی خۆیان کە زەوی و زاریان لەچنگ دەرنەچێت، کەواتە بەرژوەندخواز بوونە بۆیە سیستمی دەرەبەگی توانیویەتی ململانێی چەندین ساڵە لەگەڵ سیستمی سەرمایەداریدا بکات.
رژێمی کۆیلەیەتیش کە بەر لە قۆناغە بووە، رژێمی دابەشکردنی ئینسانی سەردەست و بندەست بووە، تادەگاتە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی ئینسان لە کۆیلەدارێکەوە بۆ کۆیلەدارێك، هەروەها فرۆشتنیان لەدەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە، رژێمی دەرەکی یەکێك لە قۆناغەکانی رژێمی سیاسی بووە، هیچ دیاردەیەکی تر و ستایلێکی تری دەوڵەتی لەگەڵ خۆیدا بەرهەم نەهێناوە، یەعنی هیچکام لەو رژێمانە پشتیان بەدەزگا تەشریعی و جێبەجێکارەکان نەدەبەست، هاوڵاتی کە جوتیارەکان بوون تەنانەت مافە مەدەنیەکانیشیان نەبوو کە بریتی بوو لە هەڵبژاردنی سەرۆك و دامەزراندنی دەزگای تایبەتی بەڕێوەبردن، یەعنی رژێمی

دەزگاكان نەبوو، جگە لەو سێ پایە گرینگەی كە باسمان كرد هەرچی رژێمی سەرمایەدارییە، لەگەڵ خۆیدا ستایلی لەنێو هەناوی خۆیدا هەڵگرتبوو، تائێستا لە خۆ نوێكردنەوەدایە، جگە لەو هەڵدانە تەكنۆلۆژیایەی كە كەڵكی لە پاشماوەی فیوداڵی وەرگرتووە.

یەكێك لەو دەرهاویشتانە كە خاڵێكی پۆزەتیڤە و لەگەڵ قۆناغی سەرهەڵدانی سەرمایەداری هات، سەرهەڵدانی حیزب و رزگاركردنی ئینسان بوو لەدەست بنەماڵە و خێڵ و نەریت سەركوتكردن خۆسەپاندن و زۆركردن و قۆرخكردن و نەبوونی هەموو جۆرە ئازادییەك، بەپێچەوانەوە ئینسانی سەرپشك كرد لەوەی كە چۆن بتوانن مافی دەنگدان و خۆ هەڵبژاردن و مافی هاولاتی بوونیان هەبێت، هەروەها بەشداربن لە پرۆسەی سیاسی و بونیاتنانی دەوڵەت، ئەم دیاردە مۆدێرنە جگە لەسەرهەڵدان و گەشەی تەكنۆلۆژیا چەند دەرگایەكی تری بەسەر دونیای سیاسەتدا كردەوە، هەر لە دیموكراسیەتی مۆدێرن و سیستمی پارلەمانتاری و رۆژنامەگەری و مافی ژن و منداڵ و مافی كرێكار و یاسای مۆدێرنەوە بگرە، وەكو لایەنە پۆزەتیڤەكەی، تادەگاتە دەمارگرژی نەتەوایەتی و نیشتیمان پەرستی و داگیركاری دەوڵەتان و نەتەوە بێهێزەكان، بەپێچەوانەشەوە نەتەوە و دەوڵەتە بێهێزەكانیشی هەندێك سەرخست و بۆ هێزی گەورە و بوونە بەداگیركەر، ئەو نمونانەش بەشێكن لەمێژووی پێكهاتە ئەو سیستمە سیاسیە (شۆڤێنیزم و راسیزم و نازیزم و دیكتاتۆریەت و دیموكراسی بەهەموو جۆرەكانیەوە) وەكو لایەنە نێگەتیفەكەی.

لەكاتێكدا پۆست مۆدێرنە و ماركسیستەكان سەبارەت بەم بابەتە دەكەونە نێو مشتومڕێكی فراوانترەوە، رەنگە قوتابخانەی نوێگەریش دیارترین مشتومڕی فكری ئێستا بێت، ئەم بیریارانە نەتەوە بەدیاردەیەكی تەواو مۆدێرن و بونیاتنراو دەبینن، چونكە

کێشەی نەتەوەکان وەکو کێشە رەسەنەکەی خۆی تەماشا نەکراوە، بەقەد ئەوەی ئەو گروپانە لەلایەن زلهێزەکانەوە بۆتە ماتریاڵێکی گرینگ بۆ دەوڵەمەندکردنی هاوکێشە سیاسی و ئابوری جهانی، دوابەدوای ئەو مێژووە پڕ خوێناویەی سیستمی سەرمایەداری کەبەسەر سستمی سیستمی فیوداڵیدا سەرکەوت دوای چەندین کێبەرکێی سیاسی و جەنگی جۆراوجۆر بیرۆکەی بەرگریکردن لە هاوڵاتی نەتەوەکان هاتە پێشەوە، بۆ نمونە بیرۆکەی (عصبة الامم) کۆمەڵەی گەلان و مەسەلەی جارنامەی مافی مرۆڤی داهێنا. ئەم رژێمە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی ریشەیی خۆیدا دەزگای جۆراوجۆری بەرهەمهێنا، لەحاڵێکدا سەرهەڵدانی بیری سۆسیالیزم کە قۆناغێکە بۆ دامەزراندنی رژێمی کۆمۆنیستی و کودەتایەکە بۆ سەر رژێمی سەرمایەداری. گوایە لەئەنجامدا ئەم رژێمە خۆی گۆڕ بۆ مردنی خۆی هەڵدەکەنێ، رژێمێکی سیاسی گشتگیر (شمولی بوو) بوو واتە ئوەی کە لەسۆڤیەت و چین و کۆریا و ولاتانی دیکە دا بینیمان شکستی هێنا، بەهەموم خراپەکانیەوە کە سەرمایەداری دەوڵەتی بوو، نەك سیستمی سۆسیالیست وەك لەپەراوێزی فەلسەفەکەی مارکسدا هاتووە و بانگەوازی بۆ بۆ کردووە، لەگەڵ هەموو رژیمەکانی تر جیاوازی هەبوو، کە ئەمەش بەرهەمی سەرمایەداری دەوڵەتی بوو، نەك ئەو رژیمەی کە ( مارکس و ئەنگڵس) بانگەواز و پێشبینیان بۆ دەکرد. بەڵام جۆرێك لە لۆژێکی تێدابوو کە ئەویش وەکو یەك تەماشاکردنی هاولاتیان بوو بەپێی فکری مارکس و نەمانی موڵکیەتی تایبەت، لەبەرامبەریشدا موڵکیەتی گشتی کە دەوڵەتی بەرابەری بەڕێوەی دەبرد کە دواتر لەبەرامبەر سیستمی سەرمایەداری شکستی خوارد و مافی مرۆڤ و دیموکراسی و بازاڕی ئازاد وەکو چەند دروشمێك و هیچی تر نەك بە پراکتیك جێگەیان گرتەوە، ئەوەی کە لێرە بەدواوە دەبینرێ و جۆرێکی تری ناعەدالەتیە، بەشێکی بچووکی ئەو رەهەندە سیاسیانەیە کە دیاردەی تری

زۆر سەیروسەمەرەتر لەگەڵ خۆیدا بەرهەمهێناوە.
ماکس فیبەر یەکێکلەوبیرمەندانەیە کە هەم وەکوکۆمەڵناسێك و هەم وەکو خاوەن تێگەیشتنی تایبەت بە ناسیونالیزم، باس لە گرینگی هێزی سیاسی دەکات بە نمونەش باسی بسمارك دەکات، «گرینگی هێزی سیاسی جیا لە هێزی ئابوری وەکو ئەوەی کە بسمارك لەسەرکەوتنی یەکگرتوویی ناوخۆیی و گەشەی ئابوری ئاڵمان پشتی پێبەست، بەشێوەیەکی جۆری تر، گرینگی بیرۆکراسی پراکتیکیدا رەهەندێکی کلیل ئاسایە بۆ تێگەیشتن لە وەرچەرخانی فیبەر بۆ سیاسەت و کارە کۆمەڵایەتییەکەی بە شێوەیەکی گشتی، لەسەر ئەو بنەمایە دەبێ لە پابەندی فیبەر بە تاسیونالیزم و جەختکردنەوە بە درێژایی تەمەنی لەسەر بالآیی دەوڵەتی ئاڵمانی تێبگەن، بەڵام ئەو پێداگیرییە لە داننان بە کاریگەری بەکارهێنانی هێزی سیاسی لە فکری فیبەر دا، هاوتایە بە هەمان رادەی دەستگرتن بە بەهاکانی لیبرالیزمی کلاسیکی ئەوروپییەکانەوە». (١٠). لێرە قسەکە لەسەر بابەت و پۆینتی فکری نەماوە لەلایەن نەتەوەوە بۆ ناسیونالیزم، بەڵکو فکرەکە گرێدراوی کەسایەتی و کاریزمایەکی وەکو بسمارکە کە هەموو ئاڵمانی پێکەوە گرێدا و بوو بە سیمبولێکی ناسراوی ئەو فکرەیە بەتایبەتی بۆ ئاڵمان.

## دیاردە سیاسیەکان ...
## ناسیونالیزم وەکو نموونە

دیاردەی سیاسی نموونەیِ زۆرە لەنێو کایەکە خۆیدا، نموونەی ئەو دیاردانەی کەلە پێش رێنیسانس و لەدوای رێنیسانس و پاشان لەسەروەختی جەنگی جهانی یەکەم و دووهەمدا هاتوونەتە ئاراوە، هەروەها ئەو دیاردانەی کە پێی دەگوترێت گواستنەوەی قۆناغی سیاسی و ئاڵگۆڕی شۆڕش بۆ ستایلێکی تر

وەکو شۆڕشی سپارتاکۆس و شۆڕشی جوتیاری و دژ بەدەرەبەگ و شۆڕشی بۆرژوازی و دوا شۆڕشیش، شۆڕشی بەلشەویك و پاشان شۆڕشی چارەنووسی نەتەوەکان و هتد، « کاتێك کە نەدەوڵەت و نە سیستمی پەروەردەیی رەسمی بوونی نییە، لە بنەماوە ئەم پرسیارە نایاتە ئاراوە کە دەوڵەت لە سیستمی پەروەردەی خۆی پشتیوانی لەکام کولتوور دەکات، بۆیە ئەگەر ئەو کۆمەڵگەیانەی پێش کشتوکاڵ هەتا دونیای ئەمڕۆ هەبوون، لەنێو ئەواندا ناسیوالیزم دەخرایە بەر باس، ژمارەی کەمی دانیشتوانی ئەم کۆمەڵگەیانە لەبەراورد لەگەڵ دانیشتوانی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان، و ئەو ناوچە بەرفراوانەی کە لەژێر دەستانی ئەواندایە، بەو مانایەی کە هێدی هێدی لەنێو ماڵی خۆیان لەلایەن دانیشتوانی بێگانەوە قورت دەدرێن، لەنێو ئەو یەکە سیاسییە بەربڵاوانەی دیکەدا دەتوێنەوە». (١١) مەبەستی ئێرنست گلینەر لەوەیە کە ناسیونالیزم بەبێ کلتوور و لەبەرچاو گرتنی کولتوور ناکرێت، چونکە ئەگەر ئەو سەرخانەیان نەبێت وەکو سەرمایەی پێشوەختە بۆ بەرگریکردن لە ناسیونالیزمی دەوڵەتی، ناتوانن ببن بە ناسیونالیزمی نەتەوەیی، چونکە ئەوان لە پەروەدە و کولتوورەوە دەستیان پێنەکردووە، بۆیە دواجار لەنێو ئەوانی تردا کە گروپی سیاسی شارەزا و بەربەرین و بەربڵاون دەتوێنەوە، ئەمە کێشەی زۆری نەتەوەکانی دیکەی تواوەیە لە مێژوودا.

هەڵبەت لەباری تیۆریشەوە بۆ ئەو نەتەوە تازە سەرهەڵداوانەی کە پشتی تەنها بە کشتوکاڵ بەستووە و پەروەردە و کولتووریان پشتگوێ خستووە، لەبەردەممان دوو دیاردەی دژ بەیەکمان هەیە، یەکێکیان ئەگەر بەهەردوو بارەکە ئەو جۆرە ناسیونالیزمە تەماشا بکەین دەبینین پەیوەندی زۆری بە جوگرافیاوە هیەە و بەپێچەوانەوەشەوە نییەتی، واتە ئەوانەی دوورن لە کۆڵۆنیالیزمەوە ناترسن لە داگیرکاری ئەوانی تر بۆ خاکەکەیان،

بۆیە پشتیان لە کولتوور کردووە، کەچی دەبینین هەن پشتیان پێبەستووە کەچی هێشتا لەبەردەم کۆلۆنیالیزمن وەکو ئوسترالیا کە لەبنی دونیایە و بۆ بەریتانیا و ئەویتر سکۆتلەندا لە تەنیشت خۆیەتی و پشتی بە پەروەردە بەشتبووە و خاوەنی نوسەر و کەلەپوری خۆیەتی کەچی بە فریای نەکەوت، هەرچی فەرانسەیە دەبینین میسر نزیکترین شوێنە بۆ ئەو بتوانێ داگیری بکات و ئامریکاش دوورترین شوێن و هەردوکیان جیاواز بۆ رەسەنایەتی و کولتوور و پەروەردە، لەولاشەوە یۆنانمان هەیە کە لەبنی دونیاوە دێت ئێرانی خاوەن ئاین و کولتوور و پەروەردە و میسری خاوەن رەسەنایەتی داگیر دەکات، کەوابوو کێشەکە هەم پەیوەندی بە جوگرافیاوە هەیە و هەمیش پێچەوانە.

بەرهەحاڵ ئەگەر کەمێك باسەکە گرێبدەین بە تیۆرەوە و بزانین کام لەو تیۆرانە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا بۆ گەشەسەندنی ناسیونالیزمی کلاسیکی و مۆدێرن و کامیان کاری یکراو سەرکەوتوو بو، تێدەگەین کە نموونەمان لەبەردەستە و هەریەکەیان ئاراستەیەکی تایبەتی هەیە، یەکێکیان دیاردە تیۆرییەکەی عەما نوئێل کانتە کە بڕوای بەئەخلاقە لەنێو سیاسەتدا و بڕوای بە بەشەداری خەڵکە بەگشتی لەنێو کایەکە، ئەویدیکە تیۆرەکەی ماکیاڤێللیە کە بڕوای بەکارپێنەکردنی ئەخلاقە لەنێو سیاسەتدا و کایەکەش بە موڵکی دەستەبژێری سیاسی دەزانێ، لەدوای ئەوانیش دیاردەی سیاسی کە (جۆن ستیوارت میل) بۆ لیبرالیزم و مارکس بۆ یەکسانیخوازی و کۆمۆنیستی هەیە، هەردوو دیاردەکەش لەرۆژئاوا پراکتیك کرا، یەکێکیان لە ئەوروپای رۆژئاوایی و ئەویدیکە رۆژئاوای رۆژهەڵات کە سۆڤیەت بوو تاساڵی ١٩٩١ تەمەنی درێژبوو.

هەڵبەت بەدەر لەوانەش دیاردەی سیاسی نامۆ لەدوای سەرهەڵدانی مۆدێرنەوە هاتە ئاراوە، بریتیی بوون لە نازیزم و شۆڤێنیزم و ستالینیزم و دواتریش پان عەرەبیزم و ئیسلامیزم و کەمالیزم،

هەروەها داگیرکەرێکی جوگرافی کە جیاواز بوو لەداگیرکەری سۆڤیەتی بەبێ بوونی هێزێکی ماتریالی لەو جوگرافیایەی داگیری کردووە، لەوانەش هەندێك وڵاتی ئاسیاوی، ئەویدیکە فەرانسە و بەریتانیا و ئیتاڵیا بوو کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان داگیر کرد و تائێستاش رەنگدانەوەی کولتووریان بەسەرەوە دیارە، هەڵبەت ئەم دیاردە سیاسیە شێوەیەك بوو لە دابڕانی سیاسی لەگەڵ ستایلی سیاسی کۆن کە هێشتا سەرمایەداری وەکو سیستم جێگیر نەبووبوو.

دیاردەی سیاسی یەکێك لە میکانیزمە سەرەکیەکانی کۆمەك کردنە بە دەوڵەت و رەوایەتی دەسەڵات، ئەم بیرۆکەیە سەرەتا لەبیروبۆچوون و تێفکرینی رۆمەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەپێچەوانەی گریك کە دەوڵەتشاریان هەبوو، سیستمێکی تەواو فەلسەفی بوو، تەنها شێوەیەکی سیاسی یاسایی بوو، ئەوان بەردەوام بیریان لەوەدەکردەوە چۆن قەوارەی دەوڵەتێك دروست بکەن کە یاساڕێژ کرابێت، دواتریش ئەم یاسایە بۆ هەمیشە وەك بناغەی دەوڵەت بناسرێتەوە و بمێنێتەوە، بۆ نمونە پاشایەتی وەك دەسەڵاتێکی رەها، ئەنجومەنی پیران وەك دەزگایەك هاوشانی پاشا و بەڕێوەبردنی دەوڵەت، ئەنجومەنی گەلیش کە ئەنجومەنێکی سەربازی بوو بۆ بەرگریکردن لەدەوڵەت، دواتر سەردەمی کۆماری کە دوای نەمانی سیستمی پاشایەتی سەریهەڵدا، ئەمانە بەشێکی زۆریان دەرەنجامی بیرکردنەوی (شیشرۆن) بووە کە بیرمەندێکی یاسایی و سیاسی رۆمەکان بوو، هەروەها لەسەروەختی خۆیدا دامەزرێنەری بنەما یاساییەکانی دەوڵەتی رۆما بووە.

ئەگەرچی گریکەکان یەکەمین کۆمەڵگە بوونە بیریان لەدەوڵەتشار کردۆتەوە، بەڵام لەپاڵ ئەمانیشدا فارسەکان لەساڵی ٣٣٠ بەر لەزاین دەوڵەتیان دروست کردوو لەشکرێکی بەهێزیان پێکهێنا کە (داریوشی ئاشوری) سەرۆکایەتی دەوڵەتی دەکرد،

لەرووی تیۆریشەوە سەرەتا لەسەدەی ١٦ و ١٧ لەلایەی هەریەك لە (نیكۆلا ماكیاڤیللی و جان بودان و تۆماس هۆبس) دەوڵەت وەكو چەمك و تیۆرەیەكی سیاسی وەرگیراوە دواتر لەسەدەی ١٨ لەلای هەریەك لە ( رۆسۆ و سیس) بوون بەجێگەی خوێندنەوە، یان باشتر بڵێم بوون بەجێگەی گرینگیدان بە چالاكی سیاسی لەدەرەوە و ناوەوە، ئەوەی كە ماكیاڤیللی كردی لایەنێكی دیكەی بیركردنەوەی ئەرستۆ بوو كە زانستی سیاسی بوو، رەگەزەكەی دیكە كە ماكیاڤیللی دۆزیەوە مەسەلەی ئەخلاق بوو كە فەلسەفەی یۆنانی پەی پێنەبردبوو، هەرئەوەی كە بڕوای وابوو ئینسان شەڕانگێزییەكی تێدایە لە رەفتارەكانی، لەیەكێك لەو یاسایانەی كە دایهێنا دەڵێ « كاتێك ئینسان گەرەكیەتی كارێكی باش بكات توشی دڵتەنگی دەبێت و وەختێك دەبینێ كەوتۆتە نێو كۆمەڵێك خەڵكەوە كە چاكەیان نییە، بۆیە پێویستە میر فێربێت چۆن لە چاكە و خێر و لەو حاڵەتانە دووربكەوێتەوە كە رووبەڕوی دەبنەوە» (١٢)..

هەروەها (جان بودان) یەكێكی ترە لە تیۆریستینە سیاسیەكان لەسەدەی ١٦ لەئەروپا ژیاوە ئەم بیرمەندە بەیەكێك لە خاوەن میتۆدە سیاسیەكان هەژمار دەكرێت وەك ئەرستۆیەكی ئەورروپی تەماشا دەكرێت، لەكتێبێكدا بەناونیشانی (لەبارەی كۆمارییەوە) ساڵی ١٥٧٦ نوسیویەتی لەو كتێبەدا رەخنە لە رێگەچارەی سیاسیانەی ماكیاڤیللی دەگرێت و پێی وایە كە بەنوسینەوەی مێژوودا نابێت سیاسیەت جیابكرێتەوە لەئەخلاق، هەروەها نمونەی (سیزار بۆرجیای) حاكمی فلۆرەنسا دێنێتەوە كە ماكیاڤیللی بە پاڵەوانی خۆی داناوە و كاری لەسەركردووە و بەهەوڵێكی كەم و بێبایەخ تەماشای دەكات، دواتر بودان ئەو میتۆدە پراكتیك دەكات سەبارەت بە مێژوو و ئابوری و جوگرافی، لەبارەی دەوڵەتەوە (تۆماس هۆبس) كە بەخوای فەلسەفەی هەق ناسراوە وە فەیلەسوفێكی ئینگلیزیە و پەیمانی كۆمەڵایەتی

داهێناوە و یەکەم تیۆری لەدوای ئەرستۆ لەسەر سروشت و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ داناوە، لە ساڵی ١٦٥١ بەرگری لە حکومەتە رەهاییەکان کردووە، بەرگرییەکەش وەك تاکە ئەلتەرناتیڤێکی ئاژاوەگێڕی لە کۆمەڵگەیەکی بێ دەوڵەت وایە، هەروەها رای وابوو « حکومەتێکی سەرکوتکەر باشترە لە نەبوونی دەوڵەت و حکومڕانی» ئەم بۆچوونەی کاریگەرییەکی نیگەتیڤی کردە سەر پاشاکانی ئەو سەردەمە.

«بێگومان تاکی ئەسینایی دەیانزانی نمونەی باڵا لە رێز و یاساوە نەهاتووە و تەنها ئاستێکە بۆ ملکەچ کردن و داواکاری دونیایی کە لەناوەوەی ئینساندا هەیە، بۆ شتێکی بەرزتر کە عەقڵ ە، ئەوەی کە ئینسانیش لەئازادیدا لەدەستی دەدا کە لەئەنجامی ترس بوو لە سزا شەرعیەتپێدراوەکان، بەو هۆیەوە سزاکانیان لەهەمان کاتدا لەسەر زیاد دەکرا کە توانای تاکێك بو بەسەریانەوە». (١٣).. بۆیە ئازادی لەلای ئەسینابییەکان بوو بە کەمترین گرینگی پێدانی پێداویستییە حەیاتییەکان و شێوەی کەڵك وەرگرتن لە ئازادی بۆ ژیان، بەڵام بەهۆی سەرکەوتکردنیانەوە کە لە پەراوێزی ناسیونالیزمی ئەسینایی بوو، تەنها شتێك لەلای ئەوان کرابوو بە نرخ، ئەویش نموونەی باڵای سیاسی بوو، ئەویش پێش لەدەستدانی ئازادی، لەدەستدانی عەقڵ و چاکەکاری بوو کە ئەفلاتوون دواتر جەختی لەسەر دەکردەوە.

لە رۆژئاوادا بیرمەندێکی وەکو (دیڤید هیۆم) ١٧١١ـ١٧٧٦ لە ئەزموونی خۆیدا باس لە کەمتەرخەمی هۆکار و تێبینیەکانی خۆیدەکات سەبارەت بە خوێندنەوەی دیاردەی سروشتی و ئەخلاقی و سیاسیەکان، هەروەها (کانت) یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی ئاڵمان ١٧٢٤ـ١٨٠٤ گرینگییەکی سەرەکی بە ئەخلاق داوە بەتایبەتی لەنێو کایەی سیاسەتدا، ئەو پێیوابوو یاسای عەقڵ لەچەند شوێنێکەوە لەنەرێنیەتی دەکۆڵێتەوە، گرینگترینیان مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەوانیتر، نەك لەناوەندێکەوە هەموو شت

بەسەر تاکدا زاڵ بێت، ئازادی مرۆڤ لەلای ئەو بریتییە لە ئەزادی ئەخلاقی و عەقلانی، ئەم تێزەشی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هزری لیبراڵی دانا، ئەگەرچی لەلای کانت ئازادی بریتیە لە هەردوو چەمکی ئازادی ئەخلاقی و عەقلانی، لەگەڵ ئەوەشدا پێی وابوو کە عەقڵ و ئازادی پێکەوە رێگرن لەسەرهەڵدانی جەنگ، هەر ئەم تێزەی کانت کە جیاوازی بیرکردنەوە و تێگەیشتنێك بوو لەگەڵ تێزەکەی ماکیاڤیللی بۆ چەمکی سیاسەت کە بەپێچەوانەی ماکیاڤیللی بڕوای بە ئەخلاقیاتێك نەبوو لەنێو کایەی سیاسەتدا و گرینگی پێنەدەدا، هەڵبەت (جۆن ستیوارت) میل ١٨٠٦ـ١٨٧٣ یەکێکە لە دامەزرێنەرانی فکری لیبڕاڵی سیاسی و خاوەنی چەندین کتێبە لە بارەی (ئابوری سیاسی و خوێندنەوە بۆ فەلسەفەی هاملتۆن و مەنفەعەتی سیاسی و لەبارەی ئازادییەوە).

کاریگەری بیرکردنەوەکانی میل کەمتر نەبوونە لە بیرمەندانی سیاسی و فکری ئەو سەردەمە، لیبرالیزم کە یەکێکە لە چەمکە سیاسیەکان و ئێستاشی لەگەڵ دابێت زۆر لە حیزبە رۆژئاواییەکان لەژێر ئەم عینوانە بەشداری سیاسیان هەیە، بەڵام دەرکەوتووە کە تیۆرەکە سەرکەوتوو نییە، چونکە سیاسەت رێگە بەو هەموو ویستە نەدات کە واقیع گەرەکیەتی لەهاوکێشە و ململانێ سیاسیەکاندا.

ئەوەی کە لەسەدەی ٢٠ دەوڵەت ناسی و سیاسەت ناسی لەیەکتر جیاکردەوە، مەسەلەی مافی هاولاتی بوون بوو وەك تاکێك لەنێو کۆمەڵگەدا، لەمبارەیەوە (جان جاك رۆسۆ) تیۆرەیەکی پێشکەش کردووە سەبارەت بە هاولاتی بوون، بۆئەمەش بیرۆکەی ئایینی مەدەنی و هاولاتی نیشتیمانپەروەری پێشنیار کرد، هەروەها موناقەشەی ئەوەی چۆنیەتی بەدەستهێنانی هاولاتی بوون کە بەشێك بووە لە بناغەی پێکهاتەی نەتەوەیی و نیشتیمانی، بە تایبەتی بۆ فەرانسە کە ژان ژاك رۆسۆ لە پێشەکی کتێبی

(ئیمیلدا) نوسیویەتی، لە ئەوروپاش بیرمەندەكان كەوتنە بیری ئەوەی موناقەشە لەسەر دەوڵەت و سیستمی كەنیسە بكرێت و هەر لەسەر ئەو بنچینەیەش پەیوەندی نێوان كەنیسە و دەوڵەت، هەروەها پەیوەندی نێوان هاولاتی ئاسایی و سیاسیەكان، پەیوەندی نێوان كەنیسا و ئیماندارەكان هاتە كایەوە، ئەم سیستمە ئاینییە كە دواجار سیستمی سیاسی هێنایە ئاراوە، كاریگەری خستە سەر ئیسلام و دەوڵەتی خەلافەتی تاسەردەمی عەباسییەكان برد و دواتر عوسمانیەكان كەڵكیان لێوەرگرت، بۆ نمونە تائێستا ئاسەواری لە هەندێك شوێنی عەرەبستان جێهێشتووە.
بەسەرهەڵدانی سەردەمێكی نوێ بۆ مومارەسەكردنی سیاسەت و دەوڵەت بەڕێوەبردن، بیرمەندە نوێخوازەكان فكری سیاسیان بە زانستی سیاسی رابردووەوە گرێدا، یان باشتر بڵێم لەسەر بنەمای ئەو سیستمانەی رابردوو كە مێژوو دەیگێڕێتەوە وەكو ئیتاڵیا و ئاڵمانی كۆن و هتد، لەرێگای فكر و یاساوە سیستماتیك كرد و لەهەندێ شوێنی ئەوروپا شۆڕشی لە پێناودا كرا، هەروەك ئەوەی كە باس لە رێنیسانس دەكرێت، یان وەك ئەوەی ناوی لێنرا زانستی سیاسی یان دەوڵەتناسی، بەو مانایەی كە دیاردەی سیاسەت بەشێكە لە رێكخستنی دەوڵەت، ئەمەش یاسا و سەروەری خاك و پەیوەندیە جیاوازەكان و گروپە كۆمەڵایەتیەكان و دەسەڵاتی بەگشتی لێبەرمهات..
جێگەی سەرسوڕمان نییە كە سێهەم مشتومڕ لەسەر ناسیونالیزم بووە كرۆكی ئەوەی چۆن و بە چ شێوەیەك ناسیۆنالیزم پەرەی سەندووە، ئەگەر نەتەوە بە سروشتی خۆی ببێتە خاوەنداری خۆی و قەوارەی خۆی و شوناسی خۆی، ئەوا هۆكارگەلێكی كەم هەن كە چۆنیەتی لەدایك بوونی رۆشن بكاتەوە، لە لایەكی تریشەوە ئەگەر مرۆڤ نەتەوە بە بونیتانراو ببینێت، ئەوا گرینگە بتوانێت هۆكار و چۆنیەتی پەرەسەندنەكەی روون بكاتەوە، دواجار زۆربەی تێكستە رەسەنە كلاسیكیەكان سەبارەت بە

ناسیونالیزم لەسەر حیسابی ئەزموونی غەیرە ئەورووپییەکان، جەختیان کردۆتەوە سەر ناسیۆنالیزمی ئەورووپی، ئەمە ڕێگەی بۆ مشتومڕێکی دیکە ساز کردووە سەبارەت بەوەی ناسیۆنالیزم لە شوێنێکی وەکو چیندا گەشەی بەخۆی داوە، یاخود ئایا بەدەگمەن بۆ وڵاتانی دیکەی وەکو هیندستان کە فرە کولتووری و ئاینییە دەپەڕێتەوە یان توانیبێتی کێبەرکێ لەگەڵ دەوڵەتێکی ڕەسەنی وەکو چین کردبێت لە ئاستەکانی تەکنۆلۆژیا و سیحری تەلارسازی و مانەوەی لەنێو دەوڵەتانی سەرمایەداری زەبەلاح و زلهێزی ئابوری، «دەوڵەتی چینی بەهێزی پێشکەوتوو هەمیشە توانیویەتی ئەو ئەرکانە جێبەجێبکات کە هیندستان نەیتوانیوە، هەر لەدروستکردنی شورای بەرزەوە تادەگاتە هێشتنەوەی داگیرکەرە کۆچەرییەکان لەدەرەوە، بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی کارۆ ئاویی زەبەلاح لەسەدەی بیست و یەکدا، ئایا ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی گەلی چین لەمەودای دووردا باشتر بن، ئەمەیان چیرۆکێکی دیکەیە چونکە دەوڵەتی بەهێزی چین هەرگیز بەسەرووەری یاسا سنووردار نەکراوە کە ببێتە هۆی جڵەوگرتنی نەزوە و هەڵچوونەکانی فەرمانڕەواکان، چونکە کارە زەبەلاحەکانی هەر لەشوراکانەوە بگرە تادەگاتە بەنداوەکە لەسەر حیسابی ژیانی خەڵکی ئاسایی چین بووە» (١٤).. ئەم تێگەیشتنە بۆ بەراوردکردنی هەردوو دەوڵەتی ڕەسەنی وەکو چین و هیندستان بە تەکنۆلۆژیا و مانەوەی چین لەنێوان دەوڵەتانی زلهێز و ئابوری ناکرێ، بەڵکو لەوێدا پوچەڵ دەبێتەوە کە هیندستان تائێستاشی لەگەڵدابێت ڕەسەنایەتی لێنەسەندراوەتەوە، چونکە هێشتا دەوڵەتی چین بەدەر لە گەوەریی لەقەوارە و جوگرافیا و پێشکەوتنی لەبواری تەندروستی وز کۆمپیوتەر و کشتوکاڵ و سنەماوە، هێشتا ڕێساکانی ئاینی و تایەفەیی و گوێڕایەڵی ئاینی و داب و نەریتەکان نەترازاوە، هەر ئەمەشە کە بووە بەناو یەکەمین دەوڵەت لەدونیادا کە دیموکراسی ترین قەوارەی

کۆمەڵایەتی، بۆ فرەیی لە ئاین و نەتەوە و کولتوور و سیاسەت کە هیچ دەوڵەتێکی نە ئامریکا و نە رۆژئاوایی وەکو رەسەنایەتی بەو شێوەیە نیین، بەپێچەوانەوە بە دروستکردنی سیناریۆش نەیانتوانیوە دەربکەون وەکو هین و چین.

لە پەنا ئەم هەولانەشدا بۆ ناساندنی ناسیۆنالیزم دەکرا لەدەوڵەتانی رەسەن و ناڕەسەن ئەگەر بکرێ ئەم ناونیشانە بەکاربهێنین، چەند بیرمەندێك پەیدابوون کە بەرگرییان لە بیری سیاسی ماکیاڤیللی دەکرد بۆ نمونە « شەپۆلێکی تری تیۆریستینە سیاسیە ئەوروپیەکان پەیدابوون و گرینگیان بە بۆچوونەکانی ماکیاڤیللی دەدا سەبارەت بە دەوڵەت و سیاسەتکارانەوە کە دەستەبژێرێکی دیاری کۆمەڵگە بوون، هەڵبەت ئەم تەرزە گرینگیان بە بژاردەخوازی دەدا و بوون بە دیاردەیەکی سیاسی، ئەوانیش بریتی بوون لە (ڤیلفەردی پارتیۆ ١٨٤٨ـ١٩٣٠ و گایتانۆ مۆسکا ١٨٥٨ـ١٩٤١ و رۆبێرت میخێلز ١٨٧٦ـ١٩٣٦. هەرسێکیان پێیان لەسەر رۆڵی رۆڵی هاشا هەڵنەگری بژاردەکان دەکرد لەدیاری کردنی چارەنووسی کۆمەڵگە، ئەگەر ناوی پارتیۆ لەسەرەوەی قوتابخانەی بژاردەخوازیدا دەدرەوشێتەوە، بەو هۆیەی کە هیچ کەس لەو رونتر و راشکاوانەتر پێناسەی بژاردەی نەکردووە، لەبەر ئەوەبوو کە بژاردە کەسانێکن لەخودی خۆیاندا خاوەنی جوانی و هۆش و جەستەی و دەروونیەکن کە دەبنە هۆی بەرزتر بوونیان بەسەر کەسانی دیکەدا». (١٥).

هەڵبەت کە کارکردن لەسەر گروپ و دابەشکردنی گروپەکانی کۆمەڵگە بۆ سێ چینی جیاواز، لەژێر کاریگەری بیری ئەفلاتونی بوونە، لەمبارەیەوە پارتیۆس دەڵێ لە راستیدا هەروەك ئەفلاتون مرۆڤەکانی بەسێ دەستەی ( زێڕ و زیو و ئاسن) دابەشکردووە و شوبهاندووە، کەواتە ئەوان جیاوازییان هەیە بۆیە دابەشیکردوون، لەم حاڵەتەدا ناسیۆنالیزمێك کە لەسەردەمی ئەسینای یۆنان هەبووە، لەسەر پشتی ئەو چینە

بوون کە کۆمەڵگەیان پێکدەهێنا، (پارتیۆ) مرۆڤەکانی بەدوو دەستەی گشتی واتە (بژاردەکان و جەماوەر) دابەش کردووە، کە لەنێو هەر کامێکیان بە تایبەت دەستەی یەکەمدا زۆر پلەی وردتر جێگە دەکاتەوە، ئەم نابەرابەرییە لەنێو تەواوی گروپە کۆمەڵایەتیەکاندا بەدی دەکرێت، ئەو کەسانەی خاوەن بەهرەتر و لێهاتووترن رێبەری گروپەکە بەدەست دەگرن». (١٦).
هەرچی (گایتاگۆ مۆسکایە) تیۆری خۆی لە پێش پارتیۆ پێشکەش کرد، بەڵام پارتیۆ کەڵکی لێوەرگرت و ناوبانگی لەمبارەیەوە کەمترە، مۆسکا سێ بەرهەمی لە پاش بەجێماوە کە بریتین لە (توخمەکانی زانستی سیاسی. نامیلکەی مافی بنەڕەتی. مێژووی بیرو قوتابخانە سیاسیەکان) لێرەوە پنتێکی تری گرینگ دێتە بەرباس کە لەکتێبی (توخمەکانی زانستی سیاسی) بریتی بوون لە دوو خاڵ، یەکەم ئەوەیە کە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا تاکەم بکرێنە و تاکەکان لێکجودا بکرێنەوە، (ئەوانەی حوکم دەکەن و ئەوانەی حوکمیان بەسەردا دەکرێت) چینی یەکەم تەواوی فۆڕمی کۆمەڵگە رێکدەخەن و فۆڕمێکی تایبەتی پێبدەن، لە گروپی دووەم بێ هەست و بێ دەسەڵات تەسلیمی یەکەم بن» .(١٧)
هەر وەك لەشوێنێکی تردا دەڵێ « ئەوەی دەبێتە هۆی بەرزتر بوونەوەی گروپی کەمینە بەسەر زۆرینەدا رێکخراو بونیانە، گروپێکی بچوکی رێکخراو، تەنانەت ئەگەر خاوەنی ئەو بەخششە خواییانە نەبێ کە پارتیۆ دەیگوت، دیسان بە سانایی بەسەر زۆرینەیەکی رێکنەخراودا زاڵ دەبن، هەرچەند میخێلز خاوەنی کتێبێکە بەناوی حیزبە سیاسیەکان سەبارەت بە بژاردەکان، لەو کتێبەدا تێڕوانینی بۆ خواستی ئۆلیگارشیەکان لەنێو رێکخراوە دیمکوراتەکاندا زۆربەی ئەو حیزبە ناودارانەی ئەو سەردەمە کە زیاتر بەلای سۆسیالیزمدا دیانشکاندەوە خستبووە بەر راڤەکردن، واتە مەبەستی ئەوەیە کە حیزبە سۆسیالیستەکان

هەمیشە گروپێکی کەمن بەسەر زۆرینەدا زاڵن، ئەو پرۆسەیە تائەو جێگەیە دەچێتە پێش تەنانەت حیزبە بەناو بێ ڕێبەرەکان هەمیشە ( وەکو ئەوەی حیزبەکان شتومەکی سەرۆکەکان بن) وایە، هەروەك چۆن لەنێوان ساڵەکانی (١٨٦٣ــ ١٩٧٥) ئەم ستایلە حیزبیە لە ئاڵمان بەڕێوەچوو، لەگەڵ ناوەکانی وەك لاساڵەکان، بەناوی ڕێبەری حیزب پێر لاسال و مارکسیستەکان بەرەو ڕووبوونەوە، لە فەرانسەش سۆسیالیستەکان و گیدیستیەکان بەناوی (ژول گید و ژووریستەکان بەناوی ژان ژوورس ناودەبران) .. (١٨).

سیاسەتناسی و خەڵك ناسی و دەوڵەت ناسی و مێژووی ناسی ئەو چەمکانەن کە لەپەراوێزی کۆمەڵناسی سیاسیدا هاتوون، ئەمەش بەرهەمی فکری تیۆری بیرمەندانی خۆرئاوان، بەڵام بە بۆچوونی دکتۆر (حسن الصعب) کە لەزنجیرە کتێبی (العالم السیاسە) ی چاپی خانەی نابلسدا هاتووە بیرمەندانی سیاسی وەکو (روجیا سۆڵتۆ، جان دابن و مارسیل بریلۆ) بوون، کە جیاوازیان لەنێوان ئەو دوو چەمکەدا کرد، یەعنی سیاسەتناسی و دەوڵەتناسی وەکو دوو چەمکی جودا چاویان تەماشاکراون، بەوپێیەی کەدەوڵەت بۆ هەموانە و سیاسەتیش بۆ دەستەبژێرێکی دیار، هەروەکو بریلۆ دەڵێ« دەوڵەت شێوازێکی گرینگتر و کامڵترە لەژیانی کۆمەڵدا، چونکە تەنها شتێك هەبێت ئیرادەی ئینسانە کە بەدوای چارەسەری کێشەکانی سیاسەتەوەن، هەرچی دەستەبژێری سیاسەتیشە تەنها کاریان ململانێی سیاسیە و سیستمی دەوڵەتیش بەئاقاری بیروڕای ئەو دەستەبژێرە دەڕوات و دەوڵەتیش هەربەو ئاقارەدا بەڕێوەدەچێت» (١٩).

سەبارەت بە مەنفەعەتی سیاسی و کارکردن لەنێوان گروپە کۆمەڵایەتیەکان و دابەشکردنی کار، (جۆن ستیوارت میل ١٨٠٦ ــ١٨٧٣) فەیلەسوف و ئابووریناس و سیاسییەکی لیبرال و ئەندامی پارلەمانی بەریتانی بوو، ئەو پێیوابوو ئەوانەی

کە سیستمی سیاسی گەلاڵە دەکەن (لەبەشەوە بۆ هەموو، لەهەمووە وە بۆ بەشێك) کار دەکەن، واتە خاڵی هاوبەشی تەواوی کۆمەڵگە ئەوەیە کە گروپێك بۆ هەموان کاردەکات و هەموانیش هاوکاری گروپێکی سیاسی دەکەن کە دەوڵەت بەڕێوە دەبەن و خاوەن بڕیاری سیاسین، لەنێو قەوارەی دەوڵەتیشدا مەسەلەی بوونی خاڵە هاوبەشەکانە واتە نەتەوە، لەوانەش کولتووری هاوبەشە و زمان و خاك وەك شوێنی نیشتەجێبوون و مێژووی ئەو قەوارەیەی کە پێناسەی کۆمەڵێك دەکات، ئیدی هەر لەوێشەوە ئەم کۆمەڵە کە خاڵی هاوبەشیان لەژیاندا هەیە، بەدوای شوناسەوەن، شوناسێك کە پێناسەیەك بدات بەو کۆمەڵە خەڵکەی کە بەجیاوازی کولتوورەوە هەم ژیانی ئاسایی بەڕێوەدەبن و هەم بەشداری لەژیانی سیاسی دەکەن، ئەم جۆرە ژیانە سیاسیە دەوڵەت بەرهەمیدەهێنێت، لەژێر عینوانی نەتەوەیەك خۆی نمایش دەکات»(٣٠).
ئەم بۆچوونە لەلای (فریدریكماینك) کە تیۆریستێکی سیاسی ئامریکیە پێچەوانە دەبێتەوە، ئەو نەتەوەی کولتووری و نەتەوە بە سیاسی کراوەکان پۆلێن دەکات و لەیەکتر جیاوازیان دەکاتەوە، بەڵام کاتێك لایەنە سیاسیەکان مەبەست لەو حیزبە ئیدیۆلۆژیانەیە کە کولتوورەکان پێکەوە گرێدەدەن، ئەوا ئەرك لەپێناو بەدەستهێنانی مافە سیاسیەکانی نەتەوەیەك زەحمەت دەبێت، هەروەك ئەوەی کە لەحاڵی سیاسی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینرێت.

## *ناسیونالیزم و تیۆری سیاسی سەدەی ١٨ و ١٩*
## *کارل مارکس ١٨١٨_١٨٨٣*

مارکس کۆمەڵناس و ئابوریناس و سیاسییەکی جیاواز بو لەو کەسانەی کە سیستمی سیاسیان پێشکەش کردووە، ئەم

فەیلەسوفە بیرکردنەوەی بۆ فەلسەفە دابڕانێکی مەعریفی بوو لە تەواوی بوارەکان و بەتایبەتیش کۆمەڵناسی سیاسی و ئابوری، لەبەرامبەر ئەو کەسانەی کەلەو سەردەمەدا و لەپێش خۆی ژیان، دوای خوێندنەوەی مێژووی سیاسی گریك و ئاسیا و ئەفەریقا لەڕووی کۆمەڵایەتی و هۆکارە ماتریالیەکانەوە بووە، خاوەن ئایدیایەك کە لەبنەماکانی پرۆگرامی کۆمەڵایەتی یان ئابوری و سیاسی پێکدێنن، مارکس بایەخێکی تەواوی بە نامۆبوونی مرۆڤ داوە لەژێر سایەی دونیای چینایەتیدا لەبەرامبەر دەسەڵاتی ڕەها و کار و ریفۆرمی سیاسی کە (برۆدۆن و گۆتە و ئۆئن) وەکو سێ بیرمەندی سەردەمی خۆی خاوەنی هەریەك لەم تیۆرانە بوون و بەجیاواز لەهەموو بیرمەندەکانی دیکە، لەبەرامبەر ئەو لەخۆ نامۆبوونەی هیگڵ کە گرێی دابوو بە ڕۆحەوە و روحیش هەمان شتی بەرهەمدەهێنایەوە، ئەمە ڕەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی ڕۆەتدەکردەوە، لەهەمبەر گەشەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان لە پرۆسەی کاری کۆمەڵایەتی کە دەبێتە هۆکارێك بۆ لەخۆ نامۆبون، هەڵبەت فەلسەفەی هیگڵیش تەنها وەڵامێك بوو بۆ باردۆخەکەی ئەو سەردەمە، بەڵام بەلای مارکسەوە ئەمە وێنەیەکی بەراواژوو بوو کە خوێندنەوەیەکی میتافیزیکی بوو بۆ کۆمەڵگەیەك کە لەژیانێکی فیزیکیدا توشی بەریەك کەوتن دەبوو هەمیشە، بۆ نمونە ئایدیای رزگاربوون لەو ستەمە جیاوازانەی کە لەرێگەی تیۆر و میتۆدی نابەجێوە دانرابوون، هەروەکو ئەوەی فیختە و هێردەر بۆ ناسیونالیزم و بیری تەسك بینی و توندڕەوی نەتەوەیی گەلی ئاڵمان و مەسەلەی کار و بەرهەمهێنان، بۆیە ئەو نامۆبوونی کرێکاری گرێدەدا بە ئەو بەرهەمەی کە لەرێگەی هێزی ئەوانەوە بەدەستدێت و کەڵکیشی لێوەرناگرن و ناوی لێنابوو نامۆبوون لەنێو دیوارەکان و بەرهەمی کار، بۆیە جیاوازیە چینایەتیەکانیشی هەر لەرێگەی ئابوری و هێزی کار

و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندی کار و سەرمایەوە دەناسی.
لەلای ئەو باشترین کاریکتەری چالاکی سیاسی کرێکار بوو، بیرۆکە سیاسیەکانی شۆڕش بوو دژی سیستمی سەرمایەداری، بۆیە جەختی لەسەر رزگارکردنی دونیای دوو چینی و نابەرابەری دەدا بۆئەوەی کرێکار ژینی ژێر دەست نەبێت کەئەمە بیرکردنەوەیەکی هیومانیستیە، هەروەها تاقیکردنەوەی مەرجە ئابورییەکان یەکێك لەو فاکتەرانەی کەبیر لەوە بکاتەوە سیستمی جێگیر سیستمێکی نەگونجاو دابنێت و پێیوابوو ئەو سیستمە بۆ بارێکی گونجاو بگۆڕێت و هەموو ئینسان تێیدا بەهرەمەند بێت.
جیاوازی میللی و دژایەتی نێوان گەلەکان، رۆژ لە رۆژ زیاتر بەرەو پێشتر دەچێت و پەرەسەندنی بۆرژوازی لەبەر ئازادی بازرگانی و لە بەر بازاڕی جهانی، لەبەر یەکسان بوونەوەی شێوەی بەرهەمهێنان و لەنێو هەلومەرجی ژیاندا، کە لەگەڵ ئەمانەدا دێتەوە لەنێو دەچێ، مێژووی بیروڕا چی نیشان دەدا، بیجگە لەوەی کە خەسڵەتی بەرهەمهێنانی فکری، بەپێی ئاڵوگۆڕی بەرهەمهێنانی ماددی گۆڕاوە؟ هەمیشە بیروڕای زاڵ لە هەر دەورەیەك دا بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدار بووە».(٣١). لێرە مارکس مەبەستی لە بیروڕای چینی دەسەڵاتدار، ئەو نەتەوە سەردەستانەیە کە زاڵ بوون بە سەر نەتەوەی هەژار و کەمینە و ژێر دەست، بەبڕوای مارکس بەشێك لە خەباتی چینایەتی بۆ نەهێشتنی ئەو سەردەست و ژێردەستییەیە کە بۆرژوازی کەڵکی لێوەرگرتووە و بەپێچەوانەشەوە کەڵکی لەو ململانێیە وەرگرتووە کە لەنێوان نەتەوەکاندا هەمیشە بەردەوامی هەیە.
تێزەکانی مارکس بۆ کار و پەیوەندی بەرهەمهێنان، هەم رامانی جیاوازی بۆ کراوە و هەم تۆمەتی فکری بۆ دروستکراوە و دەرخواردی خوێنەری ساویلکە دراوە، بیرمەندێکی مارکسی

واقیع بینی وەکو (تیری ئیگلتۆن) پشگیری لێدەکات و تێزەکە چاکدەکاتەوە و بەرگری لەو جۆرە کاتە دەکات کەگوایە میتافیزیکانەیە کە پێچەوانەکەی راستە و مەبەست لە کاتی بۆش و بەتاڵە کە سەرمایەداری و بیرمەندەکانی سەرمەیاداری ئەم تێزە دەشوێنێنن و هەوڵدەدەن ناشیرنی بکەن « مارکس خۆی بڕوای بە پرنسیپێك بۆ بەرهەمهێنان هەیە، بەڵام بەمانایەکی فراوانی وشەکە ئەو پێیوایە خۆ ریالیزەکردن، یان خۆ بەدیهێنانی مرۆڤ دەبێت وەك ئامانجێك لە خۆدا هەڵبسەنگێندرێت و نابێت تا ئاستی ئامرازی گەیشتن بە ئامانجێك کورت بکرێتەوە و دابەزێنرێت، ئابوری کاتی کار دروستدەکات، واتە جۆرێك لە میتافزیکی کار، هەرئەوەی هەمووان کەوتوونەتە هەڵەوە کاتێك دەڵێن ئەمە مارکسە میتافیزیکی کاری دروستکردووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئایدیاکەی مارکس کاتی کار نییە، بەڵکو کاتی بەتاڵییە واتە هەر ئەوکاتەی مرۆڤ دەبێت خەباتی بۆ بکات تاکو پێی بگات، وەکاتی بەتاڵیش ئەوکاتەیە کە ئێمە بەهۆیەوە پەرە بەتوانا و بەهرەو لێهاتوویەکی خۆمان دەدەین». **(٢٢)**.

ئەگەرچی مارکس لەژێر کاریگەری تیۆریستینە سیاسیەکانی سەدەی ١٩ ی رۆژئاوا بوو، یەکێك لەوانەش هیگڵ بوو، چونکە هیگڵ لەبارەی مێژووەوە بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبوو، لەلای ئەو مێژووی زەمینە سازی بوو، بۆ بزاڤی بەرەو کامڵ بوونی عەقڵ و لۆژیك، بەڵام مارکس بەپێچەوانەوە مێژوو زەمینەیەك بوو دەرکەوتنی ماتریالیزم و ئەو یۆتۆپیایەی کە لەخەیاڵ و فکری ئەودا بووە رەخساند، هەروەها گۆڕینی روخساری جهان، لەگەڵ ئەوەشدا بەشیکردنەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و گۆشەنیگای خۆی بۆ سیاسەت ئاوێتەی یەکتر کردووە، بۆیە گوتوویەتی «ئەم کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی چینایەتیە و لەڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیشەوە ململانێیەکە لەنێوان دوو چینی جیاواز لەیەکتر» ئیدی مارکس بەم تێڕوانینەی

خۆی دابڕانێكی مەعریفی سیاسی دروست كرد. لەگەڵ ئەو تێڕوانینانەی كە بۆ سیستمی سیاسی پێش خۆی دانراون، لە ڕوانگەی ماركسەوە هیگڵ باس لە واقیعی كۆمەڵایەتی دەكات، بەڵام بەزمانێك كەپڕە لە ڕەمز و ڕاز، لەڕاستیدا مەبەستی هیگڵ لەچیرۆكە ئایدیالیستی و میتافیزیكیەكان هەمان كاری مرۆڤ و بەرهەمهێنانی ئابورییە، بەوپێیەی بابەتی سەرەكی فەلسەفەی هەیگڵ پرۆسەی كۆمەڵایەتی و مێژوویی بەرهەمهێنانە، نەك بوون (بوون). پاڵنەری ئەو پرۆسەیەش كاری مرۆڤە نەك ڕۆح، بۆیە دیالیكتیكی هیگڵ تەنها شێوازێكی ڕەمزاوی كرژی و ناكۆكی هێزو پەیوەندییەكانی بەرهەمهێنانە» (٢٣). جگە لەمانەش ماركس كێشەی ئاینی لەو سەردەمدا كرد بەیەكێك لە باسە جدییەكانی و لەمەسەلە ئاینە جیاوازەكانی كۆڵییەوە، بۆ نمونە لەكتێبی (دەربارەی مەسەلەی یەهودی) قسە لەسەر كتێبێكی ئاینی مەسیحی و یەهودی دەكات كە دەیانەوێ سەربەخۆیی خۆیان هەبێت بەئاڵمان و وڵاتانی تر، ئەوكات ئاینی مەسیحی ئاینی دەسەڵات بوو لەسەراسەری ئەوروپا، لەحاڵێكدا ماركس خۆی لەخانەوادەیەكی مەسیحی بوو، پاشان لەژێر عینوانی (ئاین ئەفیونی گەلانە) ڕەخنەی لە ئاین و لاهوتیەت گرت و بوو بە بەشێك لەتیۆرە سیاسیەكانی، بەڵام خراپ كەڵكی لێوەرگیرا لەنێو فكر و كایەی سیاسەتدا كە حیزبە بەناو كۆمونیستیەكان خراپ كاریان لەسەر كرد و دەسەڵاتە سیاسیەكانیش ناشیرینی كرد، هەر بۆ وەبیرهێنانەوە ماركس ناسیۆنالیست نەبووە، بەڵام هەمیشە دژی ئەوەبووە كە نەتەوەی ژێردەست و سەردەست هەبێت و ئەمەی بە دونیای دوو چینی دەزانی و بەشێك لە تیۆرەكەی كە بۆ نەهێشتنی دونیای نابەرابەری و جیاوازی چینایەتی، ئەوەشی سەلماندووە كە بڕوای بە جیاوازی هەبووە لەژێر چەتری بەرابەرییەكی ئابوری كە بۆهەموان وەكو یەك بێت، مەسەلەی نەتەوایەتیشی بۆ نەهێشتنی ئەو فەزوا ناتەندروستە بووە و

نمونەش ئەو گوتارەیە كە بۆ كێشەی مەجەڕستان نوسیویەتی و پاڵپشتی لەنەمانی ئەو كێشەیە دەكات.
ماركس یەكێك بووە لەو بیرمەندانەی كە لەسەردەمی خۆیدا لایەنگری لە نەتەوەی ژێردەست دەكرد و دژی نەتەوەی سەردەست بوو، بۆ ئەمە مافی داوە بەوەی هەموو نەتەوەكان لەلایەن ئەوانی ترەوە بخوێنرێنەوە و لەبەرگی ٥ سەرمایە دەڵێ « هەر نەتەوەیەك شایانی ئەوەی هەیە كە لەلایەن نەتەوەی دیكە و ئەوانی ترەوە لێكۆڵینەوەیان لەسەر بكرێ». ئەمە یەكێك لەو ئیمتیازات و گرینگیپێدانەیە كە ماركس بۆ نەتەوە بەدبەخت و بێ دەوڵەت و ژێر دەستەكان گوتویەتی. بەڵام لەلایەكی دیكەوە «ماركس وابیری دەكردەوە كە بۆرژوازی ئاڵمانی هیچ چانسێكی بۆ گەیشتن بە ئاستی بۆرژوازی فەرانسە و بەریتانیا نییە و لە جیاتی ئەو پێویستە كە لەم قۆناغە باز بدات و ئیلهام لە هزرەكانی ئەو لە رێگای شۆڕشەوە راستەوخۆ قۆناغی دواتری گۆڕانی كۆمەڵایەتی دەست پێبكات، فریدریش لیست بە تەواوی بەپێچەوانەی ئەو بیری دەكردەوە و لەدواییشدا روانگەی ئەو گیرایەبەر، لەبەر ئەمەیە كە رومن شپورلوت ١٩٨٨ بە شێوەیەك كە ستایشی دەكات باسی ئەو دەكات، ئەو نەك تەنها لیستیك واتە زیرەك بوو، بەڵكو دروستیشی دەگوت». (٢٤). بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین كە مێژوو تەنها مێژووی كێشمەكێشی نەتەوەكان و كولتوورەكا نییە،بەڵكو چیرۆكی دوژمنایەتی گروپەكانیشە كە كێشەیان چینایەتییان كرد بە كێشەی نەتەوە، بە درێژایی مێژوو تاكەكانیش دەورێكی كاریگەرییان هەبووە لە ململانێی یەكتر بە خەڵك و زۆریشیان لەیەكتر كوشتووە، بۆیە ئەمانە لە بارودۆخی زۆر تایبەتدا دەركەوتن وكێشە گەورەكانیان وەلا دەنا، تا ئەوكاتەی كە مەسەلەی نەتەوە بوو بە سیمبولی شۆڕەكان و ناسیونالیزم وەكو فكر لەدایك بوو.
دەوڵەت بەمانای كۆمەڵەی كۆمەڵەكانیش دێت، لەمانایەكی

دیکەدا کۆمەڵەی هەموو کۆمەڵەکان ئەفسانەیە و ناتوانێ بوونی هەبێت، «دەوڵەت لانیکەم زۆر بنەماڵەی هەموو کۆمەڵە بەکۆتاییەکانە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم بنەماڵەیە کۆمەڵەکان و هەروەها بۆ ئەوەی کە کۆمەڵە بەکۆتاکان لەئارادابن، دەبێ بێ کۆتاییەك هەبێت، هەردوو گوزارە بەرابەرن، ئینتیما بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەی هەموو کۆمەڵە بەکۆتاییەکان، بێ کۆتایی دێنێتە ئاراوە، یان بەپێچەوانەوە، مارکس کە دەیزانی خەیاڵی دەوڵەت کۆمەڵەی هەموو کۆمەڵەکانە، لەیەکەی کۆمەڵایەتیدا کە کۆماری بورژوازی ئاراستەی دەکات». (٢٥).
پوکانەوەی دەوڵەت لە تێگەیشتنی مارکسدا کە بۆ دەوڵەتی چینایەتی بووە نەك فۆڕمی کلاسیکی دەوڵەت کە داهاتووەکەی ئەمەی ئێستایە، ڕێگەی بۆ گەڕانەوەی ئەرکەکانی دەوڵەتی کۆمەڵگە خۆشکردووە، چونکە گەشەسەندنی دەوڵەتی سەرمایەداری خودی خۆی ناچارکردووە کە بڕوا بەو بەیاساییکردنەی کار بهێنێ کە لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا کە مارکس ئاماژەی پێداوە، لەحاڵێکدا ئەمە دیسان بەخزمەتی سیستمی سەرمایەداری دەگەڕێتەوە وەختێك گونجاوترین ڕێوشوێن بۆ چارەسەرکردنی ئیشکالیاتەکانی دادەنێ، بەڵام پێچەوانەکەشی ئەوەیە کە سنووری گومرگییەکانی دەبنە بەشێك لە کەرتی تایبەت و یاخی دەبن لە دەوڵەت و دۆخەکە تەواو جیاواز دەبێت. «چونکە تاریفەی گومرگی دەوڵەتی لە ئێستادا ئەو چەکەیە کە گروپێکی نەتەوەیی سەرمایەداری دژ بە گروپێکی دیکەی سەرمایەداران بەکاردەهێنن، سەرەڕای ئەوەش تاریفەی گومرگی زەروور نییە وەك ئامرازێك بۆ پاراستنی پیشەسازی لە جولەیدا بۆ خولقاندنی داگیرکردنی بازاڕی ناوخاۆیی، لە ئێستادا ئامرازێکی نایابە بۆ دروستکردنی کارتێلە پیشەسازییەکان، بەمانایەکی دیکە ئامرازێکە سەرمایەدارە بەرهەمهێنەرەکان لە ململانێدان دژ بە کۆی کۆمەڵگەی بەکاربەر». (٢٦). ئەم هەوڵە بۆ گەشەپێدانی

تەمەنی دەوڵەت لەرێگەی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنانەوەی کالاو گەرمکردنی بازاڕ لەپێناو مانەوەی سەرمایەداری دەوڵەتی وەکو خۆی، دوو رووی هەیە، روویەکی ئەوەیە کە دژ بەخۆی ململانێ دەکات و ناوی ناوە بازاڕی دەوڵەتی، چونکە ناوی دەوڵەت و مارکەی دەوڵەتی پێوەیە هێشتا بەوپێیەی گومرگ بە دەوڵەت دەدەن، روویەکی دیکەی ئەوەیە کە ململانێ لەگەڵ کۆمەڵگە دەکەن تاکو بیسەلمێنن مانەوەی دەوڵەت، مانەوەی ژیانێکی نوێیە لەڕێگەی بەرهەمهێنانەوە.

## فردیریك ئەنگلس ١٨٢٠ـ ١٨٩٥

ئەم کۆمەڵناسە سیاسیە کە هاوڕێی بنەما فکریەکانی مارکس بووە، پێشتر وەکو مارکس لەژێر کاری و لەژێر کاریگەری هیگڵ بیری دەکردەوە وکگتیبێکی لەژێر ناونیشانی (شیلینگ و ئاشکراکردنی روح) نوسی. خوێندنەوەی هەمەلایەنەی بۆ کۆمەڵگەی بەشەری هەبوو بەبێ جیاوازی فکری و ئایدیایی، دواتر ئەو لەگەڵ مارکس هەردوو کتێبیان لە ژێر ناونیشانی (خێزانی پیرۆز و ئیدیۆلۆژیای ئاڵمانی) نووسی، ساڵی ١٨٥٤ کتێبێکی نووسی بەناو نیشانی (حاڵەتی چینایەتی کرێکارانی ئینگلستان) ساڵی ١٨٧٨ (دژی دۆهرینگ) نوسی کە بە قوڵترین رونکردنەوەی تیۆرەکانی ماترکس هەژمار دەکرێت، زانستی ترین کتێبی بەناو نیشانی (دیالکتیك سرووشت) نوسی کە سەلماندوویەتی خەلییە یەکەیەکی بنچینەییە بۆ کائنی ئۆرگانی ئاژەڵی و ئینسانیشهەمان شت، هەر وەکو ئەوەی سەلماندی کە یاسای مانەوەی هێزی سرووشتدایە، پاشان لەگەڵ مارکس دوای ئەوەی رەوتێکی ناڕەزایەتی یان دروستکرد لە ئاڵمان و سەرتاسەری رۆژئاوا کاریگەرییان دانا و رۆژنامەی راین یان دەرکرد، کتێبی مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیستی ئەوکاتیان نووسی، دواتر ئەو مانیفێستە کاریگەرییەکی زۆری

خستە سەر بزووتنەوە سیاسیەکانی ئەو سەردەمە کە چەندین پارتی کرێکاری سیاسی بوون، پاشان هەر ئەم مانیفێستە بوو بە تارماییەك کە تەواوی دەسەڵاتەکانی سەرسام کردووە و ترساندوونی، هەروەها ئەنگڵس هاوکارێکی تەواوی مارکس بوو بۆ خوێندنەوە کۆمەڵگەی بەشەری لەڕووی مێژوویی و سۆسیۆلۆژییەوە، ئەویش بریتی بوو لە پێکهاتەی خێزان و کۆمەڵگەکان کە خوێندنەوەی کۆمەڵناسانەی دیالکتیکی بووە، هەروەها شیکردنەوەی ماددەی خزاندۆتە نێو خێزان و سیستمی دەوڵەتی بچووك کردۆتەوە بۆ هەرەمی خێزان، لەبارەی کێشەی خێزانەوە کە کێشەیەکی کۆمەڵناسییە، ئەو ژنی وەکو چینی خوارەوە و پیاویش وەکو چینی سەرەوە تەماشا کردووە، ئەنگڵس بەوپێیەی کۆمەڵناس بوو، سەردانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردو بەتایبەتی لەرێگەی تورکیاوە سەردانی جەزائیری کرد و لەوێوە تێگەیشت کە کولتوور و زمان و ئاینێکی دیکە هەیە کە ئەوان شارەزا نین و پێویستی کەڵك لەو کولتوورە وەربگرن، بەڵام زەمەن رێگەی نەدا کە شرۆڤە بۆ ئەو کولتوورە بکەن کە بەشێکی زۆری دونیای داگیرکردووە و کاریگەری هەیە لەسەر مرۆڤایەتی.

ئەنگڵس جگە لەوەی کارەکانی مارکسی کۆکردۆتە و بەچاپی گەیاندوون و پێشتریش هاوکاری مارکس بووە، کتێبێکی بەناوی (دیالیکتی سروشتی) نوسیوە کە باس لە دیالیکتیکی ژیان و یاسای سروشتی دەکات و لەوێوە ماددە دەخوێنێتەوە بەشێوەیەکی فیزیکی و بڕوای بە ئاڵوگۆڕێکی ریشەیی هەیە کە بەشەرییەت بەدەستی خۆی لەژێر کۆنترۆڵی ستەمکاری دەربهێنێ و ئینسان کەڵك لەو سروشتە وەربگرێت کە بەشدارە لەگەشەسەندنی.

ئەنگڵس لەگەڵ چەند بیرمەندێك بۆ دەرکردنی رۆژنامە و بیروڕای ئازاد، کتێبێکی گرینگی لەبارەی کۆمەڵناسیەوە بەهاوکاری مارکس نوسیوە، لە ژێر عینوانی (بنەچەی خێزان و

موڵکداریێتی تایبەت و دەوڵەت) ئەم کتێبە رەخنەیە لەموڵکیەتی داب و نەریت و رێسایی ئاینیی و کۆنترۆڵکردنی ئیرادەی ئینسان بۆ ژێر رکێفی ئەو سیستمەی تەنها فۆرمی دەگۆڕێت و لە جەوهەردا ستەمکاری و بەکۆیلەکردنی ئیسنان وەکو خۆیەتی، دوا بەدای ئەم کارە گرینگەی لەرووی کۆمەڵناسی و فکرییەوە، پاش مردنی مارکس، تەواوی کارە گرینگەکانی مارکسی چاپ کردووە، لەوانەش کتێبی بەناوبانگ ی (سەرمایە) کە رەخنەیەکە لە سیستمی سەرمایەداری و وەلامی تیۆرە ئابورییەکانی ئادام سمیت و ریکارِدۆ و تیۆریستینانی ئابوری ئەو سەردەمە، پاشان کتێبی (گۆندریسە) کە بە کتێبی (بەشێکی ون بوو لە سەرمایە) ناسراوە بەچاپ گەیاند، وەکو زانراوە راستە کە ئەنگڵس بەبارتاقای مارکس نەناسراوە وەکو تیۆریست، بەلام لەبارەی سۆسیۆلۆژیا شارەزاتر بووە لە مارکس و هەر ئەو رێنوێنی کردووە بۆ تیۆریزەکردنی بابەتە فەلسەفیەکانی، باشترین نمونەش ئەوەیە کە گەرِۆکێکی شارەزا بوو بۆ ناسینی کۆمەڵگەکانی دەرەوەی رۆژئاوا کە رۆژهەلاتییەکان بووە و لە تورکیا و جەزائیر و ولاتانی رۆژهەلاتەوە دەستپێدەکات، بەلام بەهۆی ئەوەی درەنگ فریا دەکەون لەگەڵ هاورێکەی مارکس، ناتوانن خوێندنەوەی نوێ بۆ ئەو کولتوورە بکەن کە تەواوی ئەوروپا و بیرمەندەکانی شارەزاییی تەواویان لەبارەی ئەو فرەییە لە ئاین و کولتوور و نەتەوەییە نەبووە.

## فلادیمیر ئیلیچ لینین. ١٨٧٠_١٩٢٤

یەکێکە لەگەورەترین پراکتیك کەرانی فکری مارکس بۆ سیاسەت و دامەزراندنی دونیایەکی بێ چین و چەوسانەوە، ساڵی ١٨٧٠ لە بنەماڵەیەکی خوێندەوار دێتە دونیاوە و بەشی یاسا تەواو دەکات و لوێوە مارکس و تیۆرەکەی دەناسێت و بەو هۆیەوە لە

زانکۆ دوور دەخرێتەوە و نەفی دەکرێت بۆ سیبیریا و لەوێ ناتیچە کرۆپسکایا دەناسێت و دواتر دەبێتە هاوسەری. پاشان دەبێتە رابەری بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیست و ساڵی ساڵی ١٩١٧ لەرێگەی شۆڕشی بەلشەفیەوە دەسەڵاتە ستەمکاریەکەی قەیسەری روسیا دەڕوخێنێ و کۆمۆنیزم رادەگەێنێ کە ئەمە رەخنەیەك بووە تائێستا لە لینین کە پەلەی کردووە لە راگەیاندنی ئەو سۆڤیەتەی کە کامڵ نەبووە هەر لەبارەی کۆمەڵایەتیەوە تادەگاتە ئەوەی کە سەرمایەداری گەشەی تەواوی نەکردووە، بۆیە نەیتوانیوە تەمەنی درێژبێت و کۆمۆنیزمی راستەقینە بێت، جگەلەوەی بلۆکێکی سیاسی جیاواز بوو لەگەڵ سیستمەکانی دیکەی دەوڵەتانی جهان.

دوای ئەوەی شۆڕ دەبێت بە سیستم ساڵی ١٩١٨ لە هەوڵێکی تیرۆریستی رزگاری دەبێت. بەهۆی رێکەوتن لەگەڵ ئاڵمان کە دژی بەشداریکردنی جەنگی یەکەمی جهانی بوو، بڕیاریدا بڕێك لەناوچە دەوڵەمەندەکانی روسیا رادەستی ئاڵمان بکات، ئەو بەهۆی ئەوەی لایەنگری نەتەوەی ژێر دەست و دروشمی ئاشتەوایی هەبوو بۆ هەموو دونیا، یەکێك بوو لەو سەرکردە گەورەو ناودارانەی کە کۆتایی و شکستی بە سیستمی دەرەبەگایەتی هێنا یەکەمین داهێنەری حیزبی نوێی کۆمۆنیستی و رزگارکەری تاك بوو لەدەست دەسەڵاتی عەشیرەتی و خێڵەکی، هەروەها یەکەمین کەس بوو کە موڵکایەتی تایبەتی نەهێشت دوای سەرکەوتنی شۆڕش بەسەر قەیسەردا و کردی بە موڵکیەتی گشتی و دەوڵەت، جگەلەوەش هەوڵی نەهێشتنی نەخوێنەواریدا لە تەواوی روسیا و وڵاتانی دیکەی سەر بە یەکێتی سۆڤیەت، لەرێگەی نامە گۆڕینەوە لەگەڵ کلارا زیتگینەوە فکری یەکسانی خوازی لەنێوان ژن و پیاودا فراوانتر کردەوە و گوتارێکی گشتگیر و رادیکاڵی پێشکەش کردووە کە تائێستاش فێمینیست و بزووتنەوە یەکسانیخوازە راستەقینەکان کەڵکی لێوەردەگرن.

لینین لەژیانی خۆیدا دەستكەوتی مەزنی بۆ جوتیار و كرێكار و پرۆلیتاریا و ژنان بەدەستهێناوە، وەكو پێشتر باسمان كرد ئەو توانی لە ساڵی ١٨١٧ لەگەڵ ترۆتسكی لەرێگەی بزووتنەوەی بەلشەفیزم شۆڕش بكات و حكومەتی قەیسەر بڕوخێنێ، وە سیستمێكی تر بەناوی سۆسیالیزم یان سۆڤیەت دابمەزرێنێت تا ساڵی ١٩٢٤ سەركردایەتی ئەم سیستمەی دەكرد، بەوپێیەی كە لینین جەختی لەسەر سەنترالیزمی حیزبی دەكردەوە، وەكو یەكێك لە پرنسیپەكانی حیزبی بوون، رێگەی بە بزووتنەوەی مەنشەفیك نەدا بە ئازادی چالاكی سیاسی بكەن، ئەم سیاسی و بیرمەندە بەناوبانگە خەونی ئەوەی هەبوو كە دیكتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بكاتە مۆدێلێك بۆ هەموو جهان و باڵبكێشێ بەسەر تەواو دەوڵەتانی دونیا، بۆیە دیموكراسیەتی هەڵبژاردنی رەتكردەوە كە سیستمێكی پارلەمانتاری بوو، هەروەها بڕوای تەواوی بەمافی گەلان هەبوو، كە لەكتێبی (مافی دیاریكردنی چارەنووسی گەلان) ئاماژەی پێداوە، بەو مانایەی رزگاركردنی هەموو گەلێكی چەوساوە بەشێكن لە شۆڕشی سۆسیالیستی و باشترین كتێبی بەناوبانگی كە هێزە كۆمۆنیستی و چەكانی سەدەی رابردوو كاریان پێدەكرد، «لینین چەمكی ئیمپریالیزمی خستە ناو شیكردنەوەیەكی ماركسیانەوە بۆ پەرەسەندنی سەرمایەداری و ئاماژەی بۆ ئەوەش كرد كە چەوساندنەوەی ناوچەكانی كەنار رەهەندێكی گرینگە بۆ پەرەسەندنی سەرمایەداری و زیاترە لەوەیش كە هەر تەنها قۆناغێكی تێپەڕبێت، چونكە ئەو وای دەبینی كە سەرمایەداری پێویستی بە هەناردەكردنی سەرمایە هەیە بۆ ناوچە كەنارییەكان، هەروەها پێویستی بە كەرەستە خاوەكان و بازاڕی ناوچە كەنارییەكان هەیە، ئەوەبوو پێشبینی چەند جەنگێكی ئیمپریالیانەی كردبوو كە سەرلەنوێ دابەشكردنی ناوچەكانی كەناری لێدەكەوێتەوە». (٣٧).

لە كتێبی (ما العمل) واتە (چارچی یە)، هەروەها هەر دوو

کتێبی (دەوڵەتی لینین و لینین و دەوڵەت) بەچڕوپڕی باسی لەو ئیشکالیاتە سیاسیانە کردووە کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم ئەو تیۆرانەی کە بۆ ڕزگاری نیبشتیمانی و گەلان پێشکەش کراون، هۆشیمنە ١٨٩٠ـ١٩٦٩ یەکەم داهێنەری بزووتنەوەی نەتەوەیی ڤێتنامی بوو کە دواجار دەوڵەتی ڤێتنامیشی دامەزراند و پاشان بوو بە سەرۆك کۆماری ڤێتنام، ئیلهامی لەو چەمکە وەرگرت کە لینین بۆ چارەی خۆنوسینی گەلان پێشکەش کرد، ئەمە جگەلەوەی چەندین کتێبی دیکەی هەیە لەوانەش دەربارەی بزووتنەوەی سۆڤیەت و هەڵبژاردەکانی (المختارات لینین) کە لە١٠ بەش پێکهاتووە، هەروەها نامە فەلسەفیەکانی سەبارەت دەربارەی خۆشەویستی و ئەلتەرناتیڤی سیاسی و سۆسیالیزم و دەربارەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم و ئیمپرلیالزم و مەسەلەی لاوان و مەسەلەی ژنان لەهەموو جهاندا و هتد. هەڵبەت ئەو تیورانەی لینین پێشکەشی کردوون، زۆربەی ئەو حیزبە کۆمۆنیستی و یەکسانیخوازانەی جهان وەکو تیۆری چارەسەری بەکاریانهێناوە، تائەو ڕادەیەی کە لەدەستووری خۆیاندا جێگەیان بۆ کردۆتەوە، ئەمە جگە لەوەی بەشێك لە بیرکردنەوەکانی لینین لە باس و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیانەدا وەکو سەرچاوەی تیۆری پشتی پێبەستراوە.

### لیۆن ترۆتسکی ١٨٧٩ـ١٩٤٠

لە گوندی بانۆفکای وڵاتی ئۆکرانیا لەدایك بووە و لە خێزانێکی جوتیار ی مام ناوەندی ژیاوە، بیرمەندێکی سیاسی سۆڤیەت بوو لەریزی بەلشەفیەکان بەشداری شۆڕشی ئۆکتوبەری کرد و ڕەخنەی لە ئینتەرناسیونالی لینین گرت، جەختی لەسەر شۆڕشی بەردەوامی کرێکاری دەکرد کە دەبێ لەسەراسەری دونیا سیستمی سەرمایەداری نەمێنێت، ئەوکات کرێکار و سیستمی

یەکسانیخوازی بەرهەمدێت و سۆسیالیزم بەرقەرار دەبێت، ئەو زۆر لەژێر کاریگەری فکری مارکس بوو تا ئەو جێگەیەی کە سەرمایەی بەتەواوەتی هەرز کردبوو، لەدوای لینین بەردەوامی دەدات بە سیاسەت و سۆڤیەت و سیستمەکەی وەکو جۆرێك لە خیانەت لە شۆڕشی ئۆکتوبەر پێناسە دەکات، چەند پۆستێك وەردەگرێت لەوانەش سەرۆکی ئەنجومەنی بترۆگراد و وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت، یەکێك لە خاوەنی بیری دامەزراندنی سوپای سووری سۆڤیەت بووە، پاشان بەهۆی جیاوازی فکرییەوە، رەخنە لە جۆزیف ستالین دەگرێت و ناوی دیکتاتۆری سیاسی لێدەنێت، دواتر کتێبێك بەناوی (شۆڕش و خیانەت) لە ساڵی ١٩٣٦ دەنوسێت، لەدوای ئەوە چەند کتێبێکی دیکە دەنوسێت لەوانەش (شۆڕشی بەردەوام و بەرگری لە مارکس و ژیانم و دەوڵەتی سێهەم دوای لینین بێ خەتام)، ئەگەرچی لەنێو سیستمی حوکمڕانمی سۆڤیەت دەمێنێتەوە و چەندین پۆست وەردەگرێت، بەڵام لە سەر جیاوازی فکری و هەڵوێستە سیاسیەکەی لەدژی بیری ستالینیزم، چەند جارێك زیندانی دەکرێت و نەفی دەکرێت بۆ بەریتانیا و تورکیا و پاشان ناچار دەبێت لەترسی ستالین و سیستمەکەی سۆڤیەت هەڵبێت و بچێتە مەکسیك و لەوێ لەرێگەی کەسێکی نزیکی خۆی و بە پاڵپشتی ستالین بە قیزەونترین شێوە تیرۆر دەکرێت.

## ئەنتۆنیۆ گرامشی ١٨٩١_١٩٣٧

بیرمەند و کەسایەتییەکی جیاواز و مارکسییەکی ئیتاڵی و تیۆریستینێکی کۆمەڵایەتی بوو، زۆرترین رەخنەی لەسەر رۆشنبیرانی سیاسی بووە، کە بەر لەهەر بیرمەندێکی تر ئەو داوای هەڵوێستی لە رۆشنبیران دەکر، زۆر بەوردی تیشکی خستۆتە سەر مارکسیزمی ئەرسەدۆکسی و هۆکارە ئابووریەکانی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بانگەشەی دامەزراندنی یەکێتی

پرۆلیتاریای کردووە، بنچینە و بنەما سۆسیالیستیەکانی شرۆڤە کردووە، بەرامبەر بە فۆرمێکی ناتەواوی رۆشنبیرانی ئەوکات و کۆششی سیاسی رۆشنبیرانی بەهەند وەرگرتووە، هەروەها چەمکی بلۆکی مێژوویی لەلای گرامشی، بریتیە لە کۆبونەوەی هێزی کۆمەلأیەتی دیاریکراو و رێکەوتنیان لەسەر بنەمایەکی سیاسی و ئابوری و کولتووری و کۆمەلأیەتی دیاریکراوە، بەدەر لەو بۆچونانەی گرامشی بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە ماوەی ١٩٢٩_١٩٣٥ لەسەر ئەو بیرورِایەی لە ئامریکا زیندانی دەکرێت، تائێستاش تیۆرەکەی لەبارەی ستایلی مومارەسەکردنی رۆشنبیری و هەڵوێستی وەکو کتێبێکی کراوە مامەڵەی لەتەك دەکرێت و لەنێو میتۆدی خوێندن کراوەیە.

## تیۆری رەخنەیی سیاسی سەدەی بیست

هەڵبەت بەشێك لەو بیرمەندانەی پێشووتر باسمان کردن، پێیەکیان کەوتە نێو سەدەی بیستەمەوە، بەلأم تەمەنی سیاسی و تەمەنی خۆشیان درێژ نەبوو کە ببن بەتیۆریستینەی سەدەی بیستەم، بەهەرحاڵ تیۆرێکی دیکەی سیاسی کە لەسەدەی ٢٠ سەریهەڵدا، تیۆری رەخنەیی سیاسی بوو کە ئەویش قوتابخانەی فرانکفۆرت بوو، ئەم قوتابخانەیە ساڵی ١٩٢٣ دامەزرا و لە ساڵی ١٩٦٩ هەڵوەشایەوە، یەکێك لە پەیرِەوان و بەشداربوانی ئەم تیۆرە رەخنەییە ماکس هۆرك هایمەر ١٨٩٥_١٩٧٣
ئەم بیرمەندە ك یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت کە لەسەر چەمکی رەخنەیی لە فکری رۆژئاوای مۆدیرنیزم کاریان دەکرد، بەلأم ئەم بیرمەندە جیاواز لەهەمویان کەسێك کە دەروونناسێکی سیاسی بوو، شیکردنەوەی بۆ سیستمی سەرمایەداری لیبرِالی کرد کە لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵگەی پیشەسازی بوو، ساڵی ١٩٣٥ هۆرکهایمەر وەك ئەوەی

ڕەخنەی لە تیۆری کلاسیکی گرت و دژایەتی پراگماتیزمی کرد، ئەوەش کە پێی دەگوترێت گواستنەوەی هیگڵ بۆ مارکس میۆتۆدێك بوو بەهەند وەرگیرا و دواتر هەر ئەو میتۆدە بوو بونیادگەری و پاشان خودی چەمکەکە کەلێن و کێشەی تێکەوت و ڕەخنەی لێگیرا کە پاش بونیادگەریش هاتە ئاراوە، سەبارەت بە وێناکردنەکەی قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئەم بیرمەندە دوو ستایلی تیۆری ڕەخنەیی بەدەرخست، یەکەم مەغزای بەسەروەریکردنی ئیدیالیزمی هیگڵی بوو، مەبەست لە بڕوای فکری و درکی هەموو توخمە بنەڕەتیەکانی نێو بوون کردووە، دووەم حاڵەتێکی پۆزەتیف و عەقلانی بوو کە تیۆری ئیدیالیزمی دیالیکتیك دەچێتە نێو کۆی تیۆری کلاسیکی، بەڵام بیرۆکەی دیکە هەبوو بۆ نازیزمی ئاڵمان و ستالینیزمی سۆڤیەتی کە لەنێو ئەو سیستمە دەوڵەتی و فکرییەدا کێشەی فکری لە ڕۆژئاوا سەریهەڵدا و دواجاریش لەنێوان ئەواندا کۆتایی بە جەنگ هات  کە دواتر لەریچگەی لێکۆڵینەوەدا بۆ بیرمەندانی ڕۆژئاوا دەرکەوت کە جەنگوازی بۆتە کولتوور بۆیە دەبوو ڕەخنەی لێبگیرێت. « ئەو تێزە ڕەخنەییەی لەسەر بنچینەی تێڕوانینێکی ڕەخنەییانە بۆ کۆمەڵگا و کولتووری ئەو سەردەمەی ئاڵمان دامەزرابوو، لە ڕاستیدا ئەم تیۆرە ڕەخنەییە کە لەدەزگای لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانی فرانکفۆرت کردبووی بە میتۆدی بیرکردنەوەی تیۆری خۆی، لەژێر کاریگەری هزری بیرمەندانێکی وەکو مارکس و کانت و هیگڵ و شوپنهاوەردا و لەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆیدا لەگەڵ دیاردەی بە عەقلانی کردنی زیاتری دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ڕۆژگارەی ئەورووپادا کە حاڵەتێکی نا عەقلانیان بە خۆوە گرتبوو، هەروەها گەشەی سەرمایەداری دەوڵەتی مۆنۆپۆلکەر و فۆرمۆلەبوونی شێوەی نوێی دەوڵەت لەرەهەندە سەرکوتکەر و بیرۆکراتیکەکەیدا، دەسەڵاتگرتنە دەستی نازیزم لە ئاڵمان و باڵادەستی ستالینزم لە سۆڤیەتدا وەکو دوو دیاردەی سیاسی

کۆمەڵایەتی بکری کۆمەڵگای نوێ و دەسەڵاتداریتی ئیدیۆلۆژی لەبوارەکانی کولتوور و هونەردا، وایان لەبیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت کرد لە لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەم دیاردانە بۆ سیستمە فکرییەکانی سەدەکانی پێشووی ئەورووپا بگەڕێنەوە». **(٣٨)**.

بەڵام بەرەخنەگرتنیش لەو تیۆرە ستەمکارییە هێشتا کار نەگەیشتبۆ ئەوەی کێشەی نەتەوەکان چارەسەر بکرێت، باشترین نمونەش کێشەی نەتەوەیی بوو لە پۆڵۆنیا کە جەنگی هەردوو ئاڵمانی مەترسیدار و سۆڤیەت کە سنووری بۆ جەنگی دووهەمی جهانی دانا، بۆیە لێرەوە باسەکە دێتە سەر ئەو نەتەوانەی کە هێشتا کێشەی چارەنووسیان هەیە و نەگەیشتوون بە ئامانجی گشتی، ئەگەر بەشێکی پەیوەندی بە سیاسەتی نێودەوڵەتی هەبێت کە غەدری لێکردوون، بەشە زۆرەکەی خۆیەتی کە نەك هەر کەڵکی لە بیرۆکەی ناسیۆنالیزم وەرنەگرتووە، بەڵکو دژایەتی خۆشی کردووە و ناسیۆنالیست نەبووە بۆئەوەی لەرێگەی ئەم چەمکەوە ئاسۆی نادیاری خۆی وێنا بکات و رادەستی نەوەکانی بکات و خۆی ببێت بە دیاریکەری ئایندە و چارەنووسی خۆی، کورد ئەو نەتەوە شازەیە کە ئێستاشی لەگەڵ بێت کە زێڕینترین سەردەمە تێیدا دەژی، کەچی دژایەتی هەموو ئەو دەستکەوتانە دەکات کە بەخوێن دەستی کەوتووە و خۆی دژایەتی شوناسی خۆی دەکات کەبەرلەوەی دژایەتی نەتەوە بێت، ئەمەش دژایەتی چەمکی ناسیۆنالیزمە لەبەرامبەر نەتەوەکانی دیکە و نەیارەکانی.

## هێربەرت مارکۆز. ١٨٨٩ـ١٩٧٩

ئەم فەیلەسوفە تیۆریستێکی سۆسیۆلۆژی ئاڵمانی بوو، رەخنەی لە کۆمەڵگەی پیشەسازی سەرمایەداری گرت و بەسیستیمێکی چەوساندنەوەی لەقەڵەم دا، هەروەها رەخنەی لەمرۆڤی تاك

رەهەند گرت و کتێبێکی بەو ناونیشانە نوسیوە. پاشان تەواوی فۆڕمەکانی ئۆپۆزسیۆنی خستە مشتومڕەوە، لەپاڵ کرێکاراندا کە مارکس بەهێزی یەکەم و کاریگەری و ئاڵوگۆڕی سیستمی سەرمایەداری دادەنا، مارکیۆز وەکو خاوەنی تیۆری شۆڕشگێڕانە بۆ رۆشنبیر و خوێندکاران، گەشەی بەو بیرکردنەوەیەدا و خوێندکارانی بە پاڵپشتی کرێکاران لەقەڵەمدا و وەکو تۆێژێکی کاریگەر و چالاك لە کۆمەڵگەدا. تا ئەوکاتەی کەشۆڕشی خویچندکارانی ساڵی ١٩٦٨ بەرپابوو لە ئەرووپا، هەروەها مارکیۆز لەڕووی تیۆری دەروونناسییەوە یەکێکە لەو کەسانەی کە بەگروپی چەپی فرۆیدی ناسراوە لەپاڵ هەریەك لە ویلهێم رایش و جاك لاکان کە ئەوانیش بەشێوەی خۆیان رەخنەیان لە سیستمی سیاسی گرتووە و سەرقاڵی دیاردەناسی کۆمەڵگەی رۆژئاوایی بوون، لەلایەکی دیکەوە لاکان بەدەر لەو کارانەی سەرقاڵی کێشەی زمان بوو لەدونیای سایکۆلۆژی و دیاردەناسیدا.

### یۆرگن هابرماس ١٩٢٩

تیۆریستێکی سیاسی ئاڵمانیە و نەوەی دووهەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت ە و کۆمەڵگەی سەرمایەداری بەوە تاوانبار کردووە کە سەرچاوەی هەموو تەنگژەکانی مرۆڤە، ئەو نەوەیەکی دیکەی سەدەی بیستەم و سەدەی بیست و یەکە کە بەپێی تیۆرەی نوێ بۆ مارکس مامەڵە لەگەڵ سیستمی نوێی سەرمایەداریدا دەکات. عەقلانیەت و پاشانیش رەخنە لە عەقلانیەت لەلای ئەو بەشێکی زۆری لە تیۆرەکەی داگیر کردووە، هەروەها بارگرژییەکانی سیستمی سەرمایەداری و چەمکی دیموکراسی. دواتر ئاڵتۆسێر وەکو شرۆڤەکارێکی سیاسی مارکسی، رەخنەی لە سیستمی سەرمایەداری گرت، هەروەها رەخنەی لە ئیدیۆلۆژیای مارکسی گرت و رووبەڕووی تەکنۆلۆژیا وەستایەوە کە لەئاست گەشی

تەکنۆلۆژیا کرێکار بۆتە کۆیلەی ئەم سیستمە بەڕوویەکی تردا کە کێشە لە دامودەزگا ئیدیۆلۆژییەکانە سیستمی سیاسی و دەوڵەت دووچاری ئیشکالیەت دەکەن.

# چاپتەری یەکەم

## مێژووی چەمکی ناسیۆنالیزم

ناسیونالیزم ئەو چەمکە کە بەندە بە لێکدژییە جەوهەرییە ناوەکیەکانی نەتەوەکان، لە هەموو چەمکە دیاریکراوەکانی کۆمەڵگەی مرۆییدا، ئەم لێکدژییە لەنێوان دوو لایەندا سەرهەڵدەدات، لەلایەکی لەلایەن هەموو واتە هاوبەشی مرۆڤەکات چ لەرووی تایبەمەندی بایلۆژی و دەروونی و زەینییەکان کە بەتەواوەتی بکۆڵی کردنی نەژادییە، بەو مانایەی کە بانگەشەیەکە لەرووی تیۆرییەوە خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە، لەلایەکی ترەوە پرۆژەیەکی هاوبەشی داهاتوو خوازییانەیە کە سۆبێکتیڤیتەی تایبەتخوازی کە لە واقعی مێژوویی کۆمەڵە مرۆییەکاندا بەروونی دەردەکەوێ، لەرووی زانستیشەوە وەڵام بۆ ئەم چەمکە، رەهەندی جیاوازی هەیە کە لایەنێکی بەش ە و لایەنێکی دیکەی گشتە و هەردوو لایەنەکە جودان، لەسەر ئاستی گوزارشتی ئیدیۆلۆژی ئاگایی کۆمەڵایەتی، باسەکە ئەوەیە کە تایبەتمەندێتی گشت دەسڕێتەوە، ئەم تیۆرەیە لە رووی ئیدیۆلۆژییەوە رەوایەتی بە بانگەوازی بەش دەدات، دیسان رووەکەی دیکەی ئەوەیە کە کشتێتی رۆڵێکی شیکاری زانستی هەیە بۆ خوێندنەوەی رەخنەگرتن لەو ئیدیۆلۆژیایە کە شێوازی تێگەیشتنەکە گوزارشت لەو لێکدژییە دەکات کە ناوی نراوە ناسیونالیزم و لەسەری بونیاتنراوە.

تائێستا موناقەشەکردنی ئەم چەمکە جەخت کردن بووە لەسەر لایەنە مێژووییەکەی، بەپێی دەق و بۆچوونی بەشێك لەبیرمەندە عەرەبی و ئەوروپییەکان بێت، لەمێژوودا تیرەو

نەتەوە هەبوون کەپەیوەست بوون بەبۆنە و کولتوور و نەریت ئاین و یاسا و ڕێسای خۆیانەوە، ئەمەش جۆرێك بووە لەخۆپاراستن لەکۆمەڵێکی تر بۆ ئەوەی لەناو نەچن، ئەوەش کەپێویستی هەم بەپێناسە کردنی خودی چەمکەکەیە و هەم پێویستی بەشرۆڤەکردنی هەیە، لەدوو لقی جیاوازدا جێگەیان دەبێتەوە، ئەوەی لقی یەکەمە و پێناسەکەیەتی، زاراوەکە واتە (ناسیۆنال یان ناشنال) کە ئینگلیزیەکەی (national) کەپێشتر بەزمانی لاتینی گوتراوەتەوە و لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کەواتە لەسەردەمی گریکەوە ئەم چەمکە سیاسیە فکرییە هاتووە و لەبری چەمکی هاوڵاتی بوون بەکارهاتووە، دواتر ڕۆژئاواییەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەر ئەم چەمکەدا هێناوە و وشەی (ناتالیان) بەکارهێناوە کەبەواتای نەتەوە هاتووە، بە مانایەکی تر نیشانەی ڕێزگرتن بووە بۆ بەرامبەر، پێشگرەکەشی کە (ئیزم) ە، دەیکات بەنەتەوەخوازی، لەلقی دووهەمدا ناسیۆنالیزم کە شرۆڤەکەیەتی، ئەو ئیدیۆلۆژیا سیاسیەیە کە لەنێوان نەتەوەکان و دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا سنورێك دادەنێت، سنووردانانەکەش بەشێکی لەستەمی میللیەوە سەرچاوەی گرتووە، بەشەکەی دیکەی لەدەمارگرژی و ڕاسیزم و چاوچنۆکیەوە هاتووە کە بەشێکە لەمێژووی بەشەرییەت و تائێستاش ئەم تێگەیشتنە ناعەقڵانیە بەردەوامی هەیە، کەنەتەوەیەك گەرەکیەتی کۆنترۆڵی نەتەوەیەکی تر بکات و لەوێوە قەڵەمڕەوی خۆی بەکاربهێنێ، ئەمەش بۆخۆی بەپێی شوێن و هەلومەرجی سیاسی و کات و مێژوویان جیاوازی هەیە.

ناسیۆنالیزم یەکەم ئیدیۆلۆژیای مۆدێرنەیە لەهەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا کە پێشنیاری ئەوە بکات و دەسەڵات و شەرعیەتی سیاسی یەکدەست بن، ئەویش خەڵکە، ئەگەر چی ئەو داتایە لەلای هەمووان ئاشکرایە کە نەتەوەیەك نییە لەسەرتای ژیانەوە هاتبێت و یان نەتەوەیەك بەپێی تێڕوانینی ئاین خودا

نەتەوەیەکی دروست کردبێت و پێی گوتبن فەرموون لەو سنوورە جوگرافیایە بژین و ئێوە رەسەنن، بۆیە ئەمە وەهمێکی سیاسیە کە سیستمی سەرمایەداری و دەسەڵاتەکان کردوویانە بە واقیعێکی بێ بنەما وەکو کارتێکی سیاسی بەرکاری دەهێنن، بەڵام (ئێرنست رێنان) پسپۆڕی بواری سیاسی و شارەزایە لەکێشەی نەتەوە مێژووییەکان و کتێبێکی بەناوبانگی هەیە لەژێر عینوانی (نەتەوە چییە؟) دەڵێ « زاراوەی نەتەوە شتێکی تازەیە، لەکاتی خۆیدا میسر و چین نەتەوە نەبوون، بەڵکو دەست و پێوەند بوون لەبندەستی ئیمبراتۆرەکان، بەو شێوەیە نەهاوڵاتی و نەشارنیشنی لەئارادا نەبوون». (٣٩).

کەوابوو بەپێی قسەی رێنان بێت خودی نەتەوە دەرەنجامی جەنگ و جیاکردنەوەی سنوورەکان بووە و دیاریدەی تری لێکەوتۆتەوە، لەشوێنێکی تردا دەڵێت» ئیسپانیا و ئیتاڵیا لەتوانەوەدا بوون لەلایەن ئیمبراتۆریای رۆما، ئیمبراتۆریای فارس و ئەسکەندەری، ئیمبراتۆری ئاشوری، هەرگیز نیشتیمان پەروەر نەبوون، هەر فارسەکانە لەساختومانێکی دەرەکیدا بوون، هیچ رەچەڵەکێکی تریش خۆیان نابەنەوە سەر کردەوە و پڕ لەگێچەڵەکانی ئەسکەندەری گەورە، ئەگەرچی ئاکامەکانی بەپێز بوون، هەروەها رێنان درێژە بەم راوبۆچوونەی خۆی دەدات و پێی وایە سازکردنی مێژوو بۆ نەتەوەکان، خۆ خەریك کردن بەلێکۆڵینەوەی نەتەوەکان کە دەمانبەنەوە سەر زەبرو زەنگێك کەلەمێژووی سیاسەتدا قەوماوە، بۆ نمونە یەکگرتنی سەرووی فەرانسەکان لەگەڵ میدی ئاکامی کوشت و بڕ بووە کەماوەی سەدەیەکی داگیر کرد، ئەوەی کەهیچ هاوڵاتیەکی ( بورگاندی یان تایفالك یان فیسگۆتی) دەبووە هۆی کوشت و بڕی پاراتۆلۆمیۆ، ئەو کۆکوژییەی کەلەسەدەی سێزدەهەم قەوما و لەبیریان بەرێتەوە، هەڵبەت بەپێی قسەی رێنان لەفەرانسە ١٠ بنەماڵە دەست ناکەوێت رەچەکەڵیان بچێتەوە سەر فەرانسەی

کۆنی بەر لەدەوڵەت و قەوارەبوون، لەسەر ئاستی وڵاتانی وەکی هۆڵەندا و بەلژیکا و سویسراش کە نەتەوەی جیاجیایان تێدایە، لەئاکامی ویستی راستەوخۆی شارەکان بوون کەبەسەرکەوتنی دەرەبەگیدا دەرکەوت، کەچی هەر خودی تیۆریستینەکانی فەرانسە باس لەداهێنانی نەتەوەخوازی ناسیۆنالیزم دەکەن کە فەرانسیەکان شانازی پێوە دەکەن، کەوابوو لەقسەکانی رێنان وادەردەکەوێ کەنەتەوەی نوێ و باو لەلایەن بنەماڵە و سەرەتاکانی رژێمی دەرەبەگیدا سەرچاوەیان گرتووە، نەتەوەی مێژوویی رەسەن کەهەندێ جار مێژوویی نوسراو چیرۆکەکانمان بۆ دەگێڕنەوە، ئەگەرچی تاساڵی ١٨١٠ لەکۆی ١٥٩ تەنها ١٥ دەوڵەتی نەتەوەیی بوونیان هەبووە، بەڵام دواتر لەنەتەوە یەکگرتووەکان ئەم رێژەیە بەرز بۆتەوە کەلەئەنجامی داواکاری نەتەوەکانەوە هاتە ئاراوە و ئەندامگیرییان کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی لەرووی کولتووریەوە دەوڵەت هیچکات خاوەنی یەك کولتووری تایبەت نەبووە و نییە، بەڵکو فرەییە، تەنها شتێك رەوایەتی پێدەدات ئەویش بەزۆر کۆچ پێکردنی کۆمەڵە خەڵکێك یان کۆمەڵگەیەکی خاوەن یەك زمان و یەك کولتوور بن وەکو کەمینەیەك چاویان لێبکرێت، بۆیە هەموو دەوڵەتێك تێکەڵەیەك لەکولتوور و زمانی جیاجیا و ئاینی جیاجیان کە بەدەوڵەتی فرە کولتووری دەناسرێ. کەوابوو دەوڵەتی نەتەوەیی بەپێی ئەو تێزەبێت ئێستا لە رۆژئاوا باوە، نەك رەوایەتیەکی یاسایی نییە وە دیموکراسی نابێت وە جێگیریش نابێت، چونکی کەمینە و زۆرینەی نەتەوەکان دێتە ئاراوە، ئەم ئیشکالیاتە سیاسیە، نمونەی وەك نازیزم و فاشیزمی رۆژئاوا دووبارە دەکاتەوە کە خەریکە راسیزمیش بەرهەمدەهێنێ بەبۆنەی چوونی خەڵکێکی زۆری رۆژهەڵاتیەکان بۆ رۆژئاوا بەناوی راکردن لەجەنگ و لێقەوماوان و پەنابەری سیاسیەوە، ئەمە بەرهەمێکە کە مەسەلەی دەوڵەتی نەتەوەیی و دەوڵەتی دیکتاتۆری سیاسی بەرهەمهاتوو دروستی کردوون، هەروەها

بەشێکە لەخراپەکاری دەوڵەتی نەتەوەیی، بەشەکەی دیکەی ئەوەیە کە دەوڵەتی نەتەوەیی ناتوانێ ئابورییەکی تایبەتی هەبێت، مەگەر ستایلی سیاسی نوێ ئەمەی بەهەند وەرگرتبێت و بەیەکێك لە کۆڵەگەکانی دەوڵەت بیناسێنێ، لەکاتێکدا کەزیاتر لەنەتەوەیەك لەسەر ئەو خاکە دەژین و خاوەنی مێژووی ئەو سەروەت و سامانەن.

هەروەها ناسیۆنالیزمی مەدەنی و نەژادیش هەن، هەرچی ناسیونالیزمی نەژادیە دەبێت دەستەجەمعی بێت، چونکە لەسەر بنەمای خوێن و یاخود نەژاد یاخود گروپی ئیتنیکی سەرچاوە دەگرێت، لەکاتێکدا ناسیۆنالیزمی مەدەنی ناسیونالیزمی فەردییە، بەڵام دەکرێت ببێتە دەستەجەمعی، بەریتانیا و ئامریکا نمونەی دوو ناسیۆنالیزمی مەدەنی تاکگەران، هەروەها نمونەی دەوڵەتی شەرانگێزن کە داینەمۆی جەنگن لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان لە هەموو جهاندا، هەروەها فەرانسەش نمونەی ناسیۆنالیزمێکی مەدەنی دەستەجەمعیە، ئاڵمانیا و روسیاش دوو نمونەی ناسیۆنالیزمی نەژادی دەستەجەمعین، لەماوەی ١٨٥٠ بۆ ١٨٧١ لە ئەروپا دەوڵەتی نەتەوە بەشێوەیەکی روون بەکامڵی خۆی گەیشت، ئەوەبوو ناسیۆنالیزمی لەشارستانیەتی کۆمەڵگەی رۆژئاواییدا بوو بەبنەمایەکی جەوهەری، ئەگەرچی پێشتر و لەماوەی شۆڕشەکانی بەرتانیا و فەرانسە ناسیۆنالیزم لەم دوو دەوڵەتەدا هەر هەبوون، بەڵام لەم ماوەیەدا ١٨٧٠ بۆ ١٨٧١ تەواوی ئەروپای گرتەوە، بۆ نمونە فەرانسە لەماوەی رژێمی ناپلیۆنی سێهەم لەئیتاڵیاش هەر لەو کاتەدا کەوڵات یەکیگرتەوە، هەروەها لەئاڵمانیاش لەوکاتە کەوڵات یەکی گرتەوە و لەولایەتە یەکگرتوەکانیش لەدوای جەنگی نێوخۆیی ئەو جەنگەی کەلەپێناوی یەکپارچەیی وڵاتدا روویدا و یەکیان گرتەوە، هەمان ئەو ئیشکالیاتانەیان بۆ دروست بووە کە بۆ ماوەیەك سیاسەت و ژیانی سیاسی پاشکەوت و پێشکەوتنی

کۆمەڵایەتیشی راگرت، چونکە کاریگەری سیاسەتی بەسەرەوە بوو.
هەموو ئەو نمونانە ئەوەمان پێدەڵێن کە ناسیۆنالیزم لەمێژوودا ئەو نمونەیە نەبووە کەئێستا خۆی دەنوێنێت، سەرباری هەموو ئەو پێناسانەی کە بۆ نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی ژێر دەست دەکرێت و رەوایەتی دراوە بە ناسیۆنالیزم و سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەك لەژێر ئەو عینوانە، ئێستا هەم چەمکەکە کەوتە بەر رەخنەی فکری و هەم بەکارهێنانی لە ئاستی بزوتنەوەی جەماوەری و سیاسی و چەکداریدا مەترسی تێدایە و دونیا سڵ لەو جوڵانەوەیە دەکات کە نەتەوە بێدەوڵەتەکان خەریکن کاری پێدەکەن، بۆیە بە هەموو لایەك خەریکن تێگەیشتنی نوێی مۆدێرنی بۆ دروستدەکەن تاکو کێشەی دیکەی لەپەنادا سەرهەڵنەدات.

## پێناسەی نەتەوە بەپێی دەوڵەت

« دەوڵەت و دەسەڵات نەتەوە دروست دەکەن، نەك ئەوەی نەتەوە دەوڵەت دروست دەکات»

هیگڵ

ئەگەرچی بەپێی پێناسەیەك هەردوو بیرمەند (تۆماس هۆبس و جۆن لۆك) ئاماژەیان پێداوە، بەڵام بەچوونی لۆك دروست بەپێوانەی هۆبز بوو سەبارەت بەدەوڵەتی رەها، هەروەها بیریارانی سیاسی جیاوازی گەورە لەنێوان دەوڵەت و نەتەوە دەبینین، دەوڵەت ئاماژە بەو دامەزراوانە دەکات کەدەوڵەتێك بەڕێوەدەبەن، بەپێچەوانەی ئەوەی نەتەوە بەخەسڵەتێکی سایکۆلۆژی دەبینن، ئەو شتەیە کەتاکە کەسەکانی لێوە دەناسرێت، بەمانایەکی دیکە دەوڵەتێکی نەتەوەیی کە داهێنانی رۆژئاواییە و لەسەدەکانی ١٦ و ١٧ سەریهەڵدا، یەکەمین هەنگاو بۆ ئەم پرسە، بریتی بوو لەوەی کە دەسەڵات بدرێت و بەپاشا و لەچنگی فیودالیزم وەربگیرێتەوە، کە هەمان دەسەڵاتی کۆنە بەڵام بەستایلێکی نوێ و بە کەرەستەی نوێ کە شار و کار و پەیوەندی کۆمەلایەتی نوێیە، « پەرەسەندنی عەقڵی دەوڵەت یەکێکە لە رواڵەتە دواتریەکانی تیۆری دەسەڵاتی رەها، ئەو تێڕوانینەش کە زیاتر ئاڵۆزە بۆ تیۆری دەسەڵاتی رەها لە دەوڵەتدا، دەکرێت بەروونی لای ریتسللو بۆ سۆیە ببینین نەك لەلای بودان، ریتشیللو بەروونی دەوڵەتی گشتی بە میر ناساندووە، ئەمەش پەیوەندی بە ئارەزووە کەسییەکانی میر و چاکە و سوودی گشتیەوە هەبوو بۆ دەوڵەت». (٣٠). هەڵبەت بۆیە بیرمەندانی وەکو ریتشللو و بودان باسی میریان کردووە

وەکو خاوەن دەسەڵاتی رەها، چونکە میر باس لەوە دەکات باشترین تیۆر بۆ سیستمی سیاسی، بەخودا بوونی دەسەڵاتدار و پادشای دەوڵەت و دوورخستنەوەی خەڵکە لە سیاسەت و بەکارنەهێنانی ئەخلاقیاتە لە سیاسەت و دەوڵەتداریی.
بەم پێیەش سیستمی بۆنیاتنراو لەسەر هاوسەنگی نێوان هێزەکان دروست بوو، بزووتنەوەی نەتەوەیی مافی چارەنووسی گەلانی لەدوای پەیامی شۆڕشی فەرانسە گەشەی کرد، چونکە لەوکاتەدا ناپلیۆن یەکێك لەپێشێل کاریەکانی مافە نەتەوەییەکان بوو، چوونی ناپلیۆن بۆ ئیتاڵیا لەساڵی ١٨٠٦ بزووتنەوەی ناسیونالیزمی نەتەوەیی بۆ ئیتاڵیەکان بەهێز کرد، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی دوو دەوڵەتی پاشایەتی ئیتاڵیا و ئیمبراتۆریەتی ئاڵمان، دواتر هەر ئەمانە شوێنەواری خراپیان بەجێهێشت، لەوانەش تێکدانی هاوسەنگی هێزەکان و زەمینە خۆشکردن بۆ جەنگی جهانی یەکەم، بەڵام پاش ئەم جەنگە دەیان دەوڵەتی تر زەمینەی ئەوەی بۆ خۆشبوو کە چارەنووسی خۆی دیاری بکات ببێت بەدەوڵەت یان بمێنێتەوە لەپاڵ دەوڵەتێکی زلهێز، لەپەنا ئەم هەلەش کاریگەرییەکی نوێی خولقاند کە جەنگ هەستی نەتەوەیی فکری ناسیۆنالیزمی بەهێزتر بکات و هەروەك کردی، چونکە بیرکردنەوە لەبەرگریکردن لەوڵات و نەتەوە لەئەنجامی ئیمبراتۆریەتیەکان و دەوڵەتە زلهێزەکانەوە سەرچاوەی دەگرت.
ئەگەر بەپێچەوانەوە دەوڵەتە داگیرکەرەکان پێشتر کاریان بەمەسەلەی مافی گەلان و مافی مرۆڤ بکردایە، بەو شێوەیە ناسیۆنالیزم گەشەی نەدەکرد، هەر ئەمەش بوو یاسای نێودەوڵەتی سەریهەڵدا یان لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بۆچوونەکانی مارکس کاریگەری نەرێنی لەسەر دروست بوونی دەوڵەتی ئازاد کرد، هەر ئەوەی کەمارکس گووتەوویەتی « بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا دواکەوتووە، بۆیە لەپانتایی جوڵەی سیاسەتی ئاڵمان بوو کە رەخنەی ئابوری سیاسی (ئەنگلۆ ساکسۆن) گرت، چونکە

مارکس لەروانگەی ژێرخان و سەرخانی دەوڵەتەوە تەماشای ئەورووپای دەکرد بۆ کێشەی نەتەوە کە وەکو چینی ژێردەست و چینی پرۆلیتار تەماشای دەکردن، وە لەکاتێکدا ئەورووپا بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەرمایەداری پیشەسازی مانچستەر ساڵی ١٨٤٠ دەستی بەپێکهێنانی دەوڵەتی ئازاد کرد، ئەم بۆچونە بەشێکی تر بوو لەرێگریەکانی بەردەم بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم و پێکهێنانی دەوڵەتی ئازاد کە لەدوای دروستبوونی سۆڤیەتەوە گەشەی زیاتر کرد». (٣١).

دوای نزیك بە سەدەیەك ئەروپا بەپێی کۆمەڵێك پەیماننامە نێودەوڵەتی خۆیان پابەندی ئەوەکرد کەلەرێگەی رێزگرتن لەمافی مرۆڤ و نەمانی کۆیلایەتی و مافی نەتەوەکانی تر کەخاوەنی دەوڵەت نین، ئەم بارەیەی بەلایەکی تردا برد، بۆ نمونە رێزگرتن لەپرنسیپی مرۆیی لەجەنگە وشکاییەکان لە راگەیەنراوی پترسبۆرگی ساڵی ١٨٦٨ وە کۆنفرانسی برۆکسل ساڵی ١٨٧٤ و کۆنفرانسی لاهای و یاسایی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی ساڵی ١٨٩٠ دەستپێشخەری ئینگلتەرا کەداوا لەهەموو وڵاتان کرابوو ئەم پرنسیپە جێبەجێبکەن». (٣٢).

بۆیە ئەو فەزایەی کە کێشەی نەتەوەی بۆ سیاسەت و کێشمەکێشەکان زیاتر کردبوو، لەئاڵمانەوە دەستی پێکرد و دواتر لەمەجەڕستان و پاشان بەرەو لەناوچوون هات، هەر ئەمەش بوو کە مەسەلەی نەتەوەیی بوو بە پاشکۆی سیاسەت، چونکە هەموو گەلان تێگەیشتن لەو سەروبەندەدا کێشەی ئەزەلی نەتەوەکانیش و هەموو خەڵك، کێشەی چینایەتی و کێشەی چەوساندنەوەی ئابورییە، بۆیە کێشەی نەتەوە قالبێکی دیکەی سیاسی وەرگرت کە بەشێك بوو لە ململانێی چینایەتی، ئێستا لەوەش ترازاوە بووە بە کارتێك لەنێو ململانێی نێودەوڵەتی و هاوکێشەی سیاسی.

پەیوەندی چەمکی ناسیۆنالیزم بە مێژووەوە، بەشێکی ئەو سیڤیە

نوسراوەیە کەنەتەوەکان لەپێناو سەربەخۆیی و رزگاربوون لەدەستی ستەم بووە بەناسنامەی شۆڕشگێڕیان و لافیتەیان بۆ هەڵداوە و قوربانیان بۆ داوە، تیۆریزەکردن و کەڵك وەرگرتن لەو چەمکە لەلایەن رۆژئاواییەکانەوە و بەتایبەت لەلای هەریەك لەفیختە و هێردەر وەکو دوو رێنیشاندەر و تیرۆیستینی ئەڵمان توندوتیژی نەتەوەییان بەرهەمهێنا، (فیختە) لەکتێبی (خطاب الي الامة المانية) باس لەوە دەکات کەدەبێ ئەڵمانەکان خۆیان لەسەررووی هەموو نەتەوەکانەوە تەماشا بکەن و شانازی بەئەڵمانی بوونی خۆیانەوە بکەن، ئیدی ئەوە سەرەتای بیرۆکەی توندڕەوی و راسیزمی نەتەوەیی بوو کە فیختە (١٧٦٢_١٨١٤) زۆر نەژاد پەرستانە ئەم چەمکی ناسیۆنالیزمیەی بەکارهێنا و پێی وابوو کەدونیا بەرەو نەمان دەچێت و جگە لەئەڵمان، هیچ کۆمەڵگەیەکی تر مافی بەدەستهێنانی نییە، ئەوەبوو پراکتیکیش کرا لەسەر دەستی هیتلەر و کارەساتی مرۆیی لێبەرهەمهات. جگە لەمەش فیختە بڕوای وابوو « نەتەوە وەك کۆمەڵگەیەکی خاوەن ئیرادە، هێزێکی بەزەبری هەیە و دەتوانێت وڵات و ئابوورییەکی بەهێزیش دروستبکات» دوای ئەو هێردەر بڕوای وابوو بناغەی نەتەوەیی کۆمەڵگەی سیاسی لەگوتارە جەماوەرییەکاندا دەبینرێ«. هەرچی (ئێرنست رێنان) یشە کە بیرمەندێکی داهێنەری دووەمی چەمکی ناسیۆنالیزم و نەتەوەیە، پێیوایە کە دروستکردنی شوناسە نەتەوەیەکان بۆمەبەستی سیاسی. هەم بۆ رابەران و هەم بۆ پەیڕەوانی بەشێکی بەدیهی، واتە سەرەتاییە کەئەمڕۆ لەپانتایی تیۆرە سیاسیەکاندا فەرامۆشکراوە». (٣٣).

ئەو تیۆرە سیاسیانەی کە لەلایەن (هێردەر و فیختەوە) لەسەروەختی خۆیدا هاتنە کایەوە سەبارەت بەچەمکی نەتەوەیی و دەوڵەت، بەشێوەیەك لەشێوەکان دەمارگیرییەکی نەتەوەیی و کاریگەری نیگەتیڤەکانی تری لێکەوتەوە، بەپێی ئەزمون رەهەندی دیکەی وەرگرت، ئەوەبوو دواتر هیتلەر و

نازیزمی لێبەرهەمهات، (ئێرنست ریێنان) بەو ئاڕاستەیە کاری کردووە کە ناسیۆنالیزم وەك چەمکێکی تەسك لەبەرچاو بگیرێت، چونکە بەپێچەوانەوە لەهەندێك شوێن ئەم چەمکە هەڵدەوەشێتەوە و نەتەوە دەکەوێتە بەردەم چارەنووسێکی مەترسیدار لەسایەی سیستمە زۆردارەکان هەروەك ئەوەی کە لەجەنگی جهانی دووهەم روویدا و تائێستاشی لەگەڵ بێت سیاسەتەکە بەردەوامە، بەڵام ستایلەکەی گۆڕاوە.
ئەگەرچی ئەم چەمکە موناقەشەی زۆر لەسەر کراوە، حیزب و ئیدیۆلۆژیاش پێگەیەکی تری ناڕاستەوخۆ بوونە بۆ کۆمەك پێکردنی، یاخود بەپێی ئارکۆلۆژیایەکی ئینترۆپۆلۆژیانە کە بیرمەندانی نوێی رۆژئاوا کردوویانە، دەرکەوتووە کە ناسیۆنالیزم یاخود نەتەوەخوازی، شتێك نییە بنەمای هەبێ و نەتەوەکان لەئەزەلەوە بەو ناونیشان و کۆمەڵە خەڵك و نەریت و زمان و هەموو موقەویماتەکانەوە سەریانهەڵدابێت و هەروەك لەپێشدا باسمان کرد، بەڵکو ئەوە سیاسەت و ململانێ ی نێوان گروپەکان و رەگەز و کۆمەڵە جیاجیاکان بووە، ئیدی بەو ململانێیە قەناعەتی بەبنەماڵە و خێڵەکان کردووە کە لەیەك قەوارەدا ژیاون و کردوونی بەنەتەوەیەك، ئەمەش هەم شەرعیەتی داوە بەقەوارەی دەوڵەت و جوگرافیا، هەم شەرعیەتی بەململانێ سیاسیەکان داوە کە هەرچی زیاترە هێز و ماتریاڵی بەشەری بۆ پەیدا بکەن، بەڵام ئەوەی کە توندوو تیژیەکەی کەمێك رەواندەوە بیری یەکسانیخوازی و سروشتگەرایی و پێکەوەژیان و ئەزمونی نەفرەت کردن لەجەنگ و هتد، (ئەنتۆنی دی سمیس) لەکتێبەکەیدا بەناوی (رەگەزەکانی نەتەوە) باس لەوە دەکات کە نەتەوە دیاردەیەکی خۆڕسك نییە « نەتەوە مۆدێرنەکان بەهۆی وەرگرتنی سیمبۆلیزم و ئەفسانەی کۆمەڵگە رەگەزییە مۆدێرنەکانی پێش خۆیانە، کە ئەو پێی دەڵێ (رەگەزەکان). کەواتە نەتەوە لەمێژووەوە دروست نەبووە، یاخود رەگی دانەکوتاوە

لەنێو زمان و کولتوور و کۆمەڵەکانی بەگشتی، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بنەماڵە و خێڵەکان لەترسی لەناوچوونی خۆیان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان قەوارەی خۆیان فراوانتر دەکردەوە و پاسەوانیان لەکولتووری خۆیان دەکرد، رەنگە بۆ ماوەیەکی درێژ هەوڵی بەدەستهێنانی دەوڵەتیان دابێت، یاخود داوای سەربەخۆییان کردبێت، بۆیە نەتەوە مۆدێرنەکان دێنە ئاراوە». (٣٤).

بەگوێرەی ویستی مرۆڤ و سروشتی گەردوونی بێت، دەبێت سنووری فەرهەنگ و ئایین و کولتوور و ناوچە ببەزێنێت و فراوانتر بێتەوە، بەپێچەوانەوە هەستی بەدەستهێنانی ناسنامەی ناسیۆنالیستی لەلای هەر کۆمەڵگەیەك و هەر تاکێك، ناتوانێ هەستی مرۆڤێکی نۆرماڵ و ناتوندوتیژ و بەرژەوەندخوازی گشتی بەرهەمبهێنێ، ئەمەش مانای ئەوەنییە کە ئەم بۆچوونە ئەنتی ناسیۆنالیستی بێت، بەقەد ئەوەی هەقیقەت و ئامانجێکی سیاسی ئاشکرا دەکات کە بەپێی ناسنامە، مرۆڤەکان دابەش دەکات لەنێو یەك کۆمەڵگەدا، مەگەر ئەو حاڵەتە شەرعییەت بداتە ناسیۆنالیزم کە خۆی لە کۆلۆنیالیزم بپارێزێ، یان بەرهەمی چەمکەکە لەنێو مەحفەلی مرۆیی و تەنانەت سیاسیش پەروەردەیەك نەگوازێتەوە کە ببێتە هۆی لەدایکبوونی راسیزم، هەروەك چۆن رەش پێستەکان لەرێگەی جەختکردن لەناسنامەی کولتووری ئەفەریقیەوە، ئایدیای گارڤێ پەسەند دەکەن و داوای دەسەڵاتی رەش دەکەن لەهەر شوێنێك ئەوان زۆرینەبن، یان هەست بەبوونی رابوردوویەکی زەمەنی مێژوویی بکەن و ئێستا لەکەمی دەدەن و خەریکە بەرەو نەمان دەچن، ئەم مەترسیە لەلایەن کۆمەڵگەی دیکەش هەن کە هێشتا خەون بە سەلماندنی بوون و شوناسی خۆیانەوە دەبینن و ئەوانەش کە هێشتا نەهاتوونەتە نێو شارنشینەکانەوە، نموونەش پاشماوەی ئەو کۆمەڵگانەن کە لە مۆزەمبیق هەن و تائێستا

تەنها کەناڵێکی وەکو ناشناڵ جوگرافیك توانیویەتی ئاشکرایان بکات و قسەیان لەگەڵ بکات بەبێ ترس و بێ ئاگان لەو دۆخە جۆراوجۆرەی ئێستا کۆمەڵگەی بەشەری تێیکەوتووە و بۆتە بەشێك لەسەرچاوەی کێشە بۆخۆی.(٣٥).

## نەتەوە بێ خاك و بێ دەوڵەتەکان.
## بێ ئایینی ... یەکێك لەرێگرییەکانی بەردەم ناسیونالیزم

لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەو بیروڕایەی بەختیار عەلی کۆکم کە لەبارەی ناسیۆنالیزم و هەوڵدانی بو دەوڵەت هەیە، کورد لەسەر بنچینەی ناسیۆنالیزم خەباتی نەتەوەیی نەکردووە، بۆ سەلماندنی ئەمەش ئێستا دەبێت ناسیۆنالیزمی کوردی هەوڵبدات لەسەر فکرەی بونیاتنانی دەوڵەت دروست ببێت و هەوڵبدات کۆتایی کۆکردنەوەی خەڵك و تێپەڕاندنی شوناسە بچووکەکانی هەبێت. ئەم بۆچوونە لەتێڕوانینێکی واقیعیانەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە کورد هەمیشە لەبەردەم یەك هەڵبژاردە بووە بۆ پاڵپشتی خۆی لەبارەی فکرییەوە، ئەویش یەکەم خۆی خاوەنی چەمکە نەبووە و تەواو تێنگەیشتووە لەناسیۆنالیزم، دووەم نەیتوانیوە دەستبەرداری ئاینێك بێت کە موڵکی خۆی نییە و زمانی خۆی نییە تاکو بەسەریدا زاڵ بێت و چاوەڕوانی ئەوە نەکات لاواز بێت، تاکو فکرەکە سەربگرێت، بۆ نموونە دەوڵەتی نەتەوەیی لە هەلومەرجێکدا شەرعیەتی یاسایی و مرۆڤدۆستانەی سیاسی دەبێت، وەختێك رووبەڕووی عەقڵی ئاینی ببێتەوە و بەوهۆیەوە دەتوانێ حیزب بوونیاتبنێ وەکو دەرهاویشتەی سیستمی نوێ و کەڵکی لێوەربگرێت بۆ نەتەوەخوازییەکەی کە داواکاری خەڵکەکەیەتی، یان وەختێك دەتوانێ فکرێکی دیکە، وەکو جەوهەرێك بۆ یەکگرتن و نوێبوونەوەی نەتەوە بکات

بەلایەنگری داخوازی نەتەوەیی، نەك لایەنگری ئاین بێت.
« ئەگەر بوونی دەوڵەت بابەتێکی گشتگیر نییە، بەهەمان شێوەش ناسیونالیزم بابەتێکی گشتگیر نییە، بەو شێوەیەش نییە کە لەسەر بنەمای پرنسیپی ناسیونالیزم مرۆڤەکان و شوێنەکان خوازیاری یەکسانی سنووری یەکە کۆمەڵایەتییەکان و یەکە کولتوورییەکان لەگەڵ یەکتر بووبێتن، یاخود بیانەوێت تەنها لەنێو هاو کولتوورەکانی خۆیاندا بژین و دووری ئەوانی تر بگرن، بە پێچەوانەوە مرۆڤەکان هەمیشە هەوڵیانداوە لەگەڵ ئەو کۆمەڵانەدا ژیاون کە دژبەرییان لەگەڵ ئەم پرنسیپەدا هەبووە». (٣٦). لێرە ئەوەی گلینەر جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەو پرنسیپانەیە کە بۆ گشتیری ناگونجێن و بەپێچەوانەوە مرۆڤ و بەشێك لەو کۆمەڵگەیانەی هان نەدراون، نایانهەوێ و بەڵکو بەپێچەوانەوە لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکەدا گەرەکیانە بژین، نەك جیابوونەوە لەو گشتیگیرییەی کە پێکەوەیی دروست کردووە، هەڵبەت ئەمە بەو مەرجەی ئەگەر ئەوانی تر دژبەرییەکەیان نەگەیشتبێتە ئاستی داگیرکردنی کولتوور و زمان و خاکەکەیان و بییان چەوسێننەوە هەروەك ئەوەی کورد و ئەمازیغی و ئەرمەن و پەشتۆ و حوسی و پێشتر لە ئەروپا وە ئێستاش هەیە کۆمەڵگە داگیر کراون و پێویستیان بەو گشتگیرییە نییە کە ئازاری شعوریان دەدات.

کورد لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قسەی بەشێکی کورت لە مێژووی نەنوسراو بێت، لەمێژە هەبووە و پێشتریش دەسەڵاتدار و قەڵەمڕەوی هەبووە وەکو دەڵێن ماددی، یان میدیەکان حاکمی رەهای ناوچەکە بوون، بۆیە هەمیشە ئەوەی لە خەیاڵدانی خۆی زیندوکردۆتەوە و کردوویەتی بەیەکێك لە گرێ دەروونیەکان و بەدوای وەرگرتنەوەی ئەو قەڵەمڕەوییە دەوڵەتیەوەیە، بۆیە ئەم نەتەوەیە لەمێژە و لەدوای نەمانی دەسەڵاتەکەی بیری سەربەخۆیی کەوتۆتە سەری، بەڵام هەڵەکەی ئەوەبووە کە

لەرێگەی حیزبەوە نەبووبێت خەباتی نەكردووە وەكو خەباتی جەماوەری، بۆیە لەلای حیزبەكانیش فەزایەكی خوڵقاندووە كە نەتوانراوە تێپەڕێت و دوور بخرێتەوە لەسیاسەت بۆ گەیشتن بەئامانجی نەتەوە وەكو هێزێكی ناسیۆنالیستی، بەتایبەتی كورد وەختێك شۆڕشی كردووە، تەنها شۆڕشی چەكداری لەبەرچاوگرتووە، نەك شۆڕشی هۆشیاركردنەوەی نەتەوە لەرێگریەكانی بەردەم رزگاربوون و هۆشیاربوونی، بۆیە هەمیشە ئاینی دەرەوەی ئاینە رەسەنەكەی خۆی وەكو پاڵپشت بۆ شۆڕشەكەی بەگرینگ نەزانیوە، یەكەم بۆ ئەوەی سنووری ئایدیای خەڵك نەبەزێنێ و دوژمن كەڵكی لێوەرنەگرێت بەنێگەتیف، دووەم لەبەر ئەوەبووە كە خۆی كەڵك لەئاین وەربگرێت بۆ نەتەوەخوازی، هەرلەوەی كە بەپرنسیپە ئاینیەكان و موفرەدە ئاینییەكان كاری كردووە، شەهید و مەزڵومیەت و پاڵەوانێتی بەمانا ئاینیەكەی و پشتبەستن بەهێزێكی نادیار و چاكە و خراپەكاری و هتد، ئەو موفرەدانە بوونە كە شۆڕش یان بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی كوردی كاری پێكردوون و سۆزی بەرامبەر و ئەوانی دیكەی پێ راكیشاوە و هەمیشە خۆی وەكو گوناهێك نمایش كردووە، بۆیە نەیتوانیوە ببێت بەهێزێكی پڕ بەپێست ناسیۆنالیست و لەویشەوە بەپشت بەستن بەو فكرەیەی كە لەدونیای سەرمایەداری مۆدێرنەوە سەریهەڵداوە و بوو بەمۆدێلی سیاسەت بۆ نەتەوە ژێردەستەكان، داوای دەوڵەت بكات و نەترسێت لەوەی هەلومەرجی سیاسی لەبار نەبووە، رەنگە هەر ئەم هۆكارەش بێت كە رێكەوتنەكانی وەكو سایكس بیكۆ و بلفۆر و جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ كاریگەری نەرێنی لەسەر بیری نەتەوەیی و رزگاربوون لە بندەستی دانابێت، چونكە وەكو دیارە ئەم نەتەوەیە بەپێی دیكۆمێنتەكان ئەوەندەی خۆی پەیوەست بووە بە عێراقەوە، وەكو ئەوەی داوای دیموكراسی بۆ عێراق و خودموختاری بۆ كوردستان كردووە، ئەوەندە مەتڵەبی

نەبووە دەوڵەت رابگەیێنێ، هۆکارە بابەتییەکەش کە نەتەوەیەك بووە جوگرافییەکەی گرێ کوێرەی تێدایە و دابەشی سەر ٤ وڵات کراوە و هەر وڵاتێکیش بە ناسنامەیەکی ناسیونالیستی جیاوازەوە، وەکو فارس و تورك و دوو جۆر نەتەوەی عەرەبی، بۆیە هەرگیز هەنگاوی چارەسەری نەناوە و قورس بووە ئەو مەتڵەبە بکات و هیچ هێزێکی جهانیش هاوکاری راستەقینەی نەبووە جگە لەوەی کەڵکیان لێوەرگرتووە بۆ باڵانسی سیاسەت لەناوچەکە.

موناقەشەیەکی تر لەسەر چەمکی ناسیۆنالیزم، ئەوەیە کە نەتەوە بێ خاك و دەوڵەتەکان هەن و لەتەنیشت نەتەوەکانی تری خاوەنداری دەوڵەت دەژین، رەنگە هەندێك لەم کۆمەڵە خەڵکە کە بەبێ هەوڵدان بۆ پەیداکردنی شوناس و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەخاتری ئەوەبێت کە نەتەوەی سەردەست هیچ سانسۆڕ و توندوتیژییەکی نیشان نەدابێت بەرامبەر نەتەوە بێ خاك و بێ دەوڵەتەکان نموونەش ئاڵمان و هۆڵەندا و سوید و نەرویژ و دانمارك و فەرانسە و بەشێکی زۆر لە رۆژئاوا، تەنانەت لەهەندێك شوێنی ئامریکاش هەر وایە، بەڵام بەشێکی تریان کە لەهەوڵی دروستکردنی قەوارەی سەربەخۆن وەکو دەوڵەت، بەرمەبنای ئەوە بووە کە نەتەوەی سەردەست هەموو جۆرە سەرکوتکردنێکی سیاسی و کولتووری و بەزۆر سەپاندبێت بەسەریاندا و رێگەی بەهیچ جۆرە مومارەسەیەکی ئازادی زمان و سیاسەت نەدابێت، هەربۆیە لەمدواییەدا ئەو نەتەوانە کەوتوونەتە خۆیان و بوون بە بەشێك لە هاوکێشەی سیاسی، هەندێکی تر لەو نەتەوانە نموونەیان (چیك و سلۆڤاکیا و لیتوانیا و چیچان و سربیا و هێرزگۆڤینیا و مەڵدۆڤیا و ئازەربایجان و جۆرجیا و ئۆزبەکستان و هتد) بەشێکی بەرهەمی هەرەسهێنانی بلۆکی بەناو سۆسیالیستی سۆڤیەت بوو کە ئیتر قەوارەکە لەبەریەك هەڵوەشایەوە و

سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت، هەندێکیشیان بوون بەقوربانی سیاسەت، ئەمەیان نموونەیەکی دیکەی ئەو کۆمەڵانە بوون، بەڵام کۆتاییەکەی هەر گەڕانەوە دەبێت بۆ ناوەندێتی دەوڵەت کە سیاسەت سنوورەکانی بۆ دیاری دەکات، مەگەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە چاوەڕێی نەخشەیەکی نوێی سیاسی و جوگرافییە و بگۆڕێت و ببێت بە زرۆرترین دەوڵەتۆچکە، تاکو درێژە بەو سیاسەتە ئابوورییە بدرێت کە لەسەر پشتی خەڵکی رۆژهەڵاتی بەرهەمدێت، ئەمەش لەوێوە ئاشکراترە کە کێبەرکێی زلهێزەکان لەسەر خواردنی بەرووبوومی نەوت و فۆسفات و فسفۆڕ و گاز و هتد، بە گەرمکردنی بازاڕی چەکفرۆشی بە ناو ئۆپۆزسیۆنە دژە دەسەڵاتەکان کە بەناوی ئیسلامەوە ناوچەکەیان کردووە بە دۆزەخ و لەناونیشانی ناسیۆنالیزم و مافی کەمینە دەرچۆتە دەرەوە، درێژەدان بەو جەنگە نادیارەی کە نە دۆست و نە دوژمن دیارە لەهیچ هێزێك و لەهیچ نەتەوەیك و مەزهەبێکی دیاریکراو، باشترین سەلمێنەریش ئەو فەزا دروستکراوەیە کە بەناوی ئازادی و گۆڕینی سیستمی سیاسی و رزگارکردنی پێکهاتەکان لە ئارادایە.

وەکو گوتمان لەگەڵ هەڵوەشانەوەی لەگەڵ هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت و سەرکەوتنی سەرمایەداری و هاتنی سیستمی جهانگەرایی و پۆست سەرمایەداری مەبەست لەم سیستمە باوە جێگیربووەی ئێستایە لەسەرانسەری جهاندا، کاری لەسەر ئەم چەمکی ناسیۆنالیزمە کرد، بەڵام بەپێچەوانەوەی پێشوتر بەرەو ئاقارێکی دیکەی برد و هەرچی زیاتر کاڵ بۆتەوە، بەو بیانووەی کە بیری ناسیۆنالیستی و تاك نەتەوەی زاڵ لەدەسەڵات، هیچ کۆمەمەکێك بەدەوڵەتی نەتەوەیی سیستمی دیموکراسی ناکات، بەپێچەوانەوە کۆمەڵگەی فرە نەتەوە و فرە کولتوور بۆتە باو، ئەمە باشترین سەلمێنەرە کە سیاسەت و خودی سیاسەتکارانی هێزە نێودەوڵەتیەکان لەهەر وەختێکدا جۆرێك مامەڵەی جودا

لەگەڵ چەمکەکاندا دەکەن، یان هیچ نەبێت بیانووی یاسایی نێودەوڵەتی بۆ پەیدا دەکەن، هەروەك چۆن مامەڵەکردن لەتەك چەمکی دیموکراسیدا لە زەمەنی جیاوازدا شکڵ و شێوازی تری هەبووە، دروست لەپێش خۆیدا جیاوازبووە، بۆ نموونە دیموکراسیەتی سەردەمی یۆنان زۆر جیاوازترە لەدیموکراسیەتێك کە مۆدێرنە لەسەدەی ١٨ و ١٩ دێتە ئاراوە، یان دیموکراسیەتێك لەدوای شکستی سۆڤیەت و بوونی بەدونیا بەتاك جەمسەری دێتە ئاراوە هەبووە، لەمەش واوەتر بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی مۆدێرن کە لەهەزارەی دووهەمدا سەریهەڵدا، بوونی کۆمەڵگەی یۆتۆپیایی بەبوونێکی نیگەتیڤ تەماشا کردووە، چونکە لەسەدەی ١٩ دا هەموو ئامانجی ئەم بزووتنەوانە بەدەستهێنانی رزگاربوون لەستەم و دەوڵەت بوو، نموونەی بەرەی رزگاریخوازی ڤێتنام و نیکاراگوا و ڤێتنام و فەڵەستین و جەزائیر و مەجەرستان و پۆڵۆنیا و بەشێك لە دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتی و هتد، ئەم بزووتنەوە ناسیۆنالیستانە ئامانجی نەتەوەییان بۆ نەریتێکی سیاسی جیاواز گۆڕی، ئیدی ئازادی نەتەوەیی بەکەڵك وەرگرتن بەبیری ئینتەرناسیۆنالیزم بوو بەلقێك لەفکری مارکسیەت، هەروەها داواکانی نەتەوە لەلابردنی ستەم و چەوسانەوە چووە دەرەوەی سیاسەت، ئەم پرۆسە سیاسیە مۆدێرنە هەم گوتاری سیاسی گۆڕی لەلایەك، هەم لەلایەکی تر ئاستی هۆشیاری نەتەوەکانی گۆڕی چ لەباری کولتووریەوە و چ لەنێوان هاوکێشە سیاسیەکانەوە بێت، کورد لەمەشدا نەیتوانیوە کەڵك لەبیری مارکسی وەربگرێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەکەی، بەقەد ئەوەی یان تواوەتەوە لەنێو سیاسەتەکەی نەك فکرەکە، یان ئەوەتا دژایەتی کردووە بەبێ هۆکاری لۆژیکی، چونکە بەبیرکردنەوەی دەرەبەگایەتی و دواکەوتوویی و لەژێر کاریگەری ئاینی زاڵ بووە.

## ناسیۆنالیزم و مۆدێرنە

مێژووی ئەم چەمکە لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە وەکو فکری بەرهەمهاتووە و لەوێوە گەشە دەکات کە مۆدێرنیتە لەهەموو کایەکاندا رەنگێدەدایەوە، بەتایبەتیش کایەی مەعریفی و رۆشنبیری لەلای بیرمەندانی رۆژئاوا، هەروەها خەیاڵی ئەو شاعیرانەی کە لەبیری دابڕانێکی مەعریفی بوون بۆ بیری کلاسیکیەت لەنێو شیعردا، ئەو قسەیە باوە کە هابرماس دژی پرۆژەی مۆدێرنەیە و بەمنداڵدانی عەقلانیەت و توندوتیژی سیاسی و سەربازی ناوی دەبات، هەروەها پۆستەکەشی واتە پۆست مۆدێرنە بە پرۆژەیەکی ناتەواو دەزانێ کە گوایە تەواوکەری مۆدێرنەیە، بەڵام روویەکی دیکەشی هەیە بۆچوونەکەی و دەڵێ «ئەگەرچی مۆدێرنە پرۆژەیەکی نوێ نییە بەمەبەستی فکرو مەزهەبی فەلسەفی و ئەدەب کەڵکی لێوەرگیراوە، بەڵام لەراستیدا ئەم چەمکە چەردەیەکی زەمەنی دووبارەیە و بەمەبەستی بەرهەمهێنانی سیستمێکی نوێ لەدوتوێی مەعریفەدا و بەهای مەعریفی هەڵگرتووە کە مەرجە عەقلانیەکانە، بەپێی جۆرج بالاندیەش بێت ئەم چەمکە بۆ وەسفکردنی خەسڵەتە هاوبەشەکانی وڵاتانی ئابوری و پیشەسازی پێشکەوتوو لەسەر ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دونیاش بەکارهاتووە، ئەمەش وای کردووە کە دەوڵەتی نا سێنترالیزم لەدژی دەوڵەتی سەنترالیزمی بێتە کایەوە» (٣٧).

لەلایەکی ترەوە ئەم چەمکە رەهەندێکی سایکۆلۆژی هەیە بەرامبەر کۆمەڵگەی کلاسیکی کۆن و نەگۆڕ کە رۆژهەڵاتیەکانن، مەبەستە سایکۆلۆژییەکەش بەستراوەتەوە بە سێ بەشی سەرەکی (خودگەرایی و عەقلانیەت و زانستگەرایی) کە

لە فەلسەفەی هیگڵەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام ئایا ئەم چەمکە وەکو مەعریفە و سیاسەت لەقەیراندایە، هابرماس دەڵێ « بەڵێ لەقەیراندایە و پرنسیپی زاتیەت واتە خودگەرایی قەیرانی سێنترالیزەکردن لەسەر خود و وەلانانی ئەویدیکە کە هەقیقەت زادەی تەنها خودێکە، پرنسیپی زانستگەرایی لە لیکۆڵینەوە لە راستی هەر شێوازێکی مەعریفی کە ئادەمیزادەکان ببن بەیەخسیری ئیدیۆلۆژیا، قەیرانی عەقلانیەتیش ئەوەیە کە پەیوەندی بە ئادەمیزادەوە دەکات و دەیکات بە شت واتە بەشتکردنی مرۆڤ». (٣٨). ، لێرەوەیە کە رەخنە لەمۆدێرنە بەهەموو رەهەندە سیاسی و مەعریفیەکانیانیەوە، رەخنەیە لەو لکاندنەی چەمکی سیاسەت بە مۆدێرنیزم کە لەمیانەی دامودەزگاکانی دەوڵەتدا مۆدێرنە کاری پێدەکرێ کە ئەمە لەژیانی رۆژانەی کۆمەڵایەتی و جیاوازیە رەگەزی و نەتەوەییەکاندا دەبینرێت، چۆن مۆدێرنیزم کاریگەری لەسەر دروستکردنی شێوازی ژیان کردووە بەمانای چینایەتیەکەی، «مارکس بۆخۆی زیاتر لەوەی کە فەیلەسوف بێت، ئەنتی فەیلەسوف بوو، لەراستیدا (ئاین بالیار) گوتوویەتی لەوانەیە ئەو گەورەترین ئەنتی فەیلەسوفی مۆدێرن بێت، ئەنتی فەیلەسوفەکانیش ئەو کەسانەن کە بەرامبەر فەلسەفە زۆر هەستیارن» (٣٩).. ئەمەی کە مارکس مامەڵەی لەگەڵ فەلسەفەدا کردووە و بەتایبەتی فەلسەفەی مۆدێرنیتە کە لەخزمەتی سیستمی سەرمایەداری بوو، بەپێی ئەو فکرەی کە گوتووبووی (چیتر فەلسەفە وێنای واقیع ناکات، بەڵکو دەبێ واقیع بگۆرێت)، ئیدی مارکس وەکو کەسێك کە بەرگی لە دونیای نابەرابەر ناکرد و ئەنتی ئەو دونیا جیاوازییە بوو، رەخنەی لە تەواوی ئەو چەمکانە دەگرت کە سەرمایەداری و رۆشنبیرانی سەر بەو سیستمە بەرهەمیانهێنابوو، ئەنتی دەوەستایەوە، ئەو چەمکانەی کە لەپەنا مۆدێرنیزم هاتنە کایەوە، وەکو ناسیونالیزمی توندڕەو لەپێناو ستمە لە نەتەوەیەکی تر یان دژی

ئەوانی تر و دژی پێکەوەژیانی گشت، یەکێك بوو لەو چەمکانەی دەکەوتە بەر رەخنەی مارکس، ئەلێرەویە کە مۆدێرنیزم کەڵکی لە سیاسەت و بەتایبەتیش چەمکی ناسیونالیزم وەرگرتووە و خۆی بەرهەمهێناوەتەوە خستویەتیە خزمەت یەکێك لەپایەکانی سەرمایەداری.

ئەم چەمکەی کە لەگەڵ جهانگەرایی لەدایك بوو، لەتەواوی دونیادا ئەستێرەی جۆراو جۆری بەرهەمهێنا و کردنی بە فۆڕمی پێشکەوتنی سیاسی و فەرهەنگی خۆی، لیبرالیزم لەرێگەی تەکنۆلۆژیاوە شاشە و میدیای کرد بە کاڵایەك کە لەرێگەی بینەر و کۆیلە کۆنترۆڵکراوەکانییەوە، ئەستێرەی جۆراو جۆری وەکو میسی و کرسیتیانۆ لە وەرزش و ئەنجیلا جۆلی لە هونەری موزیك و گۆرانی و ترم پلە سیاسەتی پۆست مۆدێرن و ئەبوبەکر بەغدادی وەکو کارێکتەری وەهمی لە رێگەی هۆلیۆدەوە کرد بە ئەستێرەی سنوور بڕ و دروست کردنی پەروەندەی نوێ بۆ بازاڕی سیاسی و ئابوری و گۆڕینی جوگرافیای سیاسی و ئابوری و هتد، دەرکەوتنی کەسێکی وەکو هێنری لیفی وەکو ئایکۆنێکی جهانگەرایی نوێ کە شارەزا و رەخنەگری بواری سیاسی و سینەمایە کە لە یەکێك لە قوتابخانە گرینگەکانی فەرانسە دەرچووە و ئەو قوتابخانەیەش کەسانی باڵا بەرهەمدێنێ، بۆ نموونە ئاکتیف بوونی لە دروست کردنی جوکرفیای باڵقان و لیبیا و ئۆکراین و هتد، هەرچی زیاتر ئەوە دەردەخات کە ئەم جۆرە کارێکتەرانە بە ئینەرژی خۆیان نەهاتوون بۆ ئەوەی کاریگەرییان هەبێت لەسەر سێکتەری سیاسی و فەرهەنگی، بەڵکو ئەجێندایەکە بۆ لاوازکردنی رەوتی چەپ کە دوای ئەوەی سەرمایەداری هاوچەرخ دوچاری قەیرانی ئابوری و ئیلیتی بووە لە سیاسەت و بوارەکانی تر، بۆیەش کەسێکی هینری لیفی دەردەکەوێت چونکە کایە تێکەڵاوەکان چڕتر دەکات و میدیاش دەهەژێنێت. ئەمەش بۆ سەرمایەداری گرینگە لەم ساتەدا .

هەڵبەت ئەم تێگەیشتنە دواجار بەهۆی کێشەی نێوان نەتەوەکان و دابەشکردنی گەلان لەیەن داگیرکەرانێك کە مۆدێرنیزم و سەرمایەداری سەدەی ٢٠ دروستی کردبوون، جوگرافیای گەلان و نەتەوەکان دابەشکران، بۆیە ناسیونالیزم کە بەرهەمهاتووی مۆدێرنیتەیە ئاوێتەی یەکتر بوون و بوو بە هاوکارێکی باشی سیاسەت لەو سەدەیەدا، هەڵبەت لەلای کوردیش ئەم چەمکە کاری پێدەکرێ وەکو سیاسەت، بەڵام پێشتریش بەهۆی ستەمی مىللییەوە هەر بیرۆکەکە هەبووە، بۆیە لەوکاتەوە سەرهەڵدەدات کە شاعیران بیر لەفکری ناسیۆنالیستی دەکەنەوە، ئەویش لەخانی شاعیرەوە دەستپێدەکات، کاتێك تێکستی (مەم و زین) دەنوسێت و پاش ئەویش (حاجی قادری کۆیی) کە گەشە بەبیری نەتەوەخوازی دەدات، بەڵام دیسان بەو هەستە سۆزدارییەی کە نەتەوەیەکی زوڵملێکراوە، نەك نەتەوەیەك کە خاوەنی ئیرادەیەکە و بڕیاری داوە ئەم فکرە بەرهەمبهێنێتەوە، بەڵام کە چەمکەکە گەشەدەکات و دەگاتە کوردستان وەکو سیاسەت، هیچ ئاڵوگۆڕێك بەسەر ژیانە سیاسیەکەی ناهێنێت، بەپێچەوانەوە بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە لەبری ئەوەی کورد خۆی فلتەر کردووە بەئەزموون گەیشتۆتە ئەو ئاستەی خۆی بەڕێوەببات و کەڵك لەرابردوو وەربگرێ، بەپێچەوانەوە پاشدەکەوێت و لەجیاتی ئەوەی دژەکانی بیکەن بەشت، خۆی لەمرۆڤ بوون دەخات و دەبێت بەو شتەی کە سەرمایەداری هاوچەرخ کەڵکی لێوەربگرێ و لەسەربانی کۆمەڵگەکەی خۆی بەرهەمبهێنێتەوە چ لەرێگەی کاڵاو چ لەرێگەی وەربەرهێنان بە سیاسەت و کولتوورەکانیان، بۆیە بەردەوام ئەو بەشت بوونەی کردوویەتی بەو کائینەی کە بیر لەدەوڵەتی سێنترالی بکاتەوە نەك خۆی ببێت بە سێنترال لەناوچەکە.

یەکێك لە دیاردەکانی چاخی مۆدێرن سەرهەڵدانی بەسەنتەرکردنی دەوڵەتانی زلهێز وخاوەن دەسەڵاتی گەورە و ئابوری زەبەلاح

بوو، لەبەرامبەریشدا کەنارخستنی ولاتانی بێ شونا سیان نەتەوەی بێ شوناس بوو، ئەم سەنتەرخوازییە کاریکی کرد کە خۆ بەسەنتەر کردنی خۆرائاوا بوو بەدەقێکی سیحراوی لەنێو ئەدەب و هونەر و زمانیشدا، لەکاتێکدا ئەو دەوڵەتانەی کە کەنارخران، وەکو رۆژهەلات و ئەو نەتەوانەی کە ژێر چنگی بەریتانیا و ئالمان و فەرانسە و ئیتالیا و عوسمانلی کەوتن، زۆرتر لەوان خاوەنداریتی سیحری کولتووری و زمان و نەریت و ئابوری بوون، لەئابوریدا نەوت و فۆسفات و گاز، لە زماندا فرەیی لە شێوەزار و زمانی جیاواز، لە کولتوور و شارستانیەتدا خاوەنی دەقی کراوەی ئایینی و ئاسەواری مێژوویی و هتد، بۆیە بەناچار لەبری دەوڵەمەندی خۆیان چەمکیان بۆ هاوردەکرد و کردیان بە سیحری ژیانی سیاسی و سۆسیۆلۆژی و کولتووری.

«دەوڵەتی مۆدێرن لەسەر سێ ئەستوون ( دیموکراسی و ناسیونالیزم و پیشەسازی) دادەمەزرێت، بەلام حکومەتەکانی رۆژهەلاتی ناقین هەر بە شاخی ئەفەریقاوە هەتا ئەفغانستان، هیچیان خاوەن پێکهاتە و تایبەتمەندی دەوڵەتی مۆدێرن نین و هەتا ئەمڕۆ هەر بەشێوەی دیکتاتۆری و تاك دەنگی حکومەت دەکەن و هەر فەرهەنگی شوان - مێگەل پەرەپێدەدەن و دیالۆگ و فرەدەنگی و فرەچەشنی لەواندا قەدەغەیە» (٤٠).

ئەمە بۆ کورد وانەیەکی درووستە کە بەو ئاراستەیە کار بکات و ئەو ئەستونانە کە بەشێکیانی هەیە، بەنەزەری ئیعتیبار وەربگرێ، بەوپێیەی خاوەنی سامانە کە بەشێکە لەکایەی پیشەسازی، خاوەنی ئەزموونە بەلام بە خراپی لەبارەی سیستمی حوکمڕانی و بەناوی دیموکراسیەتەوە مامەڵەی کردووە، تاکە شتێك کە مەرجی مۆدێرنەیە کورد هەیبێت، ئەوەیە کە ئەگەر گەرەکیەتی رزگاری بێت لەدەست ئەوانی تری غەیرە خۆی، دەبێ ناسیونالیست بێت و چیتر دەستشکاندنەوە لەگەڵ خۆی و لەناو خۆی ئەنجام نەدات، لانیکەم ئەو سومعە نەتەوەییە بپارێزێ

كە نەچێتە لیستی ئەفغان و وڵاتانی ئەفەریقا، یان لانیكەم ئەو شوناسە لەدەست نەدات كە زیاتر لەسەدەیە ئیدیعای بۆ دەكات گوایە كێشەی نەتەوەیی هەیە و دەبێ دەوڵەتی هەبێت وەكو خەونێكی دەیان ساڵە، كەچی دەبینین وەكو شیعە و مەزهەبە جیاجیاكانی موسڵمانی عێراق مامەڵە لەتەك سیاسەت دەكات و خۆی لەو فەزایە جیا دەكاتەوە كە ڕێگەیەكە بەرەو ڕزگاربوون لەپەیوەست بوون بە دەوڵەتانی دیكەوە، نموونەش كێشەی كورد و كوردە لەنێوان هێزە سیاسیەكان بە ئەوپەڕی ڕاست و ئەوپەڕی نەتەوەخوازی و دیموكراسیخواز و بەناو عەلمانی.
ئەوەی كە لەرووی فكرییەوە هەستی پێناكرێ وەكو بیری ناسیۆنالیستی كوردی، ئەوەیە كە كورد بەتێگەیشتنی خۆی جۆرە ناسیۆنالیستییەكی وەرگرتووە كە تەنها بۆ دەوڵەمەنكردن و گەورەكردنی قەوارەی سیاسی حیزبە بەناو ناسیونالیستەكانە، ئەویش تاكو دەگاتە دەوڵەت كە ئەمە هەڵە تێگەیشتنە لە چەمكەكە، ئیدی لەوێوە كاریان بەم چەمكە پێنامێنێ، چونكە كورد لەتێگەی ناسیۆنالیزم تێناگات وەكو چەمكێك بەردەوام لەتەنیشت سیاسەت و سەرهەڵدان و دەرەنجامەكانی كاری پێبكات، بەڵكو تەنها بۆ جۆرێك لەمانەوە و دژایەتی كردنی نەتەوەكانی تورك و عەرەب و فارسە و هیچی تر، تەنانەت بۆ دژایەتی كردنی بەعسیش كە حیزبێكی ناسیۆلیستی عەرەبی بوو، وەكو حیزبی سیاسی ناسیۆنالیستی دژایەتی نەكردووە، بەڵكو وەكو دەسەڵاتی دەوڵەتێك ململانێی كردووە، ئەمە بۆ سیاسەتی حیزبی كوردی لە پارچەكانی دیكەش هەر وەهایە، هەروەك ئەوەی كە لە سیاسەتی كوردی باكور دەبینرێت بەرامبەر بە حیزبی دەسەڵات، ئەم خۆ وێناكردنە لەبەرامبەر ئەویتر بۆ سەلماندن و بەرهەمهێنانەوەی خود نەتەوەیی، هێندە لاوازە كە ناتوانێ بەرگری لەبوون بكات لەكاتی شكست و تێكچوونی شۆڕشەكانی، كێشەی بوون لەلای كورد كێشەیەكی نەبڕاوە و پرسیارێكی

هەڵواسراوە کە بەدرێژایی مێژوو وڵامی وەرنەگرتووە، بۆیە وەختێك دێتەوە و گەرەکیەتی لەژێر ئەو عینوانە خۆی نمایش بکاتەوە، نەوەیەکی بەجێهێشتووە و چاوەڕێدەکات لەرێگەی شاعیرەکانیەوە بیری ناسیۆنالیزم زیندوو بکاتەوە، بۆیە هەمیشە وەکو خەونێك بۆ کۆتا وێستگەی کێشەی نەتەوەیی تەماشای دەکات.

جهان پێشتر سەرقاڵی ئەوەبوو کە چۆن و بەچ شێوەیەك خۆی بپارێزێ و ناسیونالیستیانە بیرنەکەنەوە و خۆیان بپارێزن، کێشەی نەتەوە لە پۆڵۆنیا و گرێدانی بە کێشەی جولەکەوە لەلایەن زایۆنزمەکانەوە، هەروەها کێشەی بۆسنیا و گرێدانی بە ئاینی مەسیحیەوە، کێشەی بۆرمییەکان بە کێشەی ئاینی بوزییەوە و گرێدانی کێشەی فەلەستین و لوبنان و کێشەی عەرەب بەگشتی بە کێشەی قورئان و ئاینی ئیسلامەوە و هتد، هەروەك ئەوەی لەدوای خەلافەت و فتوحاتەوە بۆ سەر نەتەوە و ناوچەکانی دیکە تا دەگاتە ئەندەلووس، هەروەها خستنی گەرای ئاین بەگشتی لەرێگای گروپەکانی دیکەی نزیك لەو ئاینانە و لەو نەتەوەخوازانە و رەنگدانەوەی بەسەر تەواوی دسەڵات و خەڵکی ناوچەکەوە، زۆر جیاوازی هەیە لەو ناسیونالیستەی کە لە هیندستان و لە ئامریکای باشوری هەبووە،

کەوابوو مەسەلەی ئایین کە ئەزموونی گەلانی پێشوتر بووە و مێژوو شاهیدی ئەم جۆرە لە ناسیونالیزمە، هۆکارێکی سەرەکیە بۆ هەموو نەتەوەکان و کۆمەڵگەکانی تر، بەڵام بۆ کورد کە تائێستا لەنێو کایەی مەعریفیش قسەی لەسەر نەکراوە، ئەو نهێنییەیە کە پەیوەستە بەدرەنگ هاتنی کوردەوە وەکو هاتنێکی فیعلی بۆ نێو مۆدێرنە، وەکو ئەوەی ئەمین زەکی بەگ لەکاتی عوسمانلیەکاندا کە سەرکردەی یەکێك لە سوپاکانی عوسمانلی بووە، دواتر تێگەیشتووە کە دەبێ بیر لە مەسەلەی نەتەوە بکاتەوە، چونکە ئەو هیچ پەیوەندی بەو هێزەوە نییە کە بەنیازە

ناوچەكە بەگشتی داگیر بكات، بۆیە مەسەلەی كورد وەكو بەشێكی زۆر لە نەتەوە پەراوێزخراوەكانی تر مێژووەكەی نادیارە، بۆیە كورد وەكو نەتەوەیەكی دەرەوەی مێژوو و ڤیگەرێكی ناسراوی رووداوەكان بووە، تاكو لەو حاڵەتە ئارەزووبەخشانە شارەزایی هەبێت و پرسیار لە چۆنیەتی چێژ وەرگرتن ببینێ لە مۆدێرنە و دیاردەكانی دیكەی، بۆ نموونە ئەو ئازادییەی كە لەلایەن دەسەڵاتەكانەوە لێی قەدەغەكرابوو، هێندە تامەزرۆی بوو هێندە تینوی بوو كە مانای زۆر بوو تاكو مومارەسەی بكات، وەلێ لەو نهێنییەش ئاگادار نەبوو كە (ئەریك فرۆم) وەكو مەترسییەك باسی لە ئازادی دەكرد بۆ ئەو تاك و كۆمەڵگانەی كە بەم دەرەنگ وەختە چێژی لێدەبینن، لەكاتێكی ئەو فەلسەفەیە هێشتا كاری پێدەكرێت كە هەر شتێك لەوەختی خۆیدا كەڵكی لێوەر نەگیرا، ئەوا زیانی زیاترە لە سوودەكانی، بۆ ئەمە كورد خۆی پەندی هەیە و دەڵێ « كەنگر و ماست بەوەعدەی خۆی».
لە حاڵێكدا وەكو ژاك لاكان  لەزاری فرۆیدەوە دەیگێڕێتەوە كە باوك مردووە، ئاوهاش كورد نەیدەزانی كە باوكە بزربووەكەی مردووە و خۆشی بەشێكە لەو جەستەیەی كە چیتر ناتوانێ ئەلتەرناتیڤی ویستە سیاسیەكانی خۆی بێت.
لەگەڵ هاتنی مۆدێرنەدا قسەی زۆر لەسەر مردنی باوك كرا هەروەك لەلای فرۆید ئەمە گوتراوە و لەلای نیچەش بە مردنی خوا وەسف كراوە قۆناغەكە، كورد وەختێك ئەو چەمكانەی وەرگرت كە سەرەكیترینیان ناسیۆنالیزم بوو، ئیدی باوی باوك نەمابوو تاكو بیكوژێت، بەڵكو چاوەڕێی تارماییەكی دەكرد باوكێكی بۆ دروست بكات یان هیچ نەبێت خۆی ببێت بە باوكێك لەغیابی باوكدا، ئەم نمونەیە لەو حاڵەت و فەزا كۆنە دەچێت كە رۆژئاوا توشی مۆدێلێكی ئیلحاد هاتبوو، كەچی گەرەكی بوو بە چاكسازییەكانی (مارتن لۆسەر) چارەسەری قەیرانەكان بكات، ئەوەش كە بەو دەرەنگ وەختە كورد دەستی بۆ چەمكی ناسیۆنالیزم دەبرد و

بەدەستییەوە نەدەهات، چونکە نەخۆی دەست و پەنجەی لەگەڵ گەرمکردبوو، نە تازە دەیتوانی نەوەکانی فێرە ئەو تێگەیشتنە بکات، جۆرێك گێچەڵ پێکردن بوو بەو وشانەی کە هەیکەلی زاراوەکە بە بارتاقای جەوهەرەکەی تەمومژ و قوڵایی هەبوو.

دوابەدوای مردنی چەمکی باوك وەکو چەمکێکی فکری بەرهەمهاتووی مۆدێرنە بۆ نەتەوەی ژێردەست و بێ دەوڵەت، چەمکی پۆست مۆدێرنزم کە هەڵلایەکی گەورەی نایەوە و بووە جێگەی موناقەشەی زۆر لە بیرمەندانی رۆژئاوا، پۆست مۆدێرنیز بانگەشەیە بۆ حەقیقەتێکی ئاشکرا کە دەرخەری ئەم خاڵەیە کە واقیعی کۆمەڵایەتی، مێژوویی و بایۆلۆژی رابردووە، کاتێك وەك سەرچاوەی هونەر بەکاردەهێنرێت، ئەمە واقیعێکی بەڵگاندنە، بەشێوەیەکی دیکە بەڵگاندنی رابردووە کە شوناس لەخۆیدا دیاریدەکات». (٤١).. لەکاتێکدا ئەم رەوتە واتای تەواوی بان مۆدێرنیزمە وەکو پەرچەکردارێك دژ بەخودی مۆدێرنەیە، چونکە مردن و کۆتایی هاتنی هەژموونی دەوڵەت و نەفیکردنەوەی دەوڵەتی بەرهەمهێنا وەکو سیمبولی نەتەوەیی، چونکە بیرێك پەیدابوو کە سەردەمی لەناوچوونی روانینە بۆ مێژوو، ئەمە لەسەردەستی فۆکۆ یاما بەرهەمهات و تاماوەیەکیش خوێنەرێکی زۆر لەدونیادا کەڵکیان لێوەرگرت، هەروەها لەباری مەعریفییەوە کە پێشتر وەکو ئابوری قۆرخ کرابوو بۆ گروپێکی دیاریکراو، پۆست مۆدێرنە دژایەتی ئەو پارادایمە مەعریفییەی کرد کە پێشبینی نەخوازراوی بە نالۆژیکی دەزانی.

ململانێ سیاسیەکانی نەتەوە ئیتنیکەکان و بەشە جیاوازەکانی چینەکان لەنێو سنوورە نیشتیمانیەکاندا، بەڕاستی وەك نانی رۆژانە وەهایە بۆ سیاسەتە لۆکاڵیەکان، بەڵام بەتەنها ئەوکاتانە ئەکرێت دەلالەت و ئەنجامەکانی شیبکرێتەوە کە بەشێوەیەکی بەردەوام مرۆڤ مانای چالاکیە دامەزراوەییەکانی و خواستە سیاسیەکانی رۆشن بکاتەوە، ئەوەش لەپێناوی چالاککردنی

ئابوری جهانی، سەرمایەداریش پێویستی بەوە هەیە گروپەکان شوێن بەرژەوەندیە ئابورییەکانی خۆیان بکەون و لە بازاڕێکی ئابوری تەنهادا هەوڵی پەرتەوازەکردنی ئەم بازاڕە دەدات لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا».(٤٢).. ئەمە بابەتە بۆیە هاتە بەرباس، چونکە هەموو نەتەوەکان لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان و ئەوانی تر سیاسەتی مۆرالی و لۆکاڵی خۆیان دەکەن، هەڵبەت بەشێکی بۆ خۆ نواندن و خۆ سەپاندنە و بەشێکی دیکەی بۆ چالاککردنی ئابوری جهانییە کە بەرژەوەندی زلهێزەکانی پاڵپشتی خۆی پێ دەوڵەمەند دەکات، بۆیە سەرمایەداری وەکو هێز و وەکو سیستم پێویستی بو گروپانە هەیە کە بەردەوامی بەو ململانێیە دەدەن و بازاڕە ئابورییەکە لەگشت لایەکەوە گەرم دەکەن و کەرەستەی جەنگ رەواج پێدەدەن، هەروەك ئەوەی لەرووی سیاسیە کەیشەوە بابەتی جهانگەرایی دەبێتە بابەتی سەر زاری تاکی نێو نەتەوەکان کە بەشێکە لە سەرخانی سەرمایە.

ئەمانە بەشێك بوون لە مەهامە سیاسی و مەعریفییەکەی، بەڵام لەرووی کۆمەڵناسییەوە ئاکاری وەکو کەرەستەیەکی نابەجێی کۆمەڵایەتی رەتکردەوە و دژایەتی هەر جۆرە بەکارهێنانێکی ئاکاری کرد، لەباری ئابورییشەوە لەبری ئەوەی گەشە بە دیموکراسیەتی دەسەڵات گشت بدات، بەپێچەوانەوە کولتوورێکی جێکەوتە کرد کە بیرۆکراسیەت مافی بەکارهێنانی دەسەڵاتە بۆ دەستەبژێری سیاسی و لەوێشەوە بەدەستاهێنانی ئابوری بێ شوناس کە چاودێری سیاسیش نەتوانن کەیسەکان ئاشکرا بکەن، چونکە ئەم بیرکردنەوەیە گومانی لە عەقڵی مرۆڤ پەیدا کرد، بەوپێیەی مرۆڤ بۆتە رۆبۆتی تەکنۆلۆژیاو و کاڵا لە بازاڕی سیاسی و ئابوریدا، هەڵبەت ئەمەشی لەبەکارهێنانی کەرەستەیەکی بەهێزەوە چنك کەوت، ئەویش میدیا و ماتریالی میدیایی بوو کە بووە هۆکارێك بۆ شێت کردنی تەواوی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا و بڕوا هێنان بەو ئیدیالە سیاسی و ئابوری و مەعریفیەی کە

سیستم پشتگیری لێدەکرد، ئەویش پۆست مۆدێرنیزم ە کە تائێستا موناقەشە لەسەر ئەوەیە کە ئایا تەواوکەری مۆدێرنیزمە، یان پرۆژەیەکی سەربەخۆیی کایەکانە.
لەگەڵ هاتنی سەرمایەداری دەربارەی گەشەسەندنی ئابوری و گەورەبوونی شار و پەیدابوونی ناوەند و کەنار کە تائێستاش مۆدێلەکە ماوە، ئیدی کۆمەڵگا نەریتییەکان لەکاتی قۆناخی پێشوەختی گۆڕانکاری پیشەسازی بوون و خۆیان دەرباز کرد و بوون بە دەوڵەتی ناوەند و بڕیار بەدەست، چونکە رزگاربوونی خۆیان لە شۆڕشی جەماوەری نەدەبینی، بەڵکو لە شۆڕشی پیشەسازی کە بەشانی خەڵکی هەژار دەکرا، تاکو بیسەلمێنن دواتر لە سیستمەکەدا قەرەبوو دەکرێنەوە، هەروەکو ئەوەی لە رۆژئاوا بینیمان، ئەمە یەکەمین ئامانجی سیستمی سەرمایەداری بوو بۆ تێوەگلانی گشت نەتەوە و نەریتە جیاوازەکان بو سیاسەتە ئابوررییەی کە لەکاتی دەوڵەتیدا خۆی دەنواند، بەڵام بەمەشەوە نەوەستا بوو بە سیاسەتێکی جهانی و تاکو جارێکی تر لەو دونیانبینییەوە دەوڵەتە دواکەوتووەکان وەکو چینی ژێردەست بمێننەوە و دەوڵەتانی دیکە وەکو ناوەند، بەمەش جارێکی تیۆرەی مارکسیان بەوە تاوانبار کرد کە گوایە رزگار کەر نییە بەقەد ئەوەی کۆمەڵگە دوادەخات بۆ چارەنووسێکی نادیار و ئەمەش جێکەوتە بوو.

## ***ناسیۆنالیزم***
## ***بیرێك بۆ بەرز راگرتنی رۆژئاوا***

زۆرێك لەو بیرمەندە رۆژئاواییانەی کەپرسی نەتەوە خوازییان موناقەشە کردووە، جیاوازی فەرهەنگ و رژێمی سیاسیان لەقەوارەیەکدا گیرکردووە، وەکو پێشتر باسمان کرد، هێردەر گرینگیەکی بەزۆری بەنەتەوە داوە و گرێیداوە بەزمان و

فەرهەنگەوە کە لەهێدلاینەکانی تردا باس لەزمان و نەتەوەکان دەکەین، بۆچوونی هێردەر وەردەگرین کە لێکچوون و جیاوازی قسەکردن ئەدەبیاتی زمان شرۆڤە دەکات، هەروەها گرێیدەدات بەشێوەزاری رۆژئاواوە و باشوری ولاتانی ئەوروپاوە «مەسەلەی پێکهاتە نەتەوەییەکان هەروەها پەیوەندی زمان بەنەتەوەوەوە میسیۆلۆژیای نەتەوەکانەوە، ئەمە جگەلەوەی کولتوورەکان کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر زمان، بەتایبەتی بۆ کولتووری ئەڵمان و بولگار و سلۆڤاکیا و ولاتانی ئاسیا و ئەوروپییەکانی ئەوکات. هەروەها هێردەر (١٦٦٨ـ ١٧٤٤) کەبیرمەندێکی نەتەوەخوازی ئەڵمان بوو، هەمیشە باسی لەفرە رەنگ و نەتەوە دەکرد، (nation culture) گرینگی زمان لەژیانی نەتەوەدا بەرجەستە دەکردە متمانەیەکی بڵندتر لەدەوڵەت و رژێمە سیاسیەکان لەشوێنێکی تردا دەڵێ جیاوازی یەکسانی نیوان نەتەوەکان و هەوڵی ئەوان بۆ هاتنەدی هیواکانیان باس لەدەکات و بەتایبەتی بالاتربوونی نەتەوەی ئەڵمان لەوانی دیکەی زیاتر لەبەرچاو گرتبوو».. (٤٣).

فیختەش بەهەمان شێوە ستایلی بیرکردنەوەی هێردەر پێوەری سەرەکی بۆ تێگەیشتن لەنەتەوە و بە شێوەیەکی نەژاد پەرستانە تەنها بۆ ئەڵمان بەکاردەهێنێ، بەڕادەیەك باس لەشکۆمەندی ئەڵمان دەکات، تائەو جێگەیەی کە دەڵێ « ئەڵمانەکان دەتوانن مەشخەڵی شارستانی بەرەو پێش بەرن» هەڵبەت فریدیكماینك (١٨٦٢ـ١٩٥٤) پرۆفیسۆر لەنوسینەوەی مێژوو، کتێبێکی بەناونیشانی (نیشتیمانی جهانی و دەوڵەتی نەتەوەیی) دەکات کە ئاڵمان لەبەرامبەر دەوڵەتانی وەك ئامریکا و فەرانسە و بەریتانیا بەرز رادەگرێ« . (٤٤). ئەم تێگەیشتنەی فریدریك ماینك تێگەیشتنێکی تاقانە نیە لەدوای فیختە کە ئاڵمان لەسەرووی هەموو نەتەوە و پێکهاتە بەرییەکانی سەر رووی زەمین دەناسی، بەڵکو ئەم فیکرەی فیختە بووە بە تیۆرێك بۆ زۆربەی بیرمەندانی

ئاڵمان و هەمان بیرکردنەوە بەرهەمدەهێننەوە کە ئێستا ڕەوتێکی سیاسی لێبەرهەمهاتووە و مەترسی سەرهەڵدانەوەی ڕاسیزم و نازیزمی زیندووە کردۆتەوە.
هەڵبەت ئەم بیرکردنەوانەی هەریەك لەفیختە و هێردەر و فریدریك ماینك بۆ ئاڵمان، ئەگەر بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە نەتەوە بکەنە یەکێك لەموقەومیاتی دەوڵەتی ئاڵمان، بەشەکەی تری بۆ ئەوە نەزعەیە دەگەڕێتەوە کە لەنێوان ئەڵمان بەریتانیا و ئامریکا و فەرانسە هەبووە، یان باشتر بڵێم ئەوە بۆ ئەوە بووە کە دامەزراندنی بیری نەتەوەخوازی لەلای فەرانسەییەکان شانازی پێوەکراوە و ئەوان وەکو بیرمەندانی فەرانسە یەکەم کەس بوونە ناسیۆنالیزمیان کردووە بەتیۆر و گەلانیان پێهانداوە لەرووی فەلسەفی و فکریی سیاسیەوە، «سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرانسە لەساڵی ١٧٨٩ ئەوروپا ژێردەستی چەندین ئیمبراتۆری گەورەبوو، ئەم ئیمبراتۆرانە گەلێك وڵاتی بچووکیان لەژێر دەستدابوو، دوای تێکشانی ئەم ئیمبراتۆریانە هەوڵیاندا هەرێمەکان ببەنەوە سەر دۆخی نەخشەی جاران، لەو زەمانەدا ئەڵمان بریتی بوو لەچەند وڵاتێك و لەهەمووشیان گەورەتر ئۆرتریش بوو کە بەڕێبەر دەناسرا، دوای ئەوی (بسمارك) ڕێبەری ئەڵمان یەکێتی نێوان وڵاتانی ئەڵمانی ڕاگەیاند، وەزیری دەرەوەی ئەم وڵاتە مانگی ١٨٧٩/١١ گوتی بەبێ سوپایەکی بەهێز کەشتی ڕانی شەڕکەر، وڵاتی ئێمە ناتوانێ بەئاشتی و هێمنی بژی، بۆیە دەبێ ئەڵمان (یان کوتك بێ یان سندان) ئەمەش بەئامانجی ناسیۆنالیزمی ئەڵمان بوو کە قەرەبووی دواکەوتوویی خۆیانی کردەوە و چوونە ریزی وڵاتانی داگیرکەری وەك فەرانسە و ئینگلستان» (٤٥).
ئەوەی کە ناچارمان دەکات چیرۆکی دروست بوونی وڵاتانی وەکو ئاڵمان بخەینە نێو ئەم باسەوە، ئەوەیە کە ئەزموونێکی سەختی ناسیۆنالیزمییە لەسەر وەختی خۆیدا و بووە بەستایلی

بیرکردنەوەی سیاسی هەم لەڕووی تیۆری و هەم پراکتیکی، چونکە هەمیشە لەژێر چەپۆکی وڵاتانی داگیرکەر بووە، پاشان کەئەم بیرکردنەوەیە دەبێتە ئیدۆلۆژیایەکی سیاسی نێودەوڵەتی و نازیزمی لێبەرهەمدێت، ئیدی دەبێتە نمونەیەکی قیزەونی سیاسی.

(دیستۆت کۆنت) فەیلەسوفێکی فەرانساییە و لەساڵی ۱۸۰۱ باس لە ئیدیۆلۆژیایەکان دەکات کە چۆن دەبێتە داینەمۆی دەوڵەتێکی ئیدیۆلۆژیا و بەو ئاراستە بەرنادات و دەڵێ« بوونی ئیدیۆلۆژیا شتێکی سوتفە نییە بەمێشکی بەشەری عاقڵدا هاتبێت، بەڵکو لەگەڵیدا لەدایك بووە وەکو باڵێك لەجەستەی ئاینەکانەوە درووست بووە». (٤٦). ئەم بۆچوونەی کۆنت کارێکی کرد کە قەشەکانی ئەو سەردەمەی پێ قەڵس بێت باجەکەشی دایەوە، وەك ئەو بیرمەندانەی تر کەپێش فکری سەردەمی خۆیان کەوتن، بۆ نموونە لەسەردەمی گریکەکان سوقرات و ئەفلاتون و دواتر دیکارت و پاشان لەسەدەی ۱۸ مارکس و ئەنگڵس و دواترو لەسەدەی بیست و یەك، جاك درێدا پێشبینی وەها رۆژگارێکی سیاسی دەکات.

(پۆڵ سویزی) بیرمەندێکی فەرانسەییە و تیۆریستێکی مارکسییە لەبارەی چەمکی ناسیۆنالیزمەوە کتێبێکی هەیە کە ئەو تێکەڵ بەفکری مارکس دەکات و باس لە یەکسانیخوازی نەتەوە دەکات بەتایبەتی بۆ رابەران و نەهێشتنی نابەرابەری نێوان سەرکردە و خەڵکی عەوام و دەڵێ« هەر بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی لەدەروونی خۆیدا هەڵگری بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستییە، چونکە گەلێکی باڵادەست دەبێتە چینێکی باڵادەست و نەتەوەکەی دیکە ژێردەست دەکات و دەبێتە چینێکی سەردەست کە ئەمە خەباتی چینایەتی دەوێ، سەرکەوتنیشی هەر دەبێت بەو شێوەیە کۆتایی پێبێت کە خەڵك بەهۆی شۆڕشی دژە چەوسانەوە، رابەرەکان قەبوڵ دەکەن، بەڵام دواتر کە دەبینن ژیان بۆ بارێکی

دیکە دەگۆڕێت بەناچار لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش قەبوڵیان ناکەن، چونکە ژیانی نەتەوە دەبێتە دوو لەتەوە و خەڵك لەچینێکدا دەژین و رابەران و پیاوانی دەسەڵات و حکومەت سەر بەچینێکی تری دەوڵەمەند و بۆرژوا دەبن، بردنەوەی ئەم گرەوە لەلایەن سەرکردەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لەوێدایە، ئەگەر ئەم بزوتنەوەیە سەرکەوتنی بەدەستهێنا و لەژێر باڵی گەلە سەردەستەکان رزگاری بوو، ئەگەر نەیتوانی دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتی دەستەبەر و بەرقەرار بکات، نەك بەرقەرارکردنی ئازادیەکان کەهەرگیز جێگەی یەکسانی ناگرێتەوە، ئەوا بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەو چینەی کە جڵەوی کۆمەڵگەی بەدەستە، دەبێتە چینی سەرمایەدار سەرکوتکەر و دیکتاتۆر، ئیدی رابردوو و شۆڕش و بەرخودانی رۆژانی رابردوو، هیچ بەهایەکی نامێنێ کە چینێکی دیکە لەدوای شۆڕش سەریهەڵدا و بوون بەژێردەستە، بۆیە نەتەوە لەوکاتەدا لەبری بردنەوەی ژیان لەژێر دەستیەوە لەلایەن گەلێکی دیکە، شۆڕشیش دەدۆڕێنێ کە بەرهەمەکەی جارێکی دیکە سەرکەوتکردن و ستەمە بەڵام بەناوێکی دیکە.

دەوڵەتی نەتەوەیی لەوێدا ماهیەتی خۆی لەدەستدەدات کە نەتەوەی سەردەست دوای رزگاربوون و بوونی بە دەوڵەت، ئیدی هەم جیاوازی لەگەڵ نەتەوە بچووکەکان بکات بەبێ یاسا، هەم ئاین و مەزهەبی نەتەوەیی زۆرینە زاڵ بکات بەسەر ئاین و مەزهەبەکانی دیکە لەرێگەی دەستوورەوە، هەم خەباتی رابردووی نەتەوە و ئاینەکانی دیکەی رابردوو لەبەرچاو نەگرێت و جیاوازی بخوڵقێنێ، لێرەوە سەرمایەداری وەکو سیستم دەبێتە شوناسی ئەو نەتەوەیەی کە پێشتر سەر بەدونیای ستەملێکراو بوو، هەموو ئەو نەتەوانەی لەدوای هەرەسی سیستمی سۆڤیەتەوە کە بوون بەدەوڵەتی سەربەخۆ، هەمان ستایلی دەوڵەتی سەرمایەدارییان بەکارهێنا و بۆ خەڵکی

عەوام کە چاوەڕێ نەبوون ئەو وێنە ببینن کە لەخەیاڵدانی ئەواندا نەبوو، بەمەش دەرکەوت کە شۆڕش و رزگاربوون لەستەمی رابردوو لەئەدەبیاتی حیزب و دەسەتەبژێری سیاسی کە بەقورمیشی زلهێزەکانی دونیا دژی سۆڤیەت هانرابوون بوو بەوەهم، بۆیە هەمو ئەو حەیالانەی کە هەبوو بۆ دوای سۆڤیەت جگە لە چیرۆکێك کەپڕبوو لە تراژیدیا، هیچی دیکەی بارنەهێنا، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی کە ئەزموونی سیاسی تەکنۆلۆیان هەیە بەرەو پێشەوە چوون، جوگرافیای خۆیان یەکالاکرد بۆ هەموو نەتەوەکان و کولتوورەکان، ناوی دەوڵەتی نەتەوەییان گۆڕی بۆ دەوڵەتی فرەیی لە نەتەوە و کولتوور.

ئەم بۆچوونە تەواو دروستە وەختێك دەبینین بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی چ لەناو عەرەب و تورك و فارس و کورد کە لەتەکیاندا دەژی، راستیەکان دەسەلمێنێت کە لەبنەچەدا جەنگی نێوان گەلان، جەنگی چینە بالادەست و چینە ژێر دەستەکانە و ناسیۆنالیزمیش هەمان ستراتیژی سیاسی هەیە کە بیانووی ناسیۆنالیزم کێشەی چینایەتی پێ پەردەپۆش دەکرێ ئەرنست گلینەر پێیوایە مەسەلەی کولتوور وەکو سەرخانی سەرمایە سەرەکیترین بابەتی ناسیونالیزمی سەرەتایی بیری ناسیونالیزمە بۆ نەتەوە تازەکان، « کولتوور رێکخراو دوو تەخمی بنەمای ژیانی کۆمەلایەتین ئەوان وەك ماددەیەکی خاون کە شێوە بەهەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەلایەتی دەبەخشن، ئەگەری ئەوە هەیە ئەم دووە بەتەواوەتی لەیەکتر سەربەخۆ نەبن، بۆ نمونە من وا بیر ناکەمەوە کە نوسینی گتێبێك لەبارەی ناسیونالیزم بۆمن دەلوا، ئەگەر نەمدەتوانی ئەم گۆرانییە ناوچەییانە کە بەرێکەوت حەزم لەو مۆسیقایانە بوو، ببیسم و بەیارمەتی پێکێك شەراب فرمێسك بڕێژم، هەڵبەت هۆگری بۆ گۆرانییە ناوچەییەکانی چیك باوکمی نەدەکردە ناسیونالیستێکی چیکی، چونکە لەو باوەڕەدابوو ناسیونالیستەکانی چیك بەدەگمەن مەعریفەی تەواویان لەبارەی

ریشەکانی ناسیونالیزمەوە هەیە» (٤٧). هەڵبەت ئەمەی گلینەر دەیڵێ سەرخان سەرمایەی نەتەوەیە، راستە، چونکە ئەگەر کەسێك لە ریشەی کولتووری خۆی و هونەرەکانی خۆی لەنبەمادا شارەزایی نەبێت، چۆن دەتوانێ ببێت بە ناسیونالیزم، ئەگەر کوردێك نەزانی ئەو گۆرانییە لە بنەچەدا یان ئەو مۆزیکە یان ئەو رایەخە یان ئەو چنینەی جلوبەرگ هەر شتێك موڵکی ئەو نین، چۆن دەتوانێ بەرگری بکات و ئارگومێنت بهێنێتەوە، چۆن دەتوانێ مۆرکی خۆی بدۆزێتەوە و وەکو کارتێك جەنگی پێبکات، ئەمە سەرخانێکی لە سەرمایەی نەتەوە و هەر نەتەوەیەك خاوەنی ئەم سەرمایەیە نەبێت، کێشەی بیری هەیە کێشەی یادەوەری هەیە کێشەی بوونی هەیە وەکو رەسەنایەتی.

هەڵبەت موناقەشەکردنی ئەم چەمکە وەکو شتێکی ئەپستراکت یان داماڵراو لەسۆزی نەتەوەخوازی، یاخود ئەو نۆستالیژیایەی کەنەتەوەخوازەکان شانازی پێوەدەکەن، موناقەشەیەکی تیۆرییە و قسەگەلێکی زۆری لەسەر کراوە، بەڵام لەکن ئێمە وەکو کورد کەمتر وەکو تیۆرەی پەڕەگرتنی فکری سیاسی نوێ موناقەشەی کراوە، لەلایەکی ترەوە ئێستا باوترین قسە ئەوەیە ناسیۆنالیزم ئەو چەمکەیە لەمێژوودا باس کراوە و بەرهەمێکی فکری سیاسی نوێ نییە، هەروەك چۆن ئەوروپییەکان شانازی پێوە دەکەن، هەروەها شێوەیەکی تری هەڵەی فکری مێژوویی بەشەری بووە، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە پێشتر ئینترۆپۆلۆژیستەکان قسەیان لەسەر نەتەوەکان و نەتەوەخوازی کردووە، تەنانەت لەدەقە پیرۆزکراوەکانی ئاینیش هەیە، بەو مانایەی نەتەوەخوازی یەکێك لەپرنسیپەکانی خوداپەرستی بووە بەمانا ئاینییەکەی، ئەمەش بۆخۆی وەکو موڵکیەتێکی کۆمەڵە خەڵکێك لەبیری ئینساندا هەبووە، هەر ئەوەی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سۆمەرییەکان باسیان لەدەسەڵاتێکی رەها کردووە، کە پێشتر هەیانبووە لەناوچەکەدا، وەهەندێك باس لەوڵاتی میزۆپۆتامیا

دەکەن لەوانەش میدیاکان کە کورد بەمێژووی خۆی دەزانێت، وەك پەیوەست کردنێك بەمێژووی هەریەك لەو نەتەوانەی کە لەوناوچەیەدا ژیاون، ئەمە جگە لەنەتەوەی عەرەب کە تائێستا لەرێگەی تێکستی ئاینیەوە برەو بە بوونی خۆیان دەدەن، هەروەها جگە لەچەند نەتەوەیەکی تری وەکو ئەکەدی و ساسانی و بابلی و ئاشوری لەم ناوچەیەدا هەبوون و دواتر لەناوچوون و نەمان، سۆمەرییەکان پەیوستی دەکەن بەئاینی خۆیانەوە، کلدو ئاشوریش بەهەمان شێوە، مەبەستمە موناقەشەکە ببەمە سەر ئەوەی ئەوکات لایەنی ئاینی بیری لەچەمکی ناسیۆنالیزمی کردۆتەوە لەناوچەکەدا بەئەوەی ئێستاشەوە، کەوابوو لەپراکتیکیەوە ئیشکالیەتەکە زیاتر لەخودی چەمکەکەدا کۆدەکاتەوە، نەك پراکتیزەکردنی بەشێکی دیکەی ناواخنی چەمکەکە.

## لینین و چەمکی ناسیۆنالیزم

ئەمە مەعلومەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە هیچ سەرکردەیەکی شۆڕش لەدوای سەرکەوتنی سەرمایەداری بەسەر قۆناغ و سیستمی دەرەبەگایەتی، شەرعیەتی بە نەتەوەکان نەدا بەمافی چارەنووسی خۆیان بگەن و بڕیاری لەسەر بدەن جگە لە لینین، بۆیە لە دوای ئەوەی شۆڕشی ئۆکتوبەری ساڵی ١٩١٧ سەرکەوتنی بەدەستهینا و حکومەتی قەیسەر هەرەسی هێنا و سۆڤیەت دروست بوو، (فلادیمیر ئیلیچ لینین) رابەری ئینتەرناسیۆنالیزمی دووهەم و دامەزرێنەری سۆڤیەتی پێشوو، بیری لەکێشەی نەتەوەکان کردووە وەك چارەسەرێکی ئینتەرناسیۆنالیانە بۆ نەتەوە ستەملێکراوەکان و ئیمپریالیزم، ئەوەبوو مافی چارەی خۆنوسینی بەنەتەوەکان بەرەوا زانی و تیۆریزەی کرد، بەمەرجێك ئەم مافە نەبێتە مایەی دروستبونی ئیشکالیاتی سیاسی

بۆ بزوتنەوەی کرێکاری ئینتەرناسیۆنالیزم لەتەواوی دونیادا، لەمڕاستاییەشدا هاوکاری زۆرێك لەنەتەوە ژێر دەستەکانی کردووە، تائەو جێگەیەی کەهاوکاری مادی و مەعنەویشی کردوون، بەتایبەت ئەو نەتەوانەی لەژێر دەستی ئیمپریالیزم بوون لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست و وەکو بەشێك لەخەباتی چینایەتی پێناسەکرد، لەراستیدا بەشێك لەو پشتگیرییەی کە کاپیناڵیزم لە سەدەی ٢٠ بۆ نەتەوە ژێردەستەکان هەیبوو، ئامانج لەوە بوو بزووتنەوەی چەپگەرایی و ئینتەرناسیۆنالیست و کریکاری و کۆمۆنیستی شکست پێبهێنێ، نەك بەخاتری ئەوەی نەتەوەکان بەمافی خۆیان بگەن، چونکە هەر ئەو نەگبەتییەی بەسەر نەتەوە ژێردەستەکاندا هاتووە لەئەنجامی داگیرکاری و دابڕانی نەتەوەکان بووە لە خاك و نیشتیمانی خۆیان.

«دوای مردنی مارکس بزووتنەوەی سۆسیالیزم گەڕایەوە سەر پرنسیپەکانی خۆی کە یەکسانیەکی شکڵی بۆ گەلان راگەیاند، هەموو ئەو پەیوەندیە پاشکۆییە فعلییە کە لەنێوان خۆی و ئابوری و کۆمەڵایەتیە مەرجدارەکان هەبوو پشگوێ خست، ئەم گەڕانەوەیە دەستکەوتی دیموکراسیەتی کۆمەڵایەتی ئاڵمان بوو، کە دژی دوژمنکاری دەسەڵاتی دەوڵەت بوو بەسەر کەمینەکاندا لە بواری یەکگرتوویی هەر دوو دەوڵەتی (پۆلۆنیا و دانیمارك و کەرتی شازفیج و ئالالزاسیین)، بەڵام ئەمە بۆ چاکردنەوەی سیاسەت دیاردەیەکی تەواو نەبوو و خاڵی بوو لە پارادۆکسێك دەربارەی ململانێ نەتەوەییەکان کە لەنێو ئاساۆی سۆسیالیزمدا بوو، ئەمە بەبێ ئەوەی بزانن و پێناسەیەك بکەن کەچۆن مافی چارەی گەلان وەردەگیرێت» (٤٨).. لەدوای ئەم هەوڵەوە کە پاش مردنی مارکس بوو، ئیدی تێڕوانین بۆ مەسەلەی نەتەوەیی گۆڕا، بەمەش بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم گەشەی کرد، وێنەیەکی رۆشنتر بۆ کەمینە نەتەوەییەکان و کێشەی نەتەوە دروست بوو کە بوو بە ململانێ لەگەڵ بۆرژوازیەتی ئەو سەردەمە و

دواتر دیموکراسیەتی کۆمەڵایەتی جێگیر کرا.
ئەگەرچی لینین کێشەی گەلانی وەکو بەشێك لەکێشەی کرێکاران و پرۆلیتاریای جهان تەماشا کردووە، بەڵام خودی بیرکردنەوەکە بۆ ئەوە نەبووە کەدەوڵەتی نەتەوەکان بکات بەمۆدێل، بەقەد ئەوەی نەتەوە سەردەستەکانی وەکو ئیمپریالیزم ناساندووە، ئیمپریالیزمیش وەك بەشێك لەسەرمایەداری، بەو مانایەی کەنەتەوەی سەردەست، نەتەوەی بۆرژوازیە و نەتەوەی ژێر دەستیش پرۆلیتاریایە واتە چینێکی خوارتر لە سەردەستەکان کە ناویان لێنراوە نەتەوەی خواپێداو، ئیدی ئەم ئەلتەرناتیڤە سیاسیە کە پاڵپشتیە لەگەلانی ستەملێکراو، بەشێك بووە لەدژایەتیکردنی سیستمی سەرمایەداری ئەوکات و ئێستاشی لەگەڵدابێت، بزوتنەوە سیاسیە نەتەوەییەکان کەڵك لەم بیرۆکەیە وەردەگرن.
« لینین چەمکی ئیمپریالیزمی خستە نێو شیکردنەوەیەکی مارکسیانەوە بۆ پەرەسەندنی سەرمایەداری و ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە چەوساندنەوەی ناوچەکانی کەنار ڕەهەندێکی گرینگە بۆ پەرەسەندنی سەرمایەداری و زیاترە لەوەش کە قۆناغێکی تێپەڕبێت، ئەو وای دەبینێ سەرمایەداری پێویستی بە هەناردەکردنی سەرمایە هەیە بۆ ناوچە کەنارییەکان، هەروەها پێویستیشی بە دەستبەسەرداگرتنی کەرەستە خاوەکان و بازاڕەکانی ناوچە کەنارییەکان هەیە، ئەوەبوو پێشبینی چەند جەنگێکی ئیمپریالیانەی کردبوو کە سەرلەنوێ دابەشکردنێکی ناوچەکانی کەناری لێبکەوێتەوە، لەلایەن هێزە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکانەوە، لینین پێشبینی پاشەکشەی ناوەندە ڕەسەنەکانی پەرەسەندنی سەرمایەداری کردبوو لە ئەوروپا» (٤٩).
(ڕۆزا لۆکسمبۆرگ) کەلەسەردەمی لینین ژیاوە، تائەوکاتیش کەلەساڵی ١٩١٩ لەلایەن ئەفسەرەکانی ئاڵمانەوە شەهید

کرا هەر لەژێر کاریگەری فکری لینین بوو سەبارەت بەمافی نەتەوەکان، بەڵام جیاوازیان بیرکردنەوەیان هەبووە وەکو لینین خۆی لەناوەڕۆکی بەرنامەی حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست دیموکراسی روسی، دەڵێ « ناوەڕۆکی هەڵەکەی رۆزا لەوێوەیە کە لەپێگەکانی وڵاتانی زۆرلێکراوەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە لە بیروڕا چەوتەکانی نەتەوەدا لایدابوو » ئەوکات لینین لەو بارودۆخەدا مەسەلەی نەتەوایەتی خستبووە روو، بزووتنەوەی دیموکراتیانی تێکۆشانی جوتیاران گەشەی دەکرد، لینین لەساڵی ١٩١٨ لەکۆنگرەی پێنجەم ئاماژەی بەوەدا کە نەیتوانیوە مەسەلەی فیللەندا چارەسەر نەکات، کە (فیسنخافود) سەرۆکی بوو، هەر ئەوەی کە گوتوویەتی، لەسەرمان بوو دیموکراتیەت نەگۆڕین و مافی گەلان دەستەبەر بکەین، لەگەڵ فیسنخافود سەرۆکی وەفدی پارلەمانی فللەندا دەستمان لەنێو دەستی یەکترنا، هەریەك لەئێمەش بیرمان لەوە دەکردەوە ئاخۆ کاممان پێش ئەوی تر لەسێدارە دەدات، چونکە پیاوێکی کۆنەپەرست بوو، بەڵام توانیمان گەورەترین چەمکی پڕوپاگەندە لەدەستی وەرگرینەوە کە دەیویست لەدژی ئێمە بەکاری بهێنێت، ئەوەبوو هەر لەو ساڵەدا ئەنجومەن کرێکاران و سوپای سووور دامەزرا، دوای ئەوەش لەئاسیای ناوەڕاست کۆماری تورکستانی سۆڤیەتی پێکهات» . (٥٠).

ئەمانە بەشێك بونە لەئەو هەوڵانەی لینین بۆ دانپێنان بەکێشەی گەلان، ئەلێرەوە لەدوای بانگەوازەکەی لینین بۆ بڕیاردان لەسەر لەسەر مافی نەتەوە لەلایەن خۆیانەوە، وەکو پرنسیپێکی سیاسی و مەبدەئی، بوو بە مۆدێلێکی فکری سیاسی و زۆربەی نەتەوە ژێر دەستەکان لەدژی سەردەستەکان لەژێر هەمان عیناوان شۆڕشیان کرد و بەشی زۆریان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، ئەم شانازییە فکری و سیاسیە تائەو رادەیە وەرگیرا کە چووە نێو میتۆدی خوێندنی زانکۆکان و مێژووەوە.

ئەگەرچی لینین لەبارەی نەتەوەوە بیروڕای ئەوەبوو کە دەبێت هەموو نەتەوەکان وەکو یەك بژین و کێشەی نەتەوە نەمێنێت و خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە بە دەستکردی بۆرژوازی دەزانی و دەڵێ « ئەورووپای رۆژئاوا ئەم جیاوازیەی لە ماوەی سەدەی رابردوودا دۆزیەوە، ئەورووپای رۆژهەڵاتی و ئاسیاش تێکەڵ بە بەڵێن شۆڕشی بۆرژوازی نەبوو کە لە ساڵی ١٩٠٥ روسیا و ئێران و تورکیا و چین و میسر و باڵقان و هتد لەو تێکەڵەیەدا نەبوون، کوێریش بەتەنها ئەو زنجیرە روداوە نابینێت کە لەلایەن تایەفە و بزووتنەوە نەتەوەییە بۆرژوازیە دیموکراتیەکان هەبوو، لادان بەلای سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەربەخۆ و یەکگرتووش لەلایەکی ترەوە بوەستێت، بۆیە ئیدیۆلۆژیای نەتەوەیی یەکێك بوو لە بەرژەوەندیەکانی بۆرژوازیەت کە بەشێوەی ئاشکرا لە مێژوودا دیارە، سابا ئەمە لە ئەورووپای سەرمایەداری بێت کە بەرهەمی موهیمە نەتەوەییەکەی لە کاتێکی دیکەدا، یان لە ئاسیا و ئەوانی تری جیاوازەوە بینیبێت، ئەو بەرژەوەندییەی کە لەسەرەتای سەدەدا گرینگی پێدا» (٥١).. ئەوەی کە ئەم دیدگایە دەسولمێنێت ئەوەیە کە مەسەلەی نەتەوایەتی و کێشە مێژووییەکانی، سەرمایەداری لەچەند گۆشەیەکەوە وەبەرهێنانی پێکەوە دەکرد، ئەوەبوو کە کێشەکەی بۆ بەرژەوەندی سیاسی و مادی بوو لەگەڵ ئەو وڵاتانەی لەمپەڕ بوون لەبەردەم سەرمایەداری ئامریکا، بۆیە کردبوونی بە گرێیەکی دەروونی سیاسی و سۆزداری و مافی مرۆڤ و هتد، چونکە لەپەنای ئەو بەرگرییەی کە لەنەتەوە دەکرا، هەم فشاریان لەسەر ئەو دەوڵەتانە دروست دەکرد بۆ ئەوەی ملکەچی سیاسەتی هاوچەرخ بن، هەم لەرێگەی کێشەی نەتەوەییەوە قازانج بکەن و عەمبارەکانی چەکیان خاڵی بکەنەوە و کەڵك لەو سامانە وەربگرن کە سەر بە خاکی نەتەوە خاوەن کێشەکانن، وەکو ئەوەی نەتەوەی کورد هەیبوو.

کێشەیەکی دیکەی گەلان ئەو قەیرانە ماتریالییە سەرمایەیە بوو کە سەرمایەداری لە سەدەی ١٩ تاکو نیوەی یەکەمی سەدەی ٢٠ دەچاری بوو لەڕووی سیاسیەوە، ئەویش « پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی سەرمایە و بەتایبەتیش ئاڵمان کە وایکرد بەشێك لە ئەشرافەکان عەقلانی بن لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی بۆرژوازی، ئەو ئەشرافانە بوونە نەك جوتیارەکان، ئەوان بوون کە بوون بە هاوپەیمانی سروشتی بۆرژوازی، چونکە شۆڕشی کشتوکاڵی قورستر بوو کۆنترۆڵی بکات، بۆیە تەنها هەڕەشە بۆ بۆ سەر موڵکیەتی تایبەتی دەرەبەگایەتی، ئەمەش گەشەسەندنی موڵکیەتی بۆرژوازی بوو، هەروەها سیاسەتێك بوو لەنێوان پارلەمان و پاشایەتی، ئەمە ئەو نموونەیەیە کە لە تیۆرەکەی کامبهاوزن دا هاتووە، ئەوەیە کە باسی چاکسازی کشتوکاڵی و رزگارکردنی جوتیار و قەرەبوو کردنەوەی دەربەگەکانی دەکرد بەرامبەر قەرەبوویەك بەپارە، ئەمە یەکێك بوو لە هۆکارانەی کە بۆرژوازیەت لەوکاتەدا بە خزمەتی خۆی کاری پێکرد» .(٥٢).

راستییەکەی سەرکەوتنی ئەم جۆرە تیۆرە لەو سەردەمەدا لەوەدابوو کە کەسانی وەکو مارکس دژایەتی ئەو جۆرە چاکسازییەیان دەکرد دژی جوتیار و پرۆلیتاریا کە کێشەی نەتەوەی پەراوێز خستبوو بەهۆی هەلپەرستی جوتیارەکانەوە کە رێگر بوون لە بەرزکردنەوەی کێشەی نەتەوەیی لەو وڵاتانەی کێشەی ناسیونالیزمیان هەبوو. هەڵبەت بەشێکی ئەو ترسەی کە جوتیار لە شۆڕشی ناسیۆنالیستی هەیەتی، ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم دەرکەوتەیەکی سیستمی سەرمایەدارییە و ئەم سیستمەش کشتوکاڵ بە سەنعەتی دەکات و بەرهەم لەژێر کۆنترۆڵی جوتیارێك دەردەهێنێت و پێشکەوتنی کشتوکاڵ لەسەنعەت و سەرمایەدا کۆدەکاتەوە وەکو بوونی کەرتی تایبەت بۆ بەرهەمهێنان، نەك ئیکتیفا کردن بە بەجوگرافیایەکی دیاریکراو و ویستێکی دیاریکراو وەکو ئەوەی شۆڕش پشتگوێ

بخات، یان لانیکەم مەسەلەی نەتەوایەتی دوابخات بۆ کاتێکی نادیار لەپێناو خزمەتی خۆیدا، هۆکارەکەی دیکەی ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم خاك و زەوی لەخزمەت نەتەوەیەك دەبینێ نەك تاکێك، ئەمە مەترسی بۆ سەر وەرزێر یان جوتیار دروست دەکات، بۆیە بەسەرکەوتنی ئەو ئەم توێژە لەسەدەی رابردوودا مەسەلەی ناسیۆنالیزمی تائەو جێگەیە وەرگرتبوو کە خزمەت بە مانەوەی خۆی دەکات نەك دژایەتیکردنی دەرەبەگ وەکو شۆڕشێك.
ئەوەی کە مێژوو یان لەڵگەنامە نهێنیەکانی بەریتانیا دیکۆمێنت کراوە، شێخ مەحمودی نەمر لە ساڵی ١٩٣٤ زۆر هەوڵیداوە لەرێگەی نامەیەکەوە بۆ لینینی ناردووە کە باس لەنەهامەتی کورد دەکات و داوای لێدەکات هاوکاری بن بۆ پاڵپشتیکردنی دەوڵەتەکەی، بەڵام وەکو بەپێچەوانەی ئەو تیۆرەی کە خودی لینین بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوە، یان لانیکەم پشتگیری کردنی ئەو نەتەوە ژێردەستانە، وەکو گوتراوە هیچ وەڵامێکی ئەرێنی لەلایەن لینین نەبووە بۆ شێخ مەحمود، ئیدی لەلایەن بەریتانیەکانەوە شێخ مەحمود رەوانەی هیندستان دەکەن و لە عێراقی دووری دەخەنەوە، ئەمە وەکو رەخنەیەك لە یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکات گیراوە و بەردەوام دووبارە دەبێتەوە کە چۆن دەبێ لینین لەبارەی نەتەوە ژێردەستەکانەوە باسی مافی چارەنووسی گەلان دەکات، کەچی بەهانای کوردەوە نایات کە لەژێر ستەمی ئینگلیز و حوکمڕانەکانی دیکە بووە، بەڵام دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێ کە خودی شێخ مەحمود لەشوێنی خۆی کەناوچەی بازیان بووە، ئەوەندەی وەکو شێخێك و وەکو موڵکدارێك و خاوەن زەوی و کشتوکاڵ و ستەمکاری وەرزێرەکان ناسراوە، ئەوەندە وەکو پادشایەك و وەکو پیاوی شۆڕش خۆی نمایش نەکردووە، باشترین سەلمێنەریش گەواهی ئەو کەسانەیە کە لەسەردەمی ئەودا ژیاون یان لانیکەم چیرۆکی ئەو سەردەمەیان

بیستووە لەسەر زاری کەسانی دیکەوە، بۆیە بەشێك لە ئاغا و پیاوانی دیکەی وەرزێر نەکەوتنە ژێر کاریگەری شێخ مەحمود و پیاوەکانی، سابا بەهەر بیانوویەك بێت لەو بیانووانەی کە بۆ موڵکیەت هەیە.

## نەتەوە و نێونەتەوەیی

نەتەوە کە بریتییە لە خاڵی هاوبەشی کۆمەڵێك خەڵك لە بارەی زمان و کولتور و جوگرافی و شێوەژیان و رەگ و ریشە مێژووییەکانەوە، بەڵام لەرووی تیۆری و رەگوڕیشەوە «زاراوەی نەتەوە دیاردەیەکی مێژووی سیاسییە زیاتر، نەتەوە یەکینەیەکی گەورەی سیاسیە کە لەنێوان کولتوور و هۆشیارییەکی هاوبەشدا گرێبەستێك سازدەکات، پێناسەیەکی تری ئەم زاراوەیە بریتییە لە کۆمەڵگەیەکی هاوڕەگەز کە خاوەنی پێشینەیەکی مێژوویی یەکسان و بەرژەوەندییەکی هاوبەش و زمانێکی یەکگرتوو بێت» .(٥٣).

جیاوازی لە نێوان داب و نەریت و هەمە چەشنی لە کولتووری جیاواز لە کۆمەڵگەیەکی فرەییدا، رێگە لە گروپ بەندی و ململانێی نا پەسەند و ناجۆر دەگرێت، بەڵام وەختێك ئەم بابەتە بوو بە هەوڵی بە قەوارەبوونی وەکو نەتەوە و فراوان بووەوە، ئەو کاتە شوناسێکی دیکەی لە شێوەی نەتەوە وەردەگرێت، بۆیە «هەستی نەتەوەیی هەقیقەتێکە نکوڵی لێناکرێت، هاوکات پێویستە دەزگاکانیش بە هێند وەریبگرن، ئەگەر نکوڵی لێکرا، ئەوا بەهێزتر دەبێت و دەبێتە سەرچاوەی تێکۆشانی درێژ، ئەوکاتە هێورکردنەوەی مەحاڵە، مەگەر ئەوەی وازی لێبهێنرێت ئازادانە مامەڵە بکات تا ئەو کاتەی مەترسی هێرشکردنی لێناکرێت، بەڵام هەستی نەتەوەیی خۆی لە خۆیدا باش و پەسەند نییە، سنووردارکردنیشی هاوسۆزی مرۆیی کارێکی ناعەقلانی و

خراپە، چونکە ئەم سنووردارکردنە دەبێت بە هۆی دروستبوونی دووبەرەکی لە نێوان مرۆڤەکاندا». .(٥٤).

دەتوانین بڵێین نەتەوە جێگەی دەبێتەوە لەنێو بیری نێونەتەوەیی، ئەم تێگەیشتنە لەو تێرمە لەوێوەیە کە نەتەوە کەتاك بووەوە دەبێتە هۆی ناسیونالیزم، بەپێچەوانەوە ئەگەر پێکەوە بوون و بوون بەگشتێکی یەك واتە یەکێتی نەتەوەکان دروست بوو، ئەوکات دەبینین نەتەوە جێگەی دەبێتەوە لەم بیرۆکەیە، ئەم چوارچێوە فکرییە ئەگەرچی دژکاری هەیە لەگەڵ تیۆرەکەی مارکس بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوەکان، هەروەها دەوڵەتیش وەکو قەوارەیەك بۆ پیرۆزکردن و پاراستنی شوناسی نەتەوە و دوورخستنەوەی لە ململانێی نەتەوەیی، زانستێکی نوێ نەهات بۆ چارەسەرکردنێکی واقیعی نەتەوەکان جگە لە بیری نێونەتەوەیی، تیۆری توانەوەی بەردەوام کە سیاسەت بۆ دەوڵەتی دیارکردووە، هەروەها وەزیفەیەکی شکڵی داوە بە دەزگا سیاسیەکان، ئەمە لە ئەدەبیاتی تایبەتی دەوڵەت نە سنووری بۆ دیاریکراوە و نە راگەیانراوە، بۆیە وەزعی سیاسەتی نەتەوەیی لەشوێنێکدا وەها تێکەڵکێشی شۆڕشە نێونەتەوەییەکان کردووە کە نەتوانین کەموکوڕی تێدا ببینینەوە، هەروەك ئەوەی کە بەو عینوانە شۆڕش لەپێناو نەتەوەی ژێردەست دەکرێت و سۆزی سیاسیش بەلای خۆیدا رادەکێشێ، ئەمە زەرورەتی ئەو جەوهەرەیە کە بیری نێونەتەوەیی دەپارێزێ و لەتێگەیشتنێکی ئینسانیدا کۆی دەکاتەوە، سەرباری ئەوەش کە خزاندوویەتیە نێو نەتەوەکانی دیکەی خاوەنداری کەسایەتی و شوناس و بێ کێشە لەچوارچێوەی دەستوور کە وەکو ئەوەی لە سوید یان رۆژئاوا هەیە، یان خاوەن دەوەڵەتن و لەگەڵ بۆرژوازیدا کۆکن پێکەوەبژین، ژیانێکی مۆدێرنیان خولقاندووە کە نزیك نەبنەوە لەتێکدانی بارودۆخەکە لەژێر عینوانی نەتەوەی بێماف و بەناوی نێونەتەوەییەوە بچنە ململانێوە.

«راگرتنی مەنزومەکەی هیگڵ لەلایەن مارکسەوە ئەوەی کە پێشکەشی کرد، بە زنجیرەیەك هۆکاربوو، هۆکاری یەکەم ئەوەبوو کە بۆرژوازی سەرکردایەتی دەکرد و دەیکرد بە بازاڕێکی سیاسی کە نەتەوە دەبێت ببێت بە دەوڵەت، ئەمەش گرێدراوی بەهای پەیوەندیە هۆکارییەکانە کە تاك لایەنەیە و لەنێوان بۆرژوازی و نەتەوەدا پشتگوێ خرا، ناڕەزایەتی ئێمە کە پشتگوێ خستنی ئەو تیۆرە بوو کە رەنگبێت وەکو واقیعێك ئاراستەیەکی پێچەوانە وەربگرێت، بەوپێیەی کە وەڵامی نەتەوە بۆ دەوڵەت بۆ پەیوەندیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانە کە دەکەوێتە بوارێکەوە کە پێش خۆیەتی، هەروەها ئینکاریکردنی هەر جۆرە سەربەخۆییەکی رێژەیی لەنێو نەتەوەکانی دیکەی پەنا خۆی، ئەمەش کارێك دەکات کە نەتەوە بەرەو دەوڵەت بڕوات لەنێو کۆمەڵگەی بۆرژوازی کە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووە دەمرێت، یان دەتوێتەوە لەنێو سیستمی بۆرژوازی». (٥٥).

مارکسیەت نەك خودی مارکس وەکو فکرێکی سەربەخۆ، ئەوان واتە مارکسیەکان پێیانوایە نەتەوە وەکو سەرەنجامێکی ئۆتۆماتیکی کە تەجاوزی نێونەتەوەییە بەرەو نەهێشتنی کۆمەڵگەی چینایەتی دەچێت کە ئەمە رەفتارێکی مێژوویی دیارە، چونکە گەڕانەوەی بونیاتنانی سەرخانی نەتەوە، لەشوێنێکدا مافە و لەشوێنێکی دیکەدا تێکدانی کۆمەڵگەیە کە لەژێر دروشمی نوێدا پێکەوەدەژین، بەپێچەوانەوە کە تیۆرە کۆنەکە برەوی پێدرا، کەواتە بیرۆکەکە بەشێکی بۆ هێشتنەوەی بەهای موڵکیەتی تایبەتە کە بەشێك لەنەتەوەخوازەکان گرەوی لەسەر دەکەن، بەشەکەی دیکەی وەکو شێوەیەك لە شۆڕشی بنەماڵەیە و نابەرابەری تەماشای دەکەن، لەهەردوو حاڵەتدا هەردوو تێگەیشتنەکە نەتەوەکانیان ئیستغلال کردووە بۆ سیاسەتێك کە ململانێی نێودەوڵەتی بەرهەمی هێناوە.

ئەم چەمکە واتە نێونەتەوەیی، لەلایەکەوە کۆمەکی بە

ناسیونالیزم کردووە، لەلایەکی ترەوە گورزێکی کوشندەی لەو نەتەوانە داوە کە ستەمیانلێکراوە و تا ئێستاش کێشەکەیان لەئاستی نێودەوڵەتیدا بەهەڵواسراوی ماوەتەوەو بووە بە بازاڕێکی بەنرخ بۆ سەرمایەداری، هەروەك چۆن جگە لە کورد، کێشەی فەڵەستین و ئەمازیغ لە بیابانی رۆژئاوایی ماوە و مەسەلەی کەتەلۆنیا و کشمیر و قرم و تەنگی تارق لەنێوان ئیسپانیا و مەغریب و بەشەێك لە ئامریکای لاتین هێشتا مەحفەلی نێونەتەوەیی و نەتەوە یەکگرتووەکان جورئەت ناکەن باسی بکەن.

## ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی

لە رۆژئاوا کە ناسیونالیزم بوو بە تێزی فکری، ئیدی بۆ نەتەوەخوازە بێ دەوڵەتەکان دوو مۆدێل پەیدا بوو، مۆدێلی یەکەم ئیتنۆ کولتووری و مۆدێلی دووەم دەوڵەتی بوو، نەتەوەی سیاسی کە پێدەچێ بەرهەمی هاوکێشەی سیاسی بێت، وەکو ئەو نەتەوانەی کە بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ دەوڵەتی سەنتەریدا بوونە، ئێستا بە ئاراستەی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەژێر عینوانی دەوڵەت تەڵەبیدا داوای ماف دەکەن، ئەوانەن کە گەمەی سیاسی دەکەن، ئەوانەشن کە بەدرێژایی مێژوو بوون بە کەرەستەیەك بۆ فراوان بوونی ستراتیژیی ئابوری و سیاسی و یەکلایی کردنەوەی ململانێی نێودەوڵەتی و گەشەی سەرمایەداری پۆست مۆدێرنیزم.
ئێمە لێرەدا بەهەموو پێودانگەکانی ئەم زاراوەیەوە باس لەدوو مۆدێلی نەتەوە دەکەین کە ناسیۆنالیستیانە شۆڕشی چەکداری یان سیاسی یان رۆشنبیری و فەرهەنگی دەکەن، مۆدیلی یەکەم نەتەوەی سیاسی پێشتر و لەبەشەکانی پێشتر بەدرێژیی باسمان لێوەکرد و بیانوو و پاساوی ماتریالیمان بەدەستەوە داوە، بۆئەم

مۆدێلەش کە نەتەوەی کولتوورییە، وەکو مۆدێلی دووەم کەئەو نەتەوانە دەگرێتەوە کولتووریان هەیە و بەدەنگی بەرز دەوڵەت مەتڵەب نین، ئەو مۆدێلەیە کە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی نێو قەوارەکە حەزی بەدەوڵەت بوونیان لەسەر مەرجێکە کە بەمیراتی کولتوور و زمانەوە لەسەر خاکێك دەژین، « لە حاڵەتی نەتەوەی کولتووریدا دەشێت حەزکردن بە دەوڵەتی هاوبەش هەبێت، بەڵام یەکبوونی سیاسی لەم چەمکەی نەتەوەدا مەرج نییە، یەکبوون لەمیراتی کولتوور و زمان، لەپەیوەست بوون بۆ خاك و نیشتیمانی هاوبەشدایە، لە ئاین و ئەفسانە و کولتوور و داب و نەریتی مێژوویی دایە، ئەم شێوە یەکبوونە، لای نەتەوە کولتووریەکانە، دەبێت خاڵی دەستپێکی سەربەخۆیی و مەرجی خۆ سەلماندنی سیاسی، لە فۆڕمێکی سادەدا. نەتەوە پێش دەوڵەت دەکەوێت». (٥٦).. .

«ڕێسایەکی گشتیتر کە دەتوانین لە گواستنەوەوە بیگەینێ، ئەوەیە کە داهێنانی ناوەڕۆکێکی نوێ زۆرجار تەنیا لەرێگەی گەڕانەوەیەکی وەهمییەوە دەرخسێت بۆ هەقیقەتێکی سەرەتایی، با بگەڕێینەوە بۆ مەسەلەی پرۆتستانیزم، کە (مارتن لۆسەر) گەورەترین شۆڕشی لە مێژووی مەسیحییەتدا خستەگەڕ لەکاتێکدا پێی وابوو خەریکە بەتەواوەتی هەقیقەتێکی مێژوویی دەردەهێنرێت، کە گەندەڵی کاسۆلیکەکان بۆ چەندین سەدە دایانپۆشیبوو، ئەمە سەبارەت بە زیندووکردنەوەی نەتەوەییش هەر ڕاستە، کاتێك گروپێکی ئەتنی خۆی لە شێوەی دەوڵەتێکینەتەوەییدا دادەمەزرێنێت، زۆرجار ئەم دامەزراندنە وەك گەڕانەوە بۆ ریشەی ئەتنیکە دێرین و لە بیرکراوەکان دەدەنە قەڵەم، ئەوەی کە سەرنجیان ناچێتە سەری، ئەوەیە کە ئەم گەڕانەوەیە دامەزرێنەری خودی ئەو شتەیە کە دەیانەوێت بۆی بگەڕێنەوە، ئەوانە خودی گەڕانەوە بۆ نەریت نەریتێکی تر دادەهێنن، وەك ئەوەی مێژوونوسان دەیزانن، تەنوورە پیاوانە

سکۆتلەندییەکان بە شکڵ و شێوازە ئەمڕۆییەکەی لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا داهێنران». (٥٧).. ئەم تێبینیەی ژیژاك باسی دەکات، جارێکی دیکەیە لە دروست کردنی نەریتێك کە ئەتنیك یان نەتەوەیەك لە ڕێگەی ناسیونالیزمەوە دایدەهێنێت و ئەوی دیکە لە بیری دەکرێت کە لە چ ئایین و ئاینزایەکە و لە چ نەتەوەیەکە و چۆن دەتوانێ لەو داهێنانە نەریتگەراییە بەشداربێت یان قبوڵی بێت و بوونی خۆشی ببینێ، لەراستیدا ئەمەیە کێشەی نەتەوە بێ خاك و بێ دەوڵەتەکان کە درەنگ هاتوون و دەیانهەوێ زوو بگەن بەو شەمەندەفێرەی بەجێی هێشتوون و دەیانەوێ پەلە بکەن و لەسەر حیسابی ئاین و نەتەوەکانی تر بگەن بە وێستگەیەکی نوێ.

(گاتەگۆری) واتە چینێکی تایبەت کە بزووێنەری خەڵکن، لەکۆمەڵگە فرە ئیتنیکیەکان شێوازی جۆراوجۆریان هەیە، چونکە پێکهاتەیەکن خاوەنی زیاتر لە کولتوورێك و زمانێك کە بەکۆمەڵ رازین پێکەوە بژین، « یەکەم شێواز کە ڕەنگە سەرەتاییترین قۆناغی مێژووی تۆمارکراو بێت، بریتییە لە (گاتەگۆری ئیتنی) دانیشتوانێك کە خاوەنی ناوێکی بە کۆمەڵن و لەیەکێك یان زیاتری پێکهێنەرە کولتوورییەکاندا هاوبەشن، ئەوانیش بریتین لەزمان و نەریت کە لە خەڵکی تر جیایان دەکاتەوە و لەو بڕوایەدان یان لە دیدی خەڵکی ترەوە پەیوەستی خاکێکی دیاریکراون، هەچەندە ئەمە لەوانەیە ناجێگیر و لەگۆڕاندا بێت، ئەم گاتەگۆرییانە لە دەرەوە وەك (ئیتنی) دەبینرێن». (٥٨).. ئەم گاتگۆرییە لەنێو هەموو نەتەوەکاندا هەبووە و هەیە، ئێستاش بەتایبەتی لەنێو نەتەوە ژێر دەستەکان گروپێك هەم بزووێنەری خەڵکن بە ئاراستەی سیاسەتێك کە خۆیان گەرەکیانە و بەبەرژەوەندی خۆیان تەواو دەبێت، هەروەها وەهاش دەریدەخەن کە ئەوان بەرژەوەندی گشتیان لەلا مەبەستە لەحاڵێکدا پێچەوانەکەی ڕاستە، چونکە بەکارهێنانی کۆمەڵگە بەناوی ناسیونالیزم و هەر

چەمكێكی دیكە، بەرلەوەی بۆ خزمەت و بەرژەوەندی گشت بێت، بۆ بەرژەوەندی ئەو گاتەگۆرییە دەبێت.
گەڕان بەشوێن جوگرافیادا وەكو موڵكی نەتەوە، لەلای ئەو نەتەوانە بۆتە گرێكوێرەی سایكۆلۆژی كە دەوڵەتیان نییە و وەكو نەتەوەی دووهەم مامەڵەی هاولاتیان لەگەڵ دەكرێت و ئەوانیش بەو هۆیەوە داواكاریی ڕەوایان هەیە، هەر بەهۆی هەڵگرتنی ئەو شوناسەی هەیانە بەناوی ولات یان نەتەوەیەكی دیكەوەیە، یان لەژێر عینوانێكی دیكەی سیاسیە، یەكێك لەو هۆكارانەیە كە نەتەوەی ستەمدیدە دەكات بە خاوەن تەڵەبی دەوڵەت، بەشێكی دیكە مەسەلەی جیاوازی زمان و كولتوورە كە ئەمە مۆدێلی یەكەمە و پێشتریش لە ڕۆژئاوا ئەم كێشەیە و گرێكوێرەیە لە مەجەڕستان (هەنگاریا) درێژەی كێشا. هەڵبەت ئەم داواكارییە تەنها بۆ پاراستن نییە لە شوناس و خود، بەڵكو لەگەڵ سەرهەڵدانی مۆدێرنیزمەوە بوو بە مۆدێل، بەلام دەبێت ئەوەش بگوترێت كە بەبێ هەلومەرجی سیاسی و گونجاو ئەم جۆرە نەتەوەخوازییە سەرهەڵنادات، چونكە ناوەڕۆك و ئامانج ناپێكێت ئەگەر پرۆسەكە زەمینە بۆ مەسەلەی ئیلیتیك، واتە كەسایەتی نەتەوەكە خۆش نەكات و نەبێتە كارتێكی بەهێز بۆ دروستكردن و زیندووكردنەوەی بوونی نەتەوەیی لە سەربەخۆیی جوگرافیادا.
هەڵبەت لەلای ئەو نەتەوانەش كە تەنها گرفتی كولتووری و زمانیان هەیە، وەختێكە كە هەست بە ستەمی كەمینەیی دەكەن بەتایبەت لەڕێگەی گوتاری زاڵی ئایینی و نەتەوەییەوە، وەكو كلدو ئاشورییەكانی كوردستان، ئەمە بەشێكی سەنعەتی سەرمایەداری هاوچەرخە كە خەریكە پارچە پارچەكردنە لە ڕووی جوگرافیەوە كە لەیەك پارچەیی و یەكبوونی گشتەوە كەڵك وەرناگرێت، بەتایبەتی كە كار گەیشتە ڕەسەنایەتی و بنەچە و مێژوو و موڵكداری بۆ نەتەوە و كولتوورێكی كۆنتر

لەوەی دیکە، هەروەك ئەوەی لە کەنەدا هەمان نموونە دوبارە دەبێتەوە و لە ئێرلاندا و لە ئێرانیش کە لەنێو هەموو نەتەوە و کولتووورە جیاوازەکانی دیکە کە هاوبەشن لە مێژوی دروستکردن و پاراستنی وڵاتەکە، کەچی تەنها ناوی نەتەوەی فارس لەبەرچاوە و بەو پێناسەیە شوناسی وەرگرتووە، ئەمە دیسان لە لوبنانیش هەیە کە مارۆنی و دروز هەیە، کەچی بەناوی دەوڵەتی عەرەبی شوناسی وەرگرتووە، دیسان لە مەغریب و جەزائیر و تونس کە ئەمازیغی هەن، مەبەستم هەمان وەزعیەتی نەتەوەیی و سیاسی هەیە کە بەربەر و ئەمازیغی وەکو نەتەوەی رەسەن هەن، کەچی عینوانی دەوڵەت بە شوناسی عەرەبی هاتووە کە ئەمە ناهەقییە، لێرەدات بۆ چاودێری سیاسی و لێکۆلەری سیاسی و کۆمەڵناسی دەردەکەوێ کە دژە ناسیونالیزم و ناسیونالیزم چۆن پێکەوە دەبن و لەهەمان کاتیشدا ململانێی یەکتر دەکەن.

## چەمکە فکریەکان و نەتەوەی ژێردەست

زۆربەی ئەو نەتەوانەی کەبەدرێژایی مێژوو، ژێردەستەی سیستمە تۆتالیتارەکان بوون یان لەئەنجامی جەنگە جهانیەکانەوە چەپێنراون سەرمایەی سەربەخۆیان نەبووە، بۆیە نەبونەتە خاوەن چەمکو سەرخانی فکری خۆیان، چونکە خاوەن ژێرخانی ئابووری خۆیان نەبوونەو ئیمپریالیزمی جهانی کەڵکی لێوەرگرتووە، زۆر بەدەگمەن کۆمەڵگەیەکی وەك هیندی وچینی توانیویانە کولتووری خۆیان بپارێزن، هەروەك ئەوەی بیرمەندێکی وەك گاندی کەسێکی وەك کۆنفۆشیۆسو بودایان هەیە، یان دەوڵەت و کۆمەڵگەیەکی وەك ئێران ماوەتەوە وەك خۆیو هەندێ چەمکی بەرهەمهێناوە کە لەسەهرەوەردی و شیرازیدا کۆدەکرێتەوە، یان ئەوەی گرنگیان داوە بەسیستمی سیاسی و فەرهەنگی خۆیان، بەڵام قەوارەیەکی نەتەوەیی و

جوگرافیایەکی وەك کوردستان کە یەکێك لەو رووبەرە ئابڵۆقە دراوانەیە لەچوارچێوەی چەند دەوڵەت و سیستم و زمانێکی جیاواز لەزمانی خۆی، ئەویش هەرێمێکە بەکۆشش و خەبات بەدەست هاتووە، نەك لەئەنجامی جەنگی جهانی کە پاڵپشتی کرابێت لەلایەن دەوڵەتێکی زلهێزەوە، بۆیە نەیتوانیوە مێژووی کولتوری خۆی بنووسێتەوە و بچێتە نێو مێژووەوە وەك هەر کۆمەڵگەیەکی تر، بەو مانایەی ئەگەر ئەوەی ئێستاش پاڵپشتی دەکرێت لەلایەن هێزە نێودەوڵەتیەکانەوە، ئەوا بەقەد ئەو کاتە هێزی نیە کە جەنگە جهانیەکان دەوڵەتانی وەك نیشتیمانی عەرەبیان دروست کرد، بەپێچەوانەوە کوردیان پشت گوێ خست.

**سیستم:** بەو یاسا و رێسا دەوڵەتییە دەگوترێت کە بۆ قەوارەیەك و بۆ دەوڵەتێك بەپێی دەستوور و کولتوور و ئاینی سەرەکی دەوڵەتەکە دانرابێت، لەهەندێك شوێنیشدا سیستم واتە نەزمێکی کارکردن بەپێی مەرجە بنەڕەتییەکان، بەڵام لەڕووی ئەخلاقی سیاسیەوە رێزگرتن و پەیوەست بوونە لەو ئێتلیزاماتەی کە لە دەستووردا دانراوە بەپێی ئەرك و ماف بۆ هاوڵاتیان، پاشان ئەم سیستمە رۆدەچێتە نێو ژیانی سیاسی و کارگێڕی و بۆ نێو فەرهەنگ و تەواوی کایەکان.

**ناسیونالیزم:** پێشتر لەبەشەکانی دیکەدا باسمان کردووە و پێناسەمان کردووە کە بریتییە لە نەتەوەخوازی و کارکردن بۆ بەرزراگرتنی بەهای نەتەوە حیزبیەت لەهەموو کایەکاندا و بەتایبەتی فەرهەنگ و کولتوور و سیاسەت بەرامبەر بە ئەویتر تا رادەیی نەگەیشتن بە راسیزم و شۆڤێنیەت، چونکە ناسیونالیزم کارکردنە بۆ کۆکردنەوەی نەتەوە هەر لەباری مێژووەوە تاکو دەگاتە پەروەردە و راگرتنی ئەمنیەتی نەتەوەیی.

**پارلەمانتاریزم:** سیستمێکە بۆ هەر دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسی، بەواتای ئەو دەسەڵاتە دێت کە پارلەمان مەرجەعی

سەرەکی یە بۆ بڕیاردان لەهەر چارەنووسێکی سیاسی بۆ دەوڵەت، بەبێ ئەوەی قبوڵ بکات ئەو سەرۆکایەتییە لاگیری بکات بۆ هەر حیزبێکی سەرکەوتوو و خاوەن دەنگی زۆرینە و پەراوێزخستنی کەمینەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و هتد نێو پارلەمان، لەروویەکی تریشەوە پارلەمانتاریزم، ئەو مانایەی هەیە کە نەتەوە یان قەوارە سیاسیەکە بڕوای تەواوی بەوە هەبێت کە هەر چوار ساڵێك هەڵبژاردن بکرێت و خەڵك رابێت لەسەر ئەوەی دەسەڵاتە باڵاکەی پارلەمان و دەزگاکەش بزانێ کە نوێنەری خەڵکە و بڕیار لەبەرژەوەندی چینە باڵاکانی سیاسیەت و ئابوری نەدەن و هەژار و هاوڵاتی پشتگوێ نەخەن.

**دیموکراسی:** ئەم چەمکەیە کە پێش ٣٥٠ ساڵ بەر لەمەسیح پێغەمبەری کریستیانی لەیۆنانی کۆن بەرهەمهاتووە، دواتر دوو قۆناغی دیکەی بڕیوە و هەر نەگەیشتووە بە پێناسە رەسەنەکەی خۆی، قۆناغی یەکەم سەرمایەداری بوو کە بوو بە سیستمی سیاسی و پارلەمانتاری حیزبی و خاوەن دەسەڵاتەکانی بەرهەمهێنا، قۆناغی دوای ئەوە کە هەزارەی سێهەم هات قۆناغێکی تر بوو کە بووە سیستمی ئابوری و هاوکێشە سیاسیەکانی باڵانس کرد و شەرعیەتی بە داگیرکاری نوێدا کە هەر دەوڵەتێك گەرەکیان بێت سامانەکەی بخەنە خزمەت خۆیانەوە، بەڵام هەرگیز چەمکەکە نەبوو بە خاوەنی پێناسە راستەقینەکەی خۆی کە دەسەڵاتی خەڵکە.

**حیزبیەت:** ئەو چەمکەیە کە بەرهەمهاتووی سەرمایەداری مۆدێرنە و مانای رزگار کردنی تاك بووە لە عەشیرەت و بنەماڵە و خێڵ و بەرهەمهێنانی ئازادییەك بۆ هەموو تاك و بۆ کۆمەڵگەش، حیزبیەت ئەو بەهاغیەی هیچنایەوە نێو کۆمەڵگە کە خەڵك بیر لە فکر بکاتەوە چونکە فکر حیزب فەزای کۆمەڵایەتیش دروست دەکات، نەك ئەوەی حیزب فکر دروست بکات، ئەمە تێگەیشتنێکی نوێیە بۆ حیزبیەت، وەکو ئەوەی کە چەمکەکانی

دیکەش نوێن بۆ کورد، چونکە بەرهەمهاتووی کولتووری کوردی نین و ئاشنا نین نەك بە تێگەیشتنەکە، بەڵکو ناتوانن پراکتیکیشی بکەن، هەروەك ئەوەی کە دەبینین لەنێو فەزای سیاسیدا چۆن شکستیان هێناوە.

هەڵبەت جگە لەم چەمکانە چەندین چەمکی دیکەی سیاسی هاتۆتە نێو دونیای فەرهەنگی سیاسی کوردییەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی لە رەگوڕیشەوە شارەزایی هەبێت خۆی پراکتیك دەکات بەپێی چەمکەکە، باشترین نمونەش چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیایە کە هەردوو کایەکە نزیکن لەیەکتر، بەڵام گورزێکی کوشندەیان لە کورد داوە و ریگەیان نەداوە هۆشیاری بەدەست بهێنێ، بۆیە لێرەوە تێدەگەین کە کورد کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە هۆشیاری سیاسی و فەرهەنگیشی نییە، بۆیە کە فکرێك دێت بەبێ ئەوەی خوێندنەوەی بۆ بکات لەبارەی ئەوەی ئایا بەکەڵکی ئەوەدێت لەگەڵ فەرهەنگەکەی بگونجێت، خێرا کاری پێدەکات و دواتریش شکست دەهێنێت.

بۆیە کورد تازە دارەدارەی مومارسەکردنی فەرهەنگ و ئەزمونی دیموکراسیەتی راستەقینە دەکات و خەریکە دەچێتە نێو هاوکێشەی سیاسیەوە، ئەگەر نا تاڕادەیەکی زۆر لەدونیادا نەوەك فەرهەنگی نەتەوەیی و نە وەك قەوارەیەك کە زمانی تایبەتی خۆی هەیە نەناسراوە، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر ئەوەی جێگەی نەبێتەوە لەنێو مەحفەلی رۆشنبیری و فکری، تەنها ئەوەنەبی کە لە نێو هاوکیشەی سیاسیدایە لەناوچەکەدا، هەرئەوەی کە هەڵپەی ئەوەدەکات رۆشنبیری خۆی بگەێنیتە دونیا لەبوراەکانی هونەرو سینەماو ئەدەب، بەڵام لەپەراوێزی ئەو چەمکە فکریانەیە کە لەرۆژئاوا مومارەسە کراوەو خەریکە ئەلتەرناتیڤی نوێ دەدۆزرێتەوە، بۆیە لەرووی سۆسیۆلۆژییەوە ئاسان نییە شیتەڵکاری کۆمەڵگەی کوردی بکەین بەپێی ئەو چەمکە فکریانە پراکتیکی لەسەر

بکەین کە لەپێشەکی باسەکەماندا ناویان ریزکراوە، نزیکترین نمونەش ئەوەیە کە سیستمی رەخنەو پرۆژەی رەخنەگرتن لەدونیای رۆشنبیری کوردیدا غیابی هەیە، بۆیە رەخنەگرتن لەسیستمی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی کورد قورسترە لەرەخنە گرتن لەرۆشنبیری کوردی، ئەمە ئەو مەعزەلە گەورەیەیە کە جورئەت و توانایەکی لەرادەبەدەری دەوێ قەناعەت بەکۆمەڵگە بکەین رەخنەگرتنی لەلا ئاسایی ببێتەوە، هەتا ئەو پرۆژەیەش جێگیر نەبێت و لێبوردەیی نەبێتە کولتوور، لەهەموو بوارەکاندا لەجێگەی خۆی دەمێنێتەوەو گەشەو هەڵدانی تەکنۆلۆژی لەشوێنێکی تر بوەستێت، بەڵام ئەگەر بڵێین هەوڵی جدی نییە بۆ ئەم مەبەستەو بەرهەمەێنانی چەمکی فکری و ئاڵوگۆڕی کولتووری، ئەوا غەدرێك دەکەین لەم قەوارەیە، بەڵام هەوڵێکی هەژارانەیە و ناتوانێ ئەو هەموو فرسەخە ببڕێ کە شەمەندەفەری پێشکەوتن جێیهێشتووە.

ئەوەش کەبەشێکی گەورە لەپانتایی سیاسی داگیر دەکات، لەرووی سۆسیۆلۆژیەوە کۆمەڵگەی کوردی لەسەدەکانی پێشووەوە حیزبی وەك ئەلتەرناتیڤی سیاسی وەرگرتووە و مومارەسەی سیاسی پێکردووە، سابا بەهەر ستایلێك بووبێت کە بەشیکی زۆری شۆڕشگێڕی بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی نەتەوەی ژێردەست بووە کەمتر کەڵکی لەو فەزا سیاسیە وەرگرتووە کە لەنێو هاوکیشە سیاسییە نیودەوڵەتیەکان کاری پێکراوە، بۆنمونە گۆڕانی چارەنووسی کورد لەپەیمانی سیڤەرەوە بۆ پەیمانی لۆزان، بەبێ ئەوەی هیچ پاڵپشتێکی نێودەوڵەتی هەبێ، بەپێچەوانەوە کودەتای لەسەر کراوە، بەڵام سەرەنجام دەستبەرداری سیاسەت تاکرەوی نەبووە.

هەژاری دەنگدان و بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردندا لەرووی سۆسیۆلۆژیای سیاسیەوە، هەژاری بیرکردنەوەی خەڵکە لەچۆنیەتی و چەندایەتی هەڵبژاردنی حیزب و لیستەکان، ئەو

پاساوەش بیانوویەکی یاسایی نییە کە خەڵك ئامادەن بچن بۆ دەنگدان، بەقەد ئەوەی هۆشیاری لەوەدایە کەلەدرەنجامی دەنگەکانی خۆیان بکۆڵنەوە، یان ئەوەی لەدەستووردا مافەکانیان بناسنەوە وەك هاووڵاتی بەبێ لەبەرچاوگرتنی پلەبەندی هاووڵاتی بوون و مەسەلەی ئیتنیکی و مەزهەبی و ئاینی و کولتووری، ئەمەش ئەو پێوەرەیە کە بەپێی سۆسیۆلۆژیای هەڵبژاردن خوێندنەوە بۆ سۆسیۆلۆژیای هەڵبژاردنی کوردستان بکەین، هەر ئەمەش تاکە ڕێگای دەرچوونە لەهەژاری هەڵبژاردن و مومارەسەکردنی دیموکراسیەت، باشترین پێوەریش بۆ خەڵك لەم هەلومەرجەدا بەرژەوەندییەکانی خۆیان بزاننو بەرنامەی چاکسازی و پێشکەوتوو هەڵبژێرن، نەك ئەوەی بەروایز بخرین. بۆیە سەرەنجام ئەگەر کورد بتوانێ لەم ئەزموونەیدا سەرکەوێت کە تائێستا ڕۆشن نییە چۆن پارلەمان دەگۆڕێت و چۆن حکومەت پێکدێنێت لەنێو ئەو هەموو قەوارە سیاسیەدا، ئەوا دەتوانێ لێرە بەدواوە ببێت بەخاوەنی پڕۆژەی ڕەخنەیی، هەروەها خوێندنەوەی پیکهاتە و کولتووری کوردی دەچێتە نیو قەوارەیەکی ترەوە لەدەرەوەی خۆی، بەمەش گەشەو هەڵدانێکی چۆنایەتی سیاسی و فکری بەخۆیەوە دەبینێ، بەم پێیە بێت کە قەوارەیەك کێشە نێوخۆییەکانی پێ چارەسەر نەکرێ و یەکتر قەبوڵ نەکەن، ئیدی چۆن دەکرێ لەئاستی سۆسیۆلۆژیای سیاسیدا بتوانین هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، چۆن بتوانین تێڕوانینی پۆزەتیف بدەین لەبارەی ئەم قەوارەیەوە، وەختێك دەبینین نەسنووری جوگرافی و نەسنووری سیاسی دیارنییە، خەڵکیش کە بەشێکی گەورەن لەدیاریکردنی چارەنووسی سیاسی ئەم ناوچەیە، تەنها بۆ دەنگدان دەچن دەنگدەدەن، بەبێ ئەوەی هیچ هۆشیارییەکیان هەبێت لەبارەی هەڵبژاردن و خودی پرۆسەکە، ئیدی چۆن بتوانین ڕەخنە لەم سیستمە سیاسییە بگرین کە هێشتا ناتوانێ لەدەرەوەی بەرژەوەندی ئیدیۆلۆژیای سیاسی

و حیزبی، خاوەن یەك گوتاری سیاسی بێت، ئەم وەزعییەتە سیاسیە کە درێژە دەخایەنێت، مەترسییەکی ترە بۆ سەر تەواوی کایەکان بەسۆسیۆلۆژیای سیاسیشەوە، بەم پێوەدانگانەش بێت کە بەشێکیمان لەسەرەوە باسکرد، رەنگە کاردانەوەیەکی وەهای هەبێت کە ئیتر بەشداری سیاسی نەکەن، بەڵکو بەشداری سیاسی ئەوەیە کە خەڵك رێز لەدەنگەکانیان بگرن و دوای هەڵبژاردنیش بەدوای دەرەنجامی ئەو هەڵاو زەنایەوە بن کە بەر لەهەڵبژاردنەکان بینیمان، ئیدی بەو پێودانگانە بێت لێرە بەدواوە حیزبەکانیش بەو وەهمە دیموکراسیە خۆشحاڵ بن، ئەم تێگەیشتنە کە ماوەی دەیان ساڵە خەڵکی پێ جۆشدراوە، هیچی لەکۆنترۆڵی سیاسی کەمتر نیە، ئەگەر ئەم تێبینیانە شوێنی خۆی گرتو جێکەوتە بوو لەمێشکی خە ڵك و حیزبەکانیش چوونە پای وەزعیەتەکە، ئەوا دەتوانین ببین بەخاوەنی رەخنەو لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای سیاسی بۆ کۆمەڵگەی کوردی، بەپێچەوانەوە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، سەرەنجام ئەگەر حاڵ وابڕوات، کۆمەڵگەی کوردی لەشوێنی خۆیدا پێکوتە دەکات و نابێتە خاوەن قەوارەیەکی سیاسی نێودەوڵەتی، نەك قەوارەیەکی نەتەوەیی باوەڕپێکراو، ئەوەش کەزەرەمەندی یەکەمە خەڵکە هەم وەکو نەتەوەو هەم وەکو هاووڵاتی کوردستان.

### دیموکراسی... چەمکە کوشندەکەی نەتەوە

ئەگەرچی عینوانی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێلێکی کۆنتری سیاسەتی نێودەوڵەتییە بۆ نەتەوە بێدەوڵەتەکان، گوایە دەرفەتێکی باش دەداتە نەتەوەکان مافی خۆیان بەدەست بهێنن، سابا ئەو مافە لەرێگەی هەڵبژاردن بێت یان لەرێگەی دیکەی سیاسیەوە بێت، بەڵام کە دیموکراسی وەکو چەمکێکی سیاسی دەبێتە

هۆکار بۆ دەوڵەت تەڵەبەکانی نەتەوەخوازی، ئاین لەلایەك و بزوتنەوە ئاینیەکان لەلایەکی تر، وەکو بەرهەڵستکارێك لەدژی ئەم داواکارییە بەعیوانی گوناهەکانی جیاوازی نەتەوەیی، یان بەعینوانی ئەوەی بەشداری دەکەن لەپرۆسەی سیاسی و دەچنە نێو هەڵبژاردنەوە، ئیدی بۆ نەتەوەخوازەکان کاریگەری نیگەتیڤ لەسەر جەماوەرەکەیان دروست دەبێت و رەنگە زۆرجار بەو هۆیەوە دەرەفەتەکە و هەڵبژاردنەکەش بدۆڕێنن، ئەم داخراوەییە ئەگەرچی بەشێکی لەبابەت نەبوونی جیاوازی نەتەوەیی لەڕووی ئینسانییەوە راستی تێدایە کە گەشەسەندنی ئەم بیرە، هەروەها دەبێتە هۆکارێکیش بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی راسیزم و رەگەزپەرستی و هتد، بەشەکەی دیکەی دواخستنی پرۆسە سیاسیەکەیە بەناوی دیموکراسییەوە کە بڕوای بە سەرەتاکانی ئازادی نییە لەدیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی کە جگە لە سیاسەت لەلای گروپ و دەستەبژێری سیاسی، راپرسی ئەو مافە مەدەنییەیە بۆی هەیە جوگرافیا دیاری بکات، بەپێچەوانەشەوە رەنگە جوگرافیا لەدەست بدات، هەروەك ئەوەی لە ئێرلەندا بەرامبەر بە هەڵبژاردنی سەربەخۆیی یان مانەوە لەپەنا بەریتانیا، ئێرلەندیەکان جوگرافیایان لەدەستدا و بەئینتیداب واتە سەر بەریتانیاکان مانەوە، چونکە بەسەربەخۆیی ئابورییان لەدەستدەدا، ئەمە یەکێك لە هۆکارەکانی چەمکی دیموکراسی وەکو چەمکێکی کوشندە بۆ نەتەوە دەوڵەت مەتڵەبەکان دەبێ لەبەرچاو بگیرێت ئەمە بیرۆکەیەك بوو ئەفسانەی بۆشی بەتاڵ کردەوە. بەڵام لەلایکی ترەوە ئەوانەی رەخنە لەم تێزە دەگرن رایان وایە کە دیموکراسی بوونی دەوڵەتێك مانای ئەوە ناگەیێنێت کە گەلەکەی هەمیشە دژی جەنگ دەنگ دەدەن، چونکە ئامارەکان پێمان دەڵێن کە دەوڵەت دیموکراسییەکانیش وەك دەوڵەتانی نادیموکراسی جەنگیان بەرپا کردووە، لەوەش زیاتر گەلەکەشیان دەنگیان لەبەرژەوەندی جەنگ داوە» (٥٩).

بۆیە ئاشتی دیموکراسییانە لەلای ئەو نەتەوانەی کە هێشتا کێشەیان هەیە، بیرۆکەیەکە تەنها لە خەیاڵێکی رۆمانسی دەچێت، چونکە پارتە تۆتالیتارەکان دەسەڵاتی هەمیشەییان لەلا دەبێت بە هۆکارێك بۆ پەرپا کردنی جەنگ، بەڵام حیزب و دەوڵەتی لیبراڵی کە لەسەر بنچینەی ئازادی یە مەدەنییەکان و قەدەغەبوونی موڵکایەتی تایبەت و هەڵبژاردنی نوێنەراندا درووست بوون، ئەوا هەمیشە دژ بە جەنگ بوون، مەگەر هەلومەرجێك ناچاری کردبن جەنگ بکەن، چونکە ئەوان پێیانوایە دەستکەوتەکان لە سایەی ئارامی سەقامگیری نەبێت ناپارێزرێن.

لە کۆنفرانسێکدا ساڵی ١٩٩٠ دوو کەس لە لێپرسراوە باڵاکانی سەردەمی ئیدارە رۆناڵد ریگان دوو وڵامی جیاوازیان پێشکەش کرد، جێرشمان سەرۆکی بەخشینە نیشتیمانییەکان لە پێناو دیموکراسیدا، رای وابوو شتێکی بەڵگە نەویستە کە هەر کۆمەڵگەیەك بتوانێت بە شێوەیەکی دیموکراسیانە خۆی رێك بخات، ئەوا شێوازی ئاشتیخوازانەباڵادەست دەبێت و خەڵك دەنگ دەدەن دژ بەجەنگ.

سەرهەڵدانی چاخی پیشەسازی کە دواجار مۆدێرنەی لەگەڵ خۆی بەرهەمدێنێت، ئیدی دەبوو سیستمەکەش بگۆڕێت کە سەرمایەداری پێشڕەوایەتی هەموو کایەکانی ژیانی دەکرد، باشترین ئەو رواڵەتانەش بۆ وەڵامدانەوەی بلۆکی سۆڤیەت، مەسەلەی دیموکراسی بوو کە پێشتریش لەگەڵ لەدایکبوونی سەرمایەداری ئەم چەمکە بوو بەباو، بۆیە کرا بە سیستمێکی دانسقە، چونکە وا ئیدیعای بۆ دەکرا کە وەڵامی هەموو پرسیارێکی سیاسی دەداتەوە و هەموو پێکەوە دەتوانن بژین کە وەهمێکی سیاسی بوو « دیموکراسی سیستمێکی دانسقەی فەرمانڕەواییە، لەفۆڕمە هاوچەرخەکەیدا بەرهەمێکی چاخی پیشەسازی، یان ئەوە چاخی مۆدێرنیتەیەکە بە عیلمانییەت و بەشارستانیکردن

و لیبرِالیزمدا دەناسرێتەوە، سەرهەڵدان و پێشکەوتنی ئەم سەردەمە چەند سەدەیەکی خایاندووە، لەم توێژینەیەدا چەند رواڵەتێکی مێژوویی ئەم پرۆسە درێژخایەن و ناهاوسەنگ و بگرە تا ئاستێکی ترسناك ناکۆکیش دەپشکنین، بە پشکنینێك کە دەچێتە شێوەی گێرانەوەی واقیعەکان و وردکردنەوەی چەمکەکانەوە» ئەمە بۆچوونی دکتور فالح عەبدولجەبارە کە کۆمەڵناس و بیرمەندێکە لەبارەی چەمکە سیاسیەکانەوە شیکردنەوەی جیاوازی هەیە.
دەرکەوتووە کە دیموکراسی ئەگەرچی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دروست دەکات، بەڵام هێندەی دیکە زیان لەخودی دیموکراسی دەدات لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، ئەویش قبوڵ نەکردنی یەکتر بەناوی مافی گشتییەوە، هەڵبەت لە باری سیاسیشەوە کە چەند گەمەی سیاسی کراوەتر بکات و ریگە بە هێزی سیاسیەکان بدات بەشداربن، دیسان هێندەی تر خەڵك پەرِشوبڵاو دەکاتەوە و دووریان دەخاتەوە لە بەشداریکردنی راستەوخۆ لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، بەپێچەوانەوە چارەنووس رادەستی گروپە دەستەبژێرە سیاسیەکان دەکەن، بۆیە لێرەدا دەردەکەوێ دیموکراسی چ فێڵێکی سیاسیە بۆ دواخستنی داواکاری گەلان، ئەمە گەمەیەکە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئابوری سەرمایەداری هاوچەرخ.
ئەوەی کە دیموکراسی مۆدێرن هێنای و بوو بەتورەبوونێك و نەتەوە بێ دەوڵەتەکانی کردە خۆراکی گەمەی نێودەوڵەتی، هیچ کام لەگەمەکانی رابردوو کە کۆلۆنیالیزم نەیکردووە، بەدەلیلی ئەوەی دونیای پڕکرد لە بیروڕای جیاوازی موزەیەف و نەهێشتنی جەمسەرێکی دیکە بۆ پەنادانی ئەوانی دیکەی ستەمدیدە و ئاین وەکو کەرەستەیەك بۆ بەردەوام بوونی جەنگی تایبەت و لەپەنا ئەمەش دەوڵەمەندکردنی هەرچی زیاتر کۆمپانیا زەبەلاحەکان لەژێر عینوانی نەتەوەی جیاواز، بەڵام دیموکراسی هەر ئەوەندە

قەبوڵی جیاوازی دەکات تاکو گەمەکە تێکدەچێت، وەکو ئەوەی لە عێراق و سوریا و لوبنان و یەمەن و میسر و تونس روویدا، لەحاڵێکدا دیموکراسی جگە لەزەمەنە جیاوازەکانی کە کاری پێکراوە بۆ جێگیرکردنی سیستم، جگە لەوەی بەکارهێنانی وەکوهۆکارێك بۆ بەرپاکردنی جەنگ لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان لەوەهمێك بەولاوە شتێکی تر نییە.
لەناوچەکەدا هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسی وەکو کورد لەرووی ناسیۆنالیستیەوە خۆی رانەگەیاندووە و بەپێچەوانەشەوە هیچ نەتەوەیەك بە بارتەقای ئەم نەتەوەیە دووژمنی خۆی نەبووە کە دیموکراسی گورزی لێداوە، بۆ نموونە ناسیۆنالیزمی کوردی لەگەڵ حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان کە داواکارییە سیاسیەکەی دیموکراسی بوو بۆ بۆ عێراق و مافی خۆی بۆ نەتەوەی کورد، کەچی هەر دیموکراسی رێگەی نەدا بەمافی خۆی بگات، پاشان دوای روخانی رژێمی بەعس لەعێراق و دوای ئەزموونکردنی حوکمڕانی بەهەموو کەموکوڕییەکانییەوە لەهەڵبژاردن و ململانێی لەگەڵ لایەنە غەیرە کوردیەکانی عێڕاق، هەم لەنێو خۆی و هەم لەئاستی عێڕاق و ناوچەکە کاریگەری خراپی نەکردە سەر بەرژەوەندییەکانی، تائەو جێگەیەی کە رێگەی نەدا بەری ئەو دیموکراسیەتە بخوات کە شانازی پێوەدەکات، تاکو وەڵامی فرەیی لەبەشداری سیاسی و جیاوازی سیاسی بداتەوە، بۆیە تائێستاش ئیشکالیاتی گەورەی ئەوەیە کە لەیەك گوتاری تێناگات و نابێتە خاوەنی یەك گوتاری، رەوتە ئاینیەکان بەخراپ کەڵك وەرگرتن لەم کەلێنە کە لەنێو نەتەوەخوازەکاندا هەیە و سیاسەت خولْقاندوویەتی، هۆکارێکی یەکەمی ئەو هەڵە سیاسیە کە کورد نەیتوانی ببێتە خاوەن شوناسێك و هەموو جیاوازییەکان دوابخات بۆ کاتێکی نادیار وچارەسەر نەکردنی کێشەکەکەشی نەخۆشییەکی درێژخایەنە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو بەناو کرانەوەیە بوو لەئاستی سیاسی و داخستن بوو لە

ئاستی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، چونکە لەپەنا سیاسەتدا نەبوو بەخاوەنی سیاسەتێکی فەرهەنگی کە لانیکەم فەرهەنگی نەتەوەیی بپارێزێ و نەبێتە قوربانی بۆ خاتری گوتاری ئاینی کە لەخزمەت نەتەوەکانی دیکەی غەیرە کوردن.

نەتەوەی دیموکراسیخواز بەهۆی نەبوونی کەسایەتی دەوڵەتیەوە، هێندە لاواز دەبێت چونکە شکۆی بەردەوامی بەردەوام سنوردار دەبیّ، چونکە بەردەوام لەجێبەجێکردن پرۆژەی سیاسیدایە و دەیهەوێ لەگەڵ رەورەوەی پەیوەستبوونی بەکۆمەڵایەتی بوون بڕوات، ئەو گەلانەی پێویستیان بە دیموکراسی هەیە بەردەوام لەژێر چاودێری و تاقیکردنەوەدان، بۆیە بەردەوام لەململانێدان بۆ پەیرەوکردنی پرنسیپی دابەشکردنی دەستکەوتەکانی، ئەمە جگە لەوەی هەمیشە مەترسی ئەوەی هەیە شیرازەی کۆمەڵایەتی بپچڕێت، ئەم حاڵەتەی کە نەتەوەی دیموکراسخواز هەیەتی کە ناتوانێ قودرەتی رووبەڕووبونەوەی هەبێت بەسەر ئاستەنگەکاندا، (یۆرگن هابرماس) بیرمەندێکی سیاسیە پێی وایە کە نەتەوەی دیموکراسیخواز کێشەی دەرەوەی خۆی هەیە، بۆیە هێندە عەوداڵی دیموکراسیەتە» نەتەوەی دیموکراسیخواز لاوازترین دەوڵەت بونیات دەنێت لەبەرامبەر دەوڵەتە خاوەندارەکان کە نەتەوەیان نەکردووە بەکارتێك بۆ دەوڵەت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە خۆی خاوەنی موڵکیەتی سیستمەکەی خۆی نییە و نابێت، بەڵکو لەدەرەوەی خۆیەوە بۆی هاوردە دەکرێت، لەسەرەتاوە دووچاری کێشەی ئابوری دەبێت و لەوێوە رۆدەچێتە نێو کێشە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان و شیرازە هەمیشە لەبەردەم تێکچووندا دەبێت، بەو پێەی کە سنووری ئامانجەکەی نەتەوەییە و ناتوانێ ئاسۆی دیکە ببینێ، جگە لەو تێگەیشتنە بۆ دەوڵەتگەرایی، ئەمەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە جارێك لەژێر تاقیکردنەوەی نێوخۆدایە و جارێکی تر لەژێر تاقیکردنەوەی ئەوانی تردایە، بۆیە گەرەکیەتی خۆی رابهێنێ

لەو مومارەسە سیاسیەی کە گەرکیەتی بەردەوامی هەبێت تاکو جێگەی خۆی دەکاتەوە، پاشان دەبێتە ئەو مۆدێلە دەوڵەتیەی کە لەهەر شوێنێکی تری دونیا هەیە و بەشوناسی نەتەوەوە سیاسەت ناکات». (٦٠).
جهانگەرایی بەشێکی مەهامەکەی بۆ دروستکردنی کەنار و سەنتەر، ئەم کەنار و سەنتەرە رەهەندێکی ئابوری هەیە کە لەشوێنێکدا زیان بە سیاسەتی کەنار کەوتووەکان واتە نەتەوە بێدەسەڵاتەکان و وڵاتە لاوازەکان دەگەێنێ، باشترین نموونە ئەو دۆخەبوو کە رۆژهەڵاتناسی ناوەڕاست بەخۆیەوە بینی و بەردەوامیش دەبێت و جارێکی دیکە دەبێتە پاروویەکی چەور بۆ رۆژئاوا و کۆمپانیاکان کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە زیانیان لێکەوتبوو.
لەپەنا هەموو ئەموو ئەو چەمکانەی کە پێشتر بزووتنەوەی کوردی کەڵکی لێوەرگرتبون، چەمکی جهانگەرایی کە دونیا وەکو چەمکێکی هەمەگیر و هەمەلایەنی سیاسی و فکری و ئابوری و تەکنۆلۆژی، هەروەها وەکو سیستمێکی سیاسی نوێ کەڵکی لێوەرگرت، کورد لەمەشدا پاشکەوت و نەیتوانی کەڵك لەدەرهاویشتەکانی بکات، نموونەش ناساندن و نمایشکردنی تێکستی فۆلکلۆری و رۆشنبیری و هونەری کە مۆرکی کوردی پێوەبێت، ئاراستەی جهانی دەرەوەی خۆی بکات، ئەمە هەلێکی لەبار بوو کە کورد و نەتەوەخوازە دەوڵەت تەڵەبەکان دەیانتوانی مومارەسەی بکەن و بەخزمەتی نەتەوە بگەڕێتەوە، کەچی لەبری ئەوە رێگەیان بە رەوتە فکرییە توندڕەوەکاندا لەبری کوردیش شوناسێکی ناشیرین پێشکەش بکات، ئەویش کوشتنی هەموو بەها رۆشنبیری و فۆلکلۆری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکان بوو بەڕووی دەرەوەدا، چونکە نەتەوە تەنها مەتڵەبێکی سیاسی نییە بەتەنها، بەڵکو کولتووریشە، بۆیە لەرێگەی دیموکراسیەتەوە کە کورد ئەگەرچی نەیتوانیوە دیموکراسی بێت

و کولتووره بنەماڵەیی و بنەچەخوازیەکە و کۆنەپارێزییەکە خۆی رزگار نەکردبێت و هێشتا بەو فەرهەنگەوە سیاسەت دەکات، بەڵام لەڕووی سیاسیەوە لەنەتەوەکانی ناوچەکە زیاتر گرینگی بەدیموکراسیەت داوە لەترسی ئەوەی دادگایی سیاسی نیودەوڵەتی نەکرێت و لەسەر بنەماکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی وەکو ئەزموونێك لێپێچینەوەی لەکەڵ نەکرێت. بەڵام سەرەنجام بەوەش نەیتوانیوە ببێتە نەتەوەیەکی خاوەن کولتووری هاوچەرخی و مۆدێرن و پێشکەوتوو و خاوەن یەك شوناس و یەك دەنگ و یەك گوتار، هەر ئەمەشە خاڵە لاوازەکەی کە بەدێژایی مێژوو گورزی کوشندەی لێداوە.

ئەوەی کە پێشتر باسدەکرا کۆڵۆنیالیزم لەژێر عینوانی دیموکراسیەت لەسەدەکانی پانزەوە تاکو سەدەم بیستەم، دژی ژیانی ئاسایی و مافی گەلانی چەوساوە و کەمدەرامەتە، لەسەدەی بیست و یەك جارێکی دیکە بەشێوەیەکی تر دووبارە بووەوە بەڵام فۆرمێکی تری وەرگرت، « ناکرێ بەبێ ئاماژەدان بە جێ پەنجەی دەورانی فراوانبوونی کۆڵۆنیالیزمی رۆژئاوایی لەسەدەکانی ١٥ تاکو ٢٠ باس لە نوێبوونەوەی گەلان بکرێ، ئەوەی کە بۆتە جێگەی موناقەشە لەسەر سرووشتی رۆژئاوا لەبارەی جەنگەوە، بێشك بەشێکی پەیوەندی بە چاوپۆشی مێژوویی هەیە لەنێوان هێزی سەرمایەداری جهانی و ئاڵوگۆڕە ستراتیژیە ئابورییەکانی لە باڵانس کردنی هێز لە ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا، ئەمەش تەشکیلەی ژینگەی نێودەوڵەتی نوێی نەخوڵقاند، جگە لەوەی جەوهەری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و مانەوەی پێگە و دەسەڵاتی لە نێوان ئەوانەی لایەنگیر بوون و ئەوانەش لایەنگیر نەبوون». (٦١).

ئەم بۆچوونە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە خوێ، نەوەیەکی واقیعی بۆ کۆڵۆنیالیزمی کۆن و نوێ دەکات و کاردانەوەی بەسەر ژینگە و ژیانی سیاسی ئەو نەتەوە و گەلانەی کە بەدرێژایی

٥ سەدە حاڵیان وەکو پێشوتر خراپتر بوو لەڕووی جەوهەری سیاسیەوە، چونکە بوون بە گۆڕەپانەی یەکلایی کردنەوەی کێشەی نێودەوڵەتی و مەیدانێك بۆ گەشەسەندنی ئابوری نێودەوڵەتی، خۆ ئەگەر بەپێچەوانەوە ملکەچیان نەکردبێت، ئەوا وەکو کورد و ئێرلەندی و ئەمازیغی و حوسی و بەشێك لەو نەتەوانەی کە لەهیندستان و پاکستان بەژێردەستەیی ماونەتەوە تائێستا. ئەمەش بۆیە لە گۆڕەپانی ئەو نەتەوانە جەنگە هەمەلایەنەکان یەکلایی دەکرانەوە، چونکە ئەوان دیموکراسیەتییان بۆ ناوەوەی خۆیان بوو، جەنگەکەش لەدەرەوەی خۆیان و ئەزموونێك بۆ چاکسازی سیستم بووە.
بیرمەندەکانی رۆژئاوا باشتر لەگەمەی رۆژئاوا حاڵی ببون کە بونیاد کێشەی سەرەکی نەتەوەکانن، ئەم باسە پەیوەندی بەکرانەوە هەیە، وەختێکیش نەتەوەیەك لەپەنا شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی پێشبڕکێی کرانەوە بکات و کەلێنەکەی بۆ ئەم بەشە پڕ بکاتەوە، دوچاری کێشەی دیکە دەبێت، چونکە هێزێك هەیە بەئاسانی لێناگەڕێت نەتەوەیەك هێشتا خۆی بونیاد نەناوە بکرێتەوە بەرەو فەرهەنگ و ژیان، ژاك دریدا فەیلەسوفی فەرانسەیی بونیادشکێن و کرانەوەی بونیادەکان، دەڵێت « لەهەموو بوون و بونیادێکی ژیان و مەعریفی و فەلسەفیدا کەلێنێك بۆ نەزانین و نەتوانین هەیە، کە نابێتە مایەی گرفت بەڵکو هۆکارێکە بۆ کرانەوە، ئەم وتەیەی جاك دریدا کە لەکتێبی (تارمایی مارکس) دا هەیە و مەبەستی لەوەیە کە لەهەموو بوون و رەهەندەکانی مرۆڤدا نەزانین و نەتوانین هەیە، نەتەوەش وەکو یەکێك لە بوون و بونیادەکان و فەرهەنگیش وەکو سەرخانی ئەو بونیادە کەلێن یان بۆشایی نەزانین و نەتوانینی تێدایە، هەروەکو چۆن بەهۆی زمانی ئێستاوە ناتوانین مانا و مەبەستی نوێ پەیدا بکەین، هەر بەشێوەی رابردوو یان بونیادی مێژووییمان وەڵامدەرەوەی پێداویستی و رەهەندەکانی تازەی ژیانمان نابێت».(٦٢).

ئەم ئیشکالیاتە سیاسیە تاکو ئێستاش کە ژیان بەتەواوەتەی ڕەهەندە فکری و ئابوری و سیاسیەکانی بەشێوەیەکی دیکە ئاراستە کردووە، هێشتا لەفەرهەنگی کوردیدا بە پاساوی نەزانین و کەڵك وەرنەگرتن لە پۆستمۆدێرنە و سیاسەتی نوێ، لەفەزای بیرکردنەوەی کۆن مامەڵە لەگەڵ فەزای گشتی دەکات و ناتوانێ وەڵامی هیچکام لە پرسیارە دەرەکیان و پرسیارە ناوەکیەکان بداتەوە، هەڵبەت بۆ بەشداریکردنیش لە هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکە. هێشتا وەکو نەتەوەیەکی ستەمدیدە خۆی پێناسە دەکات، لەحاڵێکدا خۆی بەشێکە لە دەسەڵاتی سیاسی و کارتی سیاسی لەناوچەکە، نەزانین بۆ نەتەوەی کورد تائەو رادەیە نیگەتیڤە و کاردانەوەی خراپی هەبووە، کە شوناسی لەپنتێکی دیاریکراوی مێژوویدا بەهۆکاری نەبوونی وجودێکی ماتریاڵی فکری دیارنییە، دیارنەمانی ئەم پنتە مێژووییە کارێکی کردووە کە تەواوی دونیا پرسیار لەو بوونە مێژووییە بکات کە بۆچی دوای ٢٧١٨ ساڵ لەنوێوە دەردەکەوێ و دەبێتە ئەلتەرتانیڤی سیاسی لەناوچە و دەبێتە کارتێك بەناوی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمێکەوە کە کۆڵۆنیالیزمی نوێ و سەرمایەداری هاوچەرخ هاوکاری دەکات. لەکاتێکدا خۆی کەرەستەی تەواوی بەدەستەوە نییە بۆ سەلماندنی بونی خۆی لەڕووی مەعریفی و فکری و مێژووییەوە.

### *ئیدیۆلۆژیای ناسیونالیزم .. ئێمە و ئەوان*

وەختێك چەمکێك بۆ ئەنگوت یان ئامانجێك دێتە ئاراوە، یان رۆشنتر بڵێم بە روکەش و فۆرم بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی نەتەوەیی کارپێدەکرێت، لەجەوهەریشدا بۆ مەبەست و بەرژەوەندی سیاسی و ئابوریدا، دروست بەئاقارێکی تردا دەڕوات و دەبێتە ئیدیۆلۆژیایەکی رووت، ئیدیۆلۆژیاش بۆ خۆی

چەمکێکی فکریە و کە مۆدێرنیتە لەسەدەی ١٨ لەهەناوی خۆیدا بەرهەمیهێناو دواتر لەسەدەی ١٩ گەشەی کرد، راستەوخۆ لەگەڵ رەوتی رەخنەگرتندا دەچێتە پرۆسەیەکی درێژخایەنی سیاسیەوە و بەهایەکی تری دەبێت، ئیدەش بەواتای فکر دێت کە هەر بابەتێك بۆ خۆی فکرێکی دیاریکراوی لەپشتەوەیە.

وەکو پێشتر باسمان کرد تێزی رەخنەی سیاسی لەقوتابخانەی فرانکفۆرتەوە سەریهەڵدا، لەپێش هەموویانەوە (لیۆ ئاڵتۆسێر) کە رەخنەی لە مارکسیستەکان گرت و دوو جۆر مارکسی پێئاشنا کردین، (مارکسی لاو .. مارکسی کامڵ) هەروەها مەسەلەی دەزگا ئیدیۆلۆژیەکان بوو کە رەخنەی لێگرت، هەر ئەم بۆچوونەی ئاڵتۆسێر و هەوادارانی و هەروەها نموونەشیان (هانا ئارێنت) ە، چەمکی تۆتالیتاریزمی سیاسی دایە بەر رەخنە و وەکو ئیدیۆلۆژیایەکی مەترسیدار تەماشای دەکرد. ئەو پێی وابوو بەرەنجامی سیستمی سەرمایەداری مۆدێرنە بوو کە شۆڤێنیزم و نازیزمی بەرهەمهێناو جەنگە جهانیەکانی گەرمتر کرد، یان ئەوەی کە ئیدیۆلۆژیای کۆنکرێتی کردە مۆدێلێکی سیاسی و رەنگیدایەوە، ئاڵتۆسێر ئیدیۆلۆژیا وەکو نموونەیەکی کارپێکراو لەهەموو کایەکانی ژیان دەبینێ کە ئینسان ناچار دەکرێت پابەندبێت پێوەی، ئەو کە باس لە ئیدیۆلۆژیا و دەزگاکانی دەوڵەت دەکات، باس لە جۆرێك لە ملکەچی ئەو دەزگایانە دەکات کە دەسەڵات بەسەر کۆمەڵدا سەپاندوویەتی، جا سەپاندنەکە بەهەر بیانوویەکەوە بێت، نیشتیمانپەروەری بێت یان ئیلتیزامی سیاسی و هاوڵاتی بوون بێت بۆ دەوڵەت و دەسەڵاتەکەی، ئیدی ئەمە دەبێتە فێرکردنێك کە دواجار دەبێتە سیستمێکی کۆمەڵایەتی، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو کۆمەڵگەی لەلا بونیادێکی تاکە کەسی نییە تاکو رزگاری بێت لە ئیدیۆلۆژیا، بەڵکو دەسەڵات و دەوڵەت هەمیشە لە خۆ بەرهەمهێنانەوەدایە بۆ بەرز راگرتنی ئەو ئیدیۆلۆژیایەی تا رادەیەك پیرۆز رابگیرێت.

رونترین شت بۆ تاکە کەس یا هاوڵاتیان بریتی یە لەوەی ئەو ئیدیۆلۆژیەتە قەبوڵ نەکەن کە بەتوندی جهان دابەشدەکات بۆ زاراوەی (ئێمە پێچەوانەی ئەوانین). یاخود ئەو سەرکردانە هەڵبژێرێت کە هەڵوێستی لەمشێوەیەیان هەیە و بەگژ ئیدیۆلۆژیەتی نازیزمی ئاڵمان و توندڕەوەکانی ئێستادا بچێتەوە. لەمبارەیەوە (د. عەباس وەلی) بیرمەندێکی کوردە و شارەزایی لەبارەی ئەم چەمکەوە هەیە و بە ئیدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم ناوی دەبات، لەوتارێکدا سەبارەت بە چەمکی ناسیۆنالیزم بەتایبەتی، ئەو پێیوایە چەمکی ئیدیۆلۆژیا (بەمانای سیستمێك دێت کە بەشێوەیەك لەشێوەکان بەرنامە، یان پێکهاتەی سیاسی هەمیشە لەپەیوەندیدایە، چونکە ئەم پێناسەیە بۆ ئیدیۆلۆژیا پێناسەیەکی بێلایەنی نیە و کەوتۆتە نێو بزووتنەوە سیاسییەکان و لەقاڵب دراوە، بەتایبەتی ئیدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمن بەرلەوەی فکری بێت، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە داینەمۆی حیزب و هەڵوێستی پێوەردەگیرێت، بۆ نموونە ناسیۆنالیزمێك لەژێر پەرچەمی مارکسیزمدا خۆی نمایش دەکات، جیاوازتر دەبینرێت لەگەڵ ناسیۆنالیزمێك کە فیختە بۆ کۆمەڵگەی ئاڵمانی پێشنیاری دەکات، یەعنی ئەوەی لەژێر پەرچەمی مارکیسزمدایە فلتەرێکی فکری مێژوویی هەیە، چونکە پەیوەندییەکی پتەوی هەیە لەگەڵ ئاگایی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، یاخود بونیاتی کۆمەڵایەتی سیستمی ئابوری و جارێکی تر راڤەی دەکاتەوە، نەك سەرەونخونکردنی خودی چەمکەکە بەئاقارێکی تردا کە مەرامێکی سیاسی تری لەپشتەوە بێت، بەوپێیەی کە مارکس لەدوای ساڵی ١٨٤٦ بایەخێکی تەواوی بەچەمکی ئیدیۆلۆژی داوە، بەڵام لەساڵی ١٨٨٢ بەدواوە ئەم زاراوەیەی بەکارنەهێناوە، چونکە پێشتر وەك رەخنەیەك لەئیدیۆلۆژیای ئاڵمان کاری لەسەر کردووە و وەك نەریتێکی لێدێت لەنێو فکری سیاسیدا، ئیدی ئەم پرنسیپە سیاسیە لێکدانەوەی جیاواز بۆ مارکس دەخولقێنێ، هەر

ئەوەی کە تیۆر و پراکتیك دەبنە دوو چەمکی یەکگرتوو کە دواتر لەنێو گوتاری سیاسیدا رەنگدەداتەوە». (٦٣).
وەختێك مێژوو باس لەکێشمەکێشی نەتەوەکان دەکات، وەك ئەوەی بەشێکی زۆر لەپانتایی کێشمەکێشی چینەکان داگیر دەکات، ئەوەی ئێستاش هەیە هاتنی مۆدێلێکە لە کۆمەڵێك مەزهەب و ستایلی بیرکردنەوە لەناسیۆنالیزم کە بۆقەوارەیەك گرینگە، (برویلی) بیرمەندێکی ناوداری ئەم بوارەیە و خاوەن کتێبێکە بەناوی (نەتەوەخوازی دەوڵەت)، لەلقێکی پێشتری باسەکەماندا کتێبەکەیمان بە نموونە هێنایەوە و گرینگی بەئامرازەکانی پێوەندی بە هاولاتی و کۆمەڵگە دەدات و لەشوێنێکدا دەڵێ« خەڵك هەوڵی بوون بەئەندامی کۆمەڵگە دەدەن و هەستی بەهێزیان بەرامبەر بەئێمە و ئەوان و بوونی خاك وەکو نیشتیمان و سەر بەجهانێکی دیاریکراو و پێناسەکراو لەروی کولتووریەوە کەمانای دەبەخشێتە جهانیان، بەلام لەئاکامدا زۆربەی زۆری ئەمانە دوورن لەشیکردنەوەی لۆژیکی و لەو بڕوایەشدام لەدەرەوەی شرۆڤەکاری مێژووناسانن». (٦٤). من خەریکم بیر لەچەمکی ناسیۆنالیزم دەکەمەوە کە سیاسەتی نیودەوڵەتی و کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان بۆ مەرامی سیاسی و کێبەرکێ ی ئابووری زیندوی دەکەنەوە، لەکاتێکدا ئەم چەمکە خەریکە جارێکی تر وەکو دیارە بەشێوەیەك لەشێوەکان خەریکە کاڵ دەبێتەوە (ریجیس دوبریە) لەکتێبی (نقد العقل السیاسی) پشتگیری لەبۆچوونەکانی (ئۆگۆست کۆنت) دەکات و لەشوێنێکی دیکەدا پشتگیری لە دیالیکتیکەکەی مارکس دەکات و بە پێشکەوتووی لەقەڵەمدەدات و دەڵێ « ئەو ئیدیۆلۆژیا ئاینیەی کە باس لەناسیۆنالیزم دەکات، عەقلیەتێکە لەجەستەیەکی نەخۆشدا، خەڵکەکان وەکو خۆی نابینن، ئەمەیش وەکو ئەوە وایە ئاوێنەیەك شێوەی تەواوی کەسێك نەدات بەدەستەوە، ئەو دیالکتیکیەی هیگڵیش خۆی لەخۆیدا فکرەیەکی پێشکەوتووە، بەلام ئەو دیالکیتیەکەی کە

مارکس پێشکەشی کرد، لەڕووی تیۆری و پراکتیکیەوە جیاوازی هەیە و واقیعێکی پێشکەوتووترە، چونکە بەئاراستەی مێژوودا دەڕوات، هەربۆیە ئیدیۆلۆژیای ئەڵمان دەکەوێتە بەر رەخنەی مارکس و هیگڵ، چونکە ئیدیۆلۆژیای پیاوانی ئاینی و یاساییەکان و سیاسیە ئەخلاقیەکانیش لەسەر سەر راوەستاون».(٦٥).

کەوابوو ئیدیۆلۆژیای سیاسیش کە لایەنێکی جیانەکراوەیە لەئیدیۆلۆژیای ئاینی، ناتوانێ نەتەوەکان لەقەوارەی خۆیاندا راگرێت و بەرژەوەندیەکانیان بپارێزێت، بەپێچەوانەشەوە ناتوانێ مەسەلەی نەتەوەکان رەتبکاتەوە، وەختێکیش کە نەتەوەیەك دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئیدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە بۆ گەیشتن بەستراتیژی نەتەوەیی لەژێر چەمکی ناسیۆنالیزم، هیچی زیاتر نییە لەو ئیدیۆلۆژیایەی کە ئاین ئیدیعای بۆ دەکات، سەرەنجام نەتەوەخوازی کە بەمانایەك لە ماناکان، میتا ناسیۆنالیزمە، تەنها بۆ مەراسیمێکی سیاسی لافیتەی بۆ هەڵدەدرێت، نەك لەرێگەیەوە ریشەی نەتەوەکان ئاشکرا بکات و بیانخاتە نێو مێژووەوە، ئەمەیش بەئاشکرا لەحیزبە پارێزگار و راستڕەوەکان، هەروەها لەسیاسەتی حیزبە بەناو چەپەکان و ئاینیەکانیش دەبینرێت کە چۆن کەڵك لەم چەمکە وەردەگیرێت ...

«یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی مارکس وەك رێبازێکی ئۆپۆزسیۆن و دواتریش رەخنەگرانە، ئەوە بوو تەنها بایەخی بە ناکۆکیەکانی سیستمەکە نەئەدا، بەڵکو بایەخی بە ناکۆکی ئیدیۆلۆژیەکانیش دەدا، ئەمەش پێداگیری لەسەر بینینی ئەو واقیعە مێژووییەی کە نەگونجاوی ئەو نموونانە نیشان دەدات کە بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵایەتیانەی جهان خرابووە گەڕو، رەخنەی مارکسیەکان لە نموونە پەتییەکاندا بیانوویەکی عەقلانی وشکیان بینییەوە، ئیتر لەگەڵ ئاماژەکردنیان بۆ تێکشکانی نەیارەکانیان لە شیکردنەوەی گشتی کۆمەڵایەتیدا، بەشێوەیەکی بنەڕەتی گفتوگۆی پرسەکەیان

نەکرد».(٦٦). کەواتە بۆچی بەو ئاراستە نەڕۆین کە وەسفێکی باشترمان بداتێ بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی؟. لەرووی پرنسیپەوە وەڵامەکە بەڵێیە بەڵام پراگماتیکیانە و لەرێگەی جیاوازەوە کە لەزۆربەی دەوڵەتاندا مارکسییەت بە شێوەیەك لە شێوەکان لە دەستووری دەوڵەتاندا بەرقەرارە، چونکە مارکسییەت تەنها رێبازی فکری نییە، بەڵکو پراکتیکی بەشێك لە کایەکانی ژیانە لەنێو یاسادا کە سەرمایەداری کەڵکی لێوەرگرتووە.
لەبەر ئەوەی تاکی سودگەرا بە ئیدیۆلۆژیا وەسفکراوەکانەوە پەیوەست بوو، رێبازی دژ بەسوودگەراش کە رژێمی تۆتالیتاریزم پێڕەوی لێدەکرد و بەتەواوەتی بەرامبەر بە بەرژەوەندی جەماوەر کەمتەرخەم بوو، مایەی سەرسوڕمان بوو، ئەو مەسەلەیە هۆکارێکی نادیاری دەهێنایە ناو سیاسەتی هاوچەرخەوە».(٦٧).
ئەم تێڕوانینە بۆ ئیدیۆلۆژیا کە سوودگەرایە و لەلایەك دەسەڵات وەکوو نەخشە رێگە وەریگرتوە، لەلایەکی تر هاوپەیمانێتییە لەنێوان خەڵك و دەسەڵات، سەرەنجام رژێمێك بەرهەمدێنێت کە سوودگەرایە و بەناو ئیدیۆلۆژیاوە کار لەسەر چەمکی بەرژەوەندی دەوڵەت دەکات، پڕوپاگەندەش بۆ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی دەوڵەت هەر لەوێوە سەرچاوەی گرتووە.
ئەو (ئێمە و ئەوانەش)کە فکری سیاسی ناسیونالیزمی لەرێگەی ئیدیۆلۆژیا و سەبارەت بەنەتەوە و چەمکی ناسیۆنالیزم بەرهەمی هێناوە، واتە بەجیاواز تەماشاکردنی ئینسانی رۆژئاوا و نەتەوەی جیاواز و رەش پێست و سپی پێست، جگە لە هەڵلایەکی سیحراوی بۆ سڕینەوەی یەکتر لەسەر بانی کۆمەڵگەی بەشەری هیچ شتێکی تری لێبەدی ناکرێت، ئەگەر ئیدیۆلۆژیا وەکو چەمك پێناسە بکەین، دەبێت بەسەر دوو رەگەزی نێر و مێ دابەشی بکەین، ئەوەی کە رەگەزی نێرە لەپیاوێکی بڕوادارو خاوەن دەسەڵات دەبێت و شانازی بەهێزی بازووەوە دەکات، هەروەك هیگڵ ئیدیۆلۆژیای وەك چارەسەری واقیعی دۆزیەوە، ئەوەش

کەمینەیە میتۆدی فکری و فەلسەفەیەکە بۆ جهان و ژیان، کەواتە یەکەمجار شۆڕش و دواجار سیاسەت هەڵدەبژێری، چونکی ئیدیۆلۆژیستەکان لەحاڵەتی تایبەتی خۆیاندا دەژین، ئەوەش کە مارکس رەخنەی لێدەگرێت و نەتەوەکان لەیەك قەوارەی فراواندا جێگە دەکاتەوە، ئەوە ئەو مەرامەی لەخۆ نەگرتبوو، کە مارکسیستەکان لەرێگەی ئیدیۆلۆژیای سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی، زەمینە بۆ داگیرکەرانی نەتەوە ژێردەستەکان خۆشبکات، تاکو گرێیەکی سایکۆلۆژی سیاسی لەزهنیەتی ئینساندا دروست بکات، ئینسانی ستەملێکراویش لەبەرامبەر ئەو داگیرکارییەی نەتەوەکەی و کولتوورەکەی و خاکەکەی رەواجی سیاسی پێدا، هەرئەمەش بوو کە نیازی بۆرژوازی مۆدێرنی دەوڵەمەند کرد، لەرووی سیاسیەوە، هەڵبەتە بەپێی قسەی (ریجیس دوبریە) ئەو گوتارەی کە مارکس وەکو تەرحێکی سۆسیۆلۆژیستیانە پێشنیار کرد سەبارەت بەسۆسیالیزم، بەتایبەتیش سۆسیالیزمی نەتەوەکان، جۆرێك بەختەوەری بۆ کۆمەڵگەی بەشەری و نەهێشتنی نەتەوەی بندەست و ژێردەست، لەلایەکی تریشەوە وەڵامێك بو بۆ ئەو گوتارە تیۆرییەی کە ئەورووپیەکان لەسەر وەختی خۆیدا کەڵکی سیاسی و فکرییان لێوەرگرت.

لەگەڵ ئاوابوونی خۆری هەر فکرێك لەکایەی سیاسی و فکریدا، سەرمایەداری هەموو جومگەکانی خۆی وەگرِدەنێ بۆ سووککردنی ئەو فکرە باوەی کە ریزبەندی خۆی وەرگرتووە، ئەو جهانبینیەی کە پێشتر بۆ نەتەوەیی هەبوو، واتە رزگارکردنی نەتەوە لە ستەمی ئەوانی تری نەتەوەی سەردەست، هەوڵدەدات بۆ بارێکی تری وەرگەڕێنێت، ئیمانوئێل والڕشتاینین لە کتێبە سێ بەشییەکەیدا کایەیەکی نوێی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی داهێنا بەناوی تیۆری سیستمە جهانیەکان، لەم تیۆرەدا گوتی» مرۆڤەکان ناتوانن تەماشای مێژووی نەتەوەکان بکەن بەتەنها، بەڵکو پێویستە وەکو سیستمێکی جهانی ببینن کە هەمووی

پێکەوە گەشە دەکات، بەگوێرەی ئەو ریزبەندییەی کە لە ناوەندی دەوڵەمەند و کەناری هەژار ریزکراون، هەروەها ئەو کۆمەڵە دەوڵەتەی نێوەڕاستیش کە هەندێك تایبەتمەندی هەردوو لایەنەکەی تیادایە و وەکو دۆخی نیمچە کەناری دەبینرێن، ئەوانەی بەشداربوون لەدەست بەسەرداگرتنی ئەو دەوڵەتانەی لەدەرەوەی ناوەندن و دواتریش هەڵوەشاندنەوەیان، بەهەمان شێوە باجی دەوڵەتە سۆسیالیستیەکانی بەشێوازێك دەخستەڕوو وەك ئەوەی تەنها مۆدێلێك بن بۆ سەرمایەداری دەوڵەتی، لەبەر ئەوەی حکومەتەکانیان هەڵسوکەوتی خاوەندارانە دەکەن». (٦٨). . ئەمە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە تاکو جهانی سیاسی لە دوو جەمسەریدا دەژیا، بەیت و بالۆرەی دژە نەتەوەکان بوو کە دەوڵەتیان بۆ خزمەت سیستمی ئیدیۆلۆژی سۆسیالیستی خستۆتە گەڕ، بۆیە لەگەڵ دەستپێکی هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستمە ئیتر کەنار و ناوەند هاتەپێشەوە کە گوایە ئەوە سیستمە کلاسیکییەکە بووە، بۆیە نەتەوەکان نەهاتنە نێو ناوەندەکەوە و هەر لەکەنار ماونەتەوە، هەروەك چۆن بەکارهێنانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای خواروو کە خاوەن دەوڵەتن و لەگەڵ ئەوانەش کە خاوەنی ئابورییەکی دەستکورتین، بە ئیدیۆلۆژیاو ئایینەوە خەریکیان کردوون، تاکو پێشکەوتنی ئابوری و دەوڵەتی و سیاسی و بەشەری بەخۆیانەوە نەبینن.

ئەو گوتارەی کە کاری لەسەر دەوڵەتی نەتەوەیی دەکرد و دژایەتی فکری ناسیۆنالیزمیان دەکرد، جەنگی ئەوەی کە ئەورووپییەکان بەگشتی و فەرانسییەکان بەتایبەت باسیان لەئیدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم کرد و تیۆریزەیان کردووە و خۆیان داهێنەری ئەو چەمکە بوون، کە ئێستا هەر خۆیان قەناعەتییان پێنەماوە و خەریکە بەرەو کاڵبووونەوە دەچێت، وەك بڵێی ئەو مۆدێلە سیاسیە کاتی بەسەرچوویێت، بەقەد ئەوەی شێوە ژیانێکی تر بەباشتر دەزانرێت لەسیستمی ژیانی سیاسی

و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا کار بێبکرێت، باشترین نموونەی بەردەستیش ئەوەیە کە ئێستا ئەورووپییەکان گرینگی نادەن بەدەوڵەتی نەتەوەیی، بەقەد ئەوەی دەوڵەتی فرە نەتەوە و فرە کولتوور بەچاکتر دەزانن و کەڵیان لەماتریالە بەشەرییەکەشی وەرگرتووە، ئەمەش مانای ئەوەنییە کە مادام ئەورووپییەکان دوای ئەزموون کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆماوەیی چەندین سەدە، دەبێ ئەو نەتەوانەش کە ئێستا ژێردەستن و خاوەن دەوڵەت نین، بەهەمان ستایل کاربکەن، بەڵام ئەوەشمان بیر نەچێت کە ناسیۆنالیزمی رۆژهەڵاتی هەمان ئەو فکرە دەمارگیرییە بەرهەمدێنێت کە سەدەکانی ناوەڕاست لەئەورووپا بینیمان، یان لەئامریکای لاتین بینیمان لەنێو رەگەزپەرستەکان و ئێستا هیچ رەگەزێکی تر دژایەتی ئەوی تر ناکات و هەر هەموویان بەهاوڵاتی ئەو دەوڵەتانە ناسراون، لەشوێنێکی تردا دەبینین سەرمایەداری هاوچەرخ خەریکە مۆدێلی نوێی نەتەوەخوازی توندڕەو و راسیزم لەژێر پەردەی نەتەوەخوازی بەرهەمدێنێ کە هەر یەك لەو نەتەوانە شوناسێکن بۆ داپۆشینی کۆمپانیا زەبەلاحەکان و شەرعیەتدان بە باج ئەستاندنی نوێ و شەرعیەتدان بە رادەستکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ کۆمپانیاکان و سەرقاڵ کردنی خەڵك بە باج و پێداویستی ژیان و داواکاری کارکردن و چارەسەری بێکاری، کە ئەمە مۆدێلی نوێی سیستمی سەرمایەداری هاوچەرخە....

## ناسیونالیزمی کورد و ئەوانی تر

هیچ ناسیونالیزمێك بەبێ بیرتەسکی ناسیونالیستی ئەوانی تر نایاتە بوون، ناسیونالیزمی رۆژئاوایی کە سەرەتا ریشەی داکوتا، لەوێوە سەرچاوەی گرت کە ئەوانی تری دژە نەتەوەژێر دەستەکان ئیدیعای بوونی رەسەنی خۆیان دەکرد، ناسیونالیزمی عەرەبی بەبێ

ناسیونالیزمی رۆژئاوایی هیچ مانایەکی نامێنێ، چونکە رۆژئاوا بە گوتاریکی ئایینی کریستیانی هاتەپێشەوە، بۆیە عەرەب هیچ چارێکی نەما دەست بە گوتاری ئایینی خۆیانەوە بگرن بەتایبەتی قورئان، کوردیش وەختێك دەستی برد بۆ گوتاری ناسیونالیستی کوردی توندڕەو، وەختێك بینی کە فارس و ترك و عەرەب هەرسێك پێکەوە خاڵی هاوبەشیان هەیە لە داگیرکردنی خاك و زمان و کولتوور و فەرهەنگی، بەناچار ئەوانیش تاکە شتێك پشتیان پێبەست، زمان و کولتور بوو، بەڵام نەیانتوانی ئاینێك وەکو ئەلتەرناتیڤ لەبەرامبەر قورئان وەربگرن، یان ئایینێکی مێژوویی خۆیان بکەن بە کارتێك بۆ بەرگری لەناسیونالیزم.

ئەگەر وای دابنێین بیرکردنەوەی ئەوکات بۆ ناسیۆنالیزم وەك ئەزموونێك و مومارەسەیەکی سیاسی عەفەوی بووە، یاخود ئەو هەلومەرجە سیاسیە پێویستی بەو بیرکردنەوە بووە، لەحاڵێکدا ئەم مومارەسە سیاسیە کە لەئیدیۆلۆژیایەکی وشکدا چەقی بەست، لەلایەك کارێکی پێشوەختە بووە، لەلایەکی ترەوە تیۆرەیەکی زانستی بووە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارگەلێکی وەهمی بۆ نەتەوەکان، «ئەوەی کە ئەنگڵس رەخنەی لەئیدیۆلۆژیای فیورباخ گرت لەکتێبی ئیدیۆلۆژیای ئاڵمان، ئەوەبوو کەئەو شکڵە لەئیدیۆلۆژیا کەڵك لەهێزی چینەکان وەردەگرێ بۆ مەرامی خۆی، هەروەك چۆن کەڵك لەئیدیۆلۆژیای پرۆتستانتدا وەرگیرا لەسەدەی شانزەهەم وڵاتانی ئەورووپای باشوور، ئەمەش بەپێی قسەی ئەنگڵس لەپنتێکی فکری سنووردراردا دەوەستێت، هەروەها بارو دۆخێکی ماتریالی بوو بۆ وەلانانی بارودۆخێکی تری بابەتی، بەشێکی تری تێزەکە ئەوەیە کە چۆن قەڵاچۆکردنی کاری سیخوڕی کە هێز و دەوڵەتە سەنعەتییەکان گرینگی پێدەدەن و دەیکەن بەبازاڕێکی سیاسی رەواجدار، هەروەها جۆرە رێگرییەکیشە لە بزووتنەوەی چینایەتی و پێکەوەژیانی نەتەوەکان بەبێ ئەوەی دژایەتی یەکتر بکەن و یەکتر بسڕنەوە» (٦٩). هەرئەوەی کە

ئێستا هیچ وڵاتێكی ئەورووپی و كیشوەرەكانی تر نابینن، زیاتر لەچەندین نەتەوە و كولتوور و مەزهەبی جیاجیایان تێدانەبێ، كەچی پێكەوە دژین و هیچ كێشەیەكی زمان و كولتوور و جوگرافیایان نییە، ئەگەر ناسیۆنالیزم و ئەو لافیتەیە بوایە بۆ بەدەستهێنانی مافەكەكانی، دەبوو ئێستا لەهەر یەك لەو وڵاتانە بۆ نموونە لەسویسرا و سوید و هۆڵەندا و هیند و ئوستراليا وەك كیشوەرێكی تایبەت، ئامریكا و هتد، پارچە پارچە بوونایە و دابەشبوونایە بەسەر چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی و خاوەن ئاڵاو و پوڵ و خاك و سنووری تایبەت بەخۆیان، كەچی پێكەوەژیان سەلماندی كە دەوڵەتی نەتەوەیی جگە لەسەركوتكردنی نەتەوەیەكی سەردەست بەسەر نەتەوەكانی ترەوە هیچی تر نییە.

ئێمەو ئەوان لەبیری ناسیونالیزمی كوردیدا هەبووە، چونكە بەبەردەوامی ئەوانی تری دەرەوەی كورد چ لەناوەوە و چ لەدەرەوەی سنوورەكەی هەمیشە كارتێك بوونە بەدەست دوژمنانەوە دژ بەكورد، لەسەرەتای شەستەكانی سەدەی رابردبوو واتە لەدوای ١٩٦١ ی سەدەی رابردووەوە، توركمانەكان لەدژی كورد لەهەموو ئەو شارانەی كە پێگەیان بەهێز بوو لەرووی ئابوری و كۆمەڵایەتیەوە، بۆ نموونە لە كفرییەوە تاكو سنوورەكانی موسڵ، لەدژی كورد دەستیان دا بەجەنگ و خوێنڕشتن، لەكەركوك و كفری و خانەقین و هەولێر و هتد. ئەمە چەند ساڵێك بەردەوام بوو كە بەپاڵپشتی حكومەتی ئەوكاتی عێراق و سەرتای هاتنی بەعسیەكان بوو بۆ عێراق. ئەوەبوو توركمانەكان بوون بە حەرەس قەومی و ماڵ و حاڵی كوردەكانیان لەشاری كفری و كەركوك و پردێ و كۆیە و ناوچەكانی سنووری موسڵ تاڵان كرد و خوێنەكەش بۆ دەسەڵاتدارانی حوكومەتی ئەوكاتی عێراق بوو.

ئەو ئێمە و ئەوانە بەنیسبەت كوردەكانەوە كە بیریان لەو جۆرە ناسیونالیزمە نەدەكردەوە كە توندوتیژی بەرهەدەهێنێ، لەوێوە

سەرچاوەی گرت کە بەشێك لەنەتەوەکانی دیکەی دەروەی کورد کە یەکێك لەو نەتەوانە تورکمانی عێڕاق بوون، بۆمانەوەی خۆیان و بۆ دڵڕازی کردنی حکومەت، کەوتنە دژایەتی کردنی کورد و کوردیان ناچار کرد کە بیرێك لە ناسیونالیزم بکاتەوە و ئەم بیرەش چەکەرە بکات و بۆ نەوەکانی دیکە بمێنێتەوە.

جێگەی بیرهێنانەوەیە کە تورکمان وەکو نەتەوەیەکی دژە کورد لەژێرەوە و پاڵپشتی کورد و بەرژەوەنخواز لەسەرەوە، هەمیشە لەگەڵ ئەو هێزە دەستی تێکەڵاو دەکرد کە بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی کورد لاواز دەکات، لەسەردەمی پاشایەتیدا ئەوان لەگەڵ دەوڵەت و سیستمەکە بوون و لەسەدەمی بەعس بوون بە حەۆەس قەومی و کوردیان کوشت، لەدوای سەرهەڵدانیساڵی ١٩٩١ بوون بەلایەنگری هەرێمی کوردستان و ئەمجارەیان حیزبیان دامەزراند و لەلایەکی دیکەوە لەدژی کورد لایەنگری سیستمی سیاسی تورك بوون، ساڵی ١٩٩٣ جارێکی دیکە کورد خەریك بوو لەسەروبەندی خۆپێگەیاندن بوو، لەدوای هەڵبژاردنی سەرۆك و پارلەمان، یەکەمین حکومەتی پێکهێناو بوو بەخاوەن هەرێمێکی یاسایی، تورکمان ئەمجارەش بۆ پشتکردن لە کورد، چوونە نێو رێکخراوی یەکگرتووی ئیسلامی و لەرێگەی ئاینەوە کە بیرێکی ناسیونالیستی عەرەبی بوو دژایەتی کوردیان کرد، تاکو ئەوکاتەی کە بەپاڵپشتی تورکیا بەرەی تورکمانیان دروستکرد و خەریکی ئەوەبوون کە خراپ کەڵك لە بارودۆخی نەهامەتی و قەیرانی دارایی و هەژاری کوردستان وەربگرن، خەڵکیان ناونووس دەکرد کە گوایە ئەمانە تورکمانن و رەوانەی تورکیایان دەکرد، ئەوەبوو کوردەکان کەوتنە خۆیان و ئەم هەوڵەشیان پوچەڵکردەوە.

هەر لەو سەروبەندەدا جگە لە تورکمانەکان هەردوو نەتەوەی کریستیانی کلدو و ئاشورییە کریستیانەکانی عەنکاوە لەرێگەی کەنیسەی رۆژهەڵاتی ئامریکا و کەنیسەی رۆژئاوا کە فاتیکانە، هەتا پێیان کرا سکاڵایان لەدژی کوردستان و حکومەتەکەی

تۆمار دەکرد کە گوایە ئازادیان لێ زەوت کردوونە و ناتوانن بە ئازادی خۆیان سیاسەت بکەن و بە ئازادی خۆیان مومارەسەی کولتووری خۆیان بکەن، جگەلەوەش بەمەرامی ئەوەی کورد نەبێتە هەرێمێکی سەربەخۆ و لە دەوڵەت نزیک نەبێتەوە، ساڵی ١٩٩٦ لە کالیفۆڕنیا گەورەترین خۆپیشاندانیان سازدا و لافیتەیان لەدژی کوردەکان هەڵکرد، سەرباری ئەوەش لەساڵی ٢٠٠٥ لەکاتی دەنگدان بۆ پارلەمانی عێراق کە لەدوای روخانی رژێمی بەعس یەکەمین هەڵبژاردن بوو، کریستیانەکان بەزۆرینە دەنگیان بۆ لیستەکەی ئەیاد عەلاوی دا لەدژی کوردەکان، ئەمە جگەلەوەی کە ئەوان کورسی کۆتایان هەبوو لە پارلەمانی کوردستان کە بەرێژەی چارەکە دەنگی کەسانی هەڵبژێردراویان نەهێنابوو، ئەمەش بوو بە سەرەتای چەکەرەکردنی بیرۆکەی ئێمە و ئەوان، بەشێك لەو هۆکارانەی کە ئەو دۆخانەی خوڵقاندبوو راستی تێدابوو و تارادەیەکیش مافی کەمینەکان بوو، چونکە زۆرینە کە کوردی موسڵمانە لەباشوری کوردستان، هەم لەرێگەی گوتاری ئاینی و هەم لەرێگەی گوتاری نەتەوەییەوە بەسەر نەتەوە و کەمینەکاندا زاڵ بوونە، ئەمە بوو بەو پەرچەکردارەی کە لەئەنجامی کرداری نابەجێی بەشێك لە کورد بوو، بەڵام بەشەکەی دیکەی ئەوەبوو کە کوردەکان بەهۆی کێشەی نێوخۆیانەوە نەیانتوانی زەمینەی ئەو یەکتر قەبوڵکردن و پێکەوەژیانە راستەقینە پێشکەش بکەن، لەبری ئەوە دەوڵەتانی دژی کێشەی کورد و توندڕەوە ئاینیەکان خراپ کەڵکیان لەو دۆخە وەرگرت و کەمینەکانیان هاندا کە دژی بەرژەوەندی کورد بن لەم هەرێمە. هەموو ئەم بیانوانەی کە هێنامانەوە بۆ کورد و مەسەلەی دیموکراسی وەکو چەمکێکی نوێ و کێشەدار بۆ ئەو نەتەوانەی هێشتا نەبوون بە خاوەن دەوڵەت، ئەوا دیموکراسی ئەو فەزا ناجێگیرەی بەرهەمهێناوە کە زیانی بۆ کورد هەبووە وەکو خاوەن دەسەڵات، لەلایەکی

دیکەوە بۆخۆی بۆتە کێشە چونکە ناتوانێ لەگەڵ ئەو چەمك و سیستمەدا هەڵبکات، چونکە لەبنچینەدا بە پێپلکانەی زەمەنی سیاسیدا سەرنەکەوتووە و ئەم فەزایەی بۆ هەرز ناکرێت.

## *ناسیونالیزمی فارسی*

فارسەکان ئەگەرچی لەگەڵ مێژوودا هاتوون و دانەبڕوان و جەنگەکانی یۆنانی کۆن و روسەکان و عەرەبی نیمچە دوورگەی عەرەبی کە ویستوویانە نیشتیمان و زمانیان داگیر بکەن، لەبەرامبەردا گیانفیداییان کردووەو رێگەیان لە داگیرکاری گرتووە، سەرەتا ساڵی ٥٥ ی پ. ز. کۆرش سەرکردایەتی کرد لەدژی ئەو جەنگەی میدیاکان بەرۆکی فارس و ئێرانییەکانیان پێگرتبوو، دواتر درووستبوونی دەوڵەتی هاخامەنیشنی و دواتر روخانی و «دوا دەوڵەتی نیوە فارسی دەوڵەتی ساسانی (٢١١١_٦٥١) بوو، کە لەلایەن ئەردەشێری پاپەکانەوە دامەزرێنرا، کە عەرەبە موسڵمانەکان پەلاماری ئێرانیان دا و شەڕی بویب و قادسیە یان لە ٦٣٥ تاکو ٦٣٧ دا بردەوە، توانیان لە ٦٥٢ دا بەیەکجارەکی دەوڵەتی ساسانی بڕوخێنن، هەڵوێستی داگیرکەرانەی عەرەبەکان بیری ناسیونالیزمی فارسی ئێرانی بزواند، ئەم بیرە بە ئاشکرا لە شاهنامەی فیردەوسی دەبینرێ کە یەك پارچە شانازی کردنە بە ئێرانەوە لە دژی توران». بۆ نموونە فیردەوسی دەڵێ

« چو ایران نباشد. تن من مياه.
بدين بووم و بر زەندە يك تن مياه
هنر نزد ايرانيان است و بس
نگيرند شى رژيان را بەكس
همه يك دلانند و يزدان شناس
بگيتى ندارند ازكس هراس» هتد

واتە ئەگەر ئێران نەبێ با لەشی منیش نەبێ با لەسەر ئەم

زەوییە یەك كەس نەمێنێ، هونەر هەر لەلای ئێرانییەكانە و بەس، شێری بەڕەڵلا بە كەس ناگیرێن و ئێرانییەكان هەموو یەك دڵ و خودێ ناسن، لە جهاندا ترسیان لە كەس نییە، ئەز دەبێ نرخی ئێران بناسم. هتد». (٧٠).

دوای ئەو مێژووەی كە فارسەكان خۆیان وەكو بەناچاری بە ئایینی ئیسلامەوە هیێشتەوە و بوون بە بەشێك لە مەزهەبێكی ئەو كولتوورە، بەڵام لەرێگەی دژە گوتاری ئیسلامی كە سوننەگەرایی بووە بە درێژایی مێژوو، ئەوانیش شیعەگەرایيان هەڵبژارد بۆ مانەوەی خۆیان، ئیدی لەوێوە قەوارەی دەوڵەتی و هەرێمایەتی وپاشكۆكانی خۆیان زیاتر پێ پارێزرا،

## ناسیونالیزمی توركی

تورك بەوپێیەی كە لەناوچەی باڵقان و قەوقاز و لە رەگو ریشەیەكی بێ شوناس و نەناسراوەوە هاتوون، هیچ رەچەڵەكێك نییە بیسەلمێنێ ئەسڵی تورك چۆن و لەكوێوە هاتوون، ئەگەر جەنگیز خان و ئیمبراتۆرییەتەكەی وەكو سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی توركی حیساب بكەین، هەڵەیەكی گەورەیە، بەڵام توانیان بوونی خۆیان لەرێگەی هێزەوە بسەلمێنن، بەكارهێنانی ئەنادۆڵ وەكو ناوچەیەك بۆ پاراستنی شوناس و زمانی خۆیان، دوای ئەوەش هاتنیان بۆ رۆژهەڵات و وڵاتانی عەرەبستان وەكو ئیمبراتۆرییەت، هەروەها لەگەڕانەوەیاندا كاریگەری ئاین وزمانی قورئان لەسەر خۆیان و زمانەكەیان، باشترین هێزو توانای بە تورك دا، پاشماوەی نەتەوەكانی دیكە بكاتە ژێر ركێفی خۆیەوە وتەنانەت كولتووری سیاسی و كۆمەڵایەتی و سەنعەتیش بەجێبهێڵێت لەناوچەكە و تا ئێستاش بنكە كۆمەڵایەتییەكەی كە پێیان دەگوترێت توركمان، باشترین خزمەتی بە تورك كردووە، بیری ناسیونالیزمی توركی كۆنترە لە دامەزراندنی دەوڵەتی توركی، مەسەلەی زمانی توركی

لە ژێر کاریگەری عەرەبی، گەورەترین دەمارگرژی بۆ تورکەکان خولقاند کە رێگە نەدەن وسوکایەتی بە غەیرە تورک بکەن، بە تایبەتی دوای ئیمبراتۆرییەتەکەیان ساڵی ١٩١٠ تورکەکانی تیژتر کرد کە بکەونە گیانی نەتەوە غەیرە تورکەکان و ئازەربایجان و تورکمانستان، تا ئەو رادەیەی کە پیاوێکی وەکو» (جمال السفاح، واتە جەمالی خوێنڕێژ گەلێك لە سەرکردەی عەرەبەکانی کوشت، شایانی باسە زیا گویکئالپ ١٨٧٦ـ١٩٢٤ یەکێك بوو لە سەرکردەکانی کۆمەڵەی اتحاد وترقی ساڵی ١٩٢٣ دا زنجیرەیەك وتاری بە زمانی تورکی بە نێوی بنچینەکانی ترکیزم ەوە بڵاو کردەوە کە لەوێدا هەندێك ئامانجی بزووتنەوەی تۆرانیزم ی روون کردەوە، وەك ئەوەی کە تۆرانییەکان بەزۆری چەك هەموو جهان بخەنە ژێردەست خۆیانەوە». (٧١). دوای ئەمە سەدان خێزانی عەرەبی لەناوچەی خۆیان دوور خستەوە بۆ ئەنادۆڵ و ئەرمەنەکانیان قەتڵوعام کردن و کوردیان کرد بە داردەستی خۆیان، بەڵام لەسەرووی ئەمانەوە دوای شکستە گەورەکەی تورك کە وڵاتە سوێندخۆرەکان بردیانەوە و تەنها ئەستەنبوڵ و چەند ناوچەیەك بەدەستی تورك مانەوە، مستەفا کەمال ئەتاتورك ساڵی (١٨٨١ـ١٩٣٨) کە موفەتیش بوولە سوپای تورکیا، بیری ناسیونالیزمی تورکی فراوانتر کردو مانیفێستی نوێی ناسیونالیزمی تورکی دامەزراند، ئەمەش کارێکی کرد کە بۆ تاهەتاییە تورکەکان بەروو بوومەکەی بخۆن، ئەویش بە عەلمانی کردنی دەوڵەت و گۆڕینی پیتی عەرەبی و ئەسڵی تورکی بوو بۆ پیتی لاتینی، ئەم ئەزموونەی تورکەکان بۆمان دەسەلمێنێ کە ناسیونالیزم بەبێ دوژمن درووست کردن و بەبێ دژایەتی کردنی ئەویتر، ناتوانی تەنها پشت بە زمان و خاك ببەستێت بۆ ئامانجی کۆتایی.

## ناسیونالیزم و دەوڵەتی سێنترالی

ئەگەرچی دەوڵەت بەپێی ڕێکەوتنی ئارەزوومەندانەی نێوان گروپە سیاسییەکان و زەرووڕەتی دەزگاتەشریعی و تەنفیزییەکان سەری هەڵداوە، یاخود گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە و لەرێگەی تاکەکان و دەسەڵاتەوە دروست بووە، چونکە دەسەڵاتی سەروەری و دەزگاکانی ئاسایش باشتر دەتوانێ بیانپارێزن لەهەر ئاژاوە و دڕندەییەك، ئەمەبەبەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە ناودەبرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت لەجەوهەردا کۆمەڵە دەزگایەکە دەستەبژێرێك بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەیبەنەڕێوە و لەبەرامبەریشدا تاکەکانی تەواوی کۆمەڵگە، لەگەڵ ئەوەدان کەبەشداری دامودەزگەکان دەکەن، هاوکات سەرکوتیش دەکرێن و هەندێ جاریش بێبەش دەکرێن لەبەشداریکردنی راستەوخۆ، جا چ لەرووی سیاسیەتەوە و بێت یان لەرووی بەڕێوەبردنەوە بێت، هەندێك جاریش ڕەخنەگرتن و نارەزایی خەڵك بەدوژمنکاری لەقەڵەمی دەدەن، ئیدی بەبیانووی ئەوەی دەسەڵاتن، دەستەبژێر دوژمنەکانیان سەرکوت دەکەن لەهەر جۆرە جموجۆڵێك کە بەبەرژەوەندی دەوڵەت ناکەوێتەوە..

هەڵبەت ئەم پیناسەیە لەدەوڵەتی مۆدێرنیشدا وجوودی هەیە « (جۆن بروێلی) تیۆریستێکی سیاسی و نەتەوەخوازێکی مۆدێرنە و لەو پێناسەیەدا کەلە کتێبەکەیدا بەناوی (نەتەوەخوازی دەوڵەت) ساڵی ١٩٩٣ نوسیویەتی و ئاماژە بۆ کولتوور دەکات، ناسنامەی کولتووری وەك کارێکتەرێکی پێناسەخوازی ڕەتدەکاتەوە، لەلای ئەو نەتەوەخوازی (بریتییە لە دیاردەیەکی رووت و داماڵراو بەڵام بەشێوەیەکی مۆدێرن). چونکە لەو بڕوایەدایە کەئەمە بەرەو دواوەیە و بۆچوونی پرایۆردیالانەی نا لۆژیکی بۆ پێویستی سەر نەتەوە بوون دەمانگێڕێتەوە، سەرباری ئەوەش ئەو دان بەوەدا

دەنێ کەنەتەوەخوازی زۆری هێزی خۆی لەنێوە ناڕاستیانەوە بەدەستدەهێنێ و باوەشیان بۆ دەکاتەوە.» (٧٢).
دەستەبژێرە کلاسیکیەکانی وەك (گیتانۆ مۆسکا و ڤیل فرۆیدۆ و پارتیۆ و رۆبرت میکل)، پێیانوایە دەسەڵاتی سیاسی ئەوەی کە بەفۆڕم دەسەڵات بەڕێوەدەبن لەژێر دەستی دەستەبژێرێکی بچووکدایە، وەك سۆسیالیزم و دیموکراسی ئەفسانەن، ئەگەرچی (بڕۆدۆن) کە بەئانارشیزمی دەوڵەت و دژی دیموکراسی ناسراوە، لەزۆر لایەنەوە دژی ئەو چەمکانە ناسراوە و بەتایبەتی چەمکی سۆسیالیزم و موناقەشەیەکی توند لەگەڵ مارکس دەکات، هەر لەوبارەیەوە کتێبێك لەژێر ناونیشانی (فەلسەفەی هەژاری) دەنوسێت، دواتر مارکس لەکتێبێکدا بەناوی ( هەژاری فەلسەفە) وەڵامی دەداتەوە.
(بیار جۆزیف بڕۆدۆن) (١٨٠٩–١٨٦٥) هاوشانی (سان سیمۆن) جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە مەسەلەی یەکگرتنی گەلان و بوونی دەوڵەتێك کە دەسەڵاتی سیاسی گەرەکیەتی، چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتی خەڵك ناکات، ئەوەش کە لەبارەی دیموکراسیەتی گەلانەوە قسەی لێدەکرێ، بڕۆدۆن کە لەدژی شۆڕشی ١٧٩٨ وەستایەوە دەڵێ «دیموکراسیەت وشەیەکی وەهمیە و مانایەکی رۆمانسیە بۆ گەل، وەکو خۆشەویستی کوڕان بۆ کچان و بەپێچەوانەشەوە کچانە بۆ کوڕان، بەڵام ئەم زاراوە رۆمانسی یە مانای دەسەڵاتی گەل نییە، تەنها ئەوەنەبێت کە هۆشیارکردنەوەی گەلانە». سەبارەت بەدەوڵەتیش دەڵێ « دەوڵەت دەسەڵاتێکی سێنتراڵییە و هیچی تر، مەرج ئەوەیە دەوڵەت یەکسانی بکاتە باوو و رێز لەهاوڵاتیان بگرێ و هەروەها کەڵك لەئاین وەرنەگرن بۆ دەسەڵاتی کەنیسە، دوای ئەم بۆچوونانەی بڕۆدۆن، فۆریە وەکو مامۆستای ئەم میتۆدە ناسراو رەخنەکەی راستەوخۆ ئاراستەی پاشای فەرانسە کرد، دواتر بەچەند ساڵێك زیندانی کرا».(٧٣).

ئەگەرچی دواتر مارکس وەڵامی بڕۆدۆنی بە کتێبی (الفلسفه البوس)ی داوەتەوە لەو کتێبەدا وەکو پێشتر باسمان کرد، بەڵام بەپێی قەناعەتی مارکس دەوڵەت لە پێکهاتە کلاسیکیەکەی دەردەچێتە دەرێ و کرێکاران لەرێگەی شۆڕشەوە ئەو کۆمەڵگە بەرابەرییە بخوڵقێنن کە کۆمەڵگەی سەرمایەداری چینایەتی خوڵقاندووە و بەردەوامی پێدەدات، هەر لێرەشەوە تەواوی ململانێکان سەرهەڵدەدەن بەردەوام دەبن، هەروەها پێی وایە ناکرێ دەوڵەت لەپێکهاتەی ئابوری کۆمەڵگەدا جودا بکرێتەوە، چونکە سەرەنجام دەوڵەت سیستمێکی سەرمایەداریە و لەسەر کۆمەڵێك پایەی پتەو راوەستاوە، یەکێك لەو پایانەش ئابوریە کە بنمیچی سیاسی دەوڵەت رادەگرێت، ئەمەش هۆکارێکی تری زاڵ بوونە بەسەر چینی خوارەوە واتە چینی کرێکار و هەژار و نەدار، ئەمە لەکاتێکدایە مارکس ئەوەی بەیان کردووە کە کرێکار لەهەر شوێنێك بێت سەر بەهەمان چینن کە دژی سەرمایەداری چاوچنۆکن و لەپشت هەموو سیناریۆکانەوەن تەنانەت بەو سیناریۆنەش کە گوایە سۆزیان بۆ نەتەوە هەیە ببن بە قەوارەی دەوڵەت، بەڵام کرێکار چونکە خاوەنی هیچ موڵکێك نین وەك جوتیار کە موڵکداریتی بە خاکی دەبەستێتەوە کە تێیدا دەژی و بەناچار دەبێتە نیشتیمان پەروەر، سابا ئەو جوتیار و کرێکارە سەر بەهەر نەتەوە و رەچەڵەك و رەگەزێك بن، هیچ مەترسییەکی نییە لە پەیوەستبوونی بە خاکێکی دیاریکراوە و شوێنێك بۆ ئەو وەکو جوگرافیا و موڵکیەت، کەواتە دەوڵەتی نەتەوەیی یەك ستراتیژی سیاسی و ئابوریان هەیە، سابا لەژێر هەر پەرچەمێکدا بن و هەر ناوێکی تریان هەڵگرتبێت، یان با بەدەنگی تەواوی خەڵك بناغەی دەوڵەتەکە درووست کرابێت.

پێشتر بەشێکی زۆر لەدەوڵەتان لەرێگەی پێناسەی نەتەوە وە، مامەڵەی سیاسییان لەتەك دەوڵەتدا دەکرد، دواجار ئاڵوگۆڕە سیاسی و سەربازییەکان و کۆمپانیا زەبەلاحەکان فەزایەکی

وەهایان خولْقاند کە نەتەوەکان تێکەڵ بن و دەوڵەتی فرەیی ببێتە دیفاکتۆ، بەپێی قسەی ئیدیۆلۆژیستەکانی فەرانسە بێت، تاساڵی ١٧٨٩ پێیان وابوو یەکێتی تاکەکان یاسایەك فەرمانڕەوایی دەکات کە ئەنجومەنی یاسادانان نوێنەرایەتی دەکەن، لەمڕاستایەدا دەوڵەت بەشیوەیەك لەشێوەکان کەڵکی لەم چەمکە فکرییە وەرگرتووە، وەکو هێزێك کە بەرگری لەسیستمی حوکمڕانی بکات، یەعنی تەبەعییەت بۆ دەوڵەت نەك بۆ رژێمێکی سیاسی، لێرەوە تەواوی ئەو بەرژەوەندییانەی تاك یان بنەماڵە یان خێڵ هەیەتی، دەبنە بەشێك لەقەوارەی نەتەوەیی و بەرژەوەندییەکانی، یەعنی لێرە سیاسەت فەزایەك دەخولْقێنێ کەهەموو لایەك لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان، خۆیان بەقەوارەی نەتەوەییەوە گرێبدەن بۆ مانەوەیان.

هەڵبەت دەوڵەتی نەتەوە لەروانگەی کۆمەڵناس و مرۆناسانەوە، نەتەوە پرۆسەیەکی جێگرتووی مێژووی دەستکردی سازکراوی کۆمەڵایەتیە، کۆمەڵناسەکان هەموو شێوە تێڕوانینێکی زانستخوازانە و چارەنوسسازانە رەتدەکەنەوە و پێیانوایە کەدەوڵەت بەتایبەت تر دەوڵەتی نەتەوە لەرووی فۆڕمەوە چارەسەری کێشەی سیاسی ئینسان ناکات، بەپێچەوانەوە بەگشتی کە کۆمەڵگە زیاتر لەپێکهاتە و نەتەوە و مەزهەبێکی ئاینی تێدایە، بۆیە لەرەهەندەکانی تردا کە دەوڵەت سکەی خۆی وەردەگرێ تێدەگەن کەسیاسەت و شۆڕش لەپێناو وەها ستراتیژ و ئامانجێکی سیاسی لەژێر عینوانی نەتەوەخوازی، جگەلەدووبارەبوونەوەی کۆیلەبوونی ئینسان بەگشتی لەدەسەڵات و دەستەبژێرێکەوە بۆ ئەویتر هیچی تر نییە، ئەم وەهمە سیاسیە بەدرێژایی مێژووی ژیان بەردەوام بووە، بەڵام لەویست و ئیرادەی دەرەوەی ئینسانی ئاسایی بووە، تەنها سیاسیە بازرگانەکان نەبێ کەدەیانزانی ئەم سوژەیە بازاڕێکی بەبەهایە

بۆ سیاسەت و بەردەوامبوونی سیاسەت و دەوڵەمەندبونی گروپێکی دیاریکراو، بەڵام وەختێك باس دێتە سەر سۆسیالیزم کەمارکس تەرحی دەکات بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی، تەنها مەبەستەکە ئەوەیە ئەو جیاوازیە لەنەتەوەکاندا نەمێنێ ژێردەست و سەردەست وەکو بەشێك لەچەوسانەوەی چینایەتی نەمێنێت، بۆئەوەی ئەوە ئیلهام بەخشی گروپ و دەستەبژێری سیاسی سەردەست و ژێردەست نەبێ بازرگانی بەئینسانگەلی ئاساییەوە بکرێ و هیچی تر، وەختێك موناقەشەی چەمکی دەوڵەت وەکو سیستم دێتەوە پێشێ، هەر ئەمە مەهامەکەیە بۆ ڕێگری لێکردنی لەچەواشە و بەوەهمکردنی باسەکە.

کەوابوو مادام نەتەوەکان بەگشتی دروستکراون و هیچ نەتەوەیەك نییە لەرۆژی ئەزەلەوە خودا بەوشێوەیە و بەناوی نەتەوەیەکی ناسراوەوە پێناسەی پێدابن و مێژووش ئەم سەلمێنەرەی نییە، کەواتە کورد هەم نەتەوەیەکە دواکەوتووە لەڕووی زەمەنەوە کەدەبوو پێشتر بەوشێوەیەی کەئێستا خۆی کۆبکردایەتەوە و دروست بوایە و دیار بوایە لەنێوەندی سیاسی و جهانی، هەم لەبارێکی ترەوە دەوڵەتێکی لەو شێوەیەی ئێستا خەونی پێوە دەبینێ، دەبوایە بۆی دروستبکرایە یان ڕێگەی پێبدرابایە، دەبینێ بۆ یەکێکە لەو نەتەوانەی کەشانسی هەیە لەم سەدەیەدا لەئاستی نێودەوڵەتی دەنگی بۆ بدرێت ئیتر لەو میحنەتەی جارانی دابڕێت بکرێتە کیانێکی سەربەخۆ لەرووی داراییەوە، چونکە ئێستا مۆدێلی سیاسی گۆڕاوە هەر دەوڵەتێك لەرووی ئابوریەوە سەربەخۆ نەبێت سەربەخۆیی خۆی لەدەستداوە، سابا هەر سنووریی دیاریکراو و ئاڵای خۆی هەبێت، خۆ وڵاتێکی وەکو کەنەدا گەورەترین دەوڵەتی دونیا بۆ بازرگانی و سەنعەت و هەیبەتی دەوڵەتی، کەچی هێشتا پارچەی هەیە سەر بەفەرەنسایە تائەو دواییانەش هۆنگ کۆنگ سەر بەبەریتانیا بوو، ئێستاش ئوسترالیا سەر بەئینتیدابی بەریتانیە و

هتد، ئەوان خۆیان رزگارکرد لەدەوڵەتی نەتەوەیی و سەرەنجام بوون بەکیانی دەوڵەتی ئابوری. بەو ناونیشان و کۆمەڵە خەڵك و نەریت و زمان و هەموو موقویماتەکانەوە سەریانهەڵدابێت، بەڵکو ئەوە سیاسەت بووە قەناعەتی بەبنەماڵە و خێڵەکان کردووە کەلەیەك قەوارەدا ژیاون و کردوونی بەنەتەوەیەك، ئەمەش هەم شەرعیەتی داوە بەقەوارەی دەوڵەت و جوگرافیا، هەم شەرعیەتی بەململانێ سیاسیەکان داوە کەهەرچی زیاترە هێز و ماتریاڵی بەشەری بۆ پەیدا بکەن، بەڵام ئەوەی کەتوندوو تیژیەکەی کەمێك رەواندەوە، (ئەنتۆنیی سمیس) بووە لەکتێبەکەیدا بەناوی (رەگەزەکانی نەتەوە) باس لەوە دەکات « نەتەوە مۆدێرنەکان بەهۆی وەرگرتنی سیمبۆلیزم و ئەفسانەی کۆمەڵگە رەگەزییە مۆدێرنەکانی پێش خۆیانە، کەئەو پێی دەڵێ (رەگەزەکان). کەواتە نەتەوە لەمێژووەوە دروست نەبووە، یاخود رەگی دانەکوتاوە لەنێو زمان و کولتوور و کۆمەڵەکانی بەگشتی، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بنەماڵە و خێڵەکان لەترسی لەناوچوونی خۆیان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان قەوارەی خۆیان فراوانتر دەکردەوە و پاسەوانیان لەکولتووری خۆیان دەکرد، رەنگە بۆ ماوەیەکی درێژ هەوڵی بەدەستهێنانی دەوڵەتیان دابێت، یاخود داوای سەربەخۆییان کردبێت، بۆیە نەتەوە مۆدێرنەکان دێنە ئاراوە» (٧٤).

بەهێز کردنی ئینتیما بۆ خێڵ و بنەماڵە، نیشانەی بەهێز کردنی ئەو قەوارەیەیە کە دواجار نەتەوەخوازەکان بۆ گەورەبوونی بنکەی جەماوەری خۆیان کاری لەسەر دەکەن، بۆیە دواجار لەنێو کایەی تری بەرێوەبردنیشدا جارێکی تر پێیان دەبەخشرێتەوە کە لەقەوارەی دەوڵەتدا سیستماتیك کراوە، بەڵام بەهەمان عەقڵیەتی بنەماڵە، کەواتە بەرژەوەندی تاك دەبێتە خەیاڵ و لەواقیع دوور دەکەوێتەوە، هەروەها بیرکردنەوەی تاکیش بیرکردنەوەیەکی جیاوازە لەبیرکردنەوەی کۆمەڵگە، بیرکردنەوەیەکە لەدەرەوەی

نەریت و کولتووری دەسەڵات، بیرکردنەوەیەکە بۆ دابڕان لەکولتووری باو و ڕێسا گشتیەکان کە بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزێت، بەپێچەوانەی ئەوەی کە تاك لەدەرەوەی هەڵسوکەوتی ئەو کۆمەڵگەیە دەیهەوێ چالاکی بکات، ئەمە بەشێکی ئەو ئیشکالیاتانەیە کە لەسیستمی دەوڵەتی نەتەوایەتیدا هەیە، ئەو ئیشکالیاتەیە کە لەپڕۆژەی نەتەوە هاتووەکاندا زەقتر دەبینرێ، بەشەکەی تری یەخەی هێز و گروپ ئاین و کولتوور وە نەتەوەکانی تر دەگرێت، چونکی لەسایەی دەوڵەتی نەتەوەیی، نەتەوەی گروپەکانی تری کۆمەڵگە ڕاستەوخۆ دەبنە هاولاتی پلە دوو، یاخود دەچنە پەراوێزی نەتەوە سەردەستەکان، کە دەوڵەت لەرێگەی ڕاگەیاندنی ئالاو پوڵ و یاسا و ڕێساکانەوە کاری بۆ دەکات، ئەم فاکتەرانەش هیچیان بەشێوەیەکی فەرمی تەعبیر لەکۆی نەتەوەکانی تر ناکەن کە لەدەوڵەتێکی نەتەوەیی دیاریکراودا ژیانی سیاسی دەکەن …

ئەم ئەزموونە کە تیۆریستەکانی فەرانسە خستیانە بەرنامەی کاری دەوڵەتەوە، وەکی سەرقاڵبونێکی فکری ئیتاڵیەکانیشی گرتەوە، بەرلەوەی ببن بەخاوەن قەوارەی نەتەوەیی خۆیان، لەشوێنی خۆیان چەقیان بەستووە، چونکی حکومڕانی و دەسەڵاتداریتی لەژێردەستی بنەماڵەکان بوو، نەك پڕۆژەیەك بۆ دروستکردنی قەوارەی نەتەوەیی، وەختێکیش دەوڵەتی نەتەوەیی لەتەواوی ئەوروپا بوو بەمۆدێلی سیستمی دەوڵەت، بەشێکی تری فاشیەتی خولقاند، هەروەك ئەوەی کە لەحکومڕانیەتی مۆسۆلۆنی و هیتلەری بینیمان، چونکی پارێزگاریکردن لەقەوارەی یەك نەتەوەیی لەنێوان سیستمی دەوڵەت، مانای پەراویزخستنی نەتەوەکانی ترە. «پەیوەندی فەرمانڕەوایەتی لەنێوان هەر کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا دیاردەیەکی تەواو بەرچاوە، دەبێت ئەوەش بزانین کە تەواوی گیروگرفتەکانی کۆمەڵی ئینسانی لەزمانی بەدیهێنانی ئەم پەیڕەوە پەیدا بووە،

تەواوی کارەساتە خوێناویەکانیشی بۆ ئەم شێوە پەیوەندییە دەگەڕێتەوە، یەکەم هەنگاوی شێوازی ناسیونالیزمیش کە مزگێنی دەری بەدیهاتنی دەوڵەتی نەتەوەییە، زەمینە خۆشکردنە لەنێوان و دەوڵەت و میللەت، ناسیۆنالیزمیش بەهەڵبژاردنی دەسەڵاتی گەل و لادانی دەسەڵاتی تاکەکەس یان دەستەیەك لەولاتێکدا، ئیدی دەوڵەت دەگەڕێتەوە سەر رایەڵی کۆمەڵایەتی و دەیکات بەدەزگای دەسەڵاتی گەلی و دواتر میللەت هاندەدات بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و قازانجی دەوڵەت».(٧٥).

لەفەرهەنگی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، (گراهام هیڤانس و جێفری نیوهام) کە دوو بیرمەندی سیاسی دژە ناسیۆنالیستین، بەدوو پێناسەیەی جیاواز بەڵام لەیەکتر نزیك دەسپێدەکەن، ئەم « ئەم زاراوەیە بۆ مانای نزیك بەکاردێت، لەبەکارهێنانی یەکەمدا ناسیۆنالیزم بەدوای کیانێکی فیعلی دەوڵەتدا دەگەڕێت، پاشان بۆخۆی دوای چەند ئامانجێکی سیاسی و کولتووری دەکەوێت»، بەڵام ئەم دوو بیریارە هەر وەکو قوتابیەکی هاوچەرخی دیکە لەبورای سیاسی نێودەوڵەتیدا، وای بۆ دەچن کە ناسیۆنالیزم یەکێك بێت لەهێزە هەرە گرینگەکان بۆ شێوە گیرکردنی سیاسەتی نێودەوڵەتی، بەڵام مەرج نییە هەمیشە بەئاقاری باشدا هەنگاو بنێت..

هەر ئیدیۆلۆژیای نەتەوەخوازیە کە دەوڵەتی پێ پێناسەدەکرێت، ئیدیۆلۆژیای کۆنکریتی و جێگیرە، ئەمەش هیچ بۆ ئەو نەتەوانە ناهێڵێتەوە و کە لەتەك نەتەوەی سەردەست و حاکم ژیان دەکەن، بەپێچەوانەوە هەرچی فەزڵی دەوڵەت هەیە بۆ نەتەوەیی خاوەن قەوارە دەگەڕێتەوە، ئەم ژیانە سیاسیە لەدەوڵەتانی عەرەبی زیاتر دەبینرێت، وەختێك گروپی تری کۆمەڵگە دەبینین لەنێو ولاتانی عەرەبیدا خۆیان بەعەرەب نازانن، پێیانوایە کولتووری رەسەنی ناوچەکە میراتی کولتووری ئەوانە، لەوانەش قیپتیەکانی میسر و ئەمازیغیەکانی مەغریب و جەزائیر و تونس

باشترین نموونەنی بەرچاون، ئەمەش ئەو فاکتەرە سەرکیانەیە کە کێشەی دەوڵەتانی ناوچەکە بەهەڵواسراوی دەهێڵێتەوە... «شیکردنەوەیەکی تر هەیە بۆ پێکهاتەی دەوڵەتی نەتەوەیی نوێ وەکو ستایلی دەوڵەتانی پێشووتر، دەکرێت لەچوار لایەنی جیاوازەوە ببینرێت..

**١: یەکخستن لەبەرامبەر فرەیی نەتەوایەتیدا**

**٢: ئەپستراکتیکی لەبەرامبەر ئەزموونگەریدا**

**٣: سیستم لەبەرامبەر نەریت.**

**٤: چالاکی بێبەرامبەر.**

ئەم چوار لایەنە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەوڵەتی نەتەوەیی بەرەو عەقلانیەت پێشدەکەوێت کە مەئمورییەتی دەوڵەتی نەتەوەیی نوێیە، یەکێتی پێوەرێکی پراکتیکیە لەناو سنووری دەوڵەت» (٧٦).

ئەم تێگەیشتنەی عەبدوڵڵا عەرەوی بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی هەیەتی، ئەگەرچی بۆ دەوڵەتانی عەرەبییە و ناکرێ وەك ستانداری دەوڵەتی بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان تەماشا بکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا دەستنیشان کردنی چوار لایەنی دیاریکراوە کەئیتر هیچ بەهانەیەکی تر نامێنێ بۆ ئەمنی نەتەوەیی کەدەوڵەتانی دونیا موناقەشەی لەسەر دەکەن و هاوڵاتی تێدا دەبێت بپارێزرێت، ئەمە لەکاتێکدا عورەوی لەکاتێکدا ئەم تێگەیشتنەی گەڵاڵە کردووە و تیۆریزەی کردووە کە هێشتا دەوڵەتی فرەیی بەرهەمنەهاتبوو لە رۆژئاوا و نەبوبوو بە مۆدێلی پێکەوەژیان هەروەك ئەوەی لە رۆژئاوا بە پراکتیك کرا...

باری ئابوری کە پێکهاتەیەکی تری سەرچاوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و پشتی پێ دەسپێردرێ، هەروەك مارکس لە کتێبی سەرمایەدا دەڵێت» دەوڵەت بریتیە لە سەرخان و ژێر خان» سەرخان بریتییە لە کولتوور و یاسا و زمان و پەروەردە و هتد، ژێرخانیش بریتییە لەسەرچاوە ئابورییەکان بەهەموو لایەنەکانیەوە لەباری ئابورییەوە دەبێت دەوڵەتی نەتەوەیی قوردەرتی خۆی نیشان

بدات بۆ پڕکردنەوەی بەشێك لەو زیدەبایی و ڕکابەری کە بە بەرژەوەندی گشتی دەوڵەت تەواو دەبێت، هەروەها کارەکانی ناوخۆ پێ مەیسەر بۆ ئەوەی پشتگیری لەچالاکیەکانی خۆی بکات، لەم پێناوەشدا دەوڵەت هیچ پێویست ناکات بەراستەوخۆ دەور بینینێ لەبەرهەمهێنان و گەڕانەوەی بەرهەم، بەڵام پێویستە گەشە بەئابوری بدات و هاوکاری خەڵك بکات، لەپێناو بەڵانس کردنی ئاستی گەشەکردن کە گروپە کۆمەڵایەتیەکان وەگەڕبخات، سا لەرێگەی کارگە نیشتیمانیەکانەوە بێت کە کاڵای نیشتیمانی بەرهەمدێنێ، یان لەرێگەی خوری و پترۆل و گەشت و گوزار و دەزگا پیشەسازیەکانی ترەوە بێت» **(٧٧)**..

ئەگەرچی ئەم تیۆرەیە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی باشترە و لەبارترە نەك بۆ نەتەوەیەك کە هێشتا خاوەنی دەوڵەت نییە، بەڵام بۆ درووستکردنی قەوارەیەکی دەوڵەتی نەتەوەیی، تاقمێك هەوڵی ئەوە بدەن کە هەرچی سەرچاوەی ئابوری هەیە پاوانی بکەن و لەپەنا بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان، هەرچی زیاتر بەرژەوەندی خۆیان پێشبخەن و گەل پشتگوێ بخەن، ئەمە جگەلەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی، دەبێ دەوڵەتی فرە نەتەوەییەکان و تەواوی هاوڵاتیانی دانیشتووی ئەو وڵاتە بن، چونکە لەنەتەوەیەك و کولتوورێك و مەزهەبێکی تێدا نوێنەریان لەدەزگاکاندا مەوجوودە و پێکەوە دەژین. لەگەڵ ئەوەدا کە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی مافێکی سیاسی و فەرهەنگی و مێژوویی و هاشا هەڵنەگرە، بەڵام دواتر مافی ئەو گەلانە دەخاتە پەراوێزی مافەکانی ئەو دەوڵەتەوە کە بەناوی نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە پێناسە وەردەگرێت. چونکە دەوڵەتی ناسیۆنالیستی ئەو وڵاتانەی کە سەرکوت کراون لەهەلومەرجێکی تردا جێگە و رێگەیەکی تریان بۆ دەدۆزێتەوە کە لەهاوکێشە سیاسییەکاندا، بەرهەمی پرۆسەیەکی سروشتی گەشەکردنی ناسیۆنالیزم، یان بەرهەمی خەباتی رزگاریخوازی دژ بە کۆلۆنیالیزم نەبوون، بەڵکو ئەم

دەوڵەتانە بەکۆمەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆی وڵاتانی کۆلۆنیالی و سەرمایەداری ئەورووپایی دامەزراند، یان چەسپێنران لەجوگرافیایەکی دیاریکراو، هەرئەوەی کە ناسیۆنالیستی ئەو وڵاتانە بۆ بەڕێوەبردرنی دەوڵەتی ناسیۆنال وە پڕۆژەی نەتەوەیی و مەزهەبی بوونە دارودەستەی کۆلۆنیالیزم. لەکاتێکدا روحی نەتەوەیی بۆ درووستکردنی دەوڵەت ئەو ئامانجانە بەدەست دەهێنێت، کە ویستێکی یاسایی و دیموکراسین، نە ئەو مۆدێلە بەرهەمدێنێت کە خودی پڕۆژەی نەتەوەیی پێویستی پێیەتی، «ناسیۆنالیزم لەهەر وڵاتێکدا بەپێی پڕۆگرام ڕێباز و ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی سروشت و ناوەڕۆکەکەی دیاریدەکرێت، دەشێت ئازادیخواز و روگارکەر یان شۆڤێنیست و مەزنخواز و هێرشبەر بێت، بەڵام ناسیۆنالیزم بەگشتی لەقۆناغی دیاریکراوی مێژوویی خۆیدا وەك دیاردەیەکی بابەتی مێژوویی پێویستیەکانی گەشەکردنی ژیانی ماددی و روحی نەتەوە دەستدەکەوێت، لەکاتێکدا ناسیۆنالیزم دوای بەدیهێنانی ئەرکی مێژوویی خۆی، دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال دەشێت ناوەڕۆکێکی شۆڤێنیانە بەخۆیە بگرێت، بەگشتی ناتوانێ دیموکراسی و عەدالەتخواز بێت». (٧٨).

بۆیە ئەم نمونەیە لە ناسیۆنالیزم و مەترسیەکانی دەخەینەروو، چونکە بەئەزموون ئەو ژیانە سیاسیەی پاش شۆڕشی گەلانی ژێردەستە و رزگاربوونیان سەلمێنراوە، ئیدی تەواو پێچەوانە دەرچوون و رابردوویان لەبیر کردووە، بۆیە مەترسی هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتێك لەلایەن کوردەکانەوە، هەمان ئەو نموونانەمان بۆ دەکاتە وانەیەك کە دەرەنجامەکەی هەر ئەوە دەبێت مافی گەلانی تر پێشێل دەکات، بوونی کلد و ئاشوری و تورکمان لەنێو هەرێمی کوردستان، باشترین سەلمێنەرە کە لەئایندەدا ئەگەر دەوڵەتی کوردی لەبری دەوڵەتی کوردستانی درووست بوو، ئەوا بەو ئاقارەدا دەڕوات و ئەو گەلانەش داوای

مافی جوگرافی و کولتووری خۆیان دەکەن، جا ئەوکات دەبێت یان ئەو مافە لەبەرچاو بگیرێت و بەڕەوا بزانرێت، یان ئەوەتا کێبەرکێیەکی تر دروست دەبێت کە کوردەکان دەبنە چونیەکی رژێمەکانی پێشوو، یان ئەوەتا جۆرێکی تر لەبزووتنەوەی ناسیۆنالیزم دروست دەبێت، یەعنی کورد دەبێتە نەتەوەی سەردەست و نەتەوەکانی تر نەتەوەی ژێر دەست، جگە لەم پێشبینیەش تەماشاکردنی ئەو نەتەوانەی کە لەکوردستان دەژین بەنموونە، یان ئەوانەی کە لەپاڵ نەتەوە خاوەن نفووزەکانی وەك وڵاتانی ئەوروپا، بەکەمینەیەك تەماشا دەکرێن، لەکاتێکدا هیچ نەتەوەیەك نییە بچووك بێت و نەتەوەیەك گەورە بێت، بەوپێیەی کە هەر یەك لەکلدو ئاشور لەزۆر وڵاتی تر هەن و یەك نەریت و کولتوور و مەزهەبی ئاینیان هەیە، ئەمە لەحاڵەتێکدا مەسەلەی چینایەتی لەنێو خودی ئەو خەڵکانەی کە سەر بەنەتەوەکانن سەرهەڵدەدەن، هەروەك چۆن لەساڵەکانی ١٩٦٠ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بینرا، ئەوەی کەباس لەتوانەوەی سێگوچکەی مەزهەبەکان قسە دەکرا، مەبەست لەهەریەك (پرۆتستانت و کاسۆلیك و جولەکە) بوو، ئەوکات گروپە جیاجیاکان شێوازی ژیانیان گۆڕی بوو و ناسنامەکانی خۆشیان هێشتبۆوە و پاراستبوویان دواتر بوون بە یەکێك لە ئامرازەکانی گوشاری سیاسی بۆ سەر دەسەڵات، بەڵام دواتر ئەو گروپانە لەوەچەکانی خۆیاندا تایبەتمەندێتی کولتوورییان خستەڕوو، هەروەها تاقیکردنەوەی مامەڵە کردنیان لەگەڵدا کرد، سەرەنجام سەرکردەکانی ئەم گروپە ئیتنیکیانە و مەزهەبیانە کەڵکیان لێوەرگرت لەمەیدانی سیاسیدا بۆ کۆکردنەوەی خەڵك و دەنگدان لەسەر سندوقەکانی هەڵبژاردن، ئەمەش دیسان بۆ بەدەستهێنانی هەرچی زیاتر دەسەڵات و سامان بوو کە کاریگەرترین ئامرازی سیاسی بوو، ئەم دیمەنە سیاسیە ئەگەرچی مافێکە لەسیاسەتدا رەوایەتی هەیە و سیمبولەکان دەتوانن کەڵك

لەو گروپانە وەربگرن و بیاندەن بە بنکەی جەماوەری حزب و لە پاشکۆی ئیدیۆلۆژیادا مەوقیع وەربگرن، بەڵام سەرەنجام پرۆسەکە ئاشکرا دەبێت، هەروەها چۆن لەنێو کوردەکاندا ئەم دیمەنە دووبارە بووەوە و خەریکە مایەی سەرئێشەیەکی تر بۆ کوردستان هەروەها داواکاری کریستیان بەهەردوو نەتەوەی کلد و ئاشوورییەوە، هەروەها ئیزیدی و نەتەوەکانی تر دەرکەوت..

## *نەتەوە و ئاین*

ئەگەرچی ئاین بەئاقاری فکری ئینتەرناسیۆنالیستدا رێدەکات و لە دیسکۆرسی خۆیدا بانگەشەی یەکسانی گەلان و ئینتیمای ئاینە و جیاوازیەکان وەلادەنێت و هیچی تر، یەعنی گوتارێکی گشتگیرە و رێگەیەکە بۆ باوەڕی خوداپەرستی، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەکێکی تەواو بە نەتەوەکان دەکات لەنێو ئاینشدا چەمکێکی دانپیانراوە، باشتر بڵێم ئاین هیچ کات سنوورێك بۆ نەتەوەکان دیاری ناکات، بەقەد ئەوەی کەڵك لە ماتریالە بەشەرییەکەی وەردەگرێ و لەشوێنێکی تردا بەناوی چەوسانەوەوە رۆمانسیانە دەیکات بە کارتێکی ئاینی لەدژی نەیار و دوژمنەکەی کە ئاینێکی دیکەیە، « لەکاتی خۆیدا کەنیسەی ئەرسەدۆکسی کە زۆرترین خەڵکی باڵقان ئینتیمایان بۆی هەبوو و پاتریارکێکی یۆنانی لە ئەستەنبوڵ سەرۆکایەتی دەکرد، زمانی یۆنانی بەکار دەهێنا، هەروەها یۆنانییەکانی بۆ کار و وەزیفەی باڵا بەکار دەهێنا، هەروەها فەرمانبەرانی مەدەنی یۆنانیشی وەگەڕ دەخست، ئەوانەی کە ئینتیمایان بۆ حوکمی پارچەکانی دانوبی ئەوکات هەبوو کە ڤیەنناى ئێستایە، دواتر یۆنانیەکان سەرکەوتن بەسەر تەواوی چینە تێگەیشتوو و بازرگانی باڵقان، هەروەها ناوچەی دەریای سوور و رۆژهەڵات بەپێی سروشتی چالاکیەکان بوو، ئەمە بەلەر چاوگرتنی ئەو ئسوڵە نەتەوەییەی کە هێزەکان تادەهات

زیاتر دەبوون و تایپی هێلینی لەماوەی سەدەی هەژدە، لەسەر بنچینەی فراوان بوونی ئابوری گەورە و ئەو چوارچێوەیەی کە یۆنانیەنکان پێی گەیشتن، ئایین لە خزمەت ئەو دەسەڵاتە ناسیۆنالیزمە بوو». (٧٩).

بەروویەکی تردا ئاین بۆتە بەشێك لە ئیشکالیاتە سیاسی و ستراتیژیەکانی بیری ناسیۆنالیزم، ئەمە ئەو کاتەی کە گوتاری ئاین تیگەکانی روونتر دەبنەوە و خەریکە لەرێگەی جیاوازەوە زمان و کولتوور و خاك و پیرۆزیەکانی نەتەوە دەتوێنێتەوە و دەبێتە مەترسی بو قەوارە نەتەوەییەکە، ئیدی خەڵك لێرەدا هەڵویستی خۆیان دەبێت و ئاین دەبێتە پەراوێزێك لەبیرکردنەوە، بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و رەوینەوەی مەترسییەکان، هەر ئەوەی کۆمەڵگە هەیە تاك لەرووی مەزهەبییەوە جیاوازی هەیە لەوەی کە ئینتیمای نەتەوەیی هەبێت، « کورتەبنەکانی ئەفەریقا هیچ باوەڕێك و سروشتێکی ئاینیان نەبوو کە بینەر هەستی پێبکات، هەر پەرستگا و بت و خواوەندێکیان نەبوو، مردووەکانیشیان بەبێ هیچ رێوڕەسمێك دەناشت و پاش ناشتنی پێدەچوو هیچ بایەخێکیان پێنەدابێت، بگرە ئەفسانەشیان نەبووە، هەرچی کورتەبنەکانی کامیرۆنە تەنها دان بە بوونی خوداوەندی خراپەکار دەنێن و هەرگیز هەوڵی ئەوەیان نەداوە دڵی ئەو خوداوەندەش رازی بکەن کە چاکەکارە، ئەو هەوڵە بێهودەیە، هۆزی (فیزالە سیلان) دانیان بەوەدا دەنا کە رەنگە خوداوەندێك هەبێت و روحیشی هەبێت و نەمریش بێت»، هەر لەمباریەوە ویڵ دیورانت کە بەراوردکارییەك لە نێوان رەسەنایەتی نەتەوە و کولتووری ئاینی دەکات، گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامە کە نەتەوە رەسەنەکان نەدەیانزانی خاك چییە و نەدەیانزانی ئاین و خوداوەندیش چییە و وڵامی هیچ پرسیارێکیشیان پێ نەبووە، هیندیەکانی ئامریکای باکوریش باوەڕیان بە بوونی خودایەك هەبوو، بەڵام هەرگیز نەیانپەرستووە، پێیان وابوو

وەکو (ئەپیقۆڕ) خودا زۆر لەوە دوورترە خۆی لەکاری ئەوان هەڵقورتێنێ، هیندییەکی هۆزی ( ئەپیپۆنگ) شتێکی گوتووە کە رەنگە سەر لەزانایەکی فیزیکی تێکبدات و بەشێوەی زمانی کۆنفشیۆسی گوتوویەتەی» باوباپیرانی تەنها ئەم خاکەیان مەبەست بوو، تەنها ئەوەیان دەکرد دەشتەکەیان پڕ بێت لەگڵ و رووبارەکەیان پڕ بێت لەئاو، بۆئەوەی ئەسپەکانی تێر ئاوبن، هەرگیز سەری خۆیان بەوەوە نەهێشاندووە لە ئاسمان چ باسە و کێ ئەستێرەکانی دروستکردووە و کێ حوکمیان دەکات، کاتێکیش لە ئەسکیمۆکانیان دەپرسی کێ زەوی و ئاسمانی دروستکردووە، دەیان گوت نازانین، لە پیاوێکی زۆلۆشیان پرسی ( کاتێك خۆر دەبینیت هەڵدێت و ئاوادەبێت و درەخت دەبینی پێدەگات، ناپرسی کێ دروستی کردوون و کێ بەڕێوەیان دەبات، زۆر بە سادەیی دەیگوت نەخێر، ئێمە ئەو شتانە دەبینین بەڵام نازانین لەکەیەوە وەهایە لەوەش دەچێت هەر لە خۆڕا وابێت». (٨٠).

بەو پێیە کە ئاین وەك بەشێك لە کولتووری گەلان، لەرووی مێژووییەوە رووبەڕووی زۆر چەمکی تری مەعریفی و زانستی بووەتەوە جگە لە ئەدەبیات، وەکو ئەوەی تیۆریستینەکان باسی لێوەدەکەن و گومانیان هەیە لەوەی نەتەوە دروستکراوەکان ئاین و بەیەکتر دونیا بگۆڕنەوە، بەپێچەوانەوە نەتەوەکان بۆ مەرامی ترسی سیاسی و جەنگ و داگیرکاری، بەناچار پشتیان بە کولتوور و نەریت و خاڵە هاوبەشەکانی کۆمەڵگە بەستووە.

بۆ نموونە لە ئەورووپا سیستمی کڵێسا و قەشەسازی باشترین کەرەستەی کۆمەك کردن بوون بەچەمکی ناسیونالیزم، کە دواتر لە پەراوێزی ئەو ئایین باوەڕییە مەزهەبی جیاوازی وەکو پرۆتستانت و کاسۆلیکی لێکەوتەوە و بووە سیستمێکی سەرکوتکەر و بەناچار خەڵك دەچوونە سەر رێگەی ئەوان، ئەمە لەنێو عەرەبیش هەر وابووە کە یەك نەتەوەن، بەڵام چەندین مەزهەب و شێوەی خوداپەرستی و ئایین باوەڕی تێدایە،

کەچی خوێنی یەکتریش دەڕێژن، هەروەها لە هیندستانیش بەهەمان شێوە. (ئەریك هۆبسباوم) دەڵێ « گەلێکم پێبدە دەسەڵاتی ئیمان و هیواو چاکەکاریەکانی لەسەر رۆمانسیەت و مەسەلەی دونیاییەکان بێت، گەلێکم پێبدە ئەم دونیایە نەبینێ جگە لە شوێنی حەج، بەڵام نیشتیمان و دایك شتێکی ترە، گەلێك تەماشای پاڵەوانێتی و سیفاتی هەژاری و ئازارەکانی مەسیح بکات، گەلێك حەز بکات مەسیح بپەرستێ وەکو کوڕی هەموو هەژاران تەماشای خاچەکەی بکات وەکو کەرەستەی رزگاربون، پێت دەڵێم گەلێکم پێبدە لەم قاڵبەدا بێت، ئەم حاڵەتە پاشەکشە کردنێکی زۆر ئاسانە لە یەکسانی و تەنها بیرکردنەوەیەکی مەحاڵە بۆ چاکەکاری ».(٨١).

هەڵبەتە وەکو باسمان کرد ئەم حاڵەتە لەنێو عەرببیشدا هەیە بەو پێیەی کە زمانی قورئان و زمانی هەموو نەتەوەی عەرەبییە بەگشتی و بەجیاوازی شێوە زارییانەوە، هەمان ژیانی کۆمەڵایەتیشە کە خراپ لە ئایین و گوتارەکەی تێگەیشتوون، تائەو جێگەیەی هەندێکیان پێیانوایە کە ئایین نەتەوەی عەرەبی دروستکردووە و بەپێچەوانەوە هەیە کە نەتەوە ئایینی دروستکردووە، بۆیە دەڵێ لەپێناو عاقڵ بوونی عەرەب ئایین هاتۆتە خوارەوە، ئەمە لەنێو زۆربەی نەتەوەکانیشدا هەیە. « ئەم جۆرە پەیوەندییە پەیوەندییەکی کاریگەر لەسەر جیابوونەوە و سەربەخۆ بوونی نەتەوەکانە بەو رادەیەی نەکەوتبنە ژێر کاریگەری ئایینەوە، بەڵام کاتێك بزووتنەوە بەهێز دەبێت یان دەتوانێ دەوڵەت پێکبهێنێت، ئەوسا پرسی ئایینی دەبێتە یەکێك لە هۆکارە کاریگەرییەکان، بۆ نموونە پەیوەندی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و ئێرانی (١٥٠١ــ ١٧٢٢) مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمام، ئەگەر ئێرانیەکان واتە دەسەڵاتدارانی ئێرانی روویان نەکردایەتە مەزهەبی شیعە و شا ئیسماعیلی ئەو مەزهەبەی بە ئایینی رەسمی رانەگەیاندبا، ئەوا ئێستا ئەمڕۆ کاریگەری

وڵاتێك، یان چوارچێوەیەكی سیاسی سەربەخۆ بە ناوی ئێران و بەم تایبەتمەندییانەی ئێستا بوونی نەدەبوو، یان دەوڵەتی سووری عەلەوی. ئەگەر بەوردی تەماشای مەسەلەی ئێرلەندی بكەین بەتەواوەتی دەبینین كە هۆكاری ئاینی (لەراستیدا هۆكاری مەزهەبی) دەورێكی لە رادەبەدەری وەرگرتووە، چونكە ئەو ئێرلەندیانەی كە سەر بە مەزهەبی پرۆتستانتن، واتە هەمان مەزهەبی بەریتانیاكانن دوای یەكێتی دەكەن لەگەڵ بەریتانیا، كەچی ئەوانەی سەر بە مەزهەبی كاسۆلیكن داوای جیابوونەوە دەكەن». (٨٢)..

سەبارەت بەو نەتەوانەی كە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و ئایینەكانیان تێكەڵ بەیەكتر بوون، یان باشتر بڵێ كە پێكەوە دەژین و لەیەك كۆمەڵگەدا هەم نەتەوەن و هەم مەزهەبی جیاوازیان هەیە كە كێشەكانیان یەكلایی نەبۆتەوە، چونكە هەندێك جار نەتەوەی سەردەست و هەندێ جاریش مەزهەب» دین بەتایبەتی دینە گەورەكان وەكو (ئیسلام و مەسیحی و بوزایی) میللەتێكی دیاریكراو نین، توانیویانە سنووری نەتەوەكان ببەزێنن، بەڵام نەتەوەكانیش توانیویانە لەرێگەی مەزهەبەكانەوە لێكدانەوەی جیاواز و كاریگەری خۆیان بەسەر دینەوە بەجێبهێڵن، ئەگەر تەماشای مەسیحیەت بكەین بەسێ مەزهەبی سەرەكیەوە دابەشبوون، (ئەرسەدۆكس، كاسۆلیك، پرۆتستانت) بۆمان دەردەكەوێت كە كاریگەری رەوشی سیاسی و كۆمەڵایەتی نەتەوەكان و بەرژەوەندی هێزە دەوڵەتییەكانیش بەسەر ئەم ئاینەوە گەلێك زۆرە، سەرەنجام پرسی ئایین و نەتەوەیی دەبێتە یەكەیەكی پێكەوە گرێدراو، زۆرجاریش چارەسەر كراوە لەلایەن دەسەڵات و دەوڵەتی نەتەوەكانەوە بۆ یەكلایی بوون و هاو ئاهەنگ بوونی سەرچاوەكانی بوونی مانەوەی ئەو نەتەوە وڵات و دەوڵەتەوە». (٨٣).

ئەوەش كە گەشەكردنی نەتەوەیی پشتی بە ئایین دەبەست

لەمەو پێش و ئێستاش هەیە و بگرە دەوڵەتە ئایینی لەهەریەك لە سعودیە و فاتیکان هەن و دەستیان لە دروستکردنی هاوکێشەی سیاسی و دروستکردنی بڕیاری سیاسی هەیە، ئەوان ئەو دەسەڵاتە بوو ن ئێستاش هەن کە ئاین شەرعیەتی پێداون و وەکو بەشێك لە هێزی گوتار کە پشت بە ئۆتۆریتەی جەماوەری و موقەدەس دەبەستێت، بەتایبەتی ئایینی مەسیحی کریستیانی و سیستمی کڵێسا و قەشە و پاپا، «پرۆسەی سەرهەڵدان و گەشەکردنی سەرمایەداری و سەقامگیربوونی دەوڵەتی ناسیونالی ئەورووپا، گۆڕانێکی بنەڕەتی لەژیانی ئابوری سیاسی و کولتووری کۆمەڵایەتی لە نێو دەوڵەتانی ئەورووپا دروستکرد، دەسەڵاتی ئایینی لە ژیانی سیاسی ئابوریدا لاوازکرد، مەسەلەی رۆڵی گەل و دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی پەیوەندی لەگەڵ تاکە کەسدا و ماف و ئازادی و ئەرکەکانی مرۆڤ بەبێ دەستوور دیاریکران، بەڵام ئەم پرۆسەیە نە مایەوە، سەرمایەداری بەپێی لۆژیکی قازانج و کێبەرکێ بەرێوەدەچوو، هەر لەسەرەتاوە گەلێك وڵاتی ئامریکا و ئاسیا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا گۆڕدرا بەسەرمایەداری مۆنۆپۆلی ئیمپریالیزم».(٨٣).

هەڵبەت بۆ نەتەوە بوونی کوردانیش کە بەشێك لەکولتووری ئیسلام و دواتریش عەرەب بەسەریدا زاڵە، لە جیاتی ئەوەی ئاین کۆمەکی بکات، کێشەی نەتەوەیی بۆ دروست کردووە هێندەی تر کردویەتی بە گرێیەك نەکرێتەوە، تائەو رادەیەی کە بەناوی ئیسلامەوە بەڵگە هەیە فتوحات کراوە و بەغەیرە موسڵمان ناسراون، بۆیە بەزۆر کراون بە ئیسلام، هەر ئەو بەڵگە نامەیەی کە خالیدی کوڕی ئەیوب بۆ عومەری کوڕی خەتابی ناردووە و تێیدا هاتووە « خالید نامەکەی پێچایەوە و دایە دەستی زوبێری عەوام و فزڵی کوڕی عەباس و عەبدولرەحمانی کوڕی ئەبو بەکری سدیق، ٥٠ هەزار سەربازی دانێ و رەوانەی کردن، تا لە سنووری کوردستان تێپەڕبوون بەرەو شاری مەدینە، دوای

ئەوان (ئەمیر خالید) سەربازگەكەی كۆكردەوە و كەوتەڕێ بەرەو دیهاتەكانی كوێستان، هەتا گەیشتە دێیەكی گەورە كە كەوتبووە بەینی دووكێو، لەپشتی ئەو دێیە شاخێكی زۆر بەرز هەبوو لەناو دێیەكە باخ و باخاتێكی زۆریان هەبوو ئاوێكی سازگاریشی بەناودا تێدەپەڕی و دێیەكە ناوی هێرۆیە»، هەروەها بەپێی گێڕانەوەكەی واقدی دەڵی (ئێمە بە لەشكرێكی گەورەوە بە ئاڵای ئیسلامەوە بەنێو گوندەكاندا تێپەڕبووین، ئەوبەرو پێش سوپاكەیان لێگرتین و نەبەردانە شەڕیان كرد وەكو بڵێی بۆ مردن هاتبن، بەجۆرێك پەلاماردانەكە وابوو كە زیانێكی زۆریان لێداین و دەتگوت بەتەمای ئەوەنین جارێكی تر بژین» ئەوەبوو دوای بەرگرییەكی زۆر كە بەرگری بووە لە شەرەفی كوردایەتی و پەرستگاكانی زەردەشت كە لەبەڵگە نامەكەدا هاتووە، خالید گوتویەتی هەركەس ببێت بە موسڵمان، ئازادی دەكەین و كارو كاسبی خۆی بكات و شەرەفی پارێزراوە، ئەوە بوو بەپێی بەڵگەنامەكە دەڵێ زۆر كەس لەو جەنگاوەرانە ئامادە نەبوون ببن بە موسڵمان و دواجار زۆریان لێكوژران و پەرستاگانیشیان وێران كرد و ژن و سەروەتیان دەستی بەسەردا گیرا ..

ئەم چیرۆكە مانای وایە ئەگەر ئاینێكی وەكو ئیسلام بەوشێوەیە پەلاماری ناهەقیانەی كورد نەدرابا، كورد ئێستا نەخاوەنی ئەو ئایینە بوو، نە بەوشێوەیەش بێ مەوتن دەبوو، هەروەها چارەسەری كێشەكەشی دووا نەدەكەوت، یان بەمانایەكی تر ئەگەر كورد دوای ئەوەی قەبوڵی كرد ببێت بە ئیسلام، ئایینی ئیسلامی وەك كارتێك بەكاربهێنرابا بۆ ستراتیژی نەتەوەیی، بەپێچەوانەوە كاریگەری خراپی هەم لەسەر زمان، هەم لەسەر كولتوور و قەوارە جوگرافیاكەی دانەنابا، بەو شكڵەی ئێستا قۆناغەكانی بەسەختی نەدەبڕی دوانەدەكەوت لە قافڵەی جهانی، هەرئەوەی لەسەردەمی میرنیشینی بابانەكاندا وەكو ریفۆرمێكی ئاینی، (مەولانا خالید) لەو پەڕی دونیاوە كە لەساڵی ١٨١١ دێتە

کوردستان و مەعریفەیەکی تر دێنێتەوە بۆ دەوڵەمەند کردنی بیری نەتەوەیی و گرێدانی ئایین بەو چەمکەوە، هەر ئەوەی تەریقەتی قادری و نەقشەبەندی دەکاتە قوتابخانە بۆ خودا پەرستی بەشێوەی کوردانە، هەروەها لەلایەکی ترەوە رێگەیەکی تر بۆ تەسەووف دەکاتە مۆدێل، ئەمە دەلیلی ئەوەیە کە کار بەرێگەکانی دیکەی ئاین کراوە بۆ زیندوو کردنەوەی فکری ناسیۆنالیزم...

ئەگەرچی ئایین مەبەستێکی دیاریکراوی هەیە وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا کە چەمکێکی نێو نەتەوەییە، لەگەڵ ئەوەشدا کەڵکی لە کولتووری گەلان و نەتەوەکان وەرگرتووە بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی رەگەزی و نەژادی، یەعنی بۆتە ئیدیۆلۆژیایەك بۆ ئەو دەقانەی کە لەپەراوێزی گوتارەکەیدا نەتەوەی پەراوێز خستووە، لەراستیدا گومانێك لێرەدا سەبارەت بە بوونی نەتەوەیی وەکو کورد لەم ناوچەیە هەیە، ئەویش هەم لەباری جوگرافیا و مێژووەکەی و هەم لەباری ئایینەکەی، لەبارەی ناوچەییەوە خاوەنی رووبەرێکی گەورە بووە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە گوایە میدیاکان بووە و دەسەڵاتێکی بەرفراوانی هەبووە کە نازانرێ و لۆژیکێك نییە قەناعەتمان پێبکات بۆچی ئەم ئیمبراتۆرییەتە لەناوچووبێت و هیچ ئاسەوارێکیشی نەماوە، لەبارەی ئاینیشەوە خاوەنی تێکستی ئاڤێستا بووە و پێغەمبەرێکی هەبووە بەناوی زەردەشت کە ئێستاش مێژوونووسان لەسەری دەنووسن و بە پێغەمبەری کوردی دەزانن، ئایا ئەم فەرهەنگە بەهێزو خاوەن دەسەڵاتە بۆ نەماوە و بۆچی لەئاست ئیسلام پوچەڵ بۆتەوە و جارێکی تر کورد نەگەڕاوەتەوە سەر ئاینەکانی خۆی؟. ئەمانە پرسیاری بێ وەڵامن کە تائێستا زیندووە.

جولەکە کە بەخۆیان دەڵێن شعب الله المختار، لەهەموو شوێنێکی دونیا هەبوونە، بەتایبەتی لە رۆژهەڵات کە خاوەنی جوگرافیای خۆیان بوونە و تێکستە ئاینیەکەشیان و پێغەمبەرەکەشیان

هەر لێرە بووە، بەتایبەتیش کوردستان کە پڕبووە لە جولەکە و ئاسەواریشیان هەیە لەهەموو شارەکانی کوردستان، بەڵام مانەوەیان بەو هەموو زوڵمەی لێیان کراوە کە کورد وەکو پاڵپشتی کگەرێك بۆ ئاینی ئیسلام لەناوچەکە، بەشێك بووە لەو زوڵمەی بەسەر جولکەدا هاتووە و بەڵام هەرماون، چونکە جولەکەکان کە خۆیان بەنەتەوەی هەڵبژێردراوی خودا دەزانن، واتە (الشعب الله المختار) دوای پتر لە دوو هەزار ساڵ و پەرشوبڵاو بوونەوەیان بەسەر تەواوی دەوڵەتانی جهانەوە، لەهەر شوێنێك هەبووبن ئەگەر ئاشکراش نەبووبن کولتوور و ئایین و قەوارەی نەتەوەیی خۆیان پاراستووە، بەڵام توندڕەوی ئایین بەتایبەتی ئیسلام لە بەرامبەریشدا ئایینی یەهودی، فەزایەکی وەها خوڵقاندووە کە نەعەرەب دان بە ئیسرائیل دا بنێت و نە ئیسرائیل دان بە ئایینی عەرەبدا بنێ هەروەك ئەوەی لە فەلەستین دەیان ساڵە دەگوزەرێ و ئینسانی خوارەوە بوونە بە سوتەمەنی سیاسەتی دەستەبژێری عەرەبی و یەهودی، مەگەر لە پەراوێزی سیاسەت و بەرژەوەندی دەوڵەت کاریان پێکەوە کردبێت، ئەگەر ئایین پێوەر بێت بۆ نەتەوە بوون، ئەوا دەبێت سەرەتا کۆمەڵگەی فەرانسەییەکان هەڵبوەشێنینەوە، چونکی یەك زمان و مەزهەبی ئایینی پێکیانەوە گرێنادات، لەنێو عەرەبیشدا بەهەمان شێوە ئەوانەی خاوەن زمانی ئاسورین و سەر بەئایینی کریستیانین، یان ئەوانەی کولتووری عەرەبیان هەیە و سەر بە مەزهەبی کریستیانین، ئیشکالیاتی جۆراو جۆریان بۆ دروست دەکات، ئەوەش کە لەنێو کورددا هەیە ئاینی ئێزیدی سەر بەئاینی تایبەت بە خۆیانن، کەچی بە زمان و کولتوری کوردی کار دەکەن، دەبوو ئەگەر بەو پێوەرە بوایە، ئێزیدیەکان یان ئەوەتا کورد نەبونایە چونکی سەر بەئایینی ئیسلام نین، یان ئەوەتا زۆرینەی کورد کەسەر بە ئایینی ئیسلامن، نابوو خاوەن شوناسی نەتەوەیی کورد بن، سا با لەیەك جوگرافیا و

یەك مێژویان هەبێت، ئالێرە بەدواوە کە نەتەوەکان بەناچار لەرێگەی نەتەوەکانیانەوە تێکەڵ دەبن و دەبنە خزمی یەکتر، چۆن مامەڵە لەتەك کولتور و ئایین دەکەن، چۆن دەبنە یەك نەتەوە، وەختێك ئەگەر زمان پێوەری یەکەمە بۆ بەدەستهێنانی شوناسی نەتەوەیی، ئەم پارادۆکسە کۆمەڵایەتیە کە لەئایین و نەتەوەدا دەبینرێت بۆ زمانی یەکگرتوو، هەروەها بۆ جوگرافیا و ئاین و مێژوو و پێکەوبوون، تاکە شتێك دەیجوڵێنێ ئەویش هاوکێشەی سیاسی و بەرژەوەندیە سیاسیەکانی کە ئیدیۆلۆژیا هەڵیدەسوڕێنێ و رەواجی پێدەدات بو رابردووەی کە شەرعییەتی پێوەردەگرێت، سەرمایەداریش بۆ ئەوەی پێیەکی هەمیشە لەمێژوو و رابردوودا بێت، ئەو شتانەی کە لەرابردوودا هەبوون زیندوویان دەکاتەوە، بەڵام بەفۆڕمێکی دیکە و بە کارێکتەری دیکە زیندوویان دەکاتەوە تاکو کۆمەك بە بەرژەوەندییەکانی بکات.

کێشەی هەرە گەورەی ناسیونالیزم و نەتەوەخوازی ئایین بووە، ئەمە بۆچی ؟ لەبەر ئەوەی گوتاری ئایین گشتگیر تر و زاڵترە بەسەر گوتاری نەتەوە یان ناسیونالیزمدا، وەستان لەبەردەم دەق کە ئاین پێوەی دەنازێ و کاری بۆ کردووە تاکو کاریگەڕی پۆزەتیڤی بۆ خۆی هەبێت و بۆ نەیارەکانیشی کاریگەری نیگەتیڤ، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە لەخۆڕا نییە بیرمەندە عەرەبەکان کە قسەیان لەبارەی نەتەوە بچووکەکانی دەورووپشتی خۆیان کردووە، بە بچووك تەماشایان کردوون، وەکو ئیبن تەیمیە باسی کوردی کردووە وەکو رێگر و پیاو کوژ و دز و هتد، بەڵام کە وەختێك مەغۆلەکان هێرش دەبەنە سەر ئیسلام بۆ شام، کوردەکان بەر بەو هێرشە دەگرن و رێگری لە مەغۆلەکان دەکەن، ئەوان دێنەوە دەڵێن کوردەکان ئازا و قارەمانن، چونکە لەپێناو مانەوەی ئایین و سیستمەکە و خودی نەتەوەی عەرەب شەڕیان کردووە، بۆ پشتگیری کردن لەو تێگەیە دەبینین وەك

(سلمان صالح غويل) باسی دەکات کە نەتەوەکانی تر زیاتر لە عەرەب هەوڵی یەکبوونی عەرەبیانداوە، چونکە پشتیان بەو دەقە بەستووە کە زمانی تێکست عەرەبیە « سلێمان صالح الغويل دەنوسێ « لە مێژووی عەرەبدا بۆ جاری یەکەم ئاینی ئیسلام بووە هۆکاری یەکگرتنی تەواوی نەتەوەی عەرەب، بۆیە پێش پەیدا بوونی ئاینی ئیسلام، کۆمەڵگەی عەرەبی بەگشتی پەرت و بڵاو بوونە و کەسێك ناتوانێ کارێکی وابکات کە بەبێ ئایینی ئیسلام، عەرەب بەنەتەوەیەکی یەکگرتوو ببینێت، هەروەها بیرمەندێکی ئینگلیز بەناوی (وێلز) کە پێدەچێ رۆژهەڵات ناس بووبێت» لەبارەی هۆشیاری نەتەوەییەوە و لە بارەی کاریگەری ئایینی ئیسلامەوە بۆنەتەوەی عەرەبی دەڵێ « (٨٤). لەچەرخی شەشەمی زاینیدا بەهۆکاری تێکچوون و ناکۆکی لەنێوان ئیمبراتۆریای ساسانی و بێزەنتی، زانست و زانیاری و فەلسەفە و سیاسەت، زۆر لاواز بووە لەنێو کۆمەڵگەی عەرەبی، بەڵام دوای پەیدابوونی ئایینی ئیسلام عەڵ بەرادەیەکی کەم گەشەی کرد» (٨٥). ، هەروەها دەربارەی ئەو میللەتانەی کە نام وسڵمان بووە بەخۆڕسك، واتە وەکو نەتەوەی کورد، ئیخوان موسلمین ئەوەیان گوتووە (الفقها مجتمعون علي ان الكفار اذا دخلوا بلد مسلما، ففرض عين علي اهلها مقاومتهم و طردهم، وفرض علي مسلمين كافة يعينوهم بالمال و الرجال و السلاح و كل ما يحتاجون الية، بالمسلمون يسعي بذمتهم ادناهم و هم يد علي من سواهم) کەواتە ئەگەر میللەتێکی ناموسڵمان و کافر، هاتنە نێو دەوڵەتی ئیسلامەوە پێویستە لەسەر ئەو خەڵکە دژی ئەوان راوەستن، دەبێ هەموو موسڵمان بە ماڵ و پیاو و چەکەکانیان لەدژی کافرەکان بەکاربهێنن و دەریان بکەن، جان نازانین مەبەست لەخەڵکی ناموسڵمانی کێیە و کافر کێن»(٨٦). هەڵبەت روون و ئاشکرایە کە کورد لەناوچەکە بەپێی قسەی فوقەهاکان بێت و بەپێی ئەوەی زمانی عەرەبی نییە و کولتوور و ناوچەکەی

دوورە لە نیمچە دوورگەی عەرەبیەوە، کەواتە ناموسڵمان و کافرن، بۆیە فتوحات کراون و بەزۆر کراون بە موسڵمان، ئەمەش باشترین سەلمێنەرە کە هۆکاری سەرەکی ئەوەی کورد نەیتوانیوە ناسیونالیست بێت و بەگشتی و بەیەکدەنگ بەرگری لە شوناسی خۆیان بکەن، باشترین نموونە ئەوەیە کە بەناوی خودا پەرستیەوە ئیسلام بەشێوەیەك کاریگەری نیگەتیڤی لەسەر کورد هەبووە، دژایەتی خۆی پێکردووە و ئێزیدی و ئەرمەنی و کاکەیی کە کوردی رەسەنن، بەدەستی خۆی کوشتوونی لەپێناو ئەوەی عەرەبی ئیسلام رازی بن، کەوابوو ئاین بەشێکی بەرفراوان لەو فەزایەی بەسەر کورددا زاڵ بووە و نەتوانێ وەکو عەرەب ناسیونالیست بێت، بگرە لەپێناو ئاین نەتەوە و شوناسی نەتەوەیی کردووە بە قوربانی.
چۆن کورد بوونە بە موسڵمان، ئەمە ئەو پرسیارەیە کە خودی کوەردەکان خۆشیان پرسیارەکەیان لەلا لۆژیکی نییە، چونکە پێیانوایە کورد لەوەتەی هەبووە موسڵمان بووە، نەك بەزۆر کرابێت بە موسڵمان، عزالدین ابن الاسیر مێژوونوسێکی عەرەبی عێراقییە و لەشاری موسڵ بووە لەو کتێبەدا باسیی چۆنیەتی فتوحاتی ئیسلامی و بە موسڵمانکردنی کورد دەکات بە زۆر، لەو کتێبەدا بەناوی (الکامل فی التاریخ) « باسی مێژووی جهان دەکات لە کاتی دروستبوونی ئادەم، هەندێ لەبەشە تایبەتەکانی ئەم کتێبە باسی فتوحاتی ئیسلام دەکات، ئەو بەسەرهاتە کە باسمان کرد، لەساڵی ٦٤٤ ی زاینی واتە دوایین ساڵی دەسەڵاتداریتی خەلیفە دووهەم عومەر رویداوە، ئەم بەسەرهاتە بە دڵنیاییەوە نیشانیدەدات کە لانیکەم گروپێك لە کوردەکان هەرگیز ئیسلامیان نەهێناوە و پێیان باشتر بووە بکوژرێن تا ئەوەی کە ئیسلام بن».
(٨٧). ئەمە واتای ئەوەیە کە کورد لە ئەزەلەوە موسڵمان نەبووە و بەزۆر لەرێگەی شمشێر و هێرشی عەرەبەکانەبەناوی ئیسلامەوە هاتوون بۆ تالان و کوشتن، خەڵکی ناوچەکەیان

بەزۆر کردووە بە ئیسلام، مەبەست لە ئیسلام وەکو ئایین و تێکستەکە نییە، مەبەست لەو ئینتیمایە یە کە بۆ دەسەلاتداریتی ئیسلامی عەرەبی هەبووە و تائێستاش هەر بەو لۆژیکە تەماشای نەتەوەکانی دیکەی دەرەوەی خۆیان دەکەن.
بەپێی مێژووی نوسراو بێت، شەڕی چالدێران سەرەتای شەڕی میرنیشینەکانی کورد بوو، یەکەم شەڕیش لە ساڵی (١٥٠١ـ١٥٢٤) ز بوو، ئەم جەنگە لەئەنجامی سەردانی کوردان بۆلای شا ئیسماعیلی یەکەم کە دەوڵەتی سەفەوی دامەزراند دەستپێکرد، کوردان چوون بۆ پیرۆزبایی لێکردنی لەشاری تەوریز، کە شا ئیسماعیل بۆخۆی بەرەسەن تورك بوو پێشتر لە تورکان و باوکی زویر ببو بەلام کە چووە نێو بەرەی سەفەوییەکان لەوێ دەسەلاتیان پێدا، هەرچەند کە دواتر گەڕایەوە بەلام هەر سزای خۆی وەرگرت و کوشتیان، چونکە خیانەتی نەتەوەیی کردبوو، بەرهەحاڵ یەکەم سیاسەتی ناشایستە و خیانەتکاری بەرامبەر بە کوردەکان کردی، ئەوەبوو زیندانی کردن و لەبەرامبەردا قزلباشەکانی لەجێی کوردان دانا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کوردەکان رووبەڕووی شا سەلیمی عوسمانی ببنەوە، لەولاشەوە میرنیشینە کوردەکانی دیکە بەهۆی سیاسەت نەرمی سوڵتان سەلیم پەیوەندییەکی باشیان هەبوو کە لەرێگەی مەلا ئیدریسی بەتلیسییەوە بوو، ئەوەبوو کە سوڵتان سەلیم بەکارهێنانی کوردەکانی بە مەترسی بۆ سەر سەڵتەنەتی خۆی زانی کە سەفەوییەکان لەپشتیەوە بوون و توانیان بەر بەو دەستدرێژییانەی دەوڵەتی عوسمانلی بگرن، ئەوەبوو نامە ئاراستەی شا ئیسماعیل کرا بۆ ئەوەی شەڕەکە گەورەتر نەبێتەوە، ئەگەرچی شا ئیسماعیل خۆی لە شەڕی عوسمانلی لادەدا بەهۆی ئەوەی کە هێزەکانی ئۆزبەك بەربەست بوون لەبەردەمی کە دواجاری توانی هێزەکانی ئۆزبەك بشکێنێ، ئەوەبوو سوپاکەی سوڵتان سەلیم بەسەرکردایەتی نزیك بە ١٠٠ هەزار سەرباز لە ئوردەنەوە بەرەو دەوڵەتی سەفەوی کشا

و هەردوو دەوڵەتیش کە گەیشتنە دەشتی چاڵدێران لەنزیك شاری ماکۆی ئازەربایجان، جەنگێکی خوێناوی روویدا، ئەوەبوو شەڕەکە بەسەرکەوتنی عوسمانلیەکان کۆتایی پێهات، شا ئیسماعیل بەناچار شاری تەورێزی بەجێهێشت و هەڵهات بەرەو شاری ئەردەوێڵ کە دواتر بەشێوەیەکی کاتی کردی بە پایتەختی دەوڵەتەکەی، بەهەرحاڵ لێرەدا ئێمە مەبەستمان لە دەوری کوردە لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتە کە سەفەوی و عوسمانلیی بوو، کورد لەوکاتەوە بووە بە دوو بەش و هەر پارچەیەکی لاگیری دەوڵەتێك یان سیاسەتێك دەکەن کە ئێستاشی لەگەڵ بێت بەشێوەیەك لە شێوەکان هەمان سیناریۆی مێژوو دووبارە دەکەنەوە». (٨٨).

هەڵبەت ئاین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی بۆ کورد کەنەتەوەیەکی ژێردەست بووە، پەیوەندی بە مێژوویەکەوە هەیە نەبوونی ئاینی سەربەخۆیی خۆیەتی؟ «بەدرێژایی مێژوو لەکوردستاندا کە دەوڵەتێکی ناوەندی یەکگرتووی سەرانسەری دروست نەبووە، کە ئەو خاکەی گرتبێە خۆی کە کوردی لەسەر ژیاوە و دەژی، دەوڵەتۆچکە و میرنیشینێکی زۆر هەبوون، کە لەبەشی کوردستان فەرمانڕەواییان کردووە و دەسەڵاتیان خۆیان پاراستووە، ئەم قەوارە سیاسیە بچووك بچووکانە لەژێر کارتێکردنی هیچ گوشارێکی دەرەکی نزیك نەبوونەتەوە و پەیمانی دۆستایەتیان لەگەڵ یەکتردا نەبیستووە، مەگەر لەژێر ئاڵای یەکێك لە و لەدەوڵەتە مەرکەزییە زەبەلاحانەدا کە خاکیان بەکوردستانەوە بووە، زۆر جار میرنیشینێك لەیەك کاتدا پەلاماری دوو میرنیشینی کوردی داوە، چونکە کوردان ناوەندێکی ئاینی کولتووری بەهێزیشیان نەبووە کە لەبن ئاڵاکەیدا هێزە سیاسیە جیاجیاکان کۆبکاتەوە و ناسنامەیەکی کوردانەیان پێببەخشێ و خاڵی یەکانگیر پێکبهێنێ و هەمیشە وزە و توانا و هێز بەیەکسانی هەوڵسانەوە و راپەڕین بدات».

(٨٩). ئەگەرچی میرنشینی كورد لەكاتی شەڕی سەفەوی و عوسمانلی زۆر بوون، بەڵام بەهۆی ناكۆكی نێوانیانەوە بەناچار بوون بە پاڵپشتی هەرەیك لەسەفەوی و عوسمانلی كە ئەمە بیانوویەكی نامەعقولە، ئەوەی لەشەڕی چاڵدێران مێژوو دەیگێڕێتەوە بێدەروەستی بوو لەلایەك و سەركەوتنەكانی شا ئیسماعیلی سەفەوی بوو، بۆیە قەڵاكانی ناوچەكە كەوتنە ژێر چنگی شا عیسماعیلەوە، لەبەرامبەریشدا هاوكاری كوردی كردووە دژی كورد. « شا عیسماعیل پاش داگیر كردنی دیاربەكر و موسڵ و سنجار، سوپایەكی زۆری بۆ داگیركردنی ولایەتی جەزیرە لە باكوری بەغدادا نارد، ئەمیر شەرەف كوڕی ئەمیر بەدر حاكمی جەزیرە لێیان راست لێیان راسا و دەستیكردەوە و قزڵ باشی تێكشاند، خان محەمەدی ئۆستاجلوش حاكمی دیار بەكر براكەی خۆی واتە قەرابەگی بۆ داگیركردنی جەزیرە نارد، ئەویش ئەو ناوچەیەی تالان كرد و كوشتارێكی بێوێنەی كوردانی بۆ خۆی تۆمار كرد، لەبارێكی ترەوە ئەویش وەك سالم بەگی كورد بۆئەوەی شیری قزلباشی بەرنەكەوێ، دەستەودامێنی سوڵتان سەلیم مایەوە و بوو بەهاندەری سوڵتانی عوسمانلی، بۆ (داگیركردنی دیاربەكر و ئازەربایجان و ئەرمەن)».(٩٠). ئەمە بۆ هەموو نەتەوەكان وایە ئەگەر ئاینێكیان نەبوایە وەكو سەنتەری بڕیاریان سەنتەر هێزی مەعنەوی و مەرجەعیەتی نەتەوەیی بۆ ئاین، ئەوا بەناچار دووچاری بێدەروەستی بوونە و پەرش و بڵاوبوونەتەوە بەسەر نەتەوەكانی دیكەدا نەماون، بەڵام ئەوانەی كە خاوەن ئاین بوونە بەو هێزە كۆمەڵایەتیە مەعنەویە دەوڵەتیان بونیاتناوە، نموونەش پۆڵۆنیەكان كە كەڵكیان لە كەنیسەی كاسۆلۆیك وەرگرت، هەروەها تبتیەكان لە ئاینی بوزی و شیعەكان لە مەزهەبی شیعەگەریتی ئیسلامی كە ئێرانی رابردوو و ئێستای بەرهەمهێناوە و تاكە هێزی سیاسی و ئابوری ناوچەكەیە، هەروەها بەشێك لەعەرەبەكانیش بەهەمان

شێوە ئاینی ئیسلام، بەڵام كورد بەو هۆیەوە كە ئاینی نەبووە وەكو تێكستی كراوە و مەرجەعیەت بۆ نەتەوەیەك، بۆیە هەمیشە لە پەراوێزی نەتەوەكانی دیكە بووە و هەمیشە خاڵی لاوازی بووە بۆ خۆ كۆنەكردنەوە و پەرشوبڵابوونەوە. «بێگۆمان زۆر دەسەڵاتداری كورد هەوڵیانداوە و بەزەبر و زەنگ شۆڕش و سنووری دەسەڵاتیان بەرفراوان بكەن لەناوچەی تریش بخەنە سەر، هەروەك چۆن مەلیكەكانی دەوڵەتی دۆستكی (٩٨٢ـ١٠٨٦ ز) لەرێگەی هێرش و پەلاماری سوپاییەوە ویستویانە میرنیشینی تر قووت بدەن، پاشای كۆرەی سۆرانیش لەسەردەمی دەسەڵاتیدا (١٨١٤ـ١٨٣٦) بەهەمان شێوە ویستوویەتی میرنیشینی تر لەنێوبەرێ و ناوچەی دەسەڵاتی خۆی فرانتر بكات لەنێو ئیماراتی بادینان شەڕ و شۆڕی دژی بابان و بۆتان، ئەمە بەڵگەیە بۆ روونكردنەوەی مەبەستەكانی ئەو كە مەبەست لە (نەبوونی ئاینی سەربەخۆیە بۆ كورد».(٩١). بۆ ئەم مەبەستە شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٤٣ـ١٦٠٦) یەكەمین كەس بووە كە بەنووسین ئەم زارەی دەربڕیوە و لەرێگەی تێكستێكەوە هۆی یەكنەگرتنی كوردانی بەیان كردووە گوایە جیاوازیخوازی نێوان كوردان، بۆ ئەوە گێڕاوەتەوە كە نەفرەتێكی ئاینی بووە كورد خاوەن تێكستێك و پێغەمبەرێك نەبووە یان لانیكەم نەیویستووە ببێتە خاوەنی ئاڤێستا وەكو تێكستی ئاینی، هەروەها زەردەشت وەكو پێغەمبەر.

« شەرەفنامە باشترین كتێبی یەكەمە كە هۆكارە بنچینەییەكانی نەگەیشتنی كورد بە دەرەنجامەكانی ژیانی سیاسی، « لەوێدا كاریگەری ئیسلام لەسەر شوناسی كورد نیشان دەدات، شەرەفخان باسی رەگوڕیشەی كوردەكان و ئەو ئەفسانانە دەكات كە دەربارەی كورد كە زۆرتر بەزمانی (عەرەبی و غەیرە عەرەبی) نوسراون، هەروەها كەڵكی لەو زانیاریانە وەرگرتووە كە خۆی لەو كەسانە كۆی كردووەتەوە كە لەم كتێبەدا ناوی هێناون، لەكاتی

باسکردنی ڕەگیشەی بنەماڵە کوردەکان، ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەگ و ڕچەی خۆیان بردۆتەوە سلسلە عەرەبە گەورەکان، وەکو عەباسیەکان و ئەمەوییەکان، بۆ نموونە حاکمەکانی هەکاری کە بە (شەنبۆ) ناسراون، دەگەڕێنەوە بۆ خەلیفە عەباسیەکان بەهەمان شێوە حاکمەکانی عەمادییە بانگەشەی ئەوەدەکەن کە ڕەگوڕیشەیان دەگەڕێەوە بۆ عەباسیەکان، حاکمەکانی جەزیرەش ڕەگوریشەیان دەگەڕێننەوە بۆ فەرماندەیی ئەمەوی و خالیدی کوڕی وەلید». (٩٢)

نوسەر لێرەدا پرسیارێك دەکات بۆچی هەمیشە کوردەکان لە سەدەی ٧ شەڕیان کردووە لەدژی دوژمنەکانیان و لەپێناو پاراستنی شوناسی نەتەوەیی، کەچی لەسەدەی ١٦ ڕەگوڕیشەی خۆیان دەبەنەوە سەر عەرەبەکان، ئایا ئەمە خۆ بەکەمزانینە یان نەبوونی پشتگیرییەکی ئایینە وەکو مەبدەئێکی خودا پەرستی، تاکو نەترسن لە ئاینێکی دیکە و بەم نەتەوەیە بڵێن بێ ئایین و کافر و بێ بنەما و هتد، بۆیە لێرەدا دەبێ ئایینی ئیسلام بەهۆی دەسەڵاتداریێتی و قەڵەمڕەوی توندی لەناوچەکە و خوێنڕشتنی لەسەر دەستی خەلیفەکانی موسڵمان دژ بەوانی تر، وەکو پرنسیپێك وەربگرین و لەوێوە کورد پێناسە بکەینەوە کە بۆچی ئەو مێژووە خراپەی تۆمار کردووە، « چونکە بنەماڵە کوردەکان ٩٠٠ ساڵ دوای ئەوەی ئیسلامیان هێنا، لە ئاستی لۆکاڵیدا خۆیان لەسەر بنەمای عەشیرەتەکەیان و لەئاستی گشتیدا خۆیان وەك موسڵمان پێناسە کرد و دەستەواژەی کوردیان وەك نیشانەیەکی شوناسی خۆیان بەکارنەدەهێنا».(٩٣).

لەراستیدا ئەمە بەشێکی گوتاری زاڵ و خۆسەپاندنی عەرەبی ئیسلام و ئیسلامی عەرەبی ئەوکات بووە، بەشەکەی دیکەی بێ ئیرادەیی بووە لەلایەن کوردەوە کە ناسیونالیست نەبوونە، وەکو ئەو نەتەوانەی کە بەکەرەستەی ناسیونالیستیەوە بوونی خۆیان سەلمماندو نەیانهێشت ببنە پاشکۆی نەتەوەکانی تر

لەژێر کاریگەری ئاینی زاڵ.
ئێمە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە عەرەب بەهۆی بەکارهێنانی ئاین بۆ گەورەکردن و زاڵکردنی گوتاری نەتەوەیی خۆیان و بە بچووك زانین و تەماشاکردنی نەتەوەکانی تر، ئاییینیان وەکو شێوەیەك لە یاسا و عورف بەکارهێناوە لەبەرامبەر ئەوانی تر، تائەو رادەیەی کە بەنەتەوەی پلەدوو یان ژێر دەست تەماشایان کردوون، ئەمە قسەکەی ئیبن تەیمیەش پشتڕاست دەکاتەوە کە جگە لەنەتەوەی عەرەب، هیچ نەتەوەیەکی دیکە نییە لەنێو ئاینیش بێت و هەمان شوناسی نەتەوەیی هەبێت، مەگەر تەنها پشتگیری لە گوتاری ئاینی ئیسلامی عەرەبی بەکەن.
یەکێك لە پایەکانی ئاین، ئیمانە کە دەبێ هەرکەس ویستی خوداناسی بکات، ئیمانی بەو ئاایینە هەبێت کە لەرێگەیەوە هەموو نەتەوەکانی دیکە دەتوێنێتەوە، هەروەك چۆن توانەوە بەمانایەکی دیکەش واتە (الحلول) کە ئەمە بەشێکی دیکەی ئاین پەرستیە و تەسەووفە، لەوێشەوە جارێکی دیکە کەسی متەسەووف نەتەوەی بیر نامێنێ و دەبێتە بەشێك لەو کارێکتەرە بانگخوازەی کە بانگەواز بۆ ئاینێکی دیاریکراو دەکات و نەتەوەکەی خۆی بیردەچێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا شەرعی و تەواو خوداناسییە کە خودا و گوتارەکەی نەبەستریتەوە بە یەك زمان و یەك نەتەوەی دیاریکراوەوە، وەکو ئەوەی نەتەوەی عەرەب ئاینەکەی بە موڵکی خۆی تەماشا کردووە و ئەوانی تریش پاشکۆ.
بۆیە تەوحید رەتکردنەوەی هەموو فرەییەکە لە ئایندا، واتە فرەیی لە نەتەوە، رەهایە و تەنها یاسا خوداییەکان کاری پێدەکەن و رەتکراوەتەوە، نابێت هیچ کەس و کۆمەڵەیەك پیرۆز بکرێت، واتە هیچ نەتەوە و سیمبولێك و کاریزمایەکی نەتەوەیی پیرۆز بکرێت، تەنانەت وەکو ئیبن تەیمیە دەڵێ « پێغەمبەر و ئەسحابەکانیش نابێت پیرۆز بکرێن و نابێت هیچ کەسێك لەژێر کۆنترۆڵی یەکێتی بوون و تەوحید دەربچێت» ناسیونالیزمیش

چەمکێکە تەنها لە گوتاری نەتەوەییدا نابینرێت، بەڵکو وەکو شێوەیەکە لە ئیمان کە دەبێ لە کرداریشدا رەنگبداتەوە، ئەگەر بەپێچەوانەوە کەسێك تەنها ئیمانی هەبوو لە رەفتاریدا رەنگینەدابۆوە، ئەوە کافرە، بەم مانایەش بێت کە ناسیونالیزم پیرۆزکردنی نەتەوەیەکی دیاریکراوە، کەواتە ناسیونالیستەکان کافرن، چونکە نابێت جیاوازی لەنێوان عەرەب و نەتەوەیەکی دیکەدا بکرێ، بەتایبەتیش عەرەب کە خاوەنی زمانی قورئانە و گوتارەکە لەرێگەی ئەو زمانەوە پەخشکراوە، ئیبن تەیمیە پێیوایە بەبێ عەرەب ئیسلام بوونی نییە، ئەگەر ئیسلام عەرەبی نەبوایە و لەنیمچە دورگەی عەرەبی نەبوایە، ئیسلام سەرنەدەکەوت و نەدەبووە ئاینی هەمووان، بۆیە گوتوویەتی هێنانە سەر زەوی قورئان، کەواتە لە هەیبەتی دەقەکە و ئیمانەکە و باوەڕەکە کەمکراوەتەوە، ئەمەش کوفرە و ئیلحادە، ناسیونالیزم بەر لەهەر شتێك لەسەر زەوی مامەڵە لەتەك نەتەوەکان دەکات و تائەو جێگەی کە جەنگ لەگەڵ نەتەوە سەردەست و سەرکوتکەرەکانیش حەڵاڵ تەما شادەکات، وەختێك ئیبن تەیمیە گوتوویەتی دژایەتی کردنی عەرەب کوفرە، کەواتە بەشێك لە ترسی کورد لەوەی نەبۆتە ناسیونالیزم لە رابردوودا، پەیوەندی راستەوخۆی بە گوتاری زاڵی ئاینی ئیسلامەوە هەبووە کە لەرێگەی موجتەهید و زاناکانی کوردەوە بووە، ئەگەر نەتەوەخوازی و نەتەوەپەرستی بکەن، کەواتە کافر دەبن، ئەم تێگەیشتنە تاکو نیوەی یەکەمی سەدەی رابردو کاری پێکراوە و ترسی لەزەینیەتی هەموو تاکێکی کورد جێکەوتە کردووە، بۆیە کە تەرزێك لەنەتەوەخواز یان پێشکەوتووخواز یان ناسیونالیستی کوردی پەیدا دەبێت، هەم کۆنەپەرست و مەلاکان لەژێر کاریگەری بیرکردنەوەی شۆڤێنیەکان ئەوانە بە لادەر لەئاین و بە کوفریان دەزانن، تائەو رادەیەی ریگەیان لەوە گرتووە مناڵ و وەچەکان نەخەنە بەردخوێندن تاکو هۆشیار

ببنەوە و بیری ناسیونالیستی لە مێکشیاندا چەکەرە بکات، ئەمە ئەو هەقیقەتەیە کە تائێستاش کاریگەری لەسەر تاکی کورد هەیە. لەوەختی خۆیدا زۆر کەس لە بیرمەند و شارەزڤا و شیچخەکانی کورد پێشبینی خراپیان بۆ کورد کردووە ئەگەر نزیك بێتەوە لە ئاینێك کە نە زمان و نەکولتوور و نە سەر بە خاك و نیشتیمانی ئەوە. بۆئەمە شێخ عەبدوڵلای نەهری ئەم پێش بینیەی کردووە و هەروەها (یا کیمیانسکی) کونسوڵی روسی لەدیار بەکر نوسیویەتی ( کوردستان بۆنی ئەوەی لێدێت کە بەهێزترین دوژمنی مرۆڤایەتی باڵی بەسەردا بکێشێت» (٩٤).
بەشێك لەبیرکردنەوەی ناسیونالیزم بەپێی تێگەیشتنی پۆڵ سویزی کە بیرمەندێکی مارکسی یە و لەبارەی ناسیونالیزمەوە بۆچوونی خۆی هەیە، ئەوەیە کە نابێت ناسیونالیستەکان ئەوەیان بیربچێت کە لەدژی ستەمی میللی و نادادپەروەری بوون بە ناسیونالیزم، کەوابوو دەبێ یەکسانیخواز و دادپەروەر بن، ئەمەش لەلای بیرمەندانی عەرەب و بەتایبەتی ئیبن تەیمیە بیدعەیە بەو مانایەی یەکسانیخوازی زیادەیە و کوفرە، هەروەها ئەم بیرمەندە شۆڤێنیە نەك هەر بەکەم تەماشای کوردی کردووە، بەڵکو پێی زۆر بووە کورد خاوەن زانست بن، بۆیە گوتویەتی « الاکراد لیسوا من اهل العلم « ئەمە بەتەنها بۆ کورد نەبووە وەکو نەتەوەی غەیرە عەرەب، بەڵکو بۆ تورکمان و بەشێك لە کلدو ئاشورییەکان و ئەرمەنەکانی ناوچەکەش هەمان بیرکردنەوەیان هەبووە، لەراستیدا بۆیە کورد نەیزانیوە تاڕادەیەك لەئاستی کۆمەڵایەتیدا شوناسی خۆی بپارێزێ و لەدەرەوەی ئاین خۆی بە کورد بزانێ وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ، چونکە زانا و کەسە رۆشنبیرە ئاینیەکانی کورد، بیرکردنەوەی چەند کەسێکی وەکو ئیبن تەیمیەیان بەخەڵك ئاشنا نەکردووە.
لەلای کوردەکان شێخەکان گرینترن لە پێغەمبەرەکان وەکو ئەوەی ئیدیۆمە لەنێو کورددا هاوار و بانگ بۆ عبدولقادر

گەیلانی و شێخی کرپچنە و شێخەکانی دیکە دەبرێت، چونکە بە کاریزما و نزیکی خۆیانی دەزانن لەخواوە، ئەمەش وەکو هانا بردن و دوعاکردن و هتد، بەپێی ئیبن تەیمیە بێت لە شان و شەوکەتی پێغەمبەر و سەحابەکانی کەم دەبێتەوە، بۆیە ئەو کوردی پێ نەزان و کافر بووە، گوتویەتی «ئەگەر ئیمانیان بەم شێوەیە نەهێنا، پێویستە لەلایەن عەرەبەکانەوە کورد وەکو ئاژەڵ تەماشا بکرێت».

لەلایەکی دیکەوە کە کورد لە مێژوودا ئاین زیانی لێداوە، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە نەتەوەخواز نەبووە و شوناسی نەتەوەییشی بە قوربانی پاراستنی ئایین کردووە، هەروەك ئەوەی سەلاحەدینی ئەیوبی کردی دژی مەسیحیەکان و ناوی لێنا شەڕی خاچ پەرست،

بەشێك لە عەرەبە پێشکەوتووەکان لەرێگەی خوێندنەوەی مێژووی ناوچەکە و دۆزینەوەی راستیەکان و هەلپەرستی عەرەب کە بەرژوەندخواز بوونە و خراپ کەڵکیان لە قورئان وەرگرتووە، هەروەها هیچ کەڵکیان لێوەرنەگرتووە بۆ زانست و داهێنان، بۆیە کوردیان باشتر ناسیوە و بە مەزڵومی ژێر دەستی عەرەب تەماشایان کردوون، لەوانەش هادی عەلەوی کە لە ساڵەکانی نەوەدەکان بەهۆی بینینی مەسەلەی کیمیابارن کردنی هەڵەبجە و ئەنفالەوە، هاشای لە عەرەب بوونی خۆی کرد، ئەدۆنیس کە بیرمەندێکی گەورەی عەرەبە و دکتۆراکەی لەسەر مێژووی ئەدەب و سیاسەت و کۆمەڵناسی کۆمەڵگەی عەرەبییە، کتێبێکە لە چوار بەش پێکهاتووە، بەناوی (الثابت و المتحول) لەو کتێبەدا دەڵێ « عەرەب هیچ داهێنانێکی نەکردووە کە پەیوەندی بە دەقی قورئانەوە هەبێت، یان لانیکەم شارەزاتر بێت لە نەتەوەکانی تر لە شیکردنەوەی و راڤەکردنی دەقی قورئان، مەگەر زانا و مەلاکانی کوردەکان کردوویانە، ئەمەش دەریدەخات کە کورد عاقڵترن لە عەرەب و شارەزاترن». (٩٥).

## ناسیونالیزم و زمان

ئەوەی زمانشوناسی کاری لەسەر دەکات، ئەوەیە کە هەندێکجار زمان بۆ قەوارەیەکی سەربەخۆ کاری لەسەر کردووە نەك بۆ مەرامێکی دیکەی زمانەوانی پەتی، بەپێچەوانەوە کاریگەری نابێت، بوونی زمان و ئەدەبی میللی بەجۆرێك لەجۆرەکان هەمیشە دوو هۆکاری گرینگی یارمەتیدەر بوونە بۆ سەرهەڵدانی بیری بەنەتەوە بوون، «ناسیونالیزم لە گۆڕینی نەخشەی سیاسی ئەوروپا، لەهەمان سەردەمدا سەرکەوتنی بەرچوانەی لە بارەی ئیدیۆلۆژیا و ئەدەبیاتدا بەدەستهێنا، ساڵی ١٨١٥ ناسیونالیزم زیاتر لەوەی کە رەتبکرێتەوە، پشت گوێ خرا، بەڵام ساڵی ١٩١٤ هیچ کەسێك پشت گوێی نەخست و زۆربەی هێزەکان پەسەندیان کرد».(٩٦). تەوەهومی زۆر کەس لە هاتنە پێشەوەی فکری ئینتەرناسیونالیزم لەلای روانگەری جەماوەری بوونەوە ناسیونالیزمی کرد بە بەهانەیەك کە گرینگی سەرکەوتنی ئاکاری وەك پرنسیپێك وەرگێرا، بەڵام دواتر لەژێر کاریگەری فکری لینین بۆ چارەسەری نەتەوەکان لەژێر عینوانی مافی چارەنووسی نەتەوەکان، ئەم بەرهەڵستکارییە شکستی هێنا، ئەمە جگە لەوەی کێشەی نەتەوە ژێر دەستەکان لەلایەن بلۆکی سۆڤیەتەوە تەنها وەکو کارتێك بوو بۆ ئەوەی جەنگی دژی ئامریکای پێبکرێت و دواتریش شکستی هێنا.

یان مەسەلەی خۆ گرێدان بەئایینێکەوە کە زمانێکی جیاواز لەزمانەکانی پاڵی پێوەناون، بۆ کۆمەڵگەیەك کە هەست بکات نەتەوەیەکی جیاوازە لەنەتەوەکانی دەروپشتی خۆی، هەروەها بوونی زمان و ئەدەبیاتی بەکارهاتوو، پاڵپشتی تەواوی جوگرافیا بووە کە دیسان هاندەر بۆ جوداخوازی، بەڵام دواتر کە زمان

گەشەدەكات و موفرەدەی دیكە دێتە نێو زمانەوە یان كۆچ كردن لەجوگرافیایەكەوە بۆ جوگرافیایەكی تر، یاخود كێبەركێی دەبینین لەرووی مێژووییەوە دەبێتە شتێكی چەواشەكار، یان مەرامێكی سیاسی رووت، هەرئەوەی كە لەولاتانی ئنگلستان و ئامریكا و ئیسپانیا بەیەك زمان قسە دەكەن، یاخود لانیكەم زمانیان نزیكە لەیەكترەوە، كەچی یەك كۆمەڵگەی یەكسان لەزمان و یەك كۆمەڵگە و یەك قەوارەش نین، كەچی لەسویسرا سێ زمان تێیدا كار دەكات و قەوارەی نەتەوەیی پێكهێناوە و دەستی پێوەگرتووە، ئەم فرە دیالێكتیكە لەزمانی نەتەوەخوازیدا هەیە، هەندێكجار هۆشیاریەكمان دەداتێ كە ئینسان ئیرادەی بەرزتر دەنوێنێ لەخۆ پەیوەستكردن بەزمانەوە، ئەو تایبەتمەندیانەش كە زمان پێكیدەهێنێ « زمانی نەتەوەكان بەشێوەیەكی بەردەوام پێكهاتەیە و هەندێكجاریش لەزمانێكی نیمچە دروستكراو دەچێت، هەروەك عیبری نوێ كە زمانێكی ترس ئامێزە، ئەمەش پێچەوانەی میسیۆلۆژیای نەتەوەییە، بەو مانایەی كە بونیاتی یەكەمی رۆشنبیری نەتەوەیی و بونیاتی عەقڵی نەتەوەییە، ئەمەش ئەو هەوڵە ئاساییانەیە كە زمانێكی تایبەت بەرهەمدەهێنێ و لەكۆمەڵێك زمانی تر پێكدێت. مێژووی زمانی هەموو نەتەوەكانی تری ئەوروپا جەخت لەوە دەكەنەوە كە لەسەر ئەم بونیاتە هەرێمایەتیە بووە، بولگاریای ئەدەبی شێوەی زاری بولگاریای رۆژئاواییە، ئۆكرانیای ئەدەبیش شێوەزاری ئۆكرانیای باشوری رۆژهەلاتیە »(٩٧).

ئەگەرچی زمان بۆ نەتەوە كراوە بە پێوەرێكی سەرەكی پێناسەیان، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی چەمكی هیردەری زمان ناتوانێ نەزعەیەكی نەتەوەیی دروست بكات، « زمان بەمانا هێردەرییەكەی كە زمانی قسەكردنە لەلایەن گەلەوە، هەروەها ناشتوانێ بەئاسانی رەگەزێكی سێنتراڵ بێت بۆ لەباربردنی مەیلی نەتەوەخوازی، ئەگەرچی بەشێوەیەكی راستەوخۆش پەیوەندیان

پێکەوە هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەریان بووە بەناراستەوخۆ ببێتە بونیاتێك بۆ پێناسەیەكی نوێی نەتەوەیی، دواتر لەبەر ئەوەی كە زمانی ئەدەبی و زمانی كارگێری زمانێكی دەستەبژێرییە، ئەگەر بەكارهێنەرانیشی بەژمارە كەمینەبن لەنێو كۆمەڵگە، لەوانەیە ببێتە رەگەزێكی گرین بۆ پێكەولكاندنی شێوەزارەكان»(٩٨).

بنەمای زمانی هەموو نەتەوەكان لەو خێڵ و بنەماڵە رەسەنانەوە هاتووە كە بنەچەی نەتەوەن، ئەوان خاوەنی زمانی رەسەنن، رەنگە هەژاری و دەوڵەمەندی زمانی نەتەوەش هەر لەسەر پشتی ئەو بنەماڵانە بن و دواتر لەرێگەی كەڵك وەرگرتن لەزمانی تەكنۆلۆژیاو زمانەكانی دیكەوە دەڵەمەندبێت، «جوگرافیا ناسێك بەناوی بارۆن دەڵێت زمان لەلای پایۆسەكان زۆر هەژارە، هەر خێڵەو زمانی تایبەتی خۆی هەیە و فەرهەنگی وشەی ئەو خەڵكانە رۆژ بەرۆژ كەم دەكات، لەبەر ئەوەی پاش ئەوەی یەكێك لە ئەندامانی خێڵێك كۆچی دوایی دەكات، وەك ئاماژەیەك بۆ تازیەباریی، چەند وشەیەك قەدەغە دەكرێت، لەم روانگەیەوە ئێمەش خەریكە وەكو پایۆسەكانمان لێدێت، بۆیە ئێمە وەكو نیشانەیەك بۆ رێزگرتن، زمانی نووسەرە مردووەكان مۆمیایی دەكەین و رێگە لەو ماناو وشە تازانە دەگرین كە دەیانەوێ پێ بخەنە دونیای ئەندێشەوە، بەو جیاوازیەی لێرەدا ئاماژەی تازیەباری بە نسیبی لەدایك بوون دەبێت نەوەكو مەرگ». (٩٩).

لەبەرچاو گرتنی ئەوەی سەرهەڵدانی تەكنۆلۆژیا شێوەی ژیانی دەسەڵاتەكانی گۆڕی، دەسەڵاتی ئیمبراتۆریەت نەماو و بەجێگەی ئەو ناسیۆنالیزم هات، جگەلەوەی هۆشیاری ئینسان و خۆ رزگاركردن لەبیری تەسكی كولتووری رێگەی بەوەدا ناسیۆنالیزم ببێتە چەمكێكی فكری بۆ خەڵكێك كە كولتوور و بۆنە هاوبەشەكان كۆیان دەكاتەوە، بەڵام باشتر وایە ئەم موناقەشەیە یەكلایی بكرێتەوە، بۆچی ئەم تیۆرەیە ببێتە كاردەستی ئەورووپیەكان كە لەسەدەكانی ناوەڕاستدا بەرهەمیانهێنا، بەپێچەوانەوە بۆچی

دەستکەوتەکە موڵکی رۆژهەڵاتیەکان نەبێت، یان ئەسڵەن موڵکی خودی ئینسانی دەمارگیر نەبێت، ئەگەر ئەمە کۆمەکێکی تەواو بۆ سیستمی سەرمایەداری مۆدێرن و پاش مۆدێرنیش ناکات، ئەگەر وابێت کێبەرکێی مەگولەکان و جەلائیریەکان لەسەدەی ١٢ کە کوردستان و تەواوی ئێرانیشیان داگیر کرد، دواتریش سەفەوییەکان لەسەدەی ١٦ دێن و بەغدا داگیر دەکەن، بەشێکە لە بیرۆکەی ناسیۆنالیستی، لەکاتێکدا میرنیشینەکانی کورد لەشەرەفنامەدا هاتووە، تورکەکان بەهاوکاری میرنیشینەکانی کوردەکان کە ١٨ میرنیشین بوون ناوچەکەیان داگیر کردووە، لەکاتێکدا هیچ کام لەمانە بیری ناسیۆنالیستی نەبوون، ئەگەر وایە برادۆست و پاڵۆ و هەکاری و بۆتان و بەدلیسی حوکمڕانی کوردستانیان دەکرد، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی یەك گوتاری سیاسی و فەرهەنگی نەبووە لەنێو کوردان و زمانیش ئەگەر کوردی بووبێت، ئەو زمانە نەبووە کە ئێستا لەنێو کورددا دەبینین گەشەی کردووە، سابا بەهۆی ئەدەبیات و نوسینەوە بێت کە کەوتۆتە نێو ئەم زمانە، یان ئەوەتا کەڵکی لەزمانەکانی تر وەرگرتووە، بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی، هەروەك چۆن زمانی فارسی کەڵکی زۆر لەزمانی عەرەبی و تورکیش وەرگرتووە، ئەگەر بەو پێیەبێت کە مێژوو باسی دەکات و منیش بڕوام پێیەتی کەواتە راستی تێدایە..

« لەدەورەی ئەم دواییەدا بیروباوەڕی ئەو زانایانە کە لەلۆغەتی کوردی دەکۆڵنەوە بەتەواوی گۆڕا، بەڵکو دەڵێن زمانی کوردی و رەنگە لەفارسیەوە وەرگیرابێت، یاخود ئەو بێت و تێکدرابێت، بەڵکو زمانێکی تایبەتی سەربەخۆیە و هەر لەزەمانی کۆنەوە هەڵگیرو داگیری خۆی جویَ بووە، چونکە ئەم گەلیَ کۆنترە لەو فارسیە کۆنەکە پارچە لەوحەی دارا ی پیَ نوسراوەتەوە، ئەگەر ئەمە راست بێت دەبیَ زاناکانی مێژوو دان بەوەدابنێن کە زمانی کوردی لەسەدەی شەشەمی پێش زاینی دا هەبووە، نەك هەر

هەبووە بەڵکو زمانێکی سەربەخۆش بووە»(١٠٠).
مەسەلەی زمان بەشێکی زۆر لە کێشەی کوردی پێکهێناوە، چونکە ئاشکرا نەبووە سەربەخۆیە یان وەرگیراوە و کارپێکراوە، یان لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە و چۆن بۆ موفرەدەکانی ژیان بەرهەمهاتووە و کێن ئەو کۆمەڵگە بنچینەییەی کورد کە ئەم داهێنانەی کردووە و لەکێ کەڵکی وەرگرتووە، کەوابوو مەترسی کورد لەگومان لەنەتەوەیی بوون و زمانەکەی لێرەوە دەستپێدەکات، بۆیە پێموایە کورد لەسەردەمی میرنیشنەکانیش ناسونالیزم نەبووە، چونکە لەدوای سەدەی بیستەم کە چەند سەدەیەك بەسەر میرنیشنە کوردەکان تێدەپەڕێت و عێراق لەلایەن بەریتانیاوە داگیر دەکرێت و کوردستانیش دەبێتە چەند پارچەیەك، ئەوەتا « کەسێکی وەکو شێخ نوری شێخ ساڵح نامەیەك بەزمانی فارسی دەنوسێ و بۆ عصبە الامم دەنێرێت و داوای پارێزگاریکردن لەمافی نەتەوەی کورد دەکات، هەروەها لەو نوسینەنانەی کە لەرۆژنامەی پێشکەوتن نوسیویەتی کە وەختێك کورد لەگەڵ ئینگلیز تێکدەچوون، بیری لە دامەزراندنی کۆمەڵەیەك کردۆتەوە لەگەڵ دەستەجەمعێك و لەبەرواری ١٩٢٢/٧/٣١ لەگەڵ موستەفا پاشای یامولکی بڕیاریان لەسەر دامەزراندنی جەمعیەتێکدا و رۆژنامەیەکیان دەرکردووە بەناوی بانگی کوردستان، پاشان ماکینەیەکیان بۆ کوردستان هێناوە کە نوسینی کوردی پێ چاپ بکەن»، رۆژی کوردستان رۆژنامەیەك بوو کە بانگەوازی بۆ بەناسیونالیست بوونی کورد دەکرد تاکو بتوانن بەو فکرەوە رووبەڕووی دوژمنی ئەوکاتی کورد ببنەوە، لەو ژمارە ٢ ی رۆژنامەکەدا وتارێکی حەماسی بڵاوکراوەتەوە و باس لەوە دەکات قەومی کورد نزیك بە چوار هەزار ساڵ دەبێت لە شەرق دیجلە هەبووە و ئەمەش مانای ئیسپاتی مەوجودییەتی قەومی کورد دەکات لە ناوچەکە».(١٠١). ئەمەی لەسەر شێخ نوری نوسراوە کە لەسەر فایەق بیکەس و رەفیق حیلم یش

نووسراوە، واتە کۆمەڵێك لەو کوردە شۆڕشگێڕانە بوونە کە لەفکری رۆژئاواییەوە هەم کەڵکیان لە ئەدەبیاتی نوێخوازی و هەم کەڵکیان لە بەرانگاری بوونەوەی دوژمن لەرێگەی چەمکی ناسیونالیستیەوە وەرگرتووە، بانگەوازی ناسیونالیزمیان کردووە لەرێگەی زمانەوە، بەلاّم تەنها زمانەکە وەرگیراوە وەکو بابەتە، بەلاّم مەسەلەی ناسیونالیزم لەکن کورد نەبۆتە بابەتێکی فکری و لەهەموو رەفتار و رۆشنبیرییدا رەنگبداتەوە، هەرئەوەی ئەم بابەتە لەنێو ئەدەبیشدا کێشەی هەرە گەورەیە کە بۆتە رێگر و ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەسەندی ئەدەبی کوردی کە بەشێکە لە ناسیونالیزمی کوردی ئەگەر هەبێت.

بۆیە شێوەیی بەرانگاربوونەوەشی تەنها بۆ دوورخستنەوە و خۆپاراستن بووە، یان داواکاری ئاسان و بێ بەها بووە لە دوژمنەکانی، هەروەك ئەوەی لە کۆماری مهابادیش و لەدوای ئەویش لە ساڵی ۱۹۷۰ کە هێزێکی گەورەی چەکداری و جەماوەری بووە، داواکارییەکانی رەنگدانەوەی ناسیونالیستی تێدا نەبووە. هەڵبەت ئەوەی لەبارەی شێخ نوری شێخ ساڵحەوە باسمان کرد بۆ هەریەك لە شاعیرانی وەکو پیرەمێرد و فایق بێکەس و گۆران و دوای ئەوانەش نەوەکەی دیکە بەهەمان شێوە، بیریان لەوە کردۆتەوە کە لەرێگەی زمان و نوسینەوە هەم زمانی کوردی بپارێزن و هەم شۆڕشگێڕانە بنوسن و کاریگەری بەسەر بیرکردنەوەی خەڵکدا بێت، بەلاّم هەرئەوەندەی شۆڕش لەرێگەی میدیا بچووکەکەیەوە کە ئێزگەیەك بووە کەڵکی لێوەرگرتووە، دواتر بووە بە رابردوو، بۆیە هەمیشە لەبیری کوردیدا ناسیونالیزم جێگەی نەبۆتەوە.

چەمکی ناسیۆنالیزم لەکاتی خۆیدا کاری پێکراوە بەلاّم کەڵکی لێوەرنەگیراوە وەکو داخوازییەکی هیومانیستی لەنێو سیاسەتدا، بۆیە ئێستا مێژوو دەیەوێ خۆی دووبارە بکاتەوە وەکو ئەوەی ئەم سیستمە جهانیە داخوازیەتی، یان ئەوەی بەکاریدەهێنێت بۆ درێژەدان بە سیاسەتی نێوانگیری دەوڵەتان و گۆڕینی

جوگرافی سیاسی و ئابوری، بەناوی گۆڕینی سیستمی سیاسی کە بۆتە وەهمێك بۆ خەڵك و ئەوانەی کە لەمدواییەدا بوون بەکۆمبارسی فیلمە سینەماییەکانی هۆلیود، لەپێناو خزمەت گەیاندنی سیاسەتی ئامریکا و دەوڵەتانی زلهێز، کە ئەمە دووبارە کردنەوەی سیناریۆ کۆنەکانی سەدەی رابردووی شەڕی یەکەم و دووهەمی جهانیە کە ئەوکات داگیرکار بەشێوەیەکی جیاواز دەوڵەتانی عەرەبی و ئاسیای بچوکی کرد بە موڵکی خۆی.

بۆیە بەزمانی رەسەنی نەتەوە دەگوترێت زمانی دایك، چونکە دایك کارێکتەرێکی چالاکی نەتەوەیە و یەکەمین سەرهەڵدان و هەنگاوی یەکەمی ناسیۆنالیزم دایکە، بەوپێیەی کە منداڵ بەخێو دەکات و پەروەردەکردنی منداڵ وەکو ویستی نەتەوە دایکە، بۆیە بەبێ دایك ناتوانرێت باسی نەتەوە و زمان و ناسیۆنالیزم بکرێت، بەڵام لێرە دیسان دایك واتە ژن دەبێتە چینی خوارەوە واتە چینی ژێر دەستی نەتەوە، چونکە ژنان ناتوانن بەهۆی ئەوەی جێگە و رێگەی ئابوری و کۆمەڵایەتیان لە چێشتخانەیە و لە ژووریماڵەوەیە و خەریکی پەروەردە کردنی منداڵ و ئامادەکردنی سوپرایزە بۆ پیاوان، ئەرکێکی دیکەی وەرگرتووە لەبری ئەوەی ئەرکی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەربگرێت، ئەمە لایەنێکی ئەرێنی هەیە کە پیاو ناتوانێ ئەم دەورە ببینێت، هەروەها لایەنێکی نەرێنی هەیە کە ئەویش ئەوەیە هەڵوسوڕاوێکی چالاك نییە لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمیدا، بەوپێیەی کە کێبەرکێی ئەوانی دیکە و ململانێی ئەوانی دیکە ناکات بەشێوەیەکی راستەوخۆ، کەوابوو هەر لایەنەیە کە ناتوانێ گەشە بە زمانی نەتەوە بدات و منداڵی پێ هەڵخرێنێ بەرەو ئەو ئاراستە فکریە نەتەوەییە کە هەمیشە لەبەردەم چاوەڕوانی ململانێی ئەوانی دیکەیە، نەبوونی ئەم توانایە بەشێك لەو لاوازییە سیاسیە کە لەسوچێکی بچووکی ژیانی کۆمەڵایەتیدا قەتیس کراوە، ئەمە جگە لەوەی بەهۆی

کاری دایکایەتی و بەهۆی یاساغ بوونی لە کۆمەڵگەی داخراودا، ژنان ناتوانن کاریگەری سیاسیان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەی سەردەست هەبێت، چونکە هاتنە دەرەوەی ژنان بەپێوەری ئەخلاقی کۆمەڵگەی داخراوی وەکو کورد و هەندێك لە کەنداوییەکان بەشێك لە رۆژهەڵاتیەکان کە ئاین و بەتایبەتی ئاینی ئیسلام گوتاری خۆی بەسەردا زاڵ کردوون، ناتوانن ئەو زەمینەیە فەراهەم بکەن بۆ ژنان وەکو پیاوان لەمەیدانەکە کارێکتەرێکی دیار و چالاك بن، تەنها ئەو بوارە نەبێت کە زمانی دایك دەپارێزێت لە پەروەردە کردنی منداڵ.
هەموو ئەو بیرمەندانەی کە لەبواری ناسیونالیزمەوە نووسیویانە و تێزیان پێشکەش کردووە، باسیان لە گرینگی زمان کردووە وەکو بەشێك لە شوناسی نەتەوە، کورد خاوەنی ئەم شوناسەیە، «بەڵام بەشێوەی پچڕپچڕ و شێوەزارگەلێك کە نەدەبنە زمانێکی ستاندار، نە هیچیان دان بەوی دیکەدا دەنێت، هەرئەوەی کە زۆربەی کوردەکان لە یەکدی تێناگەن، بوونی سیستمگەلی جیاوازی پەروەردەیی دەوڵەتەکان لەناوچە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کوردە کرمانجەکانی عێراق و سوریا یان ئێران، نەتوانن ئەو بەرهەمانە بخوێننەوە کە کوردە کرمانجەکانی تورکیا دەینوسن».
(١٠٢). بەپێی قسەی ئەمیری حەسەن پور بێت نوسەر و منەوەرەکانی کورد زۆر لە هەوڵی ئەوەدا بوونە زمانێکی ستاندار بۆ ئەم نەتەوەیە دروست بکەن کە نمونەی هەرە زیندوویان ئەحمەدی خانی بووە کە لە سەدەی ١٧ هەوڵی بۆداوە بۆ ئەوەی نوسین و تەئلیف بۆ بوژانەوەی زمانی کوردی بە یەك زمان بێت و شێوەزارەکانیش وەکو خۆیان لە ئاستی کۆمەڵایەتی کاریان پێبکرێ، بەڵام نەك هەر هاوکاری نەکراوە، بگرە دژایەتیشی کراوە لەکاتی خۆی و دوای خۆشی « حەسەنپور هەروەها هەوڵەکانی رۆشنبیرانی کورد لەسەدەی بیست شی دەکاتەوە و دەڵێت ئەم رۆشنبیرانە هەوڵیاندا لە رێگای ستاندارکردنی زمانی کوردی،

ئەم زمانە پێشبخەن و بیکەن بە ئامرازێك بۆ پەروەردەیەکی مۆدێرن و پێکهێنانی میدیاکان، ئەدەبیات و کولتوور، بەڵام دروست لەوکاتەدا کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نەخوێنەوار بوون و ئەمە تەگەرەی بۆ پرۆژە ناسیونالیستیەکانی نوخبە جۆراوجۆری نوسینیش گیروگرفت و تەگەرەیان دروست کرد». (١٠٣).

ئەم باسە کە تەواو گرینگیەکی هەیە بۆ مامەڵە پێکردن و کێشەی هەرە گەورەی نووسەر و خوێنەواری کوردە لەهەر چاورپارچەی کوردستا ، نەك هەر نەبۆتە سەرقاڵی ناسیونالیستی، بەڵکو بۆ سیاسیەکانیش نەبۆتە مەسەلەیەکی گرینگ و بە مێژوودا بچنەوە بزانن چۆن یەکێك لە گرفتە سەرەکیەکانی نەتەوەی کورد بووە، بۆیە تائێستاش تێکستی کوردی کە بەتەواوەتی ناخوێنرێتەوە، یان شێوەزارێك شێوەزارێکی دیکە پشتگوێ دەخات، پەیوەندی بەو مەسیرە مێژووییەوە هەیە کە بۆتە بنەچەیەکی خراپی کورد لە دژی خۆی.

ئەگەر رەخنە دەگرێت لەمێژووشدا واتە لەدوای خانی و پاشانیش لەدوای حاجی قادری کۆییەوە کەڵك لەو تێگەیشتنە وەرنەگیراوە بۆ کارکردن بۆ زمانێکی ستانداری کوردی کە دوژمن هەبوون ریگرییان کردووە، هەروەها خودی کورد بەرەفتارە ناحەزە کۆمەڵایەتیەکانی دەرهەق بە بیرمەند و نوخبە رۆشنبیرییەکان، یەکێك بووە لەو هۆکارانەی نەبۆتە خاوەن بیری ناسیونالیستی فکری خۆی، هەروەها بەو هۆکارەشەوە بووە کە نەبۆتە خاوەنی زمانی ستاندار و بەرهەمنەهاتوو، ئەم بابەتە لەدوای سەدەیەك زیاتر جارێکی تر دووبارە بووەوە، ئیتر مەترسی ئەو رێگرییانەی کەلەبەردەم بیرۆکەی زمانی ستاندار هاتنە پێشەوە کە لەدوای سەرهەڵدانی ساڵی ١٩٩١ لانیکەم موناقەشەیەکی گەرمی لەسەر کرا، بەپێچەوانەوە زمانی کوردی بەهۆی ئازادی شێوەزارەوە، نەك هەر ستاندار نەکرا وەکو فەرەنسی و ئینگلیز و ئیسپانی و

نەتەوەکانی دیکەی رۆژئاوا، بەڵکو بەو بیانووەوە پارچە پارچەش کرا کەهەریەك لەو پارچانە دان بەویتردا نانێت و وەکو نەیار تەماشای دەکات، ئەم عەقلیەتە لۆکاڵی و خۆڕسك نییە تاکو قەناعەت بکەین رۆشنبیرەکانیش وەکو سیاسیەکان نین، بەڵکو لەپشت ئەم تێروانینەوە بۆ زمان و نەتەوە وەکو شوناسێکی دیار، هەوڵێکە بۆ لەناوبردنی زمانی دایك کە بۆچوونێکی ترسناکتر هەیە، پێیوایە مادام زمانی ئینگلیزی بووە بە زمانی بازاڕ و تەکنۆلۆژیاو کارکردن لەهەموو کایەکان، کەواتە پێویست ناکات نەوەیەك بەم زمانەوە بخافڵێنین و کێشەی زمانی بۆ بکەین بە کێشەی سەرەکی نەتەوە کە نەتەوە لەدونیادا کاڵ بۆتەوە، لەکاتێکدا ئەم بۆچوونە ئینگلۆفۆن و فرانکفۆنەکانیش بڕوایان پێی نییە، هەروەك ئەوەی دەبینین سوید و نەرویژ و دانمارك و فللندا و ئاڵمان و هۆڵەندا و بەشێك لە ئامریکای لاتین و ئاسیای بچوك و هتد، کاری پێناکەن و بەلۆژیکی نازانن، راستە ئەوان کار بە زمانی ئینگلیزی دەکەن و لەسەر کالاکانیش بەهەمان شێوە دەنووسن و دەخوێننەوە، بەلام بۆ زمانی خۆیان تەواوێك گرینگی بە زمانی دایك دەدەن لەرێگەی زیندووکردنەوەی کەلەپور و کولتووری نەتەوەیی خۆیان، کەچی کورد بەم نالۆژیکیە دەڵێت لۆژیکی سەردەم.

ئەدەب پانتاییەکی گەورە لە پەراوێزی چەمکی ناسیونالیزم و نەتەوەخوازی داگیر دەکات، رۆمانی هەموو نەتنەوەکان جگە لە یاخیبووەکانی وەکو سارتەر و کامۆ و کافکا و هتد، بەگشتی بۆن و بەرامەی نەتەوەیان لێدێت، بەلام چاویان نەبەستووە لە ئاست ئەو پرسیارانەی دێنە رێگای نەتەوەخوازی توندڕەو، « ئەوکاتەی کە خەڵك هەوڵی دیاریکردنی خۆیان دەدەن، رووداوە مێژووییەکان پاڵیان پێوە دەنێن، لێرەدا نەتەوەکان دەکەونە نیو حیزبەوە، ئەو نەتەوانە چاویان تەنها چەمکە سیاسیەکان دەبینن، بەتایبەت ئەوکاتەی کە جیرانەکانیان داگیر دەکەن،

هەروەها ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە بۆچی داگیر دەکەن و ئەمە بۆ دەکەن؟، ئەم کردەوەیە کە تاڕادەی قیزەونی ناشیرینە، بەڵام گوێی پێنادەن».(١٠٤). ئەم تێڕوانینە ئەوەندەی لە نێو ڕۆماندا هەستی پێدەکرێت، نیو ئەوەندە لەنێو شیکار و لێکۆڵینەوەی فکری سیاسیدا نییە، چونکە ئەدیب باشتر لە سیاسەت و شیکاری سیاسی باشتر هەستەوەرە و هەستی نەتەوەخواز و کارێکتەرە چالاکەکان دەبینن و هەستی پێدەکەن.

## ناسیۆنالیزم و شارستانیەتەکان

ڕەنگە هەڵبژاردنی شارستانیەت کە ئێستا پێوەرێکە بۆ مێژوو یەکێکە لە پێگە بنچینەییەکانی نەتەوەیی مێژووی نوسراوی نوێ، چونکە ئەم سیستمەی ئێستا بەو سیاسەت جهان بەڕێوە دەبات، هەموو شارستانیەکان لە شوێنی خۆیدا کەڵك لێوەردەگرێت، بۆ هەر نەتەوەیەکیش یان ئەو کۆمەڵگەیانەی دەبن بە بەشێك لەسیاسەت، شارستانیەتەکەیان دەخاتە نێو بەرنامەی خۆیەوە وەکو ئەولەویەتی کار، ئیدی شارستانیەت یان بەشێکی جیانەکراوەیە لە تایبەتمەندییەکانی نەتەوە، چونکی ژیانی گوندی پێشتر ئینسان بەگشتی جۆرێك لەخڕبوونەوەی کۆمەڵەکان کۆچەری بوون، هەروەها مامەڵە کردنی ژیانی ڕۆژانەیان لەگەڵ سروشت بووە، جگە لە یاساکانی سروشت و ئەو ڕێورەسمانەی هەیان بووە، هیچ یاسایەکی تر لە ئارادا نەبوون لەدوای سەرکەوتنی سەرمایەداریەوە گوند نشینەکانیش لەژێر سایەی یاسادان، بۆ نمونە جۆری خودا پەرستی و هەڵبژاردنی پاشا و هاوسەرگیری لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر زۆر جیاواز بوونە، مەسەلەی نەریت و کولتوور لەو سەردەمانەدا لە یاسا باڵاتر بوون، نمونەیەکی تر بۆ پاڵپشتی ئەم باسە ئەوەیە، تورك لەدوای ئەوەی بەرەچەڵەك دەچنەوە سەر ناوچەی

باڵقان و قەوقاز، دواتریش کەدێنە ناوچەی نزیك رۆژهەڵات و ئیمبراتۆریەتێك بەناوی عوسمانی دروست دەکەن چەندین سەدە دەمێننەوە و نیوەی زیاتری ناوچەکە داگیر دەکەن تاکو سەرەتای سەدەی بیستەم، دەست بە دامەزراندنی شارستانیەت دەکەن بۆ داهاتوو کە کەمال ئەتاتورك هێنایە ئاراوە، واتە (علمانیەت) کە مانا سەرەتاییەکەی جیاکردنەوەی ئاین ە لە سیستمی سیاسی، یەکێك لە سەرکەوتنی ئەزموونی ئەتاتورك ئەوە بوو راستەوخۆ چووبوە نێو ئیدیۆلۆژیای پۆزەتیڤیزم کە ئەوکات سەراسەی فەرانسەی گرتبووەوە، تەواوی ئەو پۆشاکانەی رەتکردەوە کە نەریتی تورکی ئیسلامگەرایی پێوەدیار بوو، لەبری ئەوەش نەریتی پۆشاکی مۆدێرنی هێنایە ئاراوە، لەپەنا گۆڕینی پەروەردەشدا ریش و سمێڵی قەدەغە کرد و ساڵنامەی عەرەبی گۆڕی بۆ پیتی عەرەبی کردی بەپیتی لاتینی، بەم شێوەیە عەلمانیەتەی تورکی هاتە ئاراوە، هەرچی عەرەبە کە شارستانیەتی جیازواز لە ئایینەوە دوای دەوڵەتی خەلافەت، شارستانیەتی عروبەیان کردووە بە دەسکەلای گوتاری سیاسی خۆیان. « بەڵام ئیسلام بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە قۆناغی لەدایك بوونی چینێکی بۆرژوازی دیاریکراوی بینیوە، ئەو چینە بۆرژوازییەکی بازرگانی سەرمایەداری نەبوو بەمانا خۆرئاواییەکەی، کەچی لەرووی بازرگانیکردنی شتومەك لە ئۆقیانوسی هیندیەوە هەتا خوار فەرانسە و بیابانەکانی ئیسپانیا درێژەی هەبووە، لەسەدەی سێهەمی کۆچیشدا ( لەنێوان سەدەی نۆیەم و یانزهەمی زایینی) بەردەوام بوو، بووەتە مایەی دەوڵەمەندی ئابوری پایتەختە گەورەکانی دونیای ئیسلامی، بۆ نمونە تاران و ئەسفەهان و شیراز لەئێران و بەغدا و بەسرە لە عێراق، دیمەشق لە سوریا». (١٠٥).

بەڵام لە دوای ئەم مێژووە ئیدی هەرچی هەوڵ هەبوو بۆ ئەوەی بگەنە شارستانیەتی رۆژئاوا و گۆڕینی ئەو ستایلە کۆنەی

كە هەبوو، ئیدی نەیانتوانی لە ژێر كاریگەری ئیسلامگەرایی كۆن و كلاسیكی بچنەدەرەوە، هەر بەو ستایلە كۆنەوە نەك شارستانیەتی نوێیان قەبوڵ نەكرد، بەڵكو بوون بەدەیان پارچەی جیاواز لەیەكتر، لەكاتێكدا لەجەنگی جهانی دووهەمدا زۆربەی وڵاتە عەرەبییەكان لەژێر داگیركاری فەرانسە و بەریتانیا و ئیتاڵیا بوون و نیشتیمانی بەناو عەرەبی دابەشكرا و تائێستاشی لەگەڵ بێت دابەشكارییەكە ئاسەواری ماوە و نابێتەوە بە نیشتیمانی عەرەبی وەكو ئەوروپا سنووری نەمێنێ، ئیدی ئەوەتا ئێستاش تەنها لەڕووی فۆرمەوە نەبێت لە هیچ شتێكدا نەگۆڕاون مەگەر لەژێر كاریگەری هاوكێشە و ئەجێندای رۆژئاوا و ئامریكادا بگۆڕێن، رەنگە بەجهانیبوونی دونیا هێندەی تر گیری كردبن وەكو پەرچەكردار و ترس لەنەمانی ئاینەكەیان، چونكە لەگەڵ دیاردەی باودا ناگونجێن و بەهەمان عەقڵ مامەڵە لەگەڵ كولتوور و پێشكەوتنی تەكنۆلۆژیا و جوگرفیا و ئەوانی تر دەكەن، تەنانەت لەگەڵ تاكە جەمسەرێك كە سەرمایەداری نوێیە ژیانی نوێی خولقاندووە.

ئەگەرچی ئەم سیستمەی فەزا جۆراو جۆرەكانی فەرهەنگی و تەكنۆلۆژی و سیاسی و كۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابوری ئێستای خولقاندووە، تاكە دەرفەت بووە بۆ ئەوەی كەسێكی وەكی ئەتاتورك هەڵكەوێ بۆ توركەكان، كەچی بەپێچەوانەوە بۆ عەرەب زیاتر دەمارگیری دروست كرد و ملیان نەدا بەوەی ئاین لەدەوڵەت جودا بكەنەوە و پێشكەوتنێكی دیكە و دابڕانێكی دیكەی كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەخۆیانەوە ببینن، ئەم مەترسییە لەو تێگەیشتنەوە هاتووە كە رەسەنایەتی خۆیان ون نەكەن، هەرچی فارسیشە كە لەناوچەكەدا خاوەنی شارستانیەتێكی جیاوازتر لە شارستانیەتی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتن، هەر لەسەردەمی قاجارییەكانەوە تادەگاتە سەفەوی و تاكو هاتنی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ كە ئایەتوڵڵا خومەینی رابەرایەتی كرد، بەڵام فارس بەسەرهەڵدانی شۆڕشی

مەشروتەی ١٩٧٩ تەواوی سیستمی سیاسی دەوڵەت و خوێندن و تەنانەت جل و بەرگیشیان گۆڕی بۆ ستایلێك كە ڕەهبەرانی جەزیان پێدەكرت. تائەو ڕادەیەی ئەگەر دەوڵەتیشیان لە ئاین جودا نەكردووە بەڵام توانییان دەوڵەتێكی فیقهی شیعە مەزهەبی لە ناوچەكەدا دابمەزرێنن و جیاواز بێت لەهەموو سیستمەكانی تر، وەكو خۆیان دەڵێن ( لا شرقیە و لا غربیە جمهوریە الاسلامیە) بەمشێوەیە كە لەدونیادا خۆیان جودا كردەوە تونییان ببنە خاوەن دیبلۆماسیەت و سیستمی سیاسی و تەكنۆلۆژیا و خاوەن سەرمایەیەكی گەورەی نێودەوڵەتی و ببنە جێگەی موناقەشەی تەواوی دونیا و گروپی ٧ دەوڵەتی سەنعەتی و سەرقاڵكردنی دونیا بە دروستكردنی قەیرانی جیاجیای سیاسی و هتد.

شارستانیەت تەنها تەلارسازی و كەرەستەی كۆنی بۆماوە نییە و تەنها تێكستی ئایینی نییە، بەڵكو بریتییە لە بوونی مرۆڤی نەتەوەیەك كە بانگەشەی موڵكداری لەناوچەیەكی دیاریكراو دەكات، بۆ نمونە جولەكەكان بۆیە بانگەشەی تەل ئەبیب و ئەمازیغیەكان بانگەشە بۆ سەحرای ڕۆژئاوایی دەكەن و قیپتییەكان بانگەش بۆ موڵكدارییەتی میسر دەكەن و هتد، لەسەر كوردە كە مادام بانگەشە بۆ چەرمو دەكات كە دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری چەمچەماڵ و بەرەبەیانی سەرهەڵدانی یەكەم ڕۆژی تۆوی دانەوێڵە وەكو سەرەتای شارستانییەتە، كەوابوو گرینگە بەدوای ئەو داتا مێژووییەوە بچین و كەڵك لەو مێژووە وەربگرین و بەهەر كلۆجێك بێت كورد خۆی بخێزێنێتە نێو مێژوویەك كە تائێستا باسی نەكردووە وەكو خاوەندارێكی شارستانی لەناوچەكە، لەحاڵێكدا كشتوكاڵی كە یەكەم هەنگاوی دابڕانی مەعریفیی ئینسانە لە ئاژەڵ خواردن بە كاڵی بەرەو دۆزینەوە و ئاشكرا كردنی خۆراكێكی تر كە كشتوكاڵ و بەروبوومی زەوییە، هەقی ئەوەی هەیە لاف و گەزافی ئەوە لێبدات كە خاوەن شارستانییە، بەڵام وەختێك

دەبینین كورد ئەمەش وەبەرنەهێناوە و كەڵكی لێوەرنەگرتووە، لەوێوە تێدەگەین كە هەرگیز نەیویستووە خۆی بێت نەك ئەوەی ناسیونالیستیانە بیر بكاتەوە تاكو نەفەوتێت و بزر نەبێت لەنێو مێژوودا.
لە پەنا هەمو ئەمانەشدا جۆرێك لە رازیكردنی تاكگەرایی بووە، نەریت كەلانیكەم تاك لەنێو كۆمەڵگە و دەوڵەت لە رووی یاساییەوە، هەرچی شارستانیەتی ئەوروپیشە لە ئاینی كریستیانیەوە سەرچاوەی گرتووە و دواتر بووە بە سیستمی دەوڵەت و هەموو رەفتارە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانیشیان بو ئاراستەیە رێگەی گرتووە، ئەم شارستانیەتەش كە بەچەندین قۆناغی خوێناوی تێپەڕیوە، لەوانەش قۆناغی كڵێساسازی و قەشەسازی، تادەگاتە شۆڕشە یەك لەدوای یەكەكان و شۆڕشی دژی كڵێسا و سیستمی كڵێسایی، هەروەها شۆڕشی فەرانسە و جیاكردنەوەی ئاین لەدەوڵەت و مافی گروپە كۆمەڵایەتیەكان و تاكگەرایی و مافی هاوڵاتیبوون، بۆیە هەرچی ستایلی سیاسی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە، بە جۆرێك لە جۆرەكان لاسایی كردنەوەی ئەوروپا و رۆژئاواییەكانە، كە نمونەی باشترین و لەبارترین ستایلی دەوڵەتی پێشكەش كردووە..
لەم نێوانەشدا شارستانیەتی گریگنتر هەیە كە نابێ لەبیر بچێت، ئەویش شارستانیەتی هیندییە كە بودیزم پانتاییەكی گەورەی داگیر كردووە لە فەزای كۆمەڵایەتی و ئاینیدا وەكو داتا هەروەها لەكولتووری هیندۆسیەكانیش، شارستانیەتی چینی و ژاپۆنی كەمتر نین، ئەگەر زیاتر نەبێ، هەم كۆنفشیۆس و هەم بە بودیزم و زێن ناسراوە و هەیمەنەی تایبەتی هەیە لەنێو شارستانیەتەكان، لەنێو ئەم هەموو شارستانیەتە نەتەوەیەك هەیە بەنێوی كورد، خاوەنی شارستانیەتێكە كە لەگوتارێكی ئاینی تایبەتەوە ئەویش بەگوتەی مێژوونوسان شارستانیەتی مادە، لەڕووی ئایینیشەوە جگەلەوەی لەكاتی فتوحاتی ئیسلام، بەشێكی

زۆریان بوون بە ئیسلام، بەڵام هەڵسوکەوت و کولتووریان لە ئاینی زەردەشتییە و سەرچاوەی گرتووە و ئێستاش نەك هەر ئیدیعای بۆ دەکەن، بەڵکو لە پارلەمانی ئێرانیدا فراکسیۆنێکی تایبەتیان هەیە، یان لەهەندێك شوێنی کوردستان کە لەمێژووە دابەشی سەر چەند وڵاتێك کراوە و خەڵکەکەی پەڕاگەندەی وڵاتانن، لەگەڵ ئەوەشدا مومارەسەی ئاین و سروتە ئایینیەکانی خۆیان دەکەن، ئەم شارستانیەتە ئەگەرچی نەنوسراوەتەوە بەنێو مێژوودا بەشێوەیەك کەچووبێتە نێو مێژوی گەلانەوە، سەرەتاکانی لە مشتومڕی مێژوونوسان و رۆژهەڵاتناساندایە، بەڵام نزیکایەتیان هەیە لەگەڵ ئاری و هیندۆرووپی و فارسەکان، هەروەها فرە کولتووری بەشێکە لە دەوڵەمەندی ئەم نەتەوەیە و شارستانیەتەکەی، کە شێوەزار و کولتووری جیاوازز و ئاینی جیاوازیا هەیە، هەر هەموشیان پێکەوە ئەم مێژووەیان راگرتووە و بەرگریان لێکردووە...

ئەوەی کە قسەی ئێمەیە لەسەر هەڵبژاردنی شارستانیەت وەکو یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی نەتەوە، بوونی فرەییە لەپێکهاتە و مەزهەب و ئاین و کولتوور و هتد، ئیدی لێرەوە هەڵبژاردن کە هەندێ جار گوتاری سیاسی و دەستەبژێری سیاسی ئاراستەی دەکەن، لە هەڵبژاردنی کۆ دەردەچێتە دەرەوە، مەبەستم لەوەیە کە هەڵبژاردنی شارستانیەت چیدی ئەو کۆمەکە ناکات کە لەسەردەمی کلاسیکیزمی نەتەوەکاندا پێی دەناسران، رەنگە ئەمە بۆ تەواوی نەتەوەکان و کۆمەڵگەکانی تری گۆی زەوی کە دەرکەوتوون نەك ئەوانەی کە تائێستاش یاخین لەژیانی باو، هەر وابێت، بەڵام هاتنی سیستمی جهانگەرایی لەپەنا گۆڕینی سیستمی سیاسی ئابوری، بڕێك کەمیش کۆمەکی بەهەندێ نەتەوە کرد کە تائێستا ناویان لە ریزی دەوڵەتان نەبوو سابەهەر هۆکارێکی سیاسی بێت، ئەمەش پارادۆکسێکی سیاسیە کە سیستمی نوێ خوڵقاندوویەتی، یەعنی وردە ناسیونالیزمی نوێ بۆ ناسیونالیزمی

بالآتر کە لەنێو هاوکێشە سیاسیەکان زیاتر دەبینرێت ...

## *ژیان لە بۆشاییدا*
## *نەتەوە لە قوربانی شارستانییەتدا*

لەو پرسیارەوە دەستپێدەکەم کە ژیان بۆ نەتەوە چییە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە لەنێو کەوانەدا کە گرێ کارەیە و تێکەڵ بە پرسیارە بوونخوازییەکان دەبێت، مەبەست لە بوونخوازی ئەوەیە کە موناقەشە بۆ تێگەیشتن لەنێوان ماتریال و ئایدیال سەبارەت بە ژیان و قوربانی لەیەکتر نزیك دەکاتەوە، کاتێك کە تێدەگەین لەوەی ئامانج لەو جۆرە پرسیارانە لەپێناو گرینگیدانە بە بونیاتنانی ئامانجێکی دیکە بۆ پرسی ژیان، وەکو ئاکتێك بۆ تێگەیشتن لەپەیوەندی ئینسان بە سرووشتەوە، بەپێچەوانەشەوە دابڕانی لە سرووشت و تادەگاتە پەیوەندی ئینسان بە ئینسانەوە، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین باس لە ژیانی نەتەوەیەکی وەکو کورد بکەین کە سەرباری ئەوەی هەمیشە قوربانی دەربووە بۆ ئەویتر بە بەبێ ئەوەی سوودگەرابێت و مانایەکی هەبێت قوربانییەکەی، نەك هەر بۆ خۆی بگرە بۆ ئەوانی دیکەی نەتەوەی سەردەست و دەسەلآتدار و حاکم لەناوچەکەش نەبوو ئەگەر سەرەنجام بخوێنینەوە، هەر ئەوەی هەڵگەڕانەوەی ئەم نەتەوەیە لە سوڵتان و دەسەلآتە هەرێمایەتییەکان لەمێژوودا باسدەکرێت، تادەگاتە ئەو دیمەنە سیاسیانەی ئێستا، کەچی بەو هەمو قوربانییەوە نەیتوانیوە بونیاتێکی شارستانی بۆ خۆی بونیات بنێت و خۆی لەو بۆشاییە رزگار بکات کە نەتەوە سەردەستەکانی دیکەی دراوسێی کەڵکیان لێوەرگرتووە.

ئەم پرسیارەی کە پەیوەندی قوربانی بۆ بونیاتنانی شارستانیەت پێویستی بە وڵامی جیاواز هەیە، پرسیارەکە بۆ کورد وەکو نەتەوەیەکی بەجێماو لەم ناوچە پڕ قەیرانەدا لە وەختێکدایە

کە ئینسان بەسەر قادرمەدا سەردەکەوێ بەرەو جهانێکی دیکە کە کۆتایی نییە و دەیهەوێ کۆتاییەکەی وەکو تموحی فکری و تێگەیشتن لە نهێنیەکان ببینێ، لەکاتێکدا کۆمەڵگەی تێکەڵی وەکو کورد بەگشتی پێویستی بە قادرمەیەکی دیکە هەیە کە ئەویش بونیاتنانی شارستانیەتێکی جیاوازە لەنەتەوەکانی دیکە، هەڵبەت ئەم داواکارییە ئەوکاتە تێدەگەین کە ئینسان نەك لەبوون، بەڵکو لەو گاڵتەجاڕییەش تێنەگەیشتووە کە بووە بە سیناریۆی هەمیشەیی بەناوی ژیانەوە، کۆڵن ویڵسن لەکتێبی داڕمانی شارستانیەتدا دەڵێ «بۆشایی لەژیاندا چەمکێکی نەرێتی سیاسی یە، چونکە سیاسەت دەیهەوێ هەمیشە ئینسان لە بۆشاییدا بێ، بۆ ئەوەی هیچ بوارێك پڕ نەکاتەوە و هەنگاوێك هەڵنەنێ بەرەو ئایندەیەکی نوێ، هەروەها روح نەکاتە قوربانی چیرۆکێکی ئایدیالیستی کە جەستە بە ماتریالیستی بەرهەمیدەهێنێتەوە، ئەوانەی کە خۆیان بۆ هیچکام لەم بابەتە پەیوەست نەکردووە، دەرەنجامی ئەوەیە کە لە شارستانییەتدا نەژیاون و بۆ شارستانیەتیش ناژین»، کورد وەکو نەتەوەیەکی بێ حیکمەت و پڕ نهێنی بە نموونە کە لەهیچ چیرۆکێکدا نە رابردوو و نەداهاتوو جێگەو ڕێگەیەکی دیارینەکردووە، چونکە ئەم نەتەوەیە بەهۆی نەبوونی بەرهەمهێنانەوەی خۆی، هیچ کەلێنێکی پڕ نەکردۆتەوە کە بەشەرییەت پێویستی پێی بێت، جگە لەو قوربانییەی کە بۆ مەبەستێکی ماتریالی رووت و مەبەستێکی نائیسنانی پێشکەشی کردووە، سەرباری ئەوەش جگە لە پاداشتی کاتی هیچ پاداشتێك نەکراوە و نەبۆتە سەنتەرێك بۆ خۆی، بۆیە هەمیشە لەبۆشاییدایە و ناتوانێ شوناسێك بەدەست بهێنێت تاکو ئەوانی تر جگە لە قوربانی داوای شتێکی دیکەی لێبکەن، مەبەستم ئەوەیە جگە لە پێشمەرگە نموونەیەکی شارستانی پێشکەش بکات و خۆی تێدا بەرهەمبهێنێتەوە و چیتر بۆ ژیان خەون بە پاڵەوانێتییەوە ببینێت.

عەقڵی ئینسان بۆ ئەو هەڵبژاردنە سەرەڕۆیی دەکات، لەنێوان کەماڵی ژیان وەکو ئایدیا و کەماڵی کار کردن خەریکە وەکو ماتریال، بەڵام هەقیقەتەن کار چ بۆ تاك یەکێکە لەهۆکارەکانی پڕکردنەوەی بۆشایی و چ بۆ کۆمەڵگەش هەمان شێوە، لێرەدا تەنها شێوازی کارەکە جیاوازە و ئامانجەکە دوور مەودایە، هەڵبەت کار بەمانای کاری جەستەیی نییە بەتەنها، بەو مانایەی جەستە توانا خەرج دەکات و خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە بۆ ئەوی تری خاوەن کار، یان بەکارهێنانی ئیرادە بۆ سەرهەڵدانێك بەناوی شۆڕشەوە، وەکو شۆڕشی کرێکاری و شۆڕشی نەتەوەیی کە ناسیونالیستەکان پێڕەوی دەکەن، بۆ گروپی دەستەبژێری سیاسی کە سوودگەراکان هەر ئەوان دەبن لە داهاتوودا، بەڵکو کار لێرەدا وەکوهۆکارێکی بەردەوامی ژیان لە گەڵ شارستانییەت، هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی روح لە جەستە و ئیدیۆلۆژیا لە فکر و مانا لە پێناسە و جیاکردنەوەی هەموو جیاوازییەکان، ئەوەی لیرەدا کار دەیسەلمێنێت خۆ بەرهەمهێنانەوە لە شوێنەوار و جێگە دەستدا، ئەوەی کە هەڵچوون و تێکدان لەدەرەنجامەکان هەمیشە وەکو ئەلتەرناتیف دێتەئاراوە، مانای تەواوی ئەو بێدەنگییەیە کە نەتەوە بێناونیشانەکان و بێ شوناسەکان کە مێژوو نەینووسیوەتەوە رەسەنایەتی نییە، بۆیە لە هەموو بوارەکاندا لە بۆشاییدا دەژی، ئەم دوو نموونە جیاوازە کاڵایەکە بە باڵای نەتەوەیەکی وەکو کورد دەشێت کە نەتەوەی دیکە لەتەنیشتی دەژی و لە بۆشاییدا جێماوە، لەکاتێکدا گەڕاندنەوەی متمانە بۆ بوون لەنەتەوەی بێ شوناسی وەکو کورد، تاکە شتێك فریای دەکەوێت، ئەویش ئەو شتانەیە کە بەدەست دەگیرێت، مەبەست لە پارچە ئاسەوارە وەکو ئەوەی لە یۆنان و میسر و هیند و رۆما و یەمەن هەیە، بەڵام ئەو دەستگیرییە بۆ نەتەوەیەکی تایبەت نییە، بەڵکو بۆ تەواوی کۆمەڵگەی میسرییە، کەچی لێرە لە کوردستان ئەگەر ئەو پارچەیەش جار بەجار

لەرێگەی کارەوە دەستدەکەوێت، دەبێت بە موڵکی کورد وەکو بازرگانی، نەك موڵکی خەڵکی کوردستان.
لەوەتەی ژیار هەیە ئینسان هەم بەشێك بووە لە کێشەی کەون، یان بوون هەم کێشە بووە بۆ خۆی، هەم هۆکارەکانی بەردەوام بوونی زەمەن لە ژیاندا کێشەی بۆ ئینسان خوڵقاندووە، فەرموون ئەنکیدۆی کارێکتەری دیاری چیرۆکە کەیە، کە دەبێتە ئەلتەرناتیف بۆ گلگامش، نوسینەوەی ئەزموونە بۆ ئەو ئینسانەی بیر لە ژیار دەکاتەوە و ببێتە کارێکتەرێکی چالاك، ئینسانی کوردی هەمیشە قوربانییەکی بەردەوام بووە بۆ دروستکردنی ئەو ژیارەی کە خەونی پێوە بینیووە، هەڵبەت قوربانی بۆ نەتەوە تەنها بە جەستە نییە، واتە تەنها ئەوە نییە کە خوێن ببەخشێت بەرامبەر بە دووژمنەکانی، بەڵکو گەیشتنە بەو هەقیقەتەی کە پاڵەوانێتی و قارەمانێتی ئەوەیە کە چیتر بەدوای سەرهەڵدانی نەتەوەیەك نەگەڕێن و نەبن بە کەرەستەی هەقیقەتی مێژوویی، بەو مانایەی کە لەترسی تێگەیشتن لە سێبەردا بەدوای ئاسۆدا بگەڕێت تاکو هەتاو ببینێت، سەرهەڵدانی جەنگ کە پێویستی بە قوربانیدانە بەپێی سیستمی سەربازی و بەپێی سۆزی تاك بۆ نەتەوە وەکو ئەخلاقێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی، سەرەتا لەوێوە دەست پێدەکات کە کەسەکە لەگەڵ چوون بۆ نێو یەکە سەربازییەکان، سەرەتاکەی ئەوەیە کە ژیان وەکو ویستی خود بۆ حەزەکان لەدەست دەدات، چونکە ئیدی ژیان نە لەنێو رەنگەکان و نە لەنێو دەنگە جیازەکان و نە لەنێو هاورێکانی کە دوور دەکەوێتەوە لە ویستی خۆی، پاشان پەیوەست بوونی سەربازی کێشەی ژیانی ئەوانی دیکە کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاکە سەرباز یان فیداکارەی کە هەیە و پچڕاوە، ئەو درۆیەی کە گیان فیدایی بە خاك و نیشتیمان دەکرێ و نیشتیمانیش خێر و بێرەکەی بۆ دەستەبژێرێکە کە یان بازرگانن یان بەرژەوەندخوازن لە سەرهەڵدانی جەنگ

## شارستانیەتەکانی نزیک لەکورد ئامورییەکان

گەلێکی عەرەبی کۆن بوون و بەشێك لە کەنعانیەکان کە لەشاری سوریا بوونە ساڵی ٢٥٠٠ پێش زاینی، دواتر عراقییان داگیرکردووە و دەوڵەتێکیان بەناوی بابلی درووست کردووە، ناودارترین پاشایان حامورابی بووە کە خاوەنی یاسایەکە تائێستاش وەکو بنچینەی تیۆری یاسا دادەنرێت، حامورابی ساڵی ١٦٦٩ـ١٧١١ پێش زاینی ژیاوە، لەگەڵ ئارامییەکان یەکیان گرتووە تا سەدەی دەیەمی پێش زایینی، دەوڵەتی (رەفایا) لە بلاد الشام دروست دەکەن، ئەو دەوڵەتە دەکەوێتە خوراووی رۆژئاوای عەممان وشەی ئامور و سۆمەری بەمانای رۆژئاوا دێت، ئامورییەکانیش هەر لەوێوە سەرچاوەی گرتووە.

## شارستانیەتی ئارامیەکان

دروستکەری ئەم شارستانیەتە لەو گەلانە بوون کەلە سەدەی ١٣ ی پیش لەدایك بوون لەنێوان شام و فورات ژیاون، لەسەدەی ١١ مەملەکەتێکیان بەناوی حەماتەوە دروست کردووە، لەسەدەی ٩ دوای لەدایکبوونی عیسای مەسیح، ئەو مەملەکەتە بەدەستی ئاشووریەکان شکست دەخوات، دواجار زانییان بەدەوڵەتانی وەکو عێراق و سوریا و ئێران پەخش بوون، بەر لەهاتنی مەسیح ئەم زمانە لەفەڵەستین هەبووە و چەند سفرێك واتە ئایەتێکی نێو تەوراتیش هەر بەم زمانە نووسراوەتەوە، بۆیە تائێستاش لە سوریا کۆمەڵە خەڵکێك هەن بەم شێوەزارە قسەدەکەن و خۆیان بە درێژە پێدەری ئارامیەکان دەزانن.

## شارستانیەتی چین

یەکێك لە شارستانیەتە بەنێو بانگ و کۆنەکانی کۆمەڵگەی بەشەرییە، سەرباری ئەوەی کە لەکاتی خۆیدا لە چین ئاینی کۆنفشیۆسی هەبووە وەکو پەیڕەوی لە شێوەیەك لە خواپەرستی، دواتر خەڵکەکەی خزاوەتە نێو ئاینی بوزی، بوزا گەنجێکی یاخی بوو لەماڵی کەسوکاری خۆی دەرچووەتە دەرەوە و خۆی زاڵ کردووە بەسەر هەموو حەزو ئارەزووەکانی خۆی، واتە خۆی داماڵاندووە لەغەیرە دونیایی، لەسەردەمی تان و لەسەدەی ١٧ ی پێش لەدایك بوون سەرکەوتنی بەدەسهێناو بوو بە ئاینێکی جێگەوتە لەنێو خەڵك و وردە وردە پەیڕەو دەکرا، لە شانگەهان کە ئەوکات پایتەختی چین بوو زیاتر لە ٣٠٠ پەیکەری بوزا هەبووە، خێزانی تانگ ئەوکاتە گەشەیان بە کشتوکاڵ و ئابوری و ئاو داوە، پردێکیان دروستکردووە بۆ گرێدانی چینی خوارو بە چینی ژوورو، لە ساڵی ٦٣٠ سوپای چینی بن دەستی تورکەکان شکستی خواردووە، (تبت) یەکێکە لەو شارانەی کە زۆرترین خەڵکی ئیمانداری بوزی لێ دەژی و کولتوری جیاجیایان هەیە تائێستاش، ئیدی هەر لە دێر زەمانەوە چین شوێنی مەعریفە و بازرگانی و کاری دەستی و کە بەشێوازی بەرهەمهێنانی ئایاوی ناسراوە و لە نێو ئابووری کلاسیکیش وەکو تیۆر دەخوێنرێت و لەمێژووشدا هەمان شوێنی هەیە. هەموو ئەم داتایانە کە لەهونەر و ئاین و کشتوکاڵەوە بگرە تادەگاتە تەرسازی و هتد، لەلایەکی تریشەوە بنەماڵە و خێڵ و پێکهاتە سەرەکیەکانی دیکە بوونە هۆکار بۆ پتەوکردنی قەوارەی ناسیونالیزم ی چینی کە تائێستا شانازی بە بوونی خۆیانەوە دەکەن.

## شارستانیەتی رۆما

رۆمەکان سەرەتا قەبیلەیەکی لاتینی ئاری بوون و لەخوارووی تیبەر دانیشتبوون، رۆمس و رۆملس دوو برابوون ئەو قەبیلەیەیان کۆکردۆتەوە و کشتوکاڵیان پێکردوون و دواتر رۆمس لە ساڵی ٧٥٣ پێش زاین دەبێتە ئەوشارە، پێشتر ئەم ئیمبراتۆرە لەساڵی ١٤٦ بەر لەزاین دەوڵەتی قرتاجە و مەکەدۆنیا وئاسیای بچوك و یۆنان و بلانت شام و میسریان گرتووە، لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش قوستەنتینیە بۆتە پایتەختی ئیمبراتۆریەتی رۆما، لە ساڵی ١٤٥٣ زاینی تا ئەوکاتەی (محمد الفاتح) دەچێتە ئەوێ و دەبێتە خەلیفەی عوسمانی.

## شارستانیەتی هیند

یەکێك لەگەورەترین شارستانیەتەکانی ئاسیایە و پێکهاتە کۆنەکەشی زۆرترین خەڵك و دانیشتووی هەبووە، زۆرترین کولتوور و ئاینی جیاوازی تێابووە، لەوانەش ئاینی بوزی و مەسیحی و هیندۆسی و سیخ و دواتریش ئیسلام گەیشتۆتە ئەوێ، پێشتر بوزیەکان خاوەنی ئیمبراتۆریەتێك بوونە بەناوی مۆریانە، ئەم ئیمبراتۆریەتە زۆرترین رووبەری لەژێر دەستدابووە، لەوانەش بەنگال و سندی کۆن، دەسەڵاتیان بەسەر رێگەوبانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شکاوە، ئاینی بودا خاڵی گەشەسەندن و نوێبوونەوەی هیندیەکان بووە، هەرئەمەش وای کردووە کەلەبوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی گەشە بەخۆیان بدەن، هیند لە جەنگی دووەمی جیهانی دەکەوێتە ژێر داگیرکاری بەریتانیا و زمانی ئینگلیزی بەسەریدا زاڵ دەبێت.

## شارستانیەتی سەلجوقیەکان

سەلجوقیەکان کەلە لایەن خودی سەلجوقەوە سەریهەڵداوە، سەرکردەیەکی گەورەی تورکمان بووە و سەر بەقەبیلەی غەز بووە، لەسەدەی ١١ تا کو سەدەی ١٣ حوکمی ئێران و عێراق و ئاسیای بچوکیان کردووە، سەلجوقەکانی فارسی حەوت کەس حوکمی تێداکردووە، لەبت غرل بەگ ١٠٣٧ تا مەلەك شای کوڕی ئەلب ئەرسەلان ساڵی ١٠٧٢ حوکمیان کردووە، دواتر برکیا رۆف دواجاریش ئەحمەد سەنجەری کوڕی مەلەك شا لەساڵی ١١٥٧ زاینی، سەلجوقەکانی عێراق بە ئەمیر (محمود کوڕی محەمەد) ساڵی ١١١٨ دەست پیدەکات تاکو بت غرلی یەکەم و مەلەك شای دووەم ساڵی ١١٥٣، تغرلی دووەمیش ساڵی ١١٩٤ کۆتایی بە حوکمەکەی دەهێنێت لە عێراق، سەلجوقەکانی سوریا بە (تچی کوڕی ئەلب ئەرسەلان) ساڵی ١٠٩٤ دەستپێدەکات، دواتر بەناوی دەقاق دواتریش براکەی بەناوی (رەزوان) دەسەڵاتەکانیشیان جارێك لەدیمەشق دەبێت و جارێکی لە حەلەب دەبێت، تاکو سوڵتان شاە لەساڵی ١١١٧ زاینی کۆتایی بە دەسەڵاتیان دێنن.

لێرەدا مەبەست لەهێناوەی شارستانیەتەکان بە نموونە بۆ پاڵپشتیکردن لە بوونی نەتەوەیەك، بەهۆی نەبوونی پەنجە مۆری کورد لەو شارستانیەتانە یان لانیکەم بەهۆی غیابی نەتەوەیی کورد کە بڕیارە کۆنترین نەتەوە بێت بەپێی مێژووی مادەکان لە ناوچەکە، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە کورد ئەگەرچی هەرئەوەندەی پێکراوە خۆی بپارێزێ، بەڵام هیچ پەنجە مۆرێکی جێنەهێشتووە تاکو جێگەی بێتەوە لەنێو شارستانیەکان، یان شارستانیەتێکی تایبەت بە خۆی هەبێت و لەپەنا شارستانیەکان بخوێنرێتەوە یان بە نموونەی مێژوویی وەربگیرێت، ئەمە یەکێك

لەو کەلینانەیە کە جارێکی تر بەهیچ جۆرە هەوڵێکی کولتووری و ئاسەوارناسیش پڕناکرێتەوە، چونکە مێژوو هەر ئەوەندەی تۆمار کردووە کە پەنجە مۆری لەسەرە، بۆ نمونە بەشێکی زۆر لەو ئاسەوارانەی هەن نەتەوەکانیان وەکو موڵکایەتی نەماون، بەڵام پەنجە مۆرەکە ماوە و بووە بەموڵکی نەتەوەیەك، بەڵام کورد لەناوچەکەشی شوێنەوار و شارستانیەت هەبووە، کەچی بەناوی ئەوەوە نییە.
هەموو ئەم شارستانیەتانەی کە لەسەرەوە باشمان کرد، تەنها بۆ وەبیرهێنانەوە بوو کە بزانین چۆن تاریماییەك بوونە بەسەر کوردەوە بەحوکمی جوگرافیا و بە حوکمی داگیرکردنی جوگرفیاکەیەوە و بە حوکمی فەرهەنگەکەیانەوە، کەچی کاریگەری ئەوەی نەخوڵقاندووە کە هیچ نەبێ ناسیونالیزم لەرێگەی ئەو شارستانیەتانەوە بەرهەمبهێنێ و لانیکەم ئەو رابردووەی بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی ئەگەر لەباری مێژووییشەوە بێت، کەچی بە پێچەوانەوە ئەو شارستانیەتەشی کە موڵکی کورد بووە، ئێستا هیچ جۆرە موڵکیەتێکی پێوە دیارنییە، هەست ناکرێت کورد لێرە لەم میزۆپۆتامیایە نەك هەر حوکمی نەکردووە، بگرە سەلمێنەری بوونیشی کارێکی زەحمەتە.

## ناسیۆنالیزم و شوناس

ئەگەر بیانوو هێنانەوە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی، پاراستنی شوناس بێت یان نەتەوەخوازی، ئەوا لە شوێنێکی تر و بەتایبەت لەنێو زمان و خێزاندا زیاتر کۆمەکی پێدەکرێت، هەروەك لە بەشی رابردوو باسی کاریگەری زمانمان کرد لەسەر ناسیۆنالیزم کە زمانی دایك بەشێکە لە پاراستنی شوناسە نەتەوەیەکە، بەهەر حاڵ شێوەیەکی تری جیاکردنەوەیە لە کولتوورەکان و پێکەوە ژیان و ئازادی تاك و فەلسەفەی

ناتورالیزم، ئەگەر بەو ئەندازەیە تەماشای پراکتیزە کردنی بیرۆکەی ناسیۆنالیزم بکەین واتەهەموو جۆرە پەیوەندییەك دەبێت بخرێتە نێو فکری نەتەوەیی و بەرژەوەندیەکانی، بەمەش کۆمەڵگە دوچاری ئەو کێشانە دەبێتەوە کە جێگەی بۆ کولتووری دواکەوتوویی دەکاتەوە، ناسیۆنالیزم بریتیە لە هەستکردن بە شوناسی نەتەوە، بەهەمان شێوەی عەشیرەت گەری کاردەکات و خێزان بەهۆی هەستی لێك نزیکی و پێکەوە دەنرێت، (لیا گرین فێڵت) کە پرۆفیسۆرە لە بواری کۆمەڵناسی لە زانکۆی بۆسنی ئامریکی بەم شێوەیە پێناسەی ناسیۆنالیزم دەکات، « چەمکی ناسیۆنالیزم بریتیە لە وێنای بونیادێکی کۆمەڵایەتی کە میللەت بە دەستەبژێری فەرمانڕەوا کۆمەڵگەی یەکسان دادەنێت، لەبنەڕەتدا زاراوەی ناسیۆنالیزم بۆ گروپێکی دەستەبژێر بەکاردەهات، بەڵام لە بەکارهێنانە مۆدێرنەکەیدا بۆ گروپێکی گەورە و زەبەلاح هێندێکجار ئەوەندە گەورە کە ئێمپراتۆریەتێك بەکاری دەهێنێت، بەڵام پەیوەندی لەنێو ئەندامانی دەوڵەت پەیوەندییەکی یەکسانی نێوان هاوڵاتیانە، ئەمەش بەگوێرەی کۆمەڵگاکان واقیعیان گۆڕانی بەسەردا دێت، بەبڕوای پرۆفیسۆر (لیا گرین فێڵت) ناسیۆنالیزم یان بەشێوەیەکی دەستەجەمعی کۆیی دەبێت یاخود لەتاکە کەسیدا رەنگدەداتەوە، بەمانایەکی تر هەرکام لەم دوانە گرینگتربوو ئەوا ناسیۆنالیزمە مۆرك و خەسڵەتی ئەویتریان وەردەگرێت، ئەگەری ئەوەشی هەیە کە ناسیۆنالیزمی دەستەجەمعی بەرەو زۆرداری هەنگاو بنێت، لەکاتێکدا ناسیۆنالیزم وەکو چەمکێکی فکری سیاسی بەرەو لیبرالی دەبات، هەڵبەت دەوڵەتی نەتەوەیی واتە ئەو تێرمەی کە وەسفێکی بێلایەنی نییە تاك ئاراستەیەکی سیاسیەو هیچی تر، بەپێچەوانەوە پاراستنی مێژوو و کولتووری خەڵکانێکە کە کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش پێکەویانی دەبەستێت، وەئەگەر بەپێچەوانەوە وەك تەکتیکێك رەوایەتی بەم چەمکە دەدەین بە ئەندازەی یەکێتیەکی فرەیی لە مەزهەب و نەتەوە

لە جوگرافیایەك ژیانیان پێكەوە كردووە، دیسان دەبێت ناوی دەوڵەتی نەتەوەیی وەلا بنرێت، چونكە مێژووی ئەو قەوارە جوگرافیایە بریتیە لە مێژووی تەواوی مێژوو و كولتووری نەتەوە جیاجیاكانی تر، بەپێچەوانەوە مافی ئەو نەتەوانە فەرامۆش دەكرێت كە لەو یەكێتیەدا بەشداریان كردووە، لەبارەی گشتیدا شەرعەیەتدان بە گوتاری شوناسی نەتەوەیی بەرامبەر بە گوتاری خۆ رزگاركردن كە وەختێك نەتەوەیەك راستەوخۆ لەو ماوەیەی كە داگیر كراوە و كێبەركێ لەگەڵ داگیركەران دەكات، ئەمە دوفاقیەتێكە لەنێوان ئیدیۆلۆژیا و دوفاقی سیاسی، چونكە ئەو گەلانەی پێشتر كێشەی بەسەردەم كردنی خۆیان هەبووە، ماهیەتی خۆیان لەدەستداوە و ئێستا ئەو نەتەوانەی خاوەنی هەمان ستایلن ماهیەتی خۆیان لەدەست دەدەن». (١٠٦)..

لە كاتێكدا هەڵویست وەرگرتن لە نەتەوەیەكەوە بۆ نەتەوەیەكی تر، هەڵوێست وەرگرتنە بەرامبەر داگیركەر، لێرەوەیە كە دەبینین نەك هەر كەڵك لەدوو فاقیەتی سیاسیدا نابینین، بەڵكو زەرەرمەند دەبن و تادێت لە شوناسی نەتەوەیی دوور دەكەونەوە، لەمبارەیەوە (د. ندیم بیگار) دەڵێ« هەست كردن بە شوناسی نەتەوەیی جۆرە سەلماندنێكە بۆ دواكەوتووی فكری، لەكاتێكدا شوناسی نەتەوەیی مەسەلەیەك نییە كە هەوڵی بۆ بدرێت، یان ئیدراك و هۆشیاری بێت كە هیچ كاریگەری نییە لەسەر شوناسی تاك لەنێو نەتەوەدا كە كۆمەڵگە لە پشتیەوەیەتی».(١٠٧).

سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم لە دوای هەرەسی سۆڤیەتەوە و هانی چەمكی جهانگەرایی، بەشێوەیەكی فراوانتر لە دیاردە سیاسیەكانی تر پەرەی سەند، ئەم مەیلە بەپێی قسەی كۆمەڵناسە سیاسیەكان، مەیلێكی ئێجگار ئانارشی ترە لەوەی كە لەسەردەمی سۆڤیەت هەبوو سەبارەت بە بزوتنەوەی ناسیۆنالیزم و مافی چارەی گەلان، (رابێرتسۆن) كۆمەڵناسێكی سیاسی ئامریكیە و دەساڵ زیاترە ئەم راوبۆچوونەی هەیە،

پێی وایە ناسیونالیزم و هاتنەئارای ئەم باسە جاران گوڕو تینی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە، لێرەوە باسەکە دەچێتە سەر چەمکی دیکتاتۆریەت کە سیستمی کۆنترۆڵکەر و کۆنکریتی سیاسیە، هەڵبەت ئەلتەرناتیڤەکەشی دیموکراسییە، چونکە چەکەرە کردنی فکری دەوڵەتی نەتەوەیی، نزیکایەتی هەیە لە جۆرێك لە شۆڤێنیەت و دیکتاتۆریەت، بەڕادەیەك کەرەنگە شۆڤێنیەتێکی توندڕەو بەرهەمبهێنێت، هەروەك ئەوەی لە سەدەی هەژدەهەمدا بینیمان، بەوپێیەی کە شوناس و ئاڵا و دروشمی خودی دەوڵەتەکە مۆرکی نەتەوەیەکی دیاریکراوی دەبێت، « مۆدێلی (سوپەر ئیتر مینێتینیستیت) (شوناس) واتە (هویە) یان مۆدێلی دەوڵەتی ئیدیۆلۆژیا، مۆدێلی فەرانسەیی، مۆدێلی یۆگسلافیا بوو، دوای ساڵی ١٩٤٥ کە هەر لە سەرەتاوە نەیتوانی خۆی بچەسپێنێت، چونکە دەوڵەت ویستی خۆی لە هەستی نەتەوەیی بپارێزێت لە ڕێگەی سیاسەتێك بە ئاگاییانەوە، لەسەرەوەڕا جۆرە دەوڵەتێك کە کۆمەڵە نەتەوەیەك دا بمەزرێنن کە سنووری نەتەوەیی ببەزێنن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا نەتەوەی روس و سرب بناغەی ئەم دەوڵەتانە بوون، ئامریکا بە نمونەیەکی دەگمەن و سەرکەتووی ئەم جۆرە مۆدێلە دادەنرێت».(١٠٨).

ئاراستەکردنی فکری تاکەکانی کۆمەڵگە ئاراستەکردنێکی تەندروست نابێت بەرامبەر بەو گەلانەی لە هەمان مێژوودا ژیاون، ئەمەش بۆخۆی ئیشکالیەتێکی دیکەی سیاسی پەیدا دەکات، هەروەك چۆن پێشتر کورد بەدەوڵەتی عەرەبی مافەکانی پەراوێز خرابوون، بۆیە ئەم دیموکراسیەتەی ئێستا کە بەنگەوازی بۆ دەکرێت، زۆر جیاوازترە لەو دیموکراسیەتەی کە پێشتر پێناسە دەکرا، ئەمەش بەشێکە لە دیکتاتۆریەت بەڵام بە فۆرمێکی تر، ئەگینا خۆ ئەوروپا و ئامریکا دیکتاتۆریەتیان لە گۆڕناوە بە حیساب بێت، کەچی دەبینین چ دیموکراسیەتێك پیادە دەکەن و چۆن مامەڵە لەتەك کەیسی نەتەوە ژێر دەستەکان

دەکەن، رەنگە لە ئایندەیا ئەم سیستمەش کە ئێستا وڵاتانی زلهێز کاری پێدەکەن، بۆ خۆی ببێتە مێژووییەك و سەرکۆنە بکرێت، کەوابوو قسەکردن لەسەر ناسیونالیزم کە لە فەزای سیاسەتی ئەورووپادا نەماوە، بۆ کوردیش ئیمکانی نییە مومارەسەکردنی، ئەگەر بەو شکڵە بوایە ئەورووپا سیستمی خۆی بۆ فرەیی لە کولتوور نەدەگۆڕی و دەوڵەتی نەتەوەیی وەکو خۆی دەمایەوە، هەروەك چۆن تائیستا لەلێواری بوون بەدەوڵەت یان نەبوون و کێشە نێو خۆییەکانی ماوەتەوە و لەئەزموونی گەلان و دەوڵەتانی زلهێز سەرکەوتوو نابێت تاکو بڕیار لەسەر بوونی وەکو دەوڵەتێك بدرێت و دانی پیدابنرێت.
ئەوەی کورد بڕو بیانووی بۆ دەهێنێتەوە، گوایە زۆرترین هۆکاری ئیشکالیاتەکانی پێوە گرێدراوە، مەسەلەی دەستتێوەردانی دەرەکییە، دروستە چەندین نەوەی کورد شاهیدی ئەوە دەدەن، بەڵام نەبوونی یەك گوتاری سیاسی لەنێو کورددا، هیچ بە پاساوی دەرەکی چارەسەر ناکرێ، جگە لەوەی کورد تەنها بەناو ناسیۆنالیست بووە، لەناوەڕۆکیشدا شتێکی تر، بەدروشمی حیزبەکاندا بۆمان بەدەردەکەوێت، هەر ئەوەی حیزبی کوردی ئەگەرچی تەنها بەسیما حیزبە و بە جەوهەر کۆمەڵێك خێڵ و گروپی بەرژەوەندخوازی ماددین، ئەوەندە حیزبی عەلمانی نین کە تێبگەن لە مانای تاکگەرایی و رزگاری تاك و گرینگی مەعریفەی حیزبی وەکو پرنسیپ، بۆیە ئەوەندەی بەرژەوەندی ئیدیۆلۆژی حیزبی باو لەبەرچاو گیراوە، ئەوانەش کەوەك رەخنەیان هەیە لە ئەدای سیاسی کوردی بەرامبەر بە سیستمە کۆنەکانی دەوڵەتی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا، دەرکەوت ئەوەندە بەرژەوەندی نەتەوەیی نیشتیمانی لەبەرچاو ناگرن، چونکە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە هەموو کایەکاندا رەنگدانەوەی هەیە، بەپێچەوانەوە لێبۆردەیی و پێکەوە ژیانێك کە لەدەرەوەی سیاسەت کاری پێدەکرێت، بۆیە

لەمڕاستایەدا حیزب دەبێتە ماشینێك بۆ بەرهەمهێنانی ئینسانی تاك ڕەهەند و ئینسانی توندوتیژ، هەروەها شێوە ناساندن و کارپێکردن بەچەمکی ناسیۆنالیزم خزمەتی هەمان ئەو فکرە دەکات کە هەڵیگرتووە، ئەمەش ئەگەر بەستایلێکی مەعریفی مامەڵەی لەتەکدا نەکرێت توشی دەمارگیری نەتەوەیی دەبێت و ئینسانی دەمارگیر بەرهەمدەهێنێت، هەروەك چۆن نەتەوەکانی دەوروپشتمان دوچاری هاتوون، ئەوەیە کە زەرەر و سوودەکانی چەمکی ناسیۆنالیزم لەیەکتر جیا بکەینەوە بەو مانایە لەبری ئەوەی ناسیۆنالیزم بکرێتە ئیدیۆلۆژیایەك لەنێو هەوادارانی ئەو ئیدیۆلۆژیایە دوو چینی جیاواز هەبێت، نەك هەر ئیشکالیاتی نەتەوەیی سەردەست و ژێر دەست چارەسەر ناکات، بەپێچەوانەوە ئیشکالیاتە سیاسیەکان ئاڵۆزتر دەکات و لق و پۆپی لێدەکەوێتەوە.

سەبارەت بە مەسەلەی بوونی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانی فارس و تورك و عەرەب کە ئێستا جوگرافیاکە بەرەو تێکچوون دەچێت و خەریکە شێوە دەوڵەتی کوردی بونیات دەنرێت، بەڵام بە ئاڵۆزی نێوخۆییەوە کە دەستێوەردانی دەوڵەتانی هەرێمیایەتی تێدایە، ئەمە باسێکی ترە، بۆ ئەمە پێویستمان بە موناقەشەیەکی ترە کە پێشتر چۆن ئەم نەتەوەیە مامەڵەی کردووە، ئێستاش چۆن مامەڵە دەکات، یاخود ئێستا سەرکردایەتی کورد چۆن هەماهەنگی ئەو کێشەیە دەکات کە لەناوچەکە دەگوزەرێت، مەسەلەی یاسا و دەستوور و سیستمی فیدرالییەت کە بەهەموو شێوەکانییەوە باسێکی ترە، ئاڵۆگۆڕەکانی دوای رژێمی بەعسی روخاوی عێراق و سوریا و سەرهەڵدانی هێزی چەکداری لە باکوری کوردستان کە تورکیایە، بەشێکن لەو ئیشکالیاتانەی کە کورد لە رابردوودا خراپ کەڵکی لێوەرگرتووە و خۆی بۆ ئامادە نەکردووە و هەمیشە چاوەڕوانی هێزێکی دەرەکی یان فریادڕەسێکە بەفریای بکەوێت، بۆیە کە لە شوێنێکدا گیر

دەخوات، ئیتر هەم وەکو گوتار و هەم وەکو رەفتاری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەنانەت سیاسیش بەئاقارێکی دیکەدا دەچێت، ئەمە جگە لەوەی کە کێشەی کورد لە ئاستی دەرەوە تارادەیەك کارتێکی یەکلایی کردنەوە و بالانسی هاوکێشە سیاسیەکانە لەناوچەکەدا، کەچی لەنێو خۆدا هیچ رێکەوتنێك نییە لەسەر یەك کوردی و یەك نەتەوەیی و یەك وڵاتی و یەك قەوارەیی، کە ئەمە ئەو وێنەیەمان پێنابەخشێت کورد لە رابردوودا ناسیۆنالیست بوبێت و ئێستاش نەتەوە خوازبێت و ئامانج و ئاسۆی دەوڵەت ببینێت وەکو ئەوەی نەتەوەکانی دیکە بە ئەزموون بینیویانە.
نموونەی ئەو فریادڕەسەی کە وەرمانگرتووە، مەسەلەی شۆڕشی مەلیك مەحمود و دەوڵەتەکەی بوو لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٠ کە هەمیشە بەهیوای ئەوەبوو لە روسیاوە بەهانایەوە بێن، باشترین نمونەش ئەو نامەیەی مەلیك مەحمود بوو کەنارجدوویەتی بۆ لینین و وەڵامێکی ئەرێنی نەبووە کە کوردەکانی ئەوکات لە مەترسی دوور بخاتەوە، هەوەها هەوڵی دووەم لە ساڵی ١٩٤٥ بوو کە کورد بە رابەرایەتی پێشەوا قازی محمەد کە ئەویش هەم بۆ درووستکردن و هەم بۆ شکستهێنانی کۆمارە بچوکەکەی کوردستانە لە مهاباد کە هەمیشە چاوەڕێی یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکات بووە، هەڵبەت بەداخەوە نەك هەر وا دەرنەچوو، بگرە پێچەوانەکەی بوو، هەروەها شۆڕشی ئەیلولیش کە بەرابەرایەتی بارزانی بوو کە لەدەیەی ١٩٣٠ بەرەو سەرەوە دەستیپێکرد و هەمان سیناریۆی بەخۆیەوە بینیووە کە فریادڕەسەکە هەر نەگەیشتووە، ئەمە جگە لەوەی جاشە کوردەکانیش لەبری ئەوەی بچنە ریزی شۆڕشی کوردەوە، بەپێچەوانەوە دژی شۆڕش وەستاونەتەوە، ئەم سیناریۆ بەردەوامە هەمیشە و لەگەڵ هەموو دەسەڵات و دەوڵەت و حوکمڕانە دوژمنەکانی کورد دووبارە بۆتەوە، تاکو ئێستاش بەشێوەی مۆدێرن هەیە.

## دەوڵەتی نمونەیی
## ئەزموونی ماریناڵدا دونیایەکی تایبەت

لەباشوری ئیسپانیا شارۆچکەیەکی بچوك هەیە بەناوی(مارینالدا)، ژمارەی دانیشتوانەکەی ۲۸۰۰ کەسەو و هە میشە لە زیادبووندایە ئەم شوینە بە بەهەشتی کۆمۆنیستەکان ناسراوە، لەسەر بنەمایەکی هاوبەشانە و شێوە کۆمۆنیستی دەبرێت بەڕێوە، مێژووی ئەم هاوبەشایەتییە دەگەرێتەوە بۆ ۲۵ ساڵ لەمەوپێش، دیارە مێژووییەکی کۆنتریشی لە بەگژاچوونەوەی فاشیزم و دیکتاتۆری هەیە. یەکێك لە سیماکانی ئەم شارە ئەوەیە کۆتاییان بە دڵەڕاوکێکانی ئابووری هێناوەو ئاستی ژیان تێیدا بەرزە. مارینالدا لە ساڵی ۱۹۹۱ مافی ئۆتۆنۆمی بەدەستهێناوە لە رێگای ئەنجومەنێکی شارەوانی ۱۱ کەسییەوە دەبرێت بەرێوە. بەڵام هیچ یەکێك لە ئەندامانی ئەو شورایە مەعاش و کرێیان نییە و بەڵکو ئەوانیش وەك کەسەکانی تر لە کێڵگە کشتوکاڵییەکانی شارەکە کار دەکەن، یان کاری ئەنجومەنەکەیان بەو کارە بۆ دادەنرێت. پێش ئەوەی مافی ئۆتۆنۆمی وەربگرن، زەوییەکان لەژێر دەستی کۆمەڵێك کەسی دیاریکراودا بوون، دوای خەباتێکی دووروودرێژو کۆبوونەوەی زۆربەی خەڵك و کرێکاران لە دەوری سەندیکای کرێکارانی زەوی، زەوییەکان کرانە موڵکی گشتی، کۆی ئەو زەویانە ۱۲۰۰ هیکتارە.

پرۆسەی دەستبەسەراگرتنی زەوییەکان زیاتر لە دەیەیەکی خایاندووە و دووبارەبوونەوەی دەستبەسەراگرتنەکان زیاتر لە ۱۰۰ جار بووە، کە هەموو جارێك لە رێگای هێزی پۆلیسەوە لێیان دەسێنرایەوە، تا دواجار بووە ئەمری واقیع.

## سیستمی کار و کرێ

لەکاتێکدا کە ئیسپانیا بەرەو رووی هەژاری و بێکاری و ئەزمەی بەردەوامی ئابووری دەبێتەوە، مارینالدا ژیانێکی شیاوی ئینسانی دەگوزەرێنێت. کارکردن لەم شارەدا لەسەر بنەمای شەش سەعات و نیو کاری رۆژانە و کرێیەکی ٤٧ یۆرۆیی رێکخراوە، بۆ کارگە دەبێتە هەشت سەعات، تەنانەت ئەو وەرزانەش کە کاری کشتوکاڵی ناکرێت کرێ بە بەردەوامی دەدرێت. بێکاری تێدان نییە یان زۆر کەمە. لەکاتێکدا، لە شوێنەکانی تری ئیسپانیا رێژەی بێکاری دەگاتە ٣٤٪ تا ٥٠٪ ، لەم شارۆچکەیە لە ٥٪ تێپەڕ نابێت. . خانووەکان بە کرێیەکی مانگانەی ١٥ یۆرۆیی (کە لەدەرەوەی ئەو شارۆچکەیە کرێی یەك مانگ نزیکەی ٣٠٠ یۆرۆیە) بۆ ماوەی ٧ ساڵ، کە دواتر خانووەکە دەبێتە موڵکی کەسەکە بێ ئەوەی مافی فرۆشتنی خانووەکەی هەبێت بەڵام دەتوانێت دوای خۆی بیداتە منداڵەکانی، هەر خانوویەك بینایەکی ١٠٠ مەتری و ١٠٠ مەتر حەوشە و سەوزایی پێكهاتووە. کرێی دایەنگەی منداڵ ١٥ یۆرۆیە بۆ مانگێك. لەم شارۆچکەیەدا رێگا بە بانکەکان نادرێت قەرز و سوی ئابوری بکەن.

## دیموکراسی راستەوخۆ

بڕیارەکانی ئەو شارەوانییە، لە هۆڵێکی گەورە کە لەسەری نوسراوە «دنیایەکی تر مومکینە» لەسەر بنەمای دیموکراسی راستەوخۆ و بە دەنگدانی راستەوخۆی گشتی دەبێت، سەروەتی گشتی لە سندوقێك بەناوی «سندوقی هاوکاری» کۆ دەکرێتەوە، کە لە کاروباری گشتی و گەشەپێدان و خۆشگوزەرانیدا بەکار

دەهێنرێت. دیارە هیچ خاوەندارێتییەکی تایبەت بوونی نییە و سەرجەم زەوییە کشتوکاڵییەکان و شوێنە گشتییەکان و ماڵەکان موڵکی گشتیین. جیا لەو کرێیەی بەرامبەر بە کارکردن دەدرێتە هەر کەسێك، ئەوا دەستکەوتەکانی تر، وەك دەستکەوتی گشتی دادەنرێت و بەگوێرەی بەرنامەیەك لەپێناوی چاکەی گشتی و خزمەتگوزارییە بێ بەرامبەر یان بەنرخی کەم بەکاردەهێنرێتەوە.

## لەدەرەوەی یاسا و ئاین

لەو شارۆچکەیەدا هیچ پۆلیسێك نابینرێت و پێویستی بەو سیستەمە نییە، ئەمە بوجەیەکی ٣٥٠ هەزار دۆلاری ساڵانە دەگێڕێتەوە بۆ شارۆچکەکە، لەکاتی ڕوودانی کێشەیەکدا ئەنجومەنی شارەوانییەکە سەردانی کەس و خێزانەکان دەکەن و بە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە چارەسەری دەکەن. ئاشتی هاوکاری و کاری خۆبەخشانە بە جۆرێکە «یەك شەممەی سور» بەرێدەخەن و زۆربەی خەڵك خۆبەخشانە لە چالاکییەکانی ئەو ڕۆژەدا بەشداری دەکەن بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ جۆرە پاداشتێکی سیاسی یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی بن. لەم ڕۆژانەدا کاری پاکردنەوەی شارۆچکەکە و ئامادەکردنی خواردنێکی گەورەی بەیانیان بۆ منداڵ دەکەن.
قەشەی نییە، بەڵام ئایین و چالاکییە ئایینەکان ڕێگاپێدراوە و ئاساییە. سیستەمی بەڕێوەبەری شارۆچکەکە دیموکراسی ڕاستەوخۆیە و لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا بڕیار لەسەر بابەتەکانی تایبەت بە خۆیان دەدەن.

## کوژاندنەوەی تەلەفزیۆن

لەو شارۆچکەیەدا شەبەکەیەکی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی هەیە، کە بەشێك لە چالاکییەکانی دژی ئەو پروپاگەندەو درۆکانی دامەزراوە ئابوورییە گەورەکانە. شەممانە سەرۆکی شارەوانی ئەو شارە لە ڕێگای تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکەوە وەڵامی پرسیاری هاوڵاتیان دەداتەوە. لەبەرامبەر دیواری بینای تۆرە تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکە ئەم شیعارەیان نوسیوە « تەلەفزیۆن بکوژێنەوە و مێشکت دابگیرسێنە». ئەم تێرمە فکریە بۆ کوردستان هەمان ئامانجمان پێدەدات، چونکە ئەوەی کە میدیا بەناو بۆ هۆشیاری و ئازادی رادەربڕین دەیکات، بەڕوویەکدا سپیکردنەوەی موبالەغەی زمانی سیاسەت و سیاسەتوانەکانە، بەڕوویەکی دیکەدا دروستکردنی فەزایەکی تێکشکاوی جەماوەرییە بۆ نەهێشتنی ئیرادە و بەشێت کردنی خەڵك، مەبەست لە شێت کردن ئەوەیە کە خەڵك هەمویان وەکو یەك قسە بکەن و ژیانیان لەبیر بچێتەوە و خەریکە ئەو فەزا سیاسیە بن کە هیچ پەیوەندی بەو ئامانجە سیاسیەوە نییە کە هاوکێشەکە گەرەکیەتی، بەمانایەکی دیکە گواستنەوەی ژیان بۆ بارێکی تر کە پێچەوانەوەی ویستی گشتییە، لەو ماکینەیەوە بەرهەمدەهێنرێتەوە کە میدیایە. بۆیە ئەوەی کە نمونەی شارێکی بێ میدیامان پێشنیار کرد، مەبەست لە گێل کردنی خەڵك نییە، بەڵکو دوورخستنەوەی خەڵکە لەو فەزا ناجێگرەی کە میدیا و تۆڕە میدیاییەکان خوڵقاندوویانە و لە بنچەشەدا سیاسەت ئاراستەی دەکات.

## پاراستنی ئابوری

کاتێك ئیسپانیا لە ساڵی ٢٠٠٨ دا کەوتە ناو ئەزمەی ئابووری سەرتاپاگیری وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، ئەو شارە هیچ کاریگەرییەکی ئەو ئەزمەیەی وەرنەگرت و ژیان بەهەمان شێوەی خۆی دەچو بەڕێوە و دوور بوو لە ئەزمەکە. سەرکەوتنی

ئەم نمونەیە هانی هاوڵاتیانی شارۆچکەیەکی ولایەتی کوردویای دا بزووتنەوەیەکی هاوشێوە بۆ بەدەستهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی بەڕێبخەن و شارۆچکەکەیان لەسەر ئەو بەدیلە ڕێکبخەنەوە، بەڵام لەلایەن پۆلیسەوە ئەو بزووتنەوەیە ڕێگری لێکرا. بەشێوەیەکی گشتی سەرکەوتنی ئابووری و دووربوونی لە ئەزمە ئابوورییەکان وایکردووە، کە ئەو شارە ببێتە جێی سەرنج و گرنگی پێبدرێت.

بەڕێوەبەری کارگێڕی شورای ئەو شارە ناوی «سانچز گوردیلو»ە، کەسێکە خۆی وەك کۆمۆنیستێکی لیبرال دەناسێنێت، ئەو بە ئاشکرا رایدەگەیەنێت کە سەرچاوەی ئەزمەکانی ئابووری ئەوروپا سیستەمی سەرمایەدارییە. گوردیلو ئەندامی ئەنجومەنی ویلایەتی ئەندەلوسی ئیسپانیایە، تا ئێستا خاوەنی سەیارەی تایبەتی خۆی نییە و بە پاس هاتوچۆ دەکات، خۆ ئەگەر کاتێك بیەوێت سەفەر بکات، لەسەر شەقامەکان کەمێك دەنگی بەرز دەکاتەوە و دەڵێت کێ ئەتوانێت هاوکاریم بکات و بگەیەنێتە وێستگەی شەمەندەر و بەم شێوەیە کێشەی هاتوچۆی خۆی چارەسەر دەکات.

سەرۆکی شارەوانی « مانوئل سانچز گوردیو » پیاوێك لە سیمایەکی تێکەڵاوی مارکس و کاسترۆ، بە جامانەیەکی فەلەستینی لەمل و بە رۆحێکی گیڤارانە، دەردەکەوێت، بەڵام ئەمە تەنیا رووی دەرەوە و رواڵەتی ئەو نییە، ئەو بەراستی کەسێکە لە ناخیشەوە وایە. هەندێك جاریش رۆژنامەکان بە رۆبین هود ناوی دەبەن، چونکە چەندان جار پەلاماری سۆپەرمارکێت و مەخزنەکانی داوە و دابەشی کردووە بەسەر خەڵکی هەژاردا.

لە راستیدا ئەم کارە هەروا بە ئاسانییە، ئەگەر یەکگرتوویی و هاوپشتی ناوخۆیی نەبوایە نەیاندەتوانی بەرامبەر ئەو هەموو هێرشانەی کراوەتە سەریان خۆیان رابگرن، بەردەوامیش بەتۆمەتی «دەستبەسەراگرتنی موڵکی خەڵك» دادگا بانگیان دەکات

و دەگیرێن، بەڵام گرتنی گوردیو ئاسان نییە چونکە نوێنەرایەتی پەرلەمانی ناوچەکە دەکات وەك هەر ئەندام پەرلەمانێکی تر حەسانەی هەیە و بەم هۆیەوە وەڵامی بانگکردنەکانی دادگا ناداتەوە، دوو جاریش هەوڵی تیرۆرکردن دراوە
ئەم دیمەنە سیاسیە نەتەوەییە دەتوانرا کورد وەکو وانەیەك کەلکی لیوەر بگرێت، بەڵام نە جورئەتی ئەوەی کردووە لاسایی مێژووی نەتەوەکان بکاتەوە، نە گەمەیەکی باشی کردووە لەپیناو دروستکردنی دەوڵەتێکی نمونەیی تاکو ببێتە دیفاکتۆیەکی سیاسی و دانی پێدابنرێ.

## بەڵێننامە و رێکەوتنە نێو دەوڵەتیەکان

### رێکەوتنی سایکس بیکۆ

ئەم رێکەوتنە لەکاتی جەنگی جهانی یەکەم ١٩١٦ بوو لەنێوان شەریف لە حیجاز و هنری مکهون نوێنەری بەریتانی لەمیسر، هەردوو نوێنەری ئینگلیز مارك سایکس و جۆرج بیکۆی فەرانسی رێکەوتنەکەیان ئیمزا کرد و دابەشکردنی سوریا و عێراقیان کرد بە پرنسیپێکی یاسایی نێوانیان کە بەناودارترین رێکەوتنی سەدەی ٢٠ دانراوە، ئەم رێکەوتنە لەچەند بەندێك پێکهاتووە، لەراستیدا تائێستا ئەوە باوو بووە کە کارەکە تەنها دابەشکردنی سوریا و عێراق بووە بەسەر فەرانسە و بەریتانیا، بەڵکو بەپێی بنەماکانی سیستمی ناوبراو بەشی دووەمی کپکردنەوەی هێزی بەرانگاری کردنی داگیرکەران بوو لە کوردستان و لەولاشەوە عێراق و تورکەکان لەسەر لاشەی کورد مامەڵەیان دەکرد و کوردیش نەیتوانی لەوکاتەدا وەکو کوێت کەڵك لەو رێکەوتنانە و ململانێکان وەربگرێت.

### بڕیارەکانی سان ریمۆن

لەشوێنێکی گەشتیاری ئیتاڵی کەدەکەوێتە کەنداوی خواروی سان ریمۆن، رۆژی ۱۹۲۰/٤/۲٥ نوێنەری ئەنجومەنی هاوپەیمانە سەرکەوتووەکانی جەنگی یەکەم کۆبوونەوەیەکیان لە ئیتاڵیا ئەنجامدا و چەند بڕیارێکیان دەرکرد و لە کۆتایی نیسانی ئەو ساڵەدا جێبەجێکرا.

۱: دانانی خاکی عەرەبی ئەوانەی کەدەکەونە نێوان دەریای سوور و کەنداو بکەونە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

۲: دابەشکردنی وڵاتی سوریا بۆ سێ بەش کە دواجار بوون بەدەوڵەت، ئەوانیش

(فەڵەستین و لوبنان) ئەویش کەمایەوە وەکو سوریا بمێنێتەوە و کوردستانی رۆژئاواش خرایە سەر ئەو دەوڵەتە و دانیشتوانەکەشی نەك هەر سەرکوت کرا، بگرە تا کۆتایی ساڵی ۲۰۱۷ شوناسیان نەبووە.

۳: عێراق وەکو خۆی لەڕووی جوگرافی و پێکهاتەکەی کە بەزۆر پێکەوە لکێنراوە بمێنێتەوە.

٤: سوریا و لوبنان بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی فەرانسە.

٥: عێراق و فەڵەستین بکەونە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا.

٦: ئەوەی کە پەیوەندی بەفەڵەستینەوە هەیە بەپێی بڕیارەکانی بەڵێنی بلفۆر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت کەلە ٥/ ٥/ ۱۹۲۰ بڕیاری لەسەر دەدرێت.

## بەڵێنی بلفۆر

ئینگلتەرای ئەوکاتانەی کە لەعەرەبکان دەدا، کە لەگەڵ ئیسرائیل هەمانهەنگیان هەیە، بۆیە رۆژی ۱۹۱۷/۲/۱۱ بەڵێن درا کە لەلایەن لۆرد (ئەرسەر بلفۆر) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا چەند نامەیەك ئاراستەی (بارود رۆچیڵ) بکرێ کە یەکێك لەگەورە پیاوانی یەهود بوو، ئەمەش دەقی نامەکەیە.

حکومەتی بەریتانیا بەچاوێکی سۆزەوە تەماشای دامەزراندنی

دەوڵەتێکی ئیسرائیلی دەکات بۆ جولەکەکان، بۆ ئەم مەبەستەش کاری بۆ دەکات، بەلەبەر چاوگرتنی ئەو مافە مەدەنی و ئاینیانەی کە هەیانە، وەکو چۆن تایفەکانی تری دەرەوەی یەهود لە فەڵەستین هەیانە، ئەوانیش وەکو ئەو یەهودیانەی وڵاتانی تر بۆیان هەیە مافی سیاسی خۆیان هەبێ، ئەمانە بەشێك بوون لەو پەیماننامەیەی لەلایەن دەوڵەتانی وەکو ئیتاڵیا و فەرانسە و بەریتانیا لەدوای جەنگی جهانی یەکەمەوە بڕیاریان لەسەرداوە، بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی کە خاوەن سەرمایەیەکی گەورەی نەوت و ئاو بوونە، بۆیە پارچە دەکرێن و دەکەونە ژێر دەسەڵاتی هەریەك لەو وڵاتانەوە کە دەوڵەتی نەتەوەیی بوون، لەحاڵێکدا رۆژئاوا خۆیان بۆ یەکەمین جار بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە دەبێ هەر نەتەوەیەك خاوەنی مافی دروستکردنی قەوارە و دەوڵەت بن ولەلایەن نێو دەوڵەتیشەوە ماف و قەوارەیان پارێزراو بێت.

ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانەش هەیە کە هەموو کەسێك هاوڵاتیەکانیان قایلن بەوەی دەوڵەت موڵکی خۆیانە، بۆیە دەیکەن بەماڵی سەرەکی بۆ شوناس و دڵسۆزی سیاسی خۆیان، ئەم حاڵەتە بەروونی لەهەر یەك لە وڵایەتە یەکگرتووەکان و فەرانسە دەبینرێت، بەڵام لەو ناوچانەدا دەبینرێت کە خەڵکەکەی هێندەی خۆیان بەسکۆتلەندی دادەنێن، هێندە خۆیان بە بەریتانی لەقەڵەم نادەن، یاخود خۆیان بە (کیوبی) دەزانن، بەو پێیەی کە بەپێی دەستووی کۆنی بەریتانی سکۆتلەندیەکان بۆیان هەیە جیابنەوە لە بەریتانیا، نەوەك بەکەنەدی لەپەنای ئەم حاڵەتەشدا جالیەی پەناهەندەی هەندێك لەهەندەران هەن، بەڵام سۆزیان هەر بۆ دەوڵەتەکەیان هەیە و بەدڵسۆزییەوە کاری بۆ دەکەن.

ئەم رێکەوتنە بۆ بەریتانیا ئامانجەکە ئەوە نەبوو ئەو وڵاتانە کۆنترۆڵ بکات، بەڵکوزیاتر مەبەستەکە ئەوەبوو کە ئابوورییەکەی بخاتە خزمەت خۆیەوە، چونکە ئەرکێکی زۆر قورس کەوتبووە

سەرشانی دانیشتوانی وڵاتەکەی خۆی، هەر ئەم ئامانجەش بوو کە رزگاربوونی هاوڵاتییەکانی بوو لە قەیرانی دارایی، لەلایەکی تریشەوە بەریتانیەکان رەخنەیەکی توندیان لە دەوڵەت دەگرت کە سوپاکەیان هەمیشە لەجەنگدایە، سوپاکەش ئەو هێزە و توانایەی نەمابوو تاکو هیچ گرفتێکیان نەیاتە رێگە وەکو ئەوەی لەلایەن کوردەکان و عەرەبە شۆڕشگێڕەکان دەیانکرد وەکو بەرهەڵستکارێك دژی داگیرکەری بەریتانیا.

# چاپتەری دووهەم

## سیستمی خۆ حوکمڕانی کورد
## وەکو ئەزموونێکی نموونەیی

پێشتر ئاماژەمان بە تیۆرە سیاسیەکاندا، هەروەها بە شێوەیەك لە شێوەکان باسمان لەوەش کرد کە هەمو دیاردە سیاسیەکان لە ئەرەستۆوە وەربگرین، تا دەگاتە جۆن لۆك و مۆنتیسکۆ و کانت و هیگڵ و ماکیاڤیللی و جان جاك رۆسۆ و مارکس و هتد. پێناسەی تایبەتیان هەم بۆ خودی سیاسەت وەکو زانستێك کردووە، هەم پێناسەی تایبەتیان بۆ و رژێمەکان کردووە وەك مەزهەب و فیقهی سیاسی، باشتر بڵێم پێناسەی جیاوازیان بۆ دەسەڵات و حوکمڕانی دەوڵەت و خۆ بەڕێوەبردن کردووە، هەڵبەت دیاردەی سیاسی گەلاڵە كارییەكی لۆژیکیانەی بێ ئەنجام نییە، بەقەد ئەوەی کۆمەڵە پێوەرێکە بۆ پابەند بوون بە بەها ئەخلاقیەکان، ئەو بەهایانەی کە لەیۆنان دواتریش لە شارستانیەتی رۆژهەلاتەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەم هەڵقانەش دواتر شارستانیەتی رۆمای بەسەردەمی رێنیسانسەوە گرێداوە، تاکو گەیشتۆتە رژێمی تۆتالیتاری کڵێسایی مەسیحی و دوابەدوای ئەویش خەلافەتی ئیسلامی، دواتریش ئەو دەرهاویشتانەی کە لەژێر عینوانی سیستمگەلێکی وەکو پادشاهی و کۆماری و لیبراڵی و سۆسیالیستی و دیموکراسی و هتد، هەمویان وەکو رژێمی سیاسی گەشەیان کردووە.

بەشێك لەو هەولانەی کە بۆتە جێگەی بایەخی تیۆریستینە سیاسیەکان، سەبارەت بە دیاردەی سیاسی یان رژێمی سیاسی، بە پلەی یەکەم مەسەلەی سەقامگیری کۆمەڵگەکان و ئایدیای

سەپێنراو بووە بەسەر خەڵكەوە، لەسەرەتای سەدەی ١٧ گەڕان بەدوای هێنانە ئارای رژێمێكی سیاسی جێگیر كە تێیدا زەبر و زەنگ نەمێنێت، یان دەوڵەتی نموونەیی و خۆ حوكمڕانی خراپی بێ شەرم و شكۆ لە رەخنە، یان لانیكەم رژێمەكان پێناسەیەكی تەواو وەربگرن، مەسەلەیەكی گرینگ بوو كە فەیلەسوفەكان و هزرمەندانی ئەوكاتی سەرقاڵ كردبوو، دوا بەدوای ئەو هەولانەش دیسپلین و كۆنترۆڵ كردن لە حوكمڕانیدا، موناقەشەیەكی تری بیرمەندانی ئەم بوارە بوو، چونكە هیچ كۆمەڵگەیەك بەبێ دیسپلین كردنی دامەزراوەكانی ناتوانێ لە ئیدارەكردنی خەڵكدا مۆفەق بێت، ئەمە لە كاتێكدا دیاردە سیاسیەكان هەمە چەشنەن و لەشوێنێكەوە بۆ شوێنێك لە كولتوورێكەوە بۆ كولتوورێك جیاوازیان هەیە.

زۆر بیرمەندی سیاسی لە بارەی ناسیونالیزمەوە بۆچوونی جیاوازیان هەیە و پێشنیازی جیاوازیان خستۆتە بەردەست، (كلۆد برنارد) تیۆریستێكی سیاسیە و پێی وایە (هەر دیاردەیەكی سیاسی لەژێر تاقیكردنەوەدا بوو دەبێتە تیۆر، هەر دیاردەیەكی تر كە چووە نێو لۆژیكەوە دەبێتە رژێمی سیاسی)، ئەم بۆچوونە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە كەهەر دیاردەیەكی سیاسی لە سیاقێكی مێژووییدا دەناسرێت، رژێمی خێڵەكی جگە لە پاراستنی بنەماڵە و دەوروپشتی خۆی، جگە لە جیاوازی چینایەتی هیچ مەهامێكی تری نەبووە، «هیچ نەتەوەیەك بنكەیەكی سروشتی ئیتنی نییە، بەڵام لەگەڵ بەنەتەوەیی كردنی پێكهاتە كۆمەڵایەتیەكاندا، ئەو دانیشتوانانەی كە دەكەونە ناو پێكهاتەكانەوە، لەنێوانیاندا بە ئاشكرا كەوتنە ژێر ركێفی ئەوانەوە، شێوازی ئیتنیان وەردەگرت بە شێوەیەك كە خۆیان لە رابردوو و ئایندەدا نواند كە گوایە كۆمەڵگەیەكی سرووشتی پێكدێنن و خۆیان كردە ناسنامەی بنەچەدار و كولتوور و بەرژەوەندی ئەوتۆ كە لەسەرووی تاكەكان بارودۆخە كۆمەڵایەتیەكانەوە بوو».(١٠٩).

بەشێك لە تێگەیشتنی ناسیونالیزم بۆ نەتەوە ئەو گەڕانە مێژووییە و رەچەڵەك ئامێزەیە کە نەتەوە و خوێنەوار و مشوورخۆرەکانی بۆ ئاسەواری خۆی دەگەڕێت،
لێرەوە مەسەلەی ناسیۆنالیزم کوردی ئەو مانایەمان پێدەڵێ کە نەتەوەکان لە بنچینەدا خۆیان نین تاکو رژێمێکی سیاسی خۆیان هەبێت و لەژێر سێبەری ئەو دامەزراوەیەدا بونیان هەبێت، کەواتە درووستبوونیان لەسەر وەختێکدایە کە دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدی نەماوە و ناتوانن ناسنامەی تایبەتیان هەبێت، چ جای حوکمڕانییەکی گەندەڵ و ناعادیل، هەروەك لە چاپتەرەکانی پێشوودا باسمان کرد، تاکو لەژێر رکێفی نەتەوە سەر دەستەکانی تر دەربچن و ببنە کۆمەڵگەیەکی سروشتی و رەعیەتی خۆیان بەدەستی خۆیان بێت، نەك کۆیلەی نەتەوەیەکی تربن و خەڵکیش کۆیلەی ئەوان بێت، هەر بۆیە لەسەر وەختی خۆیدا لۆژیکی تایبەتی هەبووە و نەتەوەکان تەنها لە پێناو خۆیاندا رەعیەتی خەڵکیان دەکرد، بۆ نموونە رژێمی کۆیلەیەتی رژێمی دابەشکردنی ئینسانی سەردەست و ژێر دەست بوو، تادەگاتە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی ئینسانی لە کۆیلەدارێکەوە بۆ کۆیلەدارێك و لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر، رژێمی دەرەبەگی یەکێك لە قۆناغەکانی رژێمی سیاسی بوو و هیچ دیاردەیەکی تری لەگەڵ خۆیدا بەرهەم نەهێنا، یەعنی هیچکام لەو رژێمانە پشتیان بەدەزگای دەوڵەتی نەدەبەست، هەرچی رژێمی سەرمایەداریە لەگەڵ خۆیدا ستایلی جیاوازی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە و ئێستا لە خۆ نوێکردنەوەدایە، هەر لەوەی دیموکراسیەت و مۆدێرنە بگرە تادەگاتە شۆڤێنیەت و فاشیزم و راسیزم و نازیزم و دیکتاتۆریەت و دواتریش دیموکراسیەتی هاوچەرخ بە هەموو جۆرە کانییەوە.
رۆژهەڵاتناسی رۆژئاوایی مینۆڕسکی دەڵێت « دوور نییە قەومی کورد لەوەختی خۆیدا لەرۆژهەڵاتی ئێرانەوە هاتبێتە رۆژئاوایی

و لەو شوێنەدا نیشتەجێبووبن خۆشی قەومێکی لێبوبێت وەکو (کارود) لەگەڵ ئەمانەدا تێکەڵاوبوون و بوون بەیەك، هەر مینۆرسکی لەزمانی لە رۆژهەڵاتناس (توروودانگین) دەیگێڕێتەوە کە گوایە لەهەندێ لە گۆڤارەکاندا چاوی بەدوو پارچە لەوح کەوتووە وێنەیان لەسەر بووە و مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ پێش میلاد، گوایە واپیشان دەدەن کە لەوڵاتی باشوردا وڵاتێك هەیە پێی دەڵێن ( کار – داکا) ئەمەش واپیشان دەدا کە قەومی کورد لەو شوێنە بوونە، هەروەها دەڵێت (لەگێڕانەوەی عەرەب و ئەرمەندا وا دەردەکەوێ کە زەوی و زاری وڵاتی کارود زۆر تەنگ بووە سنووری وڵاتی کوردئین بۆ ئێمە بەتەواوی دەرناکەوێ، ئەوەندە هەیە سەد شار هەبوون لە دەوروبەری دیجلە، دەتوانین ئەوانی بناسین وەکو (ساریز. ستالکا. پنیکا) کەفنێکی ئێستایە لە باسەکەی رۆژهەڵاتی ناس (سترابو) وا دەردەکەوێ کە وشەی (کوردوا) سەردەمێك بەو کێوانە دەگوترا کە لەنێوان دیاربەکر و موش دان».(١١٠). بەوپێیەی کە هەموو سەرچاوەکان بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەی کورد و زمان و کولتوورەکەی و شوێنەوارەکەی لەم ناوچەیە، لەلایەن ئەوانی دیکەی غەیرە کوردەوە بووە، کورد خۆی نەناسیوە و بەدوای خۆیدا عەودال نەبووە، بۆیە رۆژهەڵاتناسەکان ئەو نیمچە مێژوەیان بۆ نووسیوەتەوە و رەگ و ریشەیان بۆ نووسیوتەوە، بۆیە نەك هەر نەتەوەکە نەیتوانیوە ببێتە نەتەوەیەك بۆ پێ قایمکردنی خۆی لەنێو خاکی خۆی و دانانی مۆرکی نەتەوەیی، رەنگە هەر ئەمە بێت کە ناسیونالیست نەبووە و بەرگری کردنی لەقەوارەی نەتەوەیی وەکو نەتەوە لاوازتر بووە لەوەی پێداگیری بکات لەسەر ئەوەی ببێتە دەوڵەتێك وەکو سەنتەرێکی نەتەوەیی، وەختێك نەتەوەیەك خۆی نەیتوانیبێ مێژوو وبوونی خۆی بنووسێتەوە، چۆن دەتوانێ لە سەدەی بیست و یەکدا بە عادیلانە خۆی بەڕێوەببات.

قسەی زۆر هەیە کە گوتییەکان بنەچەی ئەم نەتەوەیە بن کە ناوی کوردە، چونکە هەم لەرووی جوگرافیاوە و هەم لە رووی دەستوور و داب و نەریتەوە یەکسان بەیەك، ئەمین زەکی بەگ زور سوورە لەسەر ئەم ساغ کردنەوەیە و دەنوسێ « لەمەوا دەردەکەوێ کە ناوچەی یاخی بوونی هۆزی گوتێ لە ئاراراتەوە تا شاخی گورعابدین درێژەی هەبووە، بەپێی ئەم بەڵگەنامەیە و گێڕانەوەی توکولتی اینوتا بە شێوەیەکی گشتی هەرێمی زاگرۆس نیشتیمانی هۆزی گوتی بووە بەڵگەنامەکە کتێبەکەی مالامیر بەختیاری کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە دەیسەلمێنێ کە ناوچەی نێوبرا واتە نەزانیش تیرەی گوتی نیشتەجێ بووە، ئەم ناوچەیە کە بەپێی بەڵگەنامە و نوسراوە کۆنەکان لەژێر دەسەڵاتی گوتییەکاندا بووە، ئەمرۆکەش هەموو دانیشتوانەکانیان کوردن»(١١١). مانەوەی خەڵك یان بەشەرییەت لە ناوچەیەك وەکو هینییەکان و سیخ و عەرەب لە ناوچەکەی خۆی و ئاسیەوییەکان لەو ناوچەیەی کە پێی دەڵێن ئاسیای ناوەڕاست و هیندییە سورییەکان لە ئامریکا و قەرەج لە رۆمانیا و پۆڵۆنیا و فەرانسە و ئیسپانیا و هتد سەلمێنەری ئەوەیە کە هەر نەتەوەیەك بەپێی خاك و نیشتیمان دەتوانێ بیسەلمێنێت شوێنی خۆیەتی یان رەچەڵەکی سەر بەو شوێنەیە.

(میجەرسۆن) یش یەکێکی ترە لە رۆژهەڵاتناسەکانی سەرەتای سەدەی بیست گە هاملتۆتە کوردستان و بەدوای رەچەڵەکی کوردەوە سەرقاڵ بووە و دەڵێ « ئەگەر چاوێك بە سەردەمی گوتییەکانی نێوان سەدەی پازدە و دوازدەی پێش زایینی دا بگێڕین، سەیردەکەین کە ئەم نایریانە کە پێش میدی یەکان بوونە، لە کوردستاندا ژیانێکی خۆشیان هەبووە و ترسیان خستۆتە دڵی دراوسێکانیانەوە، هەر ئەم قەومەیە کە پاشان ناوی گۆڕاوە و بووە بە کورد، لە راستیدا چونکە نایرییەکان لە گوتییەکان بوونە، گۆتسییەکانی ئەم ناوچەیەش کە پاشان بوونە بە کورتی

پاش لەبەین چوونی دەسەڵاتی نارییەکان، ئەم تایەفەیە بەناوی خۆیانەوە بە کورتی ماونەتەوە، بیگومان چەشنی کرمانج کەڵهوڕ و لوڕ ناوی قەبیلەی خۆیان پاراستووە لە ساڵانی ١١٥٠ پ ز. تایەفی موشکی دەسەڵاتیان پەیدا کردووە و ناوچەی کوردستانی باکوریان خستۆتە ژێر رکێفی خۆیانەوە».(١١٢). بەپێی قسەی رۆژهەڵاتناسەکان بێت رەچەڵەکی کور میدیەکانە و لەو تایەفە و قەبیلانە پێکهاتوون کە پێشتر دەسەڵاتی ناوچەیەکی کوردستانیان بەدەستەوە بووە؟ بۆیە گوتوویانە مەترسی بوونە بۆ سەر دراوسێکانیانەوە واتە کورد هەمیشە ئەگەر هیچیش نەبووبێت بۆ خۆی مەترسی بووە بۆ سەر دوژمنەکانی یان نەیارەکانی کە نەتەوەی دەورووپشتی خۆی بوونە، هەروەك چۆن لەدوای چارەکە سەدەی بیست و یەکهێشتا مەترسیی و پرسیارە بۆ هەموودونیا.

سەرەتای دەستپێکی تیۆر بۆ خوڵقاندنی بیرۆکەی ناسیۆنالیزم و رزگارکرنی نەتەوەی کورد و دەستەبەرکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کە خەونی زیاتر لە ٥٠ ملیۆن ئینسانە، ئەوەی کە دەڵێت (کاتێك کورد رزگار دەبێت، کە ببێتە خاوەن دەوڵەتێکی نەتەوەیی) بەڵام کە دەبینین ئەم یەکدەستییە هەم لەنێوخۆدا مەحاڵە و هەم لەئاستی دەرەوە رێگری بۆ دروستدەکەن و کوردیش بۆخۆی زەمینەسازی بۆ ئەو ئەجێندایە دەکەن، تێدەگەین کە بۆچی لەرابردووشدا هەروابووە، بەپێی بۆچوونی د. عباس وەلی. گوتاری خانی ناتوانێت بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئارگومێنتی ناسیۆنالیستی هەبێت، جیا لەمەش وەکو هەموو دیسکۆرسەکانی دیکە کۆمەڵێك هەلومەرجی ئیمکان بە گریمانە دەکات، واتە بۆئەوەی هەبێت کۆمەڵێك هەلومەرجی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابوری پێویستە» (١١٣).. بەڵام وەختێك بەدوای ئارگومێنتدا دەگەڕێین لەنێو تێکستی مەم و زینی خانی کە تێکستێکی مۆدێرنە، ئەوەندە لەنێو خودی تێکستە نەگەڕاوین

کە ئەوەندەی لەدەرەوەی تێکستەکە گەڕاوین. بەدەلیلی ئەوەی کە ئەم تێکستە پەیوەندییەکی ناڕاستەخۆی لەگەڵ سیاسەت کولتووری کوردیدا هەیە، یان ئەوەی پرسیار نەکراوە خانی بۆچی ئەوەندە گرینگە، نەتوانراوە پرسیار لەوە بکرێت ئەم تێکستە لەڕووی سیاسیەوە بۆ نەتەوەی کورد ئەمەندە گرینگە، ئەمانە بەرلەوەی کەمتەرخەمی دەسەڵاتی سیاسی کوردی بن و وەکو گوتاری سیاسی یەکگرتوو کاری پێبکەن، کەمتەرخەمی رۆشنبیر و ئەدیبی کوردیشە کە نەیتوانیو شیکردنەوەیەکی تەواو ئارگومێنتی بکات بۆ ئەو تێکستە و وەکو گوتارێك تەماشای بکات.

بۆیە بەم پێشەکییە دەستم پێکرد و خانی شاعیرم وەکو سەرمەشقی ناسیۆنالیزمی کوردی وەرگرتووە، هەروەها تێکستەکەیم بەهەند وەرگرتووە کە تائێستا نەتوانراوە کەڵك لەو تێکستە وەربگیرێت بۆ دروستکردنی گوتاری ناسیۆنالیستی کە زۆر جەختی لەسەر دەکرێتەوە، هیچ نەبوایە وەکو چۆن ئاڵمانەکان کەڵکیان لە هێردەر و فیختە وەرگرتووە، هەروەها کەڵکیان لە بسمارك وەرگرتووە بۆ یەکخستنی نەتەوەی ئاڵمان، ئاوهاش کورد ئەمەی بکردبا، ئێستا کورد لەم هەلومەرجەی کە خاوەن نیمچە قەوارەیە و لەسەرو بەندی دروستکردنی دەوڵەتە، وەکو سەردەمی ئیماراتەکان مامەڵە لەگەڵ قەزیەکەی دەکات.

بۆیە لێرەدا چەمکی رژێمی کوردی وەکو دەستەواژە بەکاردەهێنم، بۆئەوەی لەو پێناسە کۆنە دەریبهێنم کە لەسەردەی رژێمی بەعس کورد وەکو چەمکێکی ناحەز بەکاریدەهێنا، لەراستیدا چەمکەکە مانای سیستم و دەسەڵاتی سیاسیە، یان بەمانای شێوازی دەسەڵاتی سیاسیە لەسەربانی کۆمەڵگە، یەعنی رژێمێك کە لەدەستوور و دەوڵەت دەزگا هەمەچەشنەکان پێکدێت، ئەم دەستەواوژەیە چ جیاوازیەکی لەگەڵ سیستمدا نییە، هەرئەوەی

کەزاراوەکە لەعەربیدا (نظام)ە لە ئینگیلیزشدا (Regime) یان sysetm یان (Instution بەکارهاتووە هەریەك لەم زاراوانە، دەشێ بۆ هەر دەسەڵاتێك بەکاربهێنرێت، سابا ئەو دەسەڵاتە چۆن و لەهەر شوێنێك فەرمانڕەوایەتی بکات، ئەگەرچی تائێستا دەسەڵاتدارێتی کوردی هیچ سیستمێکی جێگیری نییە و تەنها بەناوی دیموکراسیەتەوە سیاسەت و هەرێمایەتی دەکات، بۆیە پێناسە ناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا جگە لەوەی خاوەن مێژوویەکی سیاسی و شۆڕشی نەتەوەییە، کەچی لەساتەوەختێکدا هاتۆتە ئاراوە وەکو قارچك هەڵتۆقیوە نەك تەنها بەرامبەر عەرەب و فارس و تورك سەپاندووە، بەڵکو لەسەراسەری کوردستانیش بەگشتی کە چەند نەتەوەیەکی تر هەن لەگەڵیدا دەژین و خۆی سەپاندووە، هەر لەهەمان کاتدا لەگەڵ رژێمەکانی دەورووپشتی وەکو رژێمی عەرەب و تورك و فارسی هەن. مامەڵەشیان لەتەکدا دەکات، لەحاڵێکدا ئەو رژێمانە پێناسەی تایبەتیان بۆ دەکرێت و کە ئێران بە کۆماری ئیسلامی و تورکەکان بە کەمالیست و عەرەبەکانیش بە شۆڤێنی نەتەوەیی ناسراون، دەکرێت پیناسەی تایبەتیش بۆ کورد بکرێت لەژێر عینوانی رژێمێکی نیمچە ناسیونالیستی کوردی ناعیلمانی بێت، هەرئەوەی کە کورد ئیدیعای دروستکردنی رژێمێکی دیموکراسی دەکات لە کۆمەڵگەیەکی فرەیی لەنەتەوە و ئاین و مەزهەب و کولتوور کە بەپێچەوانەوە کار دەکات، یان بەناڕاستەوخۆ وەکو نەتەوەیەکی سەردەست لەتەك نەتەوەکانی تردا فەرمانڕەوایی دەکات، بەڵگەی ئەوەیە کە دەتوانین ناوی رژێمی ناسیۆنالیستی لێبنێین، ئەمە لەکاتێکدا لەباری تیۆرییەوە رژێم مانای ئەوە نادات بەدەستەوە کە لەژێر ئەم عینوانەدا نەتەوەیەك ناشیرین دەکرێت، بەڵکو دەسەڵاتێك کە ماف بەخۆی دەدات کۆمەڵگەیەك بەڕێوە ببات وەکو رژێمێك پێناسە دەکرێت، ئەم بۆچوونە زۆربەی بیرمەند و تیۆریستە سیاسیەکانیش لەسەری کۆکن، بەوپێیەی کە سەرەنجام جگە

لەباڵادەستی حاکمیەتی حیزب تەواوی دامودەزگا ئیدارییەکان بەیاساشەوە لەژێر کۆنترۆڵی ئەم رژێمەدا...
ئێمە لێرەدا ناچارین کتێبێکی کۆنی مێژوویی بەکار بهێنێین کە ئەدمۆنز کۆلۆنیالێکی ئینگلیز بوو چەندین زمانی جگە لە زمانی خۆی دەزانی، لەوانەش فارسی و تورکی و عەرەبی و کورد دەزانی، لەو کتێبەدا لەژێر عینوانی ( کورد و تورك و عەرەب) نووسیویەتی و جەرجیس فەتحوڵڵا کردوویەتی بەکوردی و دەزگای ئاراس چاپی کردووە. تێیدا هاتووە کە « عوسمانلییە تورکەکانی ئەوکات کەسێکیان ناردووە بۆلای کوردەکان بەناوی (ئۆزدەمیر پاشا) تاکو لەرێگەی گوتاری ئایینی ئیسلامەوە، کوردەکان دەست غەڵەت بدەن و دژایەتی ئینگلیز بکەن و دژی هێزی کۆلۆنیالی بەریتانی بن، ئەویش لەرێگەی عەشیرەتە کوردییەکانەوە هانیان دابوون، لەوانەش کەسێکی وەکو شێخ مەحمودی نەمر هەڵدەخەڵەتێنن و دژی ئینگلیز دەوستێتەوە، ئەوەبوو دواجاریش لەبەردە قارەمان لەبێکەسیدا دەستگیر دەکرێت و دەمرێت» ئەم دیکۆمێنتە واقیعییە ئەوە دەگەیێنێت کە کورد هەمیشە بە سەرکردە زیرەکەکانیشیەوە لەژێر کاریگەری دوژمنتێکی دیکەی کە لایەنێکی دیکەی بوو، دژی خۆی وەستاوەتەوە و دواتر هەر خۆی باجە قورسەکەی داوەتەوە، لەراستیدا کەسێکی وەکو ئۆزدەمیر پاشا کە کرابووە بەرپرسێکی گەورەی ئەو ناوچەیە و کوردیش لەوێ نیشتەجێن، چونکە بەلای عوسمانلییەکانەوە کێشەی نەینەوا و ولایەتی موسڵ کێشەیەکی گەورە بوو بەلای تورکەکانەوە، بەوپێیەی ئەم ولایەتە گرێیەکی دەروونی لەنێوان تورك و ئینگلیز درووست کردبوو، لەروانگەی تورکەکانەوە ئەم گرێیە بەکوردەکانی باشور نەکرێتەوە، بە هیچ هێزێك ناکرێتەوە، ئەم تێروانینە مولْکی تێگەیشتنی ئەوکاتی تورکەکان نەبوو تەنها، بەڵکو لەو کاتەوە سەرچاوەی گرتووە کە سەلاحەدینی ئەیوبی لەخزمەتی گوتاری

زاڵی ئیسلام تەواوی ناوچەکەی داگیر کرد و لەو ناوچانەش ڕۆشنبیری کوردی خستە خزمەت گوتاری زاڵی ئیسلامی کە هیچ خزمەتێکی بە کورد و مێژووەکەی نەکردووە.
گێڕانەوەی ئەو مێژووە و دووبارە بوونەوەی ئەم وەزعیەتە سیاسیەی ئێستا کە کورد هەمیشە لەخزمەت بەرژەوەندی ئەوانی تر دەبورێت، مانای وایە ئەو پێوەرە بۆ ئەوەیە لێرەدا گەورەترین ئیشکالیاتی سیاسی ئاشکرا بکەین، ئەویش زەمینە خۆش کردنە بۆ بیری ناسیۆنالیزم بە فۆڕمێکی ناشارستانی، هەرلەوەی کە تائێستا ئەوەی لەئەنجێدای کوردەکاندا بینراوە تەنها پڕۆژەی گەورەبوونی قەوارەی حیزبی بووە کە ئەگەر ئەوکات حیزب نەبووە بەڵام گروپ و جوڵانەوەی جیاواز هەبووە، نەك پڕۆژەی نەتەوەیی کە لەگوتاری ئیدیۆلۆژیای حیزبی دەچێتە دەرەوە، تەنانەت بیر لەوەش نەکراوەتەوە کە هەوڵبدات بۆ درووست بوونی پەیمانی نەتەوەیی لەنێو خۆدا کە یەکێکە لە میکانیزمە ناسیۆنالیزم، بۆ نموونە هەوڵبدات ئەو ئارگۆمێنتانە کۆبکاتەوە کە بنچینەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەوڵەمەند دەکەن، یەعنی یەکێك لە کێشە هەرە گەورەکانی کورد، ئەوەبووە کە هەمیشە بۆ ئەوەی دوژمنەکانی رازی بکات، دژی دۆستەکانی خۆی بووە، بۆ نموونە شەڕی جولەکەی کردووە چ لەناوەوە و چ لەدەرەوە کە شەڕی جەبهەیی بووە، هەر لە سەرەتایی شەستەکانەوە کورد خەریکی بەشداری کردن بووە لە جەنگی رزگارکردنی قودس بەبێ ئەوەی هیچ سودێکی بۆ خۆی تێدابێت، تا ئەو جێگەیەی چەندین رۆڵەی کورد بوون بە قوربانی دەستی ئیسرائیلییەکان لە پێناو عروبەدا، هەروەها لەنێو خۆشدا لە ساڵانی چلەکاندا واتە ١٩٤٦ بە دواوە کە زۆربەی جووەکان لە کوردستان بوونە لە پێنجوێن و هەڵەبجە و ئاکرێ و کەرکوك و هەولێر و هتد، لەپێناو رازی کردنی عەرەب و ئاینەکەی، هەروەها لە پێناو دەسەڵاتای عێڕاقی، سوکایەتییان بە جوولەکەکان کردووە

و وەدەریان ناون، ئەمە وەکو لاگیری کێشەی کوردە لەنێوان سەفەوی و عوسمانلی لە سەدەی ١٥ تاکو ئەمدواییە کە ئێران و تورکیا هەمان نمایندەی ئەو مێژووەن و کوردیش هەمان ئەو کوردەیە.

## پێکهاتەی نەتەوەی کوردی

بەرلەوەی باس لەوە بکەین کە پێکهاتەی نەتەوەی کورد بریتیە لە چەند شێوەزار و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و هەریەکەیان جیاوازیان لەگەڵ ئەوەی دیکە هەیە. بۆ نمونە هەریەك لەو پێکهاتانە کە ئینتیمایان هیندەی بۆ کۆمەڵەکەی خۆیان هەیە، هێندە بۆ نەتەوەکە نییە کە دواجار کوردن. ئەمە لەکاتێکدا کە بەشی زۆر لەو پێکهاتە و شێوەزارانە لەیەکتر تێناگەن. پێکهاتەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە.

١: سۆرانی کە بەشێکی زۆر لە پانتایی باشور و رۆژهەلاتی کوردستانن.

٢: کورمانجی بادینانی باشور. کە لە ئاکرێ وە دەست پێدەکات و سنووری چەندین عەشیرەت تێکەڵ بەیەکتر دەکات، تاکو دەگاتە زاخۆ سنووری کوردستانی عێراق و لەباکوریش هەر بەکورمانجی ناسراون و سوریا بەهەمان شێوە شێوەزارێکی تێکەڵ لە کورمانجی یە.

٣: هەورامی کە لە سنووری شارەزووری سەر بە سلێمانیە و تادەگاتە سنووری شارەکانی مەریوان و تادەگاتە سنووری شاری سنە کە لە رۆژهەلاتی کوردستانە.

٤: شەبەك: ئەم پێکهاتەیە بە شێوەزاری ماچۆ قسەدەکەن و کولتووریان تاڕادەیەك لە قەشقەیی گەرمیان و هەورامی دەچن، سنوری کۆمەڵایەتیەکەیان دەکەوێتە ناوچەی موسڵ.

٥: لوڕی کە جوگرافیاکەیان بەناوی لوڕستانە و سنووریان

دەکەوێتە کرمانشان و تادەگاتە رەوانسەر.
٦: کورمانجی باکور کە لەسنووری کوردستانی عێراقەوە دەست پێدەکات تاکو دەگاتە دێرسیم و جەزیرە و هتد.
٧: شکاك: ئەمانەش بەشێکن لە کرمانجی بەشی رۆژهەڵات کە لە ئێران دەژین.
٨: خوراسانی: ئەم پێکهاتەیە ئەگەرچی شێوەزاریان لەگەڵ لوڕییەکان نزیکە، بەڵام خۆیان بە کوردی رەسەن دەزانن و تەواوی ناوچەکە لەسەر فەرهەنگ و ئاوازی ئەوان دانراون.
٩: زازایی: ئەم پێکهاتەیە لە سنووری رۆژئاوای کوردستانن و شێوەزاریشیان جگە لە کولتووریان لەگەڵ شێوەزارەکانی دیکە جیاوازە.
بەهەرحاڵ ئەم پێکهاتانە بەدەیان بنەماڵە و عەشیرەت و هۆز و تیرەی جیاوازیان لێبۆتەوە، مارك سایکس کە یەکێك بووە لە کارێکتەرە چالاکەکانی رێکەوتنی سایکس بیکو، کوردی بەگشتی دابەشی سەر دوو بەش کردووە، کوردی ناوچە شاخاویەکان و کوردی ناوچەی تەخت و گەرمەسێر، هەڵبەت بوونی ئەم هەموو پێکهاتە جیاوازانە مانای ئەوەنییە کە خاڵی لاوازی نەتەوەی کوردە، بەڵکو خاڵی بەهێزە چونکە دەیسەلمێنێ کە کورد بەشێکی زۆر لەخەڵکی ناوچەکە پێکهاتووە لە ٤ پارچە لە عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا، بەشێکمی دیکە بڵاوبۆتەوە بۆ ئەرمینیا و ئازەر بایجان و گورجستان و هتد بەڵام بەگشتی لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان ئەم رێژەیە تۆماکراوە کە پێموایە تۆمارکردنەکەش بەهۆی ناسەقامگیری و ناجۆری ژیانی سیاسی تەواو نیە بەڵام رێژەییە.
دەمەوێ باس لەوە بکەم پێکهاتە لە تەواوی دونیا و لە مێژووشدا هەر لە رێگەی بنەماڵە و عەشیرەتەوە خوڵقاوە، ئەمە داتایەکی نوێ نییە، بەقەد ئەوەی بیانوو یان پاساوێکی لۆژیکییە بۆ نەتەوە، بەتایبەتی نەتەوەیەکی ستەملێکراو و دابەشکراوی بێ

دەوڵەت، « یۆنان بەر لە مێژووش وەکو بەلاسجەکان و ئەوانی تر بوون کە گەلیَ نزیك ئەوان بوون، چونکە زنجیرەیەك ئۆرگانیان دروست کردبوو وەکو ئامریکیەکان، عەشیرەت و فراتریە و قوبیلە و هتد، ئەم یەکگرتنی قەبیلانە تەنها ئەوە نەبیَ کە لە فراتریەکان کەم دەبوونەوە هەر وەکو دورییەکان، لەهەموو شوێنێك نەبوون، عەشیرەت شانەیەکی بنچینەیی بوو، وەختێك یۆنان لەسەر شانۆی مێژوو دەرکەوت، ئەوان بوون بە بەشێك لە شارستانیەتەکە، ئەمانە هەریەك لەو عەشیرەتانە خاوەنی کولتوور و ئاین و وەزیفەی خۆیان بوون مومارەسەی پیرۆزیەکانی خۆیان دەکرد و گۆڕستانی تایبەتیان هەبوو خاوەنی شوهرەتی خۆیان بوون، ئەرکیان پاراستنی یۆنان بوو دژی کاری توندوتیژی بوون، هەروەها ئەم جۆرە عەشیرەتە لە رۆما هەبوون، لەویَ یەکەم شوێن بووە بۆ دروست بوونی عەشیرەت کە نزیکەی ١٠٠ عەشیرەتیان هەبووە هەر وەکو ئەفسانەکانی رۆما دەیگێڕنەوە»(١١٤).

ئەم پێشەکیەم بۆ وەکو نمونە هێنایەوە، چونکە پێکهاتەی نەتەوە لەمێژووشدا هەر لەسەر بناغەی عەشیرەت و بنەماڵەکان بووە و لەوێوە بووە بە نەتەوە و یەك زمانی و یەك کولتووری و یەك خاکی و یەك پیرۆزی و هتد، بۆیە باسکردنی نەتەوە وەکو بنەچە مێژوویەکەی ئاڵۆزی تێدەکەویَ و ئاسان نییە ساغکردنەوەی کە ئایا رەسەنە یان دروست کراوە، بەهەر حاڵ پێکهاتەی نەتەوەی کورد نەك هەر لەڕووی مێژووییەوە ئاڵۆزی تێدایە کە تائێستا راست نەکراوەتەوە، ئایا مادەکان کوردبوون یان نا، کە گوایە لەسەر وەختی خۆیدا خاوەنی ئیمبراتۆریەت بوونە و تەواوی ناوچەکەیان لەژێر دەست و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتدا بووە، هێشتا ئەمە ساغ نەکراوەتەوە وەکو دکتۆر کەمال مەزهەر مێژوونووسی کورد دانی پێدادەنیَ، بەڵکو لەڕووی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانیشدا ئاڵۆزە، هەر ئەوەی دەیان خێڵ و تیرە و

عەشیرەت و بنەماڵە هەن خراونەتە نێو ئەم نەتەوەیە، هەر لەکوردستانی عێراق دەیان خێڵ هەن کە ڕێورەسم و کولتورییان جیایە لە خێڵ و بنەماڵەکانی تر، تادەگاتە ئەوەی کە هەندێك لەو خێڵانە لەشوێنی جیاجیاوە هاتوون و لەکوردستان جێگیر بوون و زیادیان کردووە، چونکە لەو سەردەمەدا هەروەك چۆن بەپێی قسەی ئەرنست ڕێنان کە لەپێشتردا باسمان کرد، لە ئەورووپا بنەماڵە و خێڵەکان لەئەنجامی سەرکەوتنی سیستمی فیودالی بوو، خزانە نێو یەکەوە و نەتەوەیان پێکهێناوە، ئاوهاش بنەماڵە و خێڵ و خاوەن کولتووورە جیاجیاکان بوون بە قەوارەی نەتەوەیی.

ناوی عەشیرەت و بنەماڵە کوردییەکان کە لەسەر بنچینەی میرنیشینە کۆنەکانی کوردە کە لەمێژوودا هەبوون، شێوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و جوگرافیاکەی وەکو ئەوەی تەنها بۆ میرنیشینی دروستکرابێت وایە، بەوەدا دیارە کە جوگرافیای هەر بنەماڵە و عەشیرەتێك بەهەموو ئیشکالیاتە کۆمەڵایەتیەکانیانەوە نەگۆڕاوە و گۆڕانیشی بەسەر نایات وەکو ئەوەی لە ڕۆژئاوا لەگەڵ کێشەی سیاسی و گۆڕینی سیستمدا ڕویدا و جوگرافیاکەیان گۆڕا بۆ بارێکی تر.

بەهۆی نەبوونی کیانێکی سەربەخۆی کوردیەوە، هەروەها بەهۆی دووربوون و یاخیبوونی کورد لە سیستەم و قۆناغەکانی مێژوو، هەمیشە لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە ژێردەستە و داگیرکراو بووە، بۆیە لەرێگەی داگیرکەرەکانییەوە دەم سپی و ئاغا و شێخەکانی هەڵبژێردراون، چونکە داگیرکەرەکان پێویستیان بە پیاوێك هەبوو خەڵك کۆبکاتەوە و بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و ئینتیمایان بۆ داگیرکەر هەبێت، «خوێندنەوە گەشەسەندنی دەرەبەگ لەنێو کوردەکان یەکێکە لە بابەتە گرێکوێرەکان، ئەوەش بەهۆی بەگشتی بەهۆکاری نەبوونی سەرچاوەی نوسراو لە مێژووی کورددا، لەرووی ئابوریشەوە بە شێوەیەکی تایبەت،

لەرووی دیکەشەوە خوێندنەوە بۆ ئاغا کوردیەکان قورسە، چونکە سروشتی کۆمەڵگەی کوردی پارێزگارییەکی زۆری لە دابونەریت و کولتووری خۆی کردووە، یەکێك لەوانەش هەمیشە کۆمەڵگەیەکی راگوزەر بووە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بۆ کاتی درێژخایان، پابەندبوونی بووە بە سەردارێکەوە کە ئاغا بووە، شێوەیەك بووە لەو میکانیزمانەی کە ژیانی رێکخستووە، ئیدی هەر ئەو ئاغا و دەم سپییانە بوونە کە توانیویانە مەڕو ماڵات و زەوی و موڵکەکانیان بپارێزن لە خەڵکی تر، ئەوان ئەمەیان بەیەکسانی زانیوە و وەکورەفتارێکی تایبەتی کوردی تەماشایان کردووە». (١١٥).

«موڵکیەتی دەرەبەگەکەکانیش بۆ زەوی کە فراوان بووە، هەر لەرێگەی پەیوەندی ئاغاکانەوە بووە لە هەموو شوێنێکی کوردستان، بۆیە ئاغاکان ئەو بەها کۆمەڵایەتییەیان پاراست و کەڵکیان لێوەرگرت بۆ مەنفەعەت و مانەوەی خۆیان». (١١٦).

هەموو ئەو پێکهاتانەی کە پێشووتر سەر بە میرنیشینی بابان بوونە و هەموو ئەوانەش کە سەر بەمیرنیشینی سۆران یان بادینان یان ئەردەلان یان بابان بوونە، وەختێك کە گوندەکان بەرەو شار رەو دەکەن و شار وەکو سەرەتا گەورە دەبێت، هەمان بەرژەوەندییان لە گوندو مەڕو ماڵات بەخێوکردنەوەوە بۆ گۆڕیون بۆ بەرژەوەندیەکانی شار و تتا ماوەیەکیش ئاغاکان بەهەمان نەفەسی کۆنی گوند مامەڵەیان کردووەو تا ئەمدواییەش لەنێو شاردا هەم ناویان و هەم سەنتەری دەسەڵاتیان مابوو، مەبەست لەو بەرژەوەندیانەیە کە لەئەنجامی بازرگانیکردن و تێکەڵ بوون لەگەڵ فۆڕمی شار و سیاسەت و حیزبییەت و ئەو پرۆژانەی کە حوکمڕانی هەرێمی کوردستان خوڵقاندوویەتی بۆیانی زامن کردووە، هەروەها ئەمە بۆ میرنیشینەکانی ئەردەلان و بۆتانیشەوە هەر وابووە و هەمان ستایلی ژیانیان گوزەراندووە لە رابردوودا، هەڵبەت ئەمە عەفەوییەت نییە و پەیوەندی

بە مێژووی بوونی ئەو پێكهاتانەوە نییە كەئێستاش لەوێ لەهەمان جوگرافیای مێژوویی ماون، «بەڵكو ئەو میرنیشینانەی كوردستان دەسەڵاتێكی ناوچەیی و خێڵەكی بوون هیچ كامیان بنەمایەكی ئیدیۆلۆژییان نەبووە، كە بۆ بەردەوامبوونی دەسەڵات زۆر گرینگە، چونكە ئیدیۆلۆژیا تەنیا ئامرازێكی دەسەڵات نییە، بەڵكو بەشێكی سەرەكی سترۆكتۆری دەسەڵاتە كە بەردەوام لە ڕێگای دەزگای جۆربەجۆرەوە خۆی بەرهەمدێنێتەوە، ئەم میرنیشینانە لەسەر بنەمای پەیوەندی خوێن و خزمایەتی و ئینتیمای هاوبەش، یان وەك ئیبن ئەلخەلدون دەڵێ لەسەر بنەمای دەمارگرژی (التعصبیة) دروست بوون، ئەوان لە بنەڕەتدا پەرەگرتنی دەسەڵاتی خێڵێك، یان بنەماڵەیەك بوون كە لەئەنجامی بۆشایی دەسەڵات لە كوردستان گەشەیان كردووە، هەریەكەیان سنووری جوگرافی خۆی لەسەر حیسابی خێڵ و تیرەكانی تری دەوروپشتی، یان كۆمەكی ئەوان، دەسەڵاتیان بەرین كردووە و تائەو شوێنە ڕۆیشتووە كە دەسەڵاتێكی تری وەك خۆی رایگرتووە».(١١٧).

ئەم میرنیشینانە ناكۆكیان لەئەنجامی مەسەلەیەكی فكری و ئیدیۆلۆژی و سیاسی نەبووە، لەئەنجامی ناكۆكییەكی مەزهەبی ئاینی یان ناكۆكیەكی ئابوری نەبووە كە نەبوونە بە قەوارەیەكی كوردی و دەوڵەتێك كە زیاتر لە ١٠ سەدە و لەدوای میرنشینەوە ٥ تا ٦ سەدەی بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵكو لەسەر بنچینەی لایەنگری سیاسی بووە بۆ سەفەوی و عوسمانلی و یان وەلائییان بو دەسەڵاتێكی سیاسی بووە كە لەجەوهەردا دژایەتی كوردی كردووە، بۆیە بە هەوڵدان بۆ نەهێشتنی یەكبوونی كورد لەیەك قەوارەدا، كورد خۆی لە ناسیۆنالیزم دووركەوتۆتەوە و خزمەتی بە دوژمنەكەی كردووە، بۆیە ئێستا هەروەك چۆن هیگڵ دەڵێ مێژوو هەمیشە خۆی دووبارەدەكاتەوە، ئێستاش لەدوای ساڵی ١٩٩١ ەوە چەندین جار هەلومەرجی ناوخۆیی رەخساوە و بەبیانووی

ناکۆکی سیاسیەوە کورد لەیەك فۆڕمدا خۆی نمایش نەکردووە، بەڵکو بووە بە پاشکۆی سیاسی دەوڵەتانی دەوروپشتی و جارێکی تر پاشکۆیەتی بۆ سەفەوی و عوسمانلی نوێ دووبارە کردۆتەوە و ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی کردووە بە قوربانی میرنیشینەکان و دواتریش لەم سەدەیەدا سیاسەتی تاك حیزبی و گەڕانەوەی بۆ دووبارەکردنەوەی رەفتاری سیاسی هەمان مێژوو.

«کێشەی نێوخۆیی خێڵەکان یاسای ئاینیشیان تێپەڕاندووە، چونکە یاسای (گیان لەبری گیان) و (چاو لەبری چاو) درێژە ئەکێشێت بۆ کوشتنی ٤ بۆ ٥ کەس، لەلایەن بەرامبەرەوە دووبارە تۆڵە دەسەنرێتەوە، ئەمەش تاچەندین ساڵ بەردەوام دەبێت، تاکو پێکدێنەوە ئەگەر غولامێکیش سەرۆك هۆزی خۆی بکوژێت، هەر گومان لە هۆزەکەی دیکە دەکرێ، بۆیە هۆزەکان لەهەناوی خۆیاندا دەزگایەکی پارێزگارن و جیهانێکی گچکەن و لەهەناوی خۆی و هاوچەشنەکانی بە مەزنتر دەڕوانێت، ئیدی چارەسەرەکان ئاسان نابێت و کەسێکی ددەسەڵاتدار نەبێت کە لەلای هەردوولا بەشکۆ بێت».(١١٨).

ئەوەی کە ناڕوونە خێڵ و عەشیرەتە کوردییەکان نازانرێ لە کوێدا یەك دەگرنەوە بۆیە زۆربەی کوردەکان بە شارنشین و گوندنشینەوە ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە خێڵەکین کە رەنگە واش نەبێت بۆ ئەوەی بەچاوی رێزگرتنەوە سەیری بکەن « دەسەڵاتی سەرۆك هۆز لەسەر ئاستی دەرەوە بریتیە لە نوێنەرایەتی کردنی خێڵەکەی و جۆری پەیوەندیە نێوخۆییەکانیش لەخێڵێکەوە بۆ خێڵێکی تر دەگۆڕێت، جیاوازی خێڵ و نەتەوەش لەوەدایە لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیدا ئەندامانی خێڵێك ناتوانن ببن بە ئەندامی خێڵێکی دیکە بەهەمان شێوەش ئەندامانی نەتەوەیەکی کۆمەڵگەی پیشەسازی ناتوانن ببن بە ئەندامی نەتەوەیەکی دیکە ئەگەر کولتوورەکەش وەربگرێت، بۆیە دروستەی کۆمەڵایەتی کولتووری خێڵی کشتوکاڵیی هەمان دروستەی کۆمەڵایەتی

کولتووری نەتەوەی پیشەسازیە، واتە خێڵ لەهەناوی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی و نەتەوەش لەهەناوی کۆمەڵگەی پیشەسازی سەریان هەڵداوە»(١١٩).

ئێمە پێشتریش باسی ئەوەمان کرد کە بۆچی میرنیشینەکانی کورد نەك هەر نەیانتوانی یەکبگرن و ببن بە دەوڵەتێك یان قەوارەیەکی نەتەوەیی و دەسەڵاتێکی یەکێتی گشتی، چونکە هەم خاوەنی ئاینی خۆی نەبووە، هەم ئاینی ئەوانی تر کاریگەری هەبووە لەسەری.

کێشەی کورد لە سەدەی رابردوو و بەتایبەتی لە لەدوای هاتنی داگیرکاری فەرانسە و بەریتانیا بۆ ناوچەکە، بەهەمان شێوە ئەو کوردانەی کە سەر بە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانلییەکان لەگەڵ ئەو کوردانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکان بوون زۆر جیاواز بوون، نمونەش یاخیگەرێتی کوردانی کەرکوك و سلێمانی تاکو کۆیە و بەشێك لە کوردانی ناوچەی پشدەر، بەو ناونیشانەی کە کوردەکانی سلێمانی لەماوەی ساڵەکانی ١٩١٩ـ١٩٢٢ داوای گەڕانەوەی شێخ مەحمودی مەلیك دەکەن لە هیندستانەوە بۆ کوردستانی عێراق، لەبەرامبەر ئەوەدا عوسمانلییەکان لەو ناوچەیە وەدەرنێن، ئەوەبوو بەناوی ناسیونالیزمی کوردیەوە ئاغاکانی هەردوو ناوچەکە پەیوەندییان پێکەوە هەبووە لەترسی دوژمنانی کورد، ئەوەی کە ئینگلیزەکانی ئەو سەردەمە کە لەعێراق بوونە، بەجێگەی ئەوەی لەگەڵ نوێنەرانی کورد گفتوگۆ بکەن و دانوستان بکەن، دەچوون لەگەڵ ئاغاکان دانوستانیان دەکرد، لەکاتێکدا ئەوکاتیش بزووتنەوەی کوردایەتی هەبوون و حیزبی کوردی هەبوون کە حیزبی فکری بوون و رۆشنبیریان تێدابوو، لێرەوە تێدەگەین کە ئەوەی پێشتریش کوردەکان کردوویانە بە مانای ناسیونالیزم نایات، بە هەمان شێوە کورد ئەوکات و تا ئێستای لەگەڵدابێت کورد تەنها بۆ مانەوە و بردنەوەی لەبەرامبەر دوژمنەکەی شەڕی کردووە،

نەك لەپێناو بووندا و پاراستنی شوناسی کوردی، یان وەك ئەوەی کە لەناوچەی بادینان بەدرخانیەکان بەرامبەر ئێزیدیەکان و ئەرمەنییەکان پاڵپشتی تورکیان کردووە تەنها لە پێناو مانەوە، بەبێ ئەوەی لەوە تێبگەن کە ئەوانیش کوردن، کە ئەوان نەمان مانای وانییە بوونیان سەلماندووە، بەڵکو بەشێکیان لەجەستەی خۆیان لەدەستداوە. نەك تۆخکردنەوەی ناسیونالیزمی و دانانی بناغەی ئەو بیرە، مانەوەی عەشیەرت و بنەماڵە و خێڵ تاکو سەدەی بیست و یەك و پاراستنی ئەو شوناسە لەبری شوناسی نەتەوەیی، مانای ئەوەیە کە کورد لەمێژە ئەو بیرکردنەوەیەی نەبووە کە پێی دەگوترێ ناسیونالیزم، بەوپێیەی کە ئینتیمای نەوەکانی ئەمدواییەش بۆ عەشیرەت و بنەماڵە، باشتر بەرچاو دەکەوێت، ئەوەی کە هەستپێدەکرێ خوێندکارێك بۆ ئەوەی بازاڕی خۆشبێت یان بناسرێ وەکو پارێزەرێك یان وەکو دکتۆرێك یان وەکو بزنسمانێك و هتد، تەنانەت بۆ خۆ هەڵبژاردنی بۆ پارلەمان، لەژێر عینوانی عەشیرەت و بنەماڵە و خێڵ پشت بەو ماتریالە دەبەستێت کە دەنگ بهێنێ، نەك بەو بەرنامەیەی کە بیری لێکردۆتەوە، ئەمە بۆ ئەوکەسانەش وایە کە پێشکەوتووخواز یان چەپ یان حیزبی یان ئەوانەی لەدەرەوەی کوردستان بوونە و گەڕاونەتەوە.

## ریزبەندی بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەتی کوردی لەباشوری کوردستان

### ناسراوترین عەشیرەت و بنەماڵەکانی کەرکوك گەرمیان

١: عەشیرەتی جەباری: ئەم عەشیرەتە تەنها لە سنووری کەرکوك و گوندەکان هەنو سنوورەکەیان لەنێوان کەرکوك تاکو چەمچەماڵە و دەورێکی گەورەیان هەبووە لە شۆڕشەکانی کورد و هەندێك جاریش لەگەڵ حکومەتەکانی عێراق بوونە.

٢: عەشیرەتی زەنگەنە: ئەم عەشیرەتە تەنها لە ناوچەی کەرکوك و گوندەکانی دەوروبەری هەن و بەشێکیش لە تورکمانەکانی کەرکوك لەرێگەی ژن و ژنخوازیەوە تێکەڵ بوون خۆیان بە زەنگنە دەزانن.

٣: عەشیرەتی شێخان: ئەم عەشیرەتە لەچەند ناوچەیەکی کوردستان هەن، بۆ نمونە شێروانی لەناوچەی بادینان هەن و شێوازی کرمانجی قسە دەکەن و کولتووریشیان جودایە، لەسنووری هەولێر بەزمانی سۆرانی قسەدەکەن و لەناوچەی گەرمیانیش بەهەمان شێوازی سۆرانی بەڵام جیاوازی هەیە.

٤: کاکەییەکان: کاکەیی جگە لەوەی مەزهەبێکن لەسەر بیروراکانی سوڵتان و سوهاك و عیسێ موسێ و پیرشالیار وەکو مەزهەبێکی دیکە ئاینی و ئاینزایان دروست کردووە و پاراستویانە، کولتووری جیاوازی کوردیشیان هەیە و نهێنی کولتووری خۆیان بۆ کەس نادرکێنن، ئەم گروپە کۆمەڵایەتیە بەدەر لەوەی شێواوی ماچۆ بەکار دەهێنن و نەریتی کولتووریشیان جیاوازە لە گروپەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردی، لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان هەن، لەهەولێر و دەروبەری خەبات و چەمچەماڵ و هەورامان و کەرکوك هەن لە دیوی ئێرانیش لە ناوچەی رەوانسەر و کرمانشا و مەریوان و تادەگات پارێزگای سنە هەن، لەبنەڕەتدا لەدیوی رۆژهەڵاتی کوردستان واتە لە کوردستانی ئێرانەوە هاتوون بۆ عێراق و پەرشوبڵاو بوونەتەوە.

٥: بنەماڵەی قەشقەیی: ئەم بنەماڵەیە زمانیان لەگەڵ شەبەك و هەورامی چوون یەکە و تەنها لەناوچەی قادر کەرەم هەن و بەزمانی ماچۆ قسە دەکەن و کولتوور و ئاینیان جودایە لەوانی تر، لەناوچەکانی قادر کەرەم واتە گەرمیان چەند گوندێکیان هەیە و زۆر لەخەمی خۆپارێزیدان لەباری کۆمەڵایەتییەوە.

٦: عەشیرەتی هەمەونی: ئەم عەشیرەتە لەناوچەی چەمچەماڵەوە دەست پێدەکەن و لەکوردستانی ئێرانیش هەن،

وەکو باس دەکرێت بەشێکیان پەڕاگەندەی لیبیا بوون و ئێستاش لەو وڵاتە هەن، ئەم عەشیرەتە بریتین لەچەند تیرەیەکی تر، لەوانەش حەسەنەوەن و سینەوەن و رەشەوەن و میمەوەن و رەمەوەن و هتد.

٧: عەشیرەتی داودی: ئەم عەشیرەتە لە خواروی کەرکوك هەن و بەشێکیشیان لە ناوچەی گڵ و گەرمیان هەن و خزمایەتیان لەگەڵ عەرەبەکانی خواروی کەرکوك هەیە.

٨: عەشیرەتی شوان: ئەم عەشیرەتە سنووری جوگرافیان کەوتۆتە تەنیشت شاری چەمچەماڵەوە تا کەرکوك، بەلای راستدا لەگەڵ سنووری جوگرافی شێخ بزێنی چەند گوندێك دەبنە یەك و پێکهاتوون لەچەند بنەماڵەیەك و عەشیرەتێکی یەکگرتوو نیین و خاوەن مەرجەعێکی تایبەت نین وەکو عەشیرەتەکانی تر، بۆیە زیاتر لە دەمسپییەك و زیاتر لە کوێخایەکیان هەیە و هەرگیز ئاغایان نەبووە، جگە لە سوارچاکێکی ژن بەناوی (کوێخا نێرگز) ئەم کویخا ژنە خوشکی رەشید ئاغا بووە کە ناسراوە بە (رەشك) و لەسەردەمی شەڕی نێوان ئەوان هەمەوەندی لە ساڵی ١٨٩٨، لەگەڵ نێرگزی خوشکی دەورێکی کاریگەریان هەبووە لەشەڕەکاندا، ئەوان بەشێکیان وەکو شێوەزاری سنەیی ئێران قسەدەکەن و دەڵێن لە ئێرانەوە هاتوون بۆ کوردستانی عێراق و کاری کشتوکاڵیان کردووە، بەشەکەی تریان وەکو کەرکوکی و ناوچەکە قسەدەکەن.

٩: عەشیرەتی شێخ بزێنی: سنووری کۆمەڵایەتی و جوگرافیی هەردوو عەشیرەتەکە کە لەژێر یەك ناودا هەن و پێکەوەیە، بەڵام کولتووری جیاوازیان هەیە و شاخی خاڵخاڵان کەوتۆتە نێوانیان لەیەکتریان دادەبڕێت و تا دەگاتە سنووری شارۆچکەی تەقتەق و نزیك کەرکوك.

١٠: عەشیرەتی ساڵەیی: ئەم عەشیرەتە ئەگەرچی بەشێکیان پێکهاتەیەکن لە عەرەب و تورکمان و خۆیان بەعەرەب دەزان

کە ناویان لە بنەڕەتدا ساڵحیە، بەڵام بەگشتی خۆیان بەکورد دەزانن و سنووری نیشتەجێبوونیان لە ناوچەی شوان و ڕێدار و دەوروپشتی کەرکوکە.

١١: عەشیرەتی تاڵەبان: ئەم عەشیرەتە لەناوچەی جەباری بەری لای چەپی گەرمیان و سەر بەشاری کەرکوك دەژین و بەشێکیشیان سەر بەتەق تەق و کۆیەن، تاڵەبان بەهۆی شێخ رەزای شاعیر و دواتریش بەهۆی سەرکردەی کورد مام جەلالەوە زیاتر ناسراون و گوندێکیش هەیە بەناوی تاڵەبان کەوتۆتە سنووری ناوچەی جەباری.

١٢: هەقەکان: ئەگەرچی ئەم پێکهاتەیە عەشیرەت نیین و لەهەموو عەشیرەتەکان هەن و دواتر بوونە بە بزووتنەوەی جەماوەری، بەڵام پێکهاتەیەکن خۆیان لە زۆر عەشیرەتەکانی تر جودا کردۆتەوە، ئەویش بەهۆی ئەو بیروباوەڕەی کە لەشێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە و مامەرەزاوە بۆیان بەجێماوە کە شێخی هەقەکان بوونە و بەشێوەیەکی یەکسان ژیان و بڕوایان بە مەسەلەی ئازادی ژن و کرانەوە و بڕوایان بە موڵکیەتی تایبەتی نەبووە، دوای ئەوەی مامە ڕەزا شێخی گەورەی هەقەکان لەگەڵ شەهید فەهدی سەرکردەی شیوعیەکانی عێراق زیندانی دەکرێت، لەدوای ئەوەوە پابەند دەبن بە سیاسەت و نەریتی سیاسی و رۆشنبیری شیوعیەکانەوە و هێندەی تر کولتوریان فراوانتر دەبێت لە یەکسانی و ئازادی و دادپەروەری و ئەگەرچی باڵێکی تر بەناوی حەمە سووری جودا دەبنەوە و دەچنە گوندی کلاوقوت، بەڵام بەگشتی یەك ئامانجیان هەبووە کە بڕوا نەبوون بووە بە موڵکیەت و شێوە ژیانێکی تایبەت لەخەڵکی تری ناوچەکە.

١٣: عەشیرەتی شەترە: ئەم عەشیرەتە ناسراوترین عەشیرەتی کەلار و دەوروبەری شارەکەن و بە سەرکێشترین عەشیرەت ناسراون، درەنگ هاتونەتە نێو کەلار خەریکی کشتوکاڵ و ماڵات

بەخێوکردن بوونە و ئێستا جگە لە گوندەکانی خۆیان لە کەلار و کفری و باوەنور نیشتەجێن.

١٤: عەشیرەتی ئارکوازی: پێکهاتەیەکن لە پێکهاتەی عەشیرەتەکانی حەوزەی خانەقین و مەندەلی و جەلەولا و تادەگاتە کرمانشان.

١٥: باجەلان: عەشیرەتێکی ناسراوی ناوچەی خانەقین و مەندەلین و سنوورەکەیان دەگاتە کرمانشان، بەشی زۆریان رۆشنبیر بوونە بەتایبەتی دوای هاتنی ئینگلیزەکان چوونەتە بەرخوێندن و بوون بە مامۆستا و کاریگەریان هەبووە لەسەر خەڵکی ناوچەکە.

١٦: سورەمەیری: یەکێك لەو عەشیرەتانەیە کە لەسەردەمی هاتنی روسەکانەوە لەناوچەی کفری و کەلار و خانەقینیش هەبوونە و شێوەزاری تایبەتیان هەیە و تائێستا بەشێکی زۆریان لەو ناوچەیە دەژین.

١٧: قلۆقۆس: سنوورەکەیان لە مەندەلی یەوە دەستپێدەکات تاکو کرمانشان و دیوی ئێران و گرینگییان هەمیشە بە کشتوکاڵ داوە و وەکو شوناسیش بزربوونە لە سنوورەکەی خۆیان.

١٨: زەهاوی: عەشیرەتێکی کۆنی ناوچەکەن و دابەشی سەر چەند عەشیرەتێکی دیکە بوون و وەکو کولهوڕی و ماچۆکانی تر کە بەشێکی تریان بە زوان فەیلی قسە دەکەن و بەشی زۆریان لە شارۆچکەی سەرپێڵ زەهاون کە سەنتەری بنکەی جەماوەری و کۆمەڵایەتی ئەوانە.

١٩: گورگوشی: یەکێك لە عەشیرەتە بێشوناسەکانی ناوچەی خانەقین و ماچۆن، بەڵام بەو شێوەزارە قسە دەکەن و عەشیرەتێکن بنەچەی ناوچەکە پێکدەهێنن و تائێستاش بەردەوامن لە ناوچەکە.

٢٠: عەشیرەتی قامیشەیی: ئەم عەشیرەتە ناوچەیەکی تایبەتیان هەیە لەنێوەڕاستی ناوچە سنووریەکەی ئێران و عێراق، ئەمان

وەکو نیمچە نەتەوەیەك کە لەشێوەی کوڵهوڕەکان خۆیان دەناسێنن، وەکو قەشقەیی و مامەیی ناوچەی قادرکەرەمن، بڕوایان بە تێکەڵی هیچ پێکهاتەیەکی تر نیە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە و تائێستاش هەروا ماون.

٣١: : مامشەیی: ئەم عەشیرەتە لە سنووری باکوری رۆژهەڵاتی کەرکوکن و سنورەکەیان لەگەڵ سنوور گلەکان و زەنگنە تێکەڵە، کەمتر دەردەکەون و تێکەڵ بە تورکمانەکان بوونە و بەرلەهەر عەشیرەتێکی تر هاتونەتە شاری کەرکوك و فێری تەلارسازی و کرێکاری بوونە.

## ناسراوترین عەشیرەتەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەری

١: عەشیرەتی بێسەری: تەنها لە سلێمانی و دەوروبەری هەن و کارو باریان تەنها کشتوکاڵی بووە لەناوچەی شارباژێر و ئێستا بەگشتی نیشتەجێی ناوەندی شارن.

٢: عەشیرەتی جاف: ئەم عەشیرەتە بریتین لە چەند تیرەیەك و چەند مەرجەعێکیان هەیە، ئەوانیش بریتین لە (روغزایی و رەشکە و بەگزادە و میکائیلی و شاتری و تیلەکۆیی) بەهۆکاری جیایجا پەرشوبڵاو بوونەتەوە بۆ ناوچەکانی شارەزوور و شارباژێڕ و گەرمیان و هەولێر و ناوچەی دوکان و پشدەر و دیوی ئەودیوی ئێران.

٣: عەشیرەتی هارونی: ئەم عەشیرەتە لەناوچەی شارەزوور هەن و سنووری جوگرافیان لەگەڵ سنووری هەورامی تێکەڵ بووە.

٤: ئاغا سووری: ئەم عەشیرەتە لە ئێرانەوە هاتوون و لەچەند شوێنێکی جیاجیای کوردستان هەن، بۆ نمونە ناوچەی پێنجوێن، هەولێر و کەرکوك و کۆیە و هتد. دواتر بەهۆی چەندین هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە پەڕشوبڵاو بوونەتەوە، پێشتر لە کوردستانی رۆژهەڵات بوون و هاتونەتە کوردستانی عێراق.

٥: عەشیرەتی بەرزنجی: ئەم عەشیرەتە لەزۆر شوێن هەن و خۆشیان بە عەشیرەت نازانن بەقەد ئەوەی خۆیان بە شێخ دەزانن و دەیان شێخی ناوداریان هەیە و خۆیان بەنەوەی پێغەمبەر خۆیان ناساندووە و لەهەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی هەن، بۆ نمونە لەناوچەی ئاغجەلەر و لە هەولێر و سلێمانی کەرکوك، بەڵام بەهۆی ئەوەی سەرجەلەی تایبەتی خۆیان هەیە، بەوپێیەی دەچنە سەر عەرەب و حەسن و حوسێنی شیعی، چونکە خۆیان بە شێخ و ئاین پەروەری بنەچەیی دەزانن بۆیە کەمتر بەلای نەتەوەییدا دەچن.

٦: عەشیرەتی کافرۆش: ئەم عەشیرەتە لەسنووری بازیان و تەیناڵ و نزیك ناوچەی ئاغجەلەر و چەمچەماڵ هەن، پێتر کاری کشتوکاڵیان کردووە و بەتایبەتی چەڵتوك و خەڵوز و رێنمایی کردنی رێبواران لە کۆندا کە ماشین نەبووە، ئەم عەشیرەتە هەندێك ئەفسانەشیان لەسەر باس دەکرێت، یەکێك لەوانە کچە کافرۆشە کە گوایە لەسەردەمی هاتنی ئینگلیزەکان بۆ عێراق و هاتوونەتە ئەو ناوچەیە و کچێکی جوان هەبووە و یەکێك لە ژنەڕاڵەکانی ئەو سەردەمە لەگەڵ خۆیدا بردوویەتی، ئەفسانەیش تریش هەن کە ئێرەی جێگەی باسی ئێمە نییە.

٧: عەشیرەتی شەمێرانی: ئەم عەشیرەتە سنووری جوگرافیان لەنێوان ناوچەی شەمیران و هەڵەبجە هەن، هەندێکیشیان لەدویی ئێرانن، بۆ نمونە رەوانسەر و مەریوان.

٨: عەشیرەتی تەرخانی: عەشیرەتێکی گەورە نیین و سنووری ئەم عەشیرەتە لەناوچەکانی هەڵەبجەی نوێ و زەڕاێن هەن.

٩: گەڵاڵی: لەناوچەی هەڵەبجەی نوێ و زەڕاێن هەن و لە هەولێریش هەمان ناونیشیانی عەشیرەت هەن و لەسنووری مەخمور و کەندیناوە هەن.

١٠: ئێناخی: سنووری ئەم عەشیرەتە لەناوچەکانی ئەمبەر و ئەوبەری روباری سیروان هەن.

١١: کۆکۆیی: لەناوچەکانی شارەزوور هەن و پەرشوبڵاو بوونەتەوە تاکو دیوی کوردستانی رۆژهەڵات واتە کوردستانی ئێران.
١٢: شاوری: ئەم عەشیرەتە لەسنووری ناوچەکانی قەڵادزە و رانیە و بەری مەرگە هەن.
١٣: عەشیرەتی ئاکۆیی: ئەم عەشیرەتە بەهەمان شێوە سنووریان تێکەڵە لەگەڵ شاوری و جاف دەکەونە ناوچەی بیتوێن و رانیە و ئەو حەوزەیە.
١٤: عەشیرەتی میراودەلی: ئەم عەشیرەتە سنووریان دەکەوێتە ناوچەی پشدەر و بەشێکیشیان دەکەونە قەڵادزێ.
١٥: عەشیرەتی مەنگوڕی: نزیکەی ٥٠٠٠ خێزان دەبن و بەشێکیان لەگەڵ حەوزەی پشدەر تێکەڵن و بەشێکی دیکەیان کەوتونەتە دیوی کوردستانی ئێران لە سنووری سەردەشت.
١٦: عەشیرەتی بڵباس. ئەم عەشیرەتە بەشێکیان لەناوچەی پشدەر و بەشێکیان کەوتوونەتە دیوی کوردستانی ئێرانەوە، وەکو دەڵێن شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتوریان کراوەترە لە عەشیرەتەکانی دیکە بەتایبەتی کراوەن بۆ مەسەلەی ئازادی ژن، ئەوان تائێستاش لەو ناوچەیە بەشێکی زۆر لە گوندەکان پێکدەهێنن و لەوێ دەژین. بەهۆی شۆڕش و نەهامەتیەکانی کوردەوە بەشێکیان پەڕاگەندەی شاری هەولێر بوونە.
١٧: : عەشیرەتی غەوارە: ئەم عەشیرەتە لە سنووری ناوچەی شارباژێڕی تەختەوە تادەگاتە شارەزوور هەن و ئێستا بەشی زۆریان لەناو شاری سلێمانین.

## ناسراوترین عەشیرەتەکانی بادینان و دەروبەری

١: بارزان: ناوچەیەکە سەر بەشاری هەولێرە لەرووی جوگرافیای کارگێڕییەوە، پێکهاتەکە بریتییە لەچەند عەشیرەت و تیرەیەکی تێدایە، ئەگەر چی بەشێوازی کرمانجی قسەدەکەن،

شیوەی جلوبەرگی هەندێکیان بادینانییە و هەندێکیشیان سۆرانی، هەروەها بەشێك لە کولتووریشیان لە بادینی دەچێت و بەر لەچەند سەدەیەك لەدیوی تورکیاوە هاتوونەتە کوردستانی عێراق، لەچەند تیرەیەك پیکدێن، بۆ نمونە.
(ا: تیرەی شێروانی. ب: تیرەی مزوری. ج: دۆڵەمەڕی: د: ئەرگوشی. ە: گەردی. و: خورشیدی. نیروەیی) ئەمە جگە لەوەی لەنێو خۆشیان بارزانی بریتین لە سێ چین، شێخ و میللەت و ... هەموو بارزانیەکان سەر بە تەریقەتی نەقشبەندین کە لەسەردەمی مەولانا خالیدەوە، ئەوکاتەی کە لەهیندستانەوە رۆشنبیرییە ئاینیەکەی هێناوە، ئەوان واتە پیاوانی کۆنیان چوونەتە سەر ئەو تەریقەتە و تائێستا پەیڕەوکاری ئەو تەریقەتەن.
٢: عەشیرەتی دۆسکی: ئەم عەشیرەتە بە گەورەترین عەشیەرتی ناوچەی بادینان و سنووری شاری دهۆك ناسراون، وەك دەڵێن بەر لەچەندین سەدە لەسنووری تورکیاوە هاتونەتە شاری دهۆك و نیشتەجێبوون و کار و پیشەیان جوتیاری بووە و تاسەدەی رابردووش دواتر دێنە نێو شاری دهۆکەوە.
٣: عەشیرەتی سورچی: عەشیرەتێکن لەچەند تیرەیەك و شێوازێك پێکدێن و سنووری جوگرافیان لە هەریرەوە دەست پێدەکات تادەگاتە دەورو پشتی ئاکرێ و بەدوو شێوەزاری کرمانجی و سۆرانی قسەدەکەن و مەرجەعی شێخ و سومبولی جیاوازیان هەیە، ئەمانەش وەکو عەشیرەتەکانی تر چەند مەرجەعێکی سەرەکیان هەیە کە لەهەولێر و ئاکرێ و موسڵ دەژین بەشێکیان پیەوەندیان بە داك خوشك هەیە کە مەرجەعیانن و بەشێکیان پەیوەندییان بەماڵی حوسێن ئاغا و بنەماڵەی عومەر و زەید ئاغا و بەشێکیان پەیوەندییان بە شێخ سابیر هەیە کە لەموسڵ دەژین.
٤: عەشیرەتی هەرکی: ئەم عەشیرەتە بەشێوە سۆرانین و بەشێوەزاری کرمانجی قسە دەکەن و لەرێگەی ژن و ژنخوازیەوە

تێکەڵ بەعەشیرەتی بارزان بوونە، پێشتر کارو پێشەیان تەنها جوتیاری بووە، وەکو خۆیان دەڵێن پێشتر لەدویی سنووری تورکیاوە هاتوونەتە کوردستانی عێراق و بەشێکیان وەکو سورچییەکان لە شاری موسڵن.

٥: عەشیرەتی زێباری: عەشیرەتێکە سنووری جوگرافییان لە ئاکرێ وە دەستپێدەکات و تادەگاتە موسڵ و دەوروبەری و چەند کەسێك لە سەرۆك هۆزەکان سەرکردایەتی عەشیرەتەکە دەکەن.

٦:عەشیرەتی بەرواری: ئەم عەشیرەتە لەدهۆك و لەسنووری بەرواری باڵا بوونیان هەیە و پێشتریش لەتورکیاوە هاتوونەتە شاری دهۆك و دەوروبەری پێشتریش کاری کشتوکاڵیان کردووە و بەتایبەتی بەرهەمی سێوو هەنگوین.

٧: عەشیرەتی لۆلان: سنووری ناوچەکانی ئەم عەشیرەتە دەکەونە نێوان دهۆك و باتۆفە.

٨: عەشیرەتی سندی: دەکەونە سنووری نێوان تورکیا و زاخۆ و بەیەکێك لە عەشیرەتە ناسراوەکانی بادینان هەژمار دەکرێن، بەپێی قسەی سایسك بێت کە لە کتێبەکەی خۆیدا سەبارەت بە هۆزە کوردیەکان نوسیویەتی، ئەم عەشیرەتە پێکهاتەیەکن لەهەردوو ئاینی کریستیانی و موسڵمان و هۆزەکە بریتیە لە دو وتیرە. یەکەم سلوپی و دووهەم گوللی.

٩: عەشیرەتی هەکاری: ئەم عەشیرەتە لە سنووری ناوچەی ئامێدی هەن و تادەگاتە سنووری تورکیا و کارو پیشەیان تاکو ئێستاش کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ و هەنەگەوانیە.

١٠: عەشیرەتی گللی: ئەم عەشیرەتە لەسنووری ناوچەی باتوفەی دهۆکن و بەرەچەڵەك دەبنەوە خزم و کەسوکاری گلەکانی ناوچەی گەرمیان.

١١: عەشیرەتی رێکانی: ئەم عەشیرەتە لە سنووری چیای شیرین و دیوی سەرسەنگ و تادەگاتە بەرواری هەن و بەدەیان هەزار

خێزان دەبن و بەیەکێك لە عەشیرەتە دەوڵەمەند و ئاین دۆستەکانی کوردستان ناسراون.
١٢: بالآیی: ئەم عەشیرەتە نیمچە کۆچەر بوونە تاکو دوای نیوەی یەکەمی سەدەی بیست کە لەسنووری دهۆك نیشتەجێ دەبن و لە دویی تورکیاوە هاتوونەتە کوردستانی عێراق.
١٣: کیکا: ئەم عەشیرەتە لە نزیك جۆلە مێرگی کوردستانی تورکیاوە هاتوون و دواتر لە عێراق سەقامگیر دەبن و هێشتا نیوەیان لە کوردستانی باکور واتە لە تورکیا ماون و خەریکی کشتوکاڵن و بەشەکەی دیکەیان لەنێو شارن.

## ناسراوترین عەشیرەت و بنەماڵەکانی شاری هەولێر و دەوروبەری

١: عەشیرەتی خۆشناو: ئەم عەشیرەتە بەگەورەترین عەشیرەتی کوردستان ناوزەد دەکرێت و سنووری جوگرافییایان لە هاوینەواری پیرمام و شەقلاوەوە دەستپێدەکات و تا دەگاتە حەوزەی بیتوێن و بالیسان و بەشێکی زۆریان لەهەولێر نیشتەجێبوونە و بەرلەسەدەیەك زیاتر بەڵام چەند مەرجەعێکی عەشیرەتیان هەیە، سەرۆکایەتی کۆمەڵگەکە دەکەن.
٢: شێروانی سۆرانی: ئەم عەشیرەتە بەشێوەزاری سۆرانی قسەدەکەن و تێکەڵ لەگەڵ شێروانی و بادینان و خزمایەتیان هەیە لەشاری هەولێریش نیشتەجێبونە و وەکو هەندێك لە شارەزایانی خۆیان دەڵێن لە ئێرانەوە هاتوون.
٣: عەشیرەتی سییان: ئەم عەشیرەتە تەنها لە سنووری شاری هەولێر ژیاون و سۆرانین و وەکو زۆربەی عەشیرەتەکانی تری هەولێر لەگەڵ تورکمان تێکەڵ بوون و بەشێکیان بەزمانی تورکمانی قسە دەکەن.
٤: عەشیرەتی هەرزانی: ئەم عەشیرەتە لەشاری هەولێر و دەروبەری دەژین و تادەگاتە بناری قەرەچوغی سەر بەشارۆچکەی

مەخمور.

٥: عەشیرەتی دزەیی: ئەم عەشیرەتە پێشتر بەگشتی ئاغا بوونەجوتیار لەژێر دەستیان رەعیەت و کاری کشتوکاڵییان پێکردوون، بەڵام دوای شۆڕشی جوتیاری ساڵی ١٩٥٨ کە ساڵی کۆتایی هاتن بوو بە دەسەڵاتی ئاغا، ئیدی ئەوان گوندییان بەجێهێشت و هاتنە نێو شاری هەولێر و نیشتەجێبوون بەیەك لەگەورە عەشیرەتە گەورەکان دەژمێردرێن.

٦: عەشیرەتی مەرزانی: عەشیرەتێکی بچووکی شاری هەولێرە و سنوورەکەی دەکەوێتە دەشتی هەولێر و بەشێکی تری دەکەوێتە سنووری مەخمور.

٧: عەشیرەتی گەڵاڵی: عەشیرەتێکی بەربڵاون سنوورەکەیان دەکەوێتە سنووری قەزای مەخمور و کەندیناوە و دەشتی هەولێر.

٨: عەشیرەتی بندیان: ئەم عەشیرەتە بەقسەی بەتەمەن و مێژووی هەولێر بێت لە ئەسڵدا کریستیانین و بە مروری زەمەن بوون بە ئیسلام و هاودیانیش هەر مانای ئەوەیە کە پێشتر مەسیحی بوونە، بەو پێەی کە مەسیحی لەهەولیر و کوردستان زۆر بوونە، سنوورەکەیان دەکەوێتە سنووری قەزای مەخمور و دەشتی هەولێر.

٩: بنەماڵەی ماجدی: بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی شاری هەولێرن و خەریکی بازرگانی بوونە و تائێستاش بە بنەماڵەیەکی ناسراوی هەولێر دەژمێردرێن.

١٠: بنەماڵەی قەساب: ئەم بنەماڵەیە کوردن و هەندێکیان بە زمانی تورکمانی قسە دەکەن و بە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی شاری هەولێر ناسراون.

١١: بنەماڵەی دەبباغ: بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بوون و وەك هەر بنەماڵەیەکی تر خۆیان لەخەڵکی جوتیار و کرمانج جودا کردۆتەوە.

١٢: بنەماڵەی عەللاف: بەهەمان شێوەی بنەماڵەکانی تر دەوڵەمەند و بازرگان بوونە و لەهەولێر ژیاون.
١٣: بنەماڵەی جامباز: ئەم بنەماڵەیە وەکو بنەماڵەکانی تر دەوڵەمەند بوونە و سنووری گوندەکانیان دەکەوێتە ناوچەی شەقلاوە و زۆربەیان خوێندەوار بوونە.
١٤: عەشیرەتی گەردی: ئەم عەشیرەتە بە دوو شێوەزار قسەدەکەن و سۆرانی و کرمانجی، هەرچی سۆرانیە هاو سنووری زرارییەکانن و کرمانجیەکانیش لەناوچەی بارزان نزیك چیای شیرینن.
١٥: عەشیرەتی زراری: ئەم عەشیرەتی لە سنووری خوارووی رۆژئاوای هەولێر دەژین و کارو پیشەیان کشتوکاڵی بووە و سنوورەکەیان لناوچەی بەڕانەتییەوە بەرفراوان دەبێتەوە بۆ ناوچەکانی هەرکی گۆران.
١٦: عەشیرەتی گۆران: ئەم عەشیرەتە کە پێکهاتووە چەند عەشیرەتێك و بەشێکیان خزمن لەگەڵ عەشیرەتەکانی زەنگەنەی ناوچەی گەرمیان و بەگشتی پێیان دەگوترێت عشائر سەبعە واتە حەوت عەشیرەتەکە و لەچەند تیرەیەکن، سنووری جوگرافییان دەکەوێتە ئەو بەری زێی گەورە بەناوی کەڵەکی یاسین ئاغا و بەچەند شێوەزارێك قسەدەکەن و سنوورەکەشیان سەر بەشاری دهۆکە وەکو لایەنی ئیداری.
١٧: عەشیرەتی برادۆستی: ئەم عەشیرەتە لەسنووری ناوچەی سیدەکان و بەرەو سنووری گەردی کە دەکەوێتە پشتی مێرگەسوور و بەرەو سیگۆشەکە دەڕوات، گەورەرتین عەشیەرتی ئەو ناوچەیەن و لەسنووری هەولێریش لە شارۆچکەی کەسنەزان هەن و لەمێژە لەوێ دەژین.
١٨: بنەماڵەی عوزێری: ئەم بنەماڵەیە سنوورەکەیان لە قەزای کۆیە و دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری کۆیەیە، هەر لەزووەوە لەو شارە حوکمڕانیان کردووە لەرووی کۆمەڵایەتیەوە و بەشێك

لە سیاسەتوانەکانیش عوزێرین.
١٩: بنەماڵەی حەویزی: بنەماڵەیەکی بەرفراوانی سنووری کۆیە و شاری هەولێرن، ئەم بنەماڵەیە هەمیشە لەگەڵ عوزێرییەکان لە کێبەرکێی جۆراو جۆری کۆمەڵایەتی و ئابوری و قۆرخکردنی کشتوکاڵ و لەدوای بە شار بوونی کۆیەش بازاڕی شار و تەلارسازی بوونە.
٢٠: عەشیرەتی بۆڵی: سنوری ئەم عەشیرەتە دەکەوێتە سەر سنووری کوردستانی باشور و کوردستانی رۆژهەڵات کە سەنتەرەکەیان لە حاجی ئۆمەرانە، خاوەنی یەك سەرۆك عەشیرەتن.
٢١: عەشیرەتی هورمزیار: ئەم عەشیرەتە ئەگەرچی بە ژمارە کەمترن لە عەشیەرتەکانی دیکەی وەکو خۆشناو یان دزەیی، سنوورەکەیان لەنێو هەولێر و خواررووی دەشتی رۆژئاوای هەولێرە.
٢٢: عەشیرەتی بلباس: سنووری ئەم عەشیرەتە لە ناوچەی باڵەکایەتی و هەولێر و دیوی رۆژهەڵاتی کوردستان هەن و پیشەیان هونەری کشتوکاڵی و کەرەستەی رۆژانەی ژیان بووە تاکو خزاونەتە نێو شارەوە.
٢٣: عەشیرەتی سارمەمی: ئەم عەشیرەتە لەسنووری پارێزگای هەولێر و کۆیە و مەخمور و دیوی رۆژهەڵاتیش هەن، بەپێی قسەی مەردۆخی نزیکەی ٤٠٠ بنەماڵە دەبن.
٢٤: عەشیرەتی بەرزەواری: سنووری ئەم عەشیرەتە دەکەونە خواررووی جوگرافیای گوندەکانی هەولێر و ئێستا لەنێو شاری هەولێر نیشتەجێن.
٢٥: عەشیرەتی مامەیی: سنووری کۆمەڵایەتی ئەم عەشیرەتە لەخواررووی رۆژهەڵاتی هەولێرن و لە ساڵەکانی دوای ١٩٧٠ هاتونەتە نێو شاری هەولێر و بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی کاری دەستیەوە لەلایەن تورکمانەکانە وە، عەشیرەتەکە تێکەڵ دەبن

لەگەڵ تورکمانەکان و تائێستاش لەژێر کاریگەری ئەواندان و لەماڵەوە بەشێکی زۆریان بەزمانی تورکمانی قسە دەکەن، ئێستاش لەنێو شاری هەولێر خاوەن کارن.

٣٦: عەشیرەتی شێخ مەمودینی: عەشیرەتێکی پەرشوبڵاون لەچوار دەوری دەشتی شاری هەولێرن و بەشێکیان کەوتوونەتە نێو سنووری خۆشناوەتی.

ئەگەرچی بەگشتی تەواوی ئەو عەشیرەت و بنەماڵە ناسراوو نەناسراوانەمان بۆ ساغ نابێتەوە کە هەموویان کوردن و لەکوێوە هاتوون و چۆن پەیدابوون و چۆن سنووریان بۆخۆیان داگیر کردووە و ماونەتەوە لەناوچەکانی خۆیان کە پێی دەناسرێنەوە، بەڵام سەرنجام لێرەوە لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کولتووری کوردی تێدەگەین کە زۆربەی بنەماڵە و عەشیرەتەکان بەرەسەن خەڵکی کوردستانی عێراقی نین وەکو مێژووناسە لۆکاڵیەکان باسی دەکەن، ئەم لێکۆڵینەوەیە کە وردی تێچدایە نییە بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی متمانە پێکراو، بەڵام دیسان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نەتەوە چۆن پێکدێت نمونەش کورد چۆن پێکهاتووە تاکو ئێستا و بۆچی دابەشبووە بەسەر دووبەری جودا لەیەکتر، ئەمە جگە لەوەی کە بەشێکی زۆر لەو بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەتانەی کەناویان نەهاتووە و بەدەست نەکەوتوون یان قەوارەی بنەماڵە و عەشیرەتەکە بچووکترن لە قەوارەی عەشیرەتە گەورەکان، پێشتر یان لە شوێنێکی ترەوە هاتوونەتە کوردستان، یان ئەوەتا لەئەنجامی ناکۆکی و مەسەلەی ئەخلاق و زەوی و زار و هتد جودا بوونەتەوە لە عەشیرەت و بنەماڵەکانی تر کە ناویان هاتووە، هەرچی عەشیرەت و بنەماڵەی بەشەکانی تری کوردستانی باکور و رۆژهەڵات و خۆرئاوان، ناویان نەهاتووە، بۆشاییەك دروست دەکات لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد کە ئاسان نەبوو وەکو پێویست و بەبێ کێشە و بەبێ کەلێن ناوی عەشیرەتەکان

بەتەواوی دەستکەون، بۆیە ناویان نەهاتووە، بەڵام لەهەندێ بەشی کوردستان بەنەماڵە و عەشیرەت نەماون، یان ئەوەتا بەپێی نەریت یان بەپێی هەلومەرجی سیاسی و رۆشنبیری و هۆشیاری خەڵك لەبەین چوون، بەهەرحاڵ وەکو پێشتر بەیانم کرد لە پارچەکانی تر عەشیرەت و شوهرەت واتە نازناوی بنەماڵە هەن وەکو کوردستانی ئێران، بۆیە نەتوانراوە ناوی هەموو عەشیرەت و بنەماڵەی هەرچوار پارچەی کوردستان بەیان بکەین.

## ناسراوترین بنەماڵە خێڵ و عەشیرەتەکانی کوردستانی رۆژهەڵات

بەپشتبەستن بە کتێبی ئێران دەوڵەتێك لەنوێبوونەوە کە لەساڵی ٢٠٠ لە پاکستان دەرچووە، ٧٪ دانیشتوانی ئێران کوردن کە لە سنووری پارێزگاکانی کرمانشانوە بگرە تاکو دەگاتە ئیلام و پاشان لەسنەوە تاکو خانێ کورد تێیدا لەم پارچەیە نزیکەی ٧ ملیۆن کەس دەبن لەپێکهاتە جیاجیاکان، لە سەدەی ١١ رابردوو کورد ئیماراتێکی هەبووە بەناوی ئەردەلانی و لەناوچەی سنە کە بەکوردستان ناسراوە لەوێ حوکمڕانی کردووە و قەڵەمڕەویەکی هەتا دیوی کوردستانی عێراق هاتووە و کاریگەری لەسەر ئیماراتی بابانیش هەبووە لەرووی کولتووریەوە.

شەڕی قەڵای دمدم کە ساڵی ١٦٠٩ بەسەرکردایەتی حاتەم بەگ بووە، تائێستا باشترین و ناسراوترین داستانە کە کورد لەپێناو سەربەخۆی خۆیدا کردوویەتی لەپێناو نەهێشتنی هەژموونی سەفەوی و عوسمانی کە لەململانێدا بۆماوەیەکی دوورودرێژ، بۆیە شانازی پێوە دەکات و لەنێو ئەدەبیاتیشدا بەشێوازی جوداجودا باسکراوە، هەروەها جگە لەو شەڕانەی کە لەگەڵ قاجارییەکان و سەفەوییەکان کردوویەتی و بەرگری کردووە و لەخاکی خۆی ماوەتەوە، هەروەها لەسەدەی رابردوودا جارێکی تر کوردەکان بەسەرکردایەتی قازی محەمەد کۆماری کوردستانیان لە مهاباد

راگەیاند کە بەداخەوە تەمەنی ئەم کۆمارە کورت بوو، بەڵام کوردەکان بەو سیمبولانەوە کە نەتەوە وەکو موڵك هەیەتی لەو ناوچەیە، توانیان بمێننەوە، بەڵام جیاواز لە پارچەکانی تر عەشیرەتیان کەمە و تەنها شوهرەت واتە ناوبانگی بنەماڵەیان هەیە کە لێرەدا بەشێکی بەیان دەکەین.

١: ئاشمیشارت: ئەم عەشیرەتە بریتین لە ٥٠٠ بنەماڵە و بەردەوام لەزیادبووندان، سنووری جێگیربوونیان لەدەوروبەری خەرەپوت دەژین و هەمویان موسڵمانن بەڵام لەسەر مەزهەبی شیعەن.

٢: ئالاك: ئەم پێکهاتەیە بە کوردەکانی فارس ناسراون و لەکتێبی فارس نامەدا ئاماژە بەژیانی کۆمەڵایەتی یان دراوە.

٣: ئەجاخی: چەند بنەماڵەیەکن لە وەزنە و کوی لە ناوچەکانی موکری و سابلاخ و مهاباد دانیشتوون.

٤: ئیختیار ئەلدینی: لەبنەچەی بنەماڵەکانی ئەمیر ئیخیتارئەلدین و لەفەرمانڕەواکانی بانەن و ئێستا وەکو شوهرەتێك ناسراون.

٥: ئەردەلان: عەشیرەتێکی گەورەی کۆنن لەشاری سنەو گوندەکانی دەوروبەری تاران بڵاوبونەتەوە فەرمانڕەواکانی سنە لەم هۆزەن، سەرەتا لە شارەزوو فەرمان رەوایەتییان کردووە پاشان دەستیان بەسەر سنەداگرتووە.

٦: ئەشنویە: پێکهاتەیەکی دیکەی کوردن لەدەوروبەری شنۆ و لاجیهان دەژین.

٧: ئەلیا: عەشیرەتیکی کۆچەرین نشینگەی ئەوان خەرەپوتە

٨: ئیمامی: نزیك حەفتا بنەماڵەن لەناوچەکانی جوانڕۆ لەریزی جافەکانن.

٩: ئەورامی یان هەورامی: هۆزیکن خۆیان بەنەوەی بەهمەن دەزانن لەناوچەکانی هەورامانی سنە نیشتەجێن و زیاتر لە دوو هەزار بنەماڵە دەبن.

١٠: باباجانی: لەگەڵ قوبادییەکان نزیکی هەشت سەد بنەماڵەن لەعەشیرەتی جافەکانی جوانڕۆن دەستەیەك لەوان لەکەرەند

نیشتەجێن.

١١: بازوکی: لەناوچەکانی قەزوین و تاران نیشتەجێن نزیکی پینج هەزار بنەماڵە دەبن و لەنزیك یەریڤان دەژین.

١٢: بانە: نزیکی سێ هەزارو پێنج سەد بنەماڵەن لەناوچەکانی بانە نیشتەجێن و خاوەنی ١٤٥ گوندن.

١٣: بەهتویی: یا بی تویی، پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتین و نزیك هەزار بنەماڵە دەبن و لەباکوری رۆژئاوای کرمەنشان نیشتەجێن.

١٤: بیتیا رەوەند: ئەم پێکهاتیەکە ئەگەرچی زۆر ناسراو نین، بەڵام چەند بنەماڵەیەك دەبن و لەباکوری سنە نیشتەجێن.

١٥: عەشیرەتی گەڵباغی: بەشێك لە سەرچاوەکان دەڵێن عەشیرەت نین، بەڵکو شوهرەت و نازناوی بنەماڵەیەکن، چونکە هەم پەرش و بڵاون و هەم وەکو شوهرەت ناسراو نین.

١٦: عەشیرەتی شکاك: گەورەترین عەشیرەتی کوردستانی رۆژهەڵات و بە شێوەزاری کرمانجی قسەدەکەن.

١٧: کوردانی خوراسان: ئەم کوردانە بەشێکن لەو پێکهاتە هەمەچەشنەیەی کە پێی دەگوترێ نەتەوەی کورد. ئەمان لەناوچەی خوراسانن و شێوەی جلوبەرگ و شێوەزار و کولتورێکی تایبەتیان هەیە کە جیاوازە لەگەڵ تەواوی پارچەکانی دیکە.

١٨: لوڕی: خاوەنی شێوەزارێکن کە نزیکە لە ماچۆ و خۆڕاسانی و سنووری کۆمەڵایەتیەکەیان دەکەوێتە ناوچەی کرمانشان هەتا نزیك شارۆچکەی رەوان سەر و بریتین لە چەندین تیرەی جۆراوجۆر.

١٩: قەڵخانی: ئەم عەشیرەتە سنوورەکەیان دەکەوێتە نێو هەردوو خاکی کوردستانی باشور و رۆژهەڵات کە لە سنووری جەلەولاو تاکو سەرپێڵ زەهاوە، سنوورەکەیان بریتیە لە دەیان گوند کە بەشێوەزاری قەڵخانلویی قسەدەکەن و نزیکە لە کەڵهوڕی.

٢٠: موکری. ئەم عەشیرەت و پێکهاتەیە لە سنووری شارەکانی

مهاباد و سەقز و شنۆ و لەبنەڕەتدا لە نێو جەرگەی ئێرانەوە هاتوونەتە کوردستان و نیشتەجێبوونە.

## ناسراوترین بنەماڵە و عەشیرەتەکانی باکوری کوردستان

زۆربەی دانیشتوانی کوردستانی باکور بریتین بوونە لە دوو تیرەی گەورەی بەشەری. بە قسەی ئیحسان نوری پاشا لە کتێبی رەچەڵەکی کورد دەڵێ «ئەوانیش یەکەمیان تیرەی زیلان ە کە بەمانای زیل دێت و گیایەکی ناسکە کە بەسەر کێوەکانەوە دەڕوێت. ئەویتر میلان ە کە بە مانای مل دێت و بەکوردی ملەی کێو دەگەیێنێ». ئەمەش باشترین سەلمێنەرە کە کورد هەمیشە لەگەڵ شاخەکاندا ژیاوە بۆیە هیچ شارستانیەتێکی نییە و ئاسەواری دیار نییە جگە لە چەند ئەشکەوتێك نەبێت کە بەئاسەوار لەپەلەم نادرێت. بەڵام دوای چەندین سەدە ئەم دوو تیرەیە زیاد دەکەن و دەبن بە ئەمری واقیع و لەو ناوچەیە دەمێننەوە و تیرە و بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەتی دیکەی بەرهەمهێناوە و ماوەنەتەوە، بەڵام ئەوان بەخۆیان ناڵێن کورد یان سەر بەنەتەوەی کوردی گەورە کە یەك مێژووی هەیە، بەڵکو کرمانج لەلای ئەوان شتێکی ترە و جودایە لە کورد.

١: بۆتانی: ئەم عەشیرەتە کە بریتیە لە چەندین بنەماڵە، سنوورەکەیان کەوتۆتە جەزیرە و خاوەنی ئەفسانەی عیشقی مەم و زینن کە ئەحمەدی خانی وەکو داستان نوسیویەتیەوە، بەدەیان بنەماڵە بەو ناونیشانە ناسراون کە بەشێکیان کەوتوونەتە کوردستانی باشوور و لەسنووری گۆرانن نزیك بەردەڕەش.

٢: جەزیریی: دەکەونە ناوچەی بۆتان کە لەنێوان دیاربەکر و دەرسیم ن و ناسرواترین پێگەی کوردی باکورن و شاعێرێکی ناسروایان تێهەڵکەوتووە بەناوی (جەزیری) .

٣: خانیی: شێوەزار و پێگەیەکی دیکەی کوردانی باکوری کوردستانی گەورەن و دەکەونە سنووری دیاربەکر و چەند

شارێکی دەوروبەری، بەهۆی شاعیری ناوداری گەورەی کورد ئەحمەدی خانی کە خاوەنی دەقی مەموزین ە ناسروان.
٤: لۆلانی: ئەم عەشیرەتە لە سنووری نێوان هەرسێ دەوڵەتی عێراق و تورکیا و ئازەربایجانن و کاری هەمیشەییان تاکو ئەم سەدەیەش کشتوکاڵی و مەڕو ماڵات بەخێوکرنە، ناوچەکەش هەر بە لۆلانی ناسراوە.
٥: موهاجیر: سنووری ئەم عەشیرەتە لە شەمزینان و گەوجارەوە دەستپێدەکات تاکو نزیك بە سنووری کوردستانی باشور، ئەمان تەنها ناویان موهاجیر نییە لەخۆڕا، بەڵکو وەکو ئەو بنەماڵانەی کە لەکوردستانی باشور هەن گەرمیان و کوێستان دەکەن و پێیان دەگوترێ کۆچەری.
٦: نەورەسییەکان: ئەمان عەشیرەتێکی گەورەن کە سنووری جوگرافییان دەکەوێتە دەوروبەری شاری بتلیس هەروەها دوو تەکیەی شێخانی لێ بووە، ( تەکیەی موکوس و تەکیەی ئەرواس) هەروەها خاوەنی کەسێکی ناسراون بەناوی سەعیدی نەورەسی کە سۆفیەکی موسڵمان بووە و رەگ و بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەربابەکانی جەمالەدینی ئەفغانی کە زانایەکی ریفۆڕمخوازی سەدەی ١٩ بووە.
٧: عەشیرەتی کیران: ئەمانە لە ئێزدییەکان نزیکن بەڵام بوون بە موسڵمان و بەمەزهەب سوننین.
٨: عەشیرەتی دودیکاناللی: عەشیرەتێکن کۆچەری بوونە و ئێستاش بەشێکیان بەو شێوەیە دەژین، بەزمانی زازا قسە دەکەن و لەدیوی دەرسیمەوە هاتوون.

## سیستمی کوردی لە سیاسەتدا

سیاسەتێك کە کوردەکان لەدوای سەدەی ١٩ ەوە دەستیان پێکرد و دواتریش لەسەدەی ٢٠ کە حیزب بەمانای وشە وەکو لاسایی

کردنەوەی کۆمۆنیستەکان پەیدا بوو، حیزبی کاژیك وەکو حیزبی نەتەوە پەرست پەیدابوو، بەڵام ئەم جۆرە بوو بە بنەمایەکی خراپ بۆ حیزبایەتی کوردی و دوای ساڵەکانی ١٩٦٠ەوە بینرا. ئەم بنەمایە بوو بەبەرهەمهێنانی ستایلێکی سیاسی کە لەدوای ساڵی ١٩٩١ کە راپەڕین کرا و حکومەتی بەعسی عێراقی دەرکرا و نیمچە سەربەخۆییەکی بەخۆیەوە بینی و هەمان مێژوویان دووبارە کردەوە کە پڕ بوو لەخوێن و دوو بەرەکی، ئەوان واتە دەستەبژێری سیاسی حیزبەکانی کوردی لە کوردستانی باشور، بەقەناعەتی خۆیان لەسەدەی بیست و یەکدا زیاتر دەردەکەون، بۆیە وەکو رژێمێکی سیاسی خۆیان دەرخست، نەك وەکو هەرێمێکی سەربەخۆ، بۆیە نە ئەوەتا ستایلێکی کلاسیك بگرنەبەر کە پێشتر مۆدێلی شمولی بوو لەسەردەمی سۆڤیەتی کۆنی بەناو سۆسیالیستی هەبوو، تاکو لە رووی سیستمی سیاسیەوە پێناسە بکرێت، نە ئەوەتا ستایلێکی مۆدێرن بێت کە ئێستا مۆدێلی ئامریکیە و جهانگەرایی لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی، مەبەستم لەوەیە رژێمەکانی سەردەمی سۆڤیەت کە رژێمی کۆنترۆڵکەری تەواوی کایەکانی کۆمەڵگە بوون و سێبەر و بەرگریکەرێکی باشیش بوون بۆکەمینە نەتەوەیی و ئاینی و ئانزاییەکان کە شوناسی خۆیان بپارێزن، بو نمونە جۆرج بلیخانۆف کە بیرمەندێکی سیستمی سیاسی سۆڤیەت بوو کتێبێکی هەیە بەناوی جەبریەتی شوێن. باسی جل و بەرگ دەکات کە گوایە یەکسانە بە کەشوهەوای شوێن و کات، بۆ نمونە کەسێك یان کۆمەڵگەیەك کە خاوەنی شوناسێکی سوربەخۆن لە بنەچەدا، بەڵام جەبریەتی شوێن کە تێیکەوتوون و ناچارن تێیدا بمێننەوە، ئەو کۆمەڵگەیە بەهەموو خەسڵەتێکی کولتووری رەسەن و ناسنامەی خۆیانەوە خۆیان رادەستی ئەو کۆمەڵگە خاوەندارە دەکەن کە کەشوهەواکەیان بوونی سەلماندوون، بۆیە ئەوانیش بەناچار دەبن بە خاوەنی ئەو شوناسە و تێکەڵ دەبن و دەتوێننەوە،

بۆ ئەمەش جل و بەرگ نابێتە مەرجی یەکەم بۆیە ناسینەوە لێرەوە قورس دەبێت بۆ نەتەوە و ئاین و پێکهاتەکانی دیکەی ژێر دەستی خاوەندارە نەتەوەییەکانی دیکە کە شوێن و کاتیان بۆ خۆیانە، باشترین سەلمێنەریش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەوکات سۆڤیەت بەهەموو فرەییەکییەوە بۆ نەتەوە ئاین و پێکهاتەکانی دیکەی نێو سیستمەکە، ئەوەبوو بەناوی سۆسیالیزمەوە هەرچی قودرەتێکی هەبوو بۆ خاتری کۆمەڵگە وەگەڕیدەخست، هەرچی هەبوو لەخزمەتی خودی دەوڵەت بوو کە خەڵك تێیدا لانیکەم کەس هاوڵاتی پلەدار نەبێت، یاخود لانیکەم قەناعەتێکی فکری لەپشتەوە بوو خەڵکیش تاڕادەیەك تێیدا دەژیان، ئەوەش کە مۆدێلی مۆدێرنەیە و لە ئێستادا ئامریکا و ڕۆژئاوا سەرمەشقین، دیسان هاوڵاتی لانیکەم هۆشیار کراوەتەوە لە مافە مەدەنیەکانی خۆی، هەر ئەوەی کە لەسەر چارەنووس و ئایندەی کۆمەڵگە پرسی پێدەکرێت، تادەگاتە ئەوەی کە سیاسەتێکی واقیعبینانە دەکات لەگەڵ دۆستان و نەیاران و وڵاتە دراوسێکانی، یان ئەوەی کە هیچ شتێك لەدەرەوەی دەستوور و یاسادا ڕەوایەتی وەرنەگرتووە و قەدەغەکراوە، بەڵام بەشێکی زۆر لە فەیلەسوفانی دەڵێن « دەبێت هەموو حاکمیەتێك لەبەرژەوەندی مەحکومەکاندا بێت، مەبەست لەو کەسانەیە کە سەرکردایەتی خەڵك دەکەن، لەبەر ئەوەی مەحکومەکان بەرزترن لەوانەی حاکمن، چونکە ستراتیژەکە ئەوەیە کە گرینگی بەم لایەن بدرێت، لەلایەکی ترەوە حاڵەتێکی دیکە هەیە کە هەردوولا واتە گەل و پاشا ملکەچی یەکتر بن بۆئەوەی گەل بەجەستە ئیتاعەی پاشا بکات، ئەگەریش پاشا دەسەڵاتی خراپ بەکارهێنا، ئەوا دەوری ملکەچی ببینێ بۆ گەل، چونکە حاڵەتی یەکەم سەنگی محەکە بۆ حاڵەتی دووەم».(١٢٠).

سیستمی کوردی لەبەرئەوە ڕژێمێکی مۆدێرن نییە و خۆشی وێنەی خۆی نەبینیوە کە حاکمیەتی کردبێت و ئەزموونی

رابردووی هەبێت، رەنگە لەو پنتەدا هەڵوەستەیەك بکات و نەیەوێت لەژێر ئەو ناونیشان و زاراوانە پێناسە بکرێت، وە ئەگەر مۆدێرن بوون بە ئەوە بزانێ کە پارلەمانی هەیە و خۆی ئیدارەی خۆی دەکات، یان رێژەیەکی کەم ئافرەت بە کۆتا لە پارلەمان و حکومەتدا بوونیان هەیە، یان لەرووی ئابوریەوە تارادەیەك وەکو نمونەیەکی شاز لە ناوچەکە دەرکەوتن و لەزەمەنێکی کورتدا شارەکان گەشەیان کردوو ساختومانی باڵابەرز قیت کرایەوە و دواتریش لەکتوپڕێکدا بوو بەهەڵم ئەو گەشەسەندنە، یان بەبیانووی ئەوەی سیاسەتیان رادەستی بەشێك لەگەنجان کرد لەرێگەی حیزەکانەوە، یان ئەوەی بوون بە خاوەن میدیا و ماسمیدیای کۆمەڵایەتی و مومارەسەی جۆرێك لە ئازادی کرا کە ئەنارشیزم بوو، هەموو ئەمانە جگە لە فۆڕمێکی نەشاز کە ئاسان نییە چارەسەر بکرێت و بەهاکانی ژیان بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، تاکو تێگەیشتنی عەقلیەتی کوردی بگۆڕێت، ناتوانین پێناسەیەك بۆ ئەم سیستمە دابنێین و ناوێکی لێبنێین، چونکە سەر بە هیچکام لەو سیستمانە نییە کە ئێستا لە دونیادا ناویان هەیە. وەکو لیبرالی و دیموکراسی و دەستووری پارلەمانی و سەرۆکایەتی و پاشایەتی و هتد.

ئەگەر ئەوە گریمانە بێت کە نەتەوەیەك لەسەروبەندی خۆی سەلماندن بێت، دەبێ خاوەن پڕۆژەی سیاسی مۆدێرن و کەسایەتی سیاسی بێت، مەبەستم لەو پڕۆژانەیە کە لەرابردوودا لەرێگەی شۆڕشەوە پێشکەشکران و تەواو نەکراون و لیپاو لیپن لەخەون، دەبێ دووبارە بکرێنەوە بەستایلێکی تر، ئەم مەبەستە روح کردنە بەر ئەو کیانە مردووەیە کە لەرابردوودا نەیتوانیوە زیندوو رایبگرێت، چونکە بارودۆخ رێگەی پێنەداوە و ئەزموونیشی لێوەر نەگرتووە، لە حاڵێکدا ئەم رژێمە بێ شوناسە دەیهەوێ کەڵك لە رابردووی کلاسیکی رۆژئاوا وەربگرێت و زەمەنیش تێپەڕیوە، گرینگترینیان ئەو مامەڵە سیاسیەیە کە

لەسەر مۆدێرنەدا نەتەوەكان یان با بڵێین دەوڵەتی نەتەوەیی پرۆژەیان بۆی هەبوو كە لەوەتەی هەیە خودی نەتەوەكە دژی پرۆژەكە بووە نەك دژەكانی، ئەمەش پێویستی بە تێفكرین هەیە كە ئایا فاكتەرەكان چین، ئەو كێشە سیاسیانە ئاڵۆزتر دەكەن و گوتاری نەتەوەیی شكست پێدەهێنن، بۆچی لەژێر كاریگەری نەتەوەكانی دیكەی دەوروپشتی خۆی وەكو فارس و تورك و عەرەب و ئەوانی تر ناتوانێ یەك گوتار و یەك دەنگ بێت و ناسیۆنالیستانە مامەڵە بكات، وەكو ناوی لەخۆ ناوە ناسیۆنالیزم، بۆیە ناتوانن، چونكە ئەوان مەبەست لەنەتەوەكانی دیكە كودێتایان لەسەر تێفكرینی خۆیان كردووە و كورد هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاست و ئەو هۆشیارییە نەتەوەییە، تاكو وەكو ئەوان لە پنتێكی نوێدا راوەستن.

«شرۆڤەكردنی سیستمەكان كە مەودای تێگەیشتنی لە حكومەت فراوانتر كردووە، بەهۆی جەخت كردنە سەر كارلێكی ئاڵۆزی نێوان حكومەت و كۆمەڵگەیەكی كراوە، چونكە سیستم بریتییە لەدەستەیەكی رێكخراو، كۆمەڵە بەشێكی پێكەوە لكێنراون و قەوارەیەكی لە خۆ گرتووە، كە قەوارەیەكی بە كۆمەڵ پێكدەهێنێت، كەواتە شرۆڤەی سیستمەكان تێروانینێكی پلەبەندی بۆ سیاسەت رەتدەكاتەوە، چونكە گشت واتە هەموو گرینگترە لە تاكەكان، وێرای ئەمەش جەخت كردنە لە سەر گرینگی پەیوەندییەكان و ئەوەش كە هەر بەشێك بەپێی ئەركەكان لەنێو هەمووان واتە خۆی هەیە».(١٣١). ئەم شرۆڤەكاریە بۆ سیستماتیك كردنی حكومەتێك كە بەفۆرم لە خەڵك پێكهاتبێت، نەك تەنها ئیشكالیاتی سیاسی دروست دەكات و كۆمەڵگە ئاڵۆز دەكات، بەڵكو بەهاكان و پێناسەكانیش دەشێوێنێ، هەروەها پرۆسەی سیاسی كە بەشداری كردنی تەواوی كۆمەڵگەیە لەنێو دەزگا جۆراو جۆرەكان، داواكاریەكان لەهەردوو سەرەوە زیاتر رەتدەكاتەوە لەنێو حكومەتدا، یەعنی لە خەڵكەوە بۆ

دەسەڵات و لە دەسەڵاتیشەوە بۆ خەڵك کە ئەرك و ماف لە یاسادا دیاری کراوە، بەڵام ئامادە نەبوونی ئەم فەزا تەندروستە سیاسیە و دەرکەوتنی دەستەبژێرێك لە نێو رژێمێکی سیاسی و ونبوونی خەڵك لەنێو ئەو پرۆسەیە، نەك هەر رژێمەکە دەکەوێتە حاڵەتی مەترسی هەمیشەییەوە، بەڵکو خودی ئەو نیمچە قەوارەیەش دەکەوێتە مەترسییەوە کە موڵکی تەواوی کۆمەڵگەیە، سیستمی سیاسی کوردی کە لانیکەم خاوەنداری پارلەمانی و چەندین کابینەی حکومی بەخۆیەوە بینیووە، هیچ کات نە لەکاتی ئارامی و نە لەکاتی نائارامیدا رەچاوی ئەم خاڵەی نەکردووە، بۆیە وێنەی ناتەواوی خۆی نابینێ.
سەرباری ئەوەی کە ئەگەر شرۆڤەکارییەکی بێلایەنانە و دوور لە رۆمانسیەت بۆ نەتەوەی کورد بکەین، هەروەك چۆن شرۆڤەکەی ئەرنست رێنان بۆ نەتەوەکانی ئەورووپا کردوویەتی و بنەماڵە و عەشیرەتەکان بە خاتری ترس لە نەمانیان یەکگرتوو بوون و جودای کردوونەتەوە، دواتر نەتەوەیەکیان دروست کردووە و هەم ئەم نەتەوانە چەند لەت بوون و نەتەوەی تر دروست بوون و جوگرافیای تر دروست بوون، هەروەك پێشتر لە پێکهاتەکاندا بۆمان دەرکەوت کە بەشێکی نەتەوەی کورد لە کوێوە هاتوون.
بەتەماشا کردنی ئەوەی کوردیش بەم شێوەیە کە دەیان بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەتی تێدایە، نەتەوەیەکیان پێکهێناوە، هەم کولتوور و هەم شێوەزار و هەم جوگرافیا و هەم لەنەریتی پێکهێنانی خێزان و هەم لەرووی ئاینیەوە زۆر جوداوازی تێدایە، بەم پێیە بێت نەتەوەی کوردیش وەکو تورك و فارس، رەسەنایەتیەکەی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، چونکە مێژووەکەی نەنوسراوەتەوە، یان وەك چۆن دەڵێن تاکو ئەمدواییەش کورد لەدەرەوەی مێژوو بووە کە ئێستا خەریکە دەکەوێتە نێو مێژووی دوای مۆدێرنە کە هیچ بەهایەکی نەماوە مێژوو وەکو زەمەنی سیاسی و کولتووری،

بەوپێیەی کە کوردەکان لەوەتەی لەنیچو مێژووی نەنوسراون و لەدەرەوەی مێژوون، « بەردەوام لەچوارچێوەی چەند دەوڵەتێکدا قەتیس کراون، شتێك نەبووە هاوکارییان بکات تەنها شاخەکان نەبێت پش و پەنایان بوونە، بۆیە مانەوەی عەشیرەت و بنەماڵە و خێڵ لەگەڵ دەوڵەتە زلهێزەکانی جهان و لەگەڵ دەوڵەتە هەرێمیەکان ماونەتەوە، هۆکارێك بووە بۆ مانەوەیان بۆ داهاتوو، ئەگەرچی ئەمە رەخنەی لێدەگیرێت و بە دژی گوتاری کوردی ناسراوە، بەڵام وەکو خوێندنەوەی دیکە ئەوەیە کە بوونی ئەم عەشیرەتانە لەگەڵ دوژمن، بەشێك بووە لە سەربەخۆیی تاك و کۆمەڵگە، نمونەش ملنەدانی گەنجان بە سەربازی و یاجدان لەبریتی ئەو سەربازگیریە، بەشێکە لە سەلماندنی بوونی نەتەوەیی، شەڕی بەردەوامی کوردەکان لەگەڵ دوژمنەکانیان و ئەو هێرشە سیاسیانەی کە هاتونەتە ناوچەکە و یاخیبونیان لەدەوڵەت بەهەرکلۆجێك بووبێت و بەبەردەوامی لەم رەفتارە سیاسیە سەلمێنەری ئەوەیە کە خۆڕاگربوونە » (١٣٢). بەڵام نابێ ئەو هەقیقەتە تاڵە بیر بکەین کورد هەمیشە دووبەرە بوونە و بەسەر دەوڵەتانی دەوروبەردا دابەشبونە، حاڵەتێکی دیکەش ئەوەیە کە کورد هەمیشە دوژمنی خۆیان بوونە، مەسەلەی خۆ بەگەورە بەزانین و ملنەدان بەیەکتر و یەکتر قەبوڵ نەکردن بۆ پۆستی سەرۆك و سەرکردایەتی کردن و بەپێچەوانەشەوە بۆ دوژمنەکانیان بچوك و ملکەچ کردن، یەکێکە لە هۆکارە نیگەتیڤەکان.

ئەوەی کە رژێمی کوردی خستۆتە ژێر پرسیارێکەوە کە وەڵامەکەی لاوازە، مەسەلەی مامەڵە کردنە لەگەڵ نەتەوە و کیانە کولتوورییە جیاوازەکانی تەك خۆی، باشتر بڵێم مامەڵەکردنی لەناوەوە و لەگەڵ نەتەوەی عەرەبی سوننە و شیعە مەزهەب و تورکمان و ئاشوری و کلدانی و هتد لەلایەك، لەدەرەوەش بەناوی دبلۆماسیەوە لەتەك دەوڵەانی وەکو تورکیا و ئێران

لەلایەکی تر، لەهەردوو بارەکەدا هیچ رۆشنییەك بەکارە سیاسی و دبلۆماسیەکانەوە دیارنییە، جگەلەو ئینتیمایەی هەریەك لە حیزبە باڵادەستەکان بۆ تورکیا و ئێران هەیانە وەکو سیاسەت، بە زۆر دۆستایەتی کردنی ئامریکاش لە شوێنێکی دیکە بوەستێت، ئەو دبلۆماسیەتەی کە لەگەڵ دەورەوبەر دەیکات جگەلەوەی لەداهاتوودا بەزیانی ستراتیژی دەگەڕێتەوە و هیچ بەرهەمناهێنێ، چونکە مەرجە سیاسیەکانی ئەو وڵاتانە لەویست و داوای خەڵك و خودی شۆڕشێك کەمترە کە ساڵەهایە خەباتی بۆ کردووە.
مەسەلەی گومان کردن لەوەی کە ئایا کورد وەکو کۆمەڵگەیەك لەم ناوچەیە هەن و برێك لەمێژووی ناوچەکە بەناوی کوردەوەیە، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئایا چۆن دەبێ نەتەوەیەك خاوەن خاڵی هاوبەشی زمان و نەریت و جوگرافیا و خاك بێت، کەچی بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ واقیع بکات و مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تر بکات کە پێکەوەدەژین، ئەم نەتەوەیە ناتوانێ هەڵگری خەسڵەتێکی ناسیونالیستی بێت تاکو خۆی فەرزبکات، هەڵبەت ئەمەش بەبێ بنەمای مێژوویی و واقیعی کۆمەڵایەتی و ئاین و دەرهاویشتەکانی تری سیاسی نییە کە بەسەر نەتەوەیەکی ناهۆشیار فەرزکراوە و قەبوڵی کردووە.

## تێکەڵ کردنی ئاین و حکومەت

رەنگە لەفۆڕمدا ئەو رژێمەی کورد درووستی کردووە بە عیلمانی بچێت، بەو مانایەی کە هەم لەحکومەتدا بەفەرمی دەوڵەتی ئاینی نییە و فرەییە لە دەسەڵاتی حکومەتداریتیدا، هەم بەناو ئاینی جودا کردۆتەوە لە حکومەت، عیلمانیەت یەکێکە لەو دروشمانەی کە حیزبی مۆدێرن و حکومەتی مۆدێرن کاری لەسەر دەکات، بۆئەمەش لەسەرەتاکانیەوە دەستپێدەکات، واتە

هەڵوێستی عیلمانی و هەڵویستی ئاینی بەهۆی چەندین هۆکاری سیاسی و فکری لەیەکتر دوور دەکەونەوە، لێرەوە دۆخی ململانێ لەنێوانیاندا دروست دەبێت کە هیچ پاساوێکی نییە.

سەرەتای دەستپێکردن بۆ درووستکردنی دەوڵەتی عیلمانی، بەرلەوەی پێویستی بەو ململانێیە هەبێت، پێویستی بە خوڵقاندنی فەزایەکی لەباری ژینگەی رێکخراوەیی و جەماوەری هەیە، یەعنی ئۆرگانیزە کردنی هەموو ئەو توانایانەی کە بۆشاییەکی سیاسی پڕدەکەنەوە لە حاڵەتی نائاساییدا، هەروەها پێویستی بە رەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ هۆشیارکردنەوەی نەتەوە کە شوناسی خۆی لەپێش هەموو شوناسەکانەوە ببینێ، بەڵام کورد ئەمەی نەکردووە بەهۆی ئەو مێژووەی کە هەم بەزۆر کراوە بەئیسلام و هەم بۆخۆی بووە بە موسڵمانێکی توندڕەو، ئەلێرەوەیە تێدەگەین بۆچی نەیتوانیوە هەماهەنگی لەگەڵ یاساکان و میدیای پێشکەتوو بکات تاکو ببنە هۆکار بۆ ئەو فەزا سیاسیە کە خەڵك هەست بە بوونی خۆی بکات بە ئازادی بیرکردنەوە و بە ئازادی مومارەسەکردنی ئاین و کولتوور و نەریت و هتد. بەتایبەتی ئەو پێکهاتە ئاینی و نەتەوەیی و کولتوورییانەی کە لەکوردستان دەژین و ژیان و مافیان یەکسان نییە بە کوردەکان، ئەگەرنا جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئاین لە کۆمەڵگەیەکی فیودالیزم کە هێشتا بەفۆرم لەنێو دیمەنە شارستانیەتەکاندا خۆی دەردەخات، کارێکی ئاسان نییە تاکو بەبڕیار جێکەوتە بێت.

بەپێی ئەو پێشەکیەی ئاماژەم پێدا سیاسەتی کوردی ئاستێکی دیاریکراوی نییە کە بتوانێ بەپێی پێوەر و تیۆر مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، بەوپێیەی کە وەها مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەکات کە نەدەسەڵاتێکی تەواو مەزهەبی و ئاینیە و نەدەسەڵاتێکی تەواو عەلمانیە، یەعنی لە پنتێکدا کە پێویستە باڵانس بکات، لەنێوان عەلمانیەت و مەزهەبگەرایی بەپێچەوانەی رەوتی سیاسی خۆی هەڵسوکەوت دەکات، هەرئەوەی دامودەزگاکانی

لەسەر شێوەی حیزبێکی مۆدێرن فۆڕمی وەرگرتووە، کەچی لەناوەڕۆکدا لە حکومەتێکی مەزهەبی و نەریتخوازی دەچێت. لەهەمان کاتدا ئەوەندە پابەندە بە کولتوور و نەریتە تائەو جێگەیەی کە لەهەندێ شوێن و هەندێ دامودەزگای حیزبی و حکومیدا پرنسیپی نەریتخوازی کۆن جێگیر بووە و کاری پێدەکرێت، یان ئەوەی لەشێوەی دەسەڵاتی دیموکراسی خۆی نمایش دەکات، کەچی دەسەڵاتێکی کۆنترۆڵیە و هیچ کارێك بەبێ فلتەری حیزبی تێناپەڕێت، ئەم ستایلە کە جێگەی لە هیچ دەستوور و ڕێسایەکی دونیا نابێتەوە، تەنها چەند دەوڵەتێکی شمولی نەبێت کە تائێستا ماون، ئەمە لە دەسەڵاتی کوردیدا وەها ڕەنگیداوەتەوە کۆمەڵگەی گیرۆدە بەسەدەها کێشەی جۆراو جۆر کردووە، ڕەنگە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزبە باڵادەست و حیزبەکانی خوارەوەش کە باڵادەست نین، نەزانن کە ئەمە باڵانسی سیاسی نییە، بەقەد ئەوەی ڕازیکردنی کولتوور و نەریتە جیاوازەکانی خێڵ و بنەماڵە و کەسایەتیەکان و مەحسوبیەتە، ئەم قەناعەتەش لەخۆڕا درووست نەبووە، هەم تەواوی کۆمەڵگە و هەم تاکەکانی بارهێناوە و لەوێوە هاتووە کە سامانێك کە لەبەردەستی دایە، بەهۆی ئەوەی سیستماتیك و یاسایی نەکراوە لەئیدارەکەیدا، بۆیە کاریگەری نیگەتیڤی کردۆتە سەر ژیانی فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتیشی، هەرئەمەشە وای کردووە کە نەتوانێ یەکسانیخواز بێت و پاداشتی ڕابردوو بداتەوە.

کورد بزووتنەوەیەکی بەناو ناسیۆنالیستیە کە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە لەشۆڕشکردن بەرامبەر ڕژێمە سیاسیەکانی لەهەر وڵاتێکدا، نە توانیویەتی ببێتە خاوەن گوتارێکی سیاسی یەکگرتوو و پرۆژەیەکی نەتەوەیی، نە توانیویەتی بنکە جەماوەرییەکەی گۆش بکات بەناسیۆنالیزمێك کە بانگەوازی بۆ دەکات، لەبواری پەروەردەییشدا پرۆژەیەکی نەتەوەیی

نییە کە نەوەکان بزانن بۆچی ئینتیما بۆ ناسیۆنالیزم بکەن، بەپێچەوانەشەوە بۆچی ناسیۆنالیست بن، چونکە عەقلیەتی حیزبی و ئیدیۆلۆژیای سیاسی رووت بەسەر زمانی سیاسیدا زاڵە، ئەم ئیدیۆلۆژیا سیاسیەش تائەو جێگەیە توانیویەتی بڕ بکات کە مەنفەعەت بێتە پێشەوە، مەبەستم مەنفەعەتێکە بۆ گشت نەك مەنفەعەتێك بۆ دەستەبژێرێکی سیاسی لەپەنا ناسیۆنالیزم و نەتەوەخوازی. گوتاری رۆمانسیانەی کوردیش نەیتوانیوە جێگەی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لەزەنیەنی تاکی کوردیدا هەیە، هەر بۆیە ئیدیۆلۆژیاکانی تری وەك ئاین و بنەماڵە و خێڵ، لەبەرامبەر گوتاری سیاسی نەتەوەییدا زاڵتر دەبینرێت، دونیاگەرایی کە بریتیە لە عەقلیەتێك بۆ خۆرزگارکردن لە ئاین واتە خۆرزگارکردن لە کاریگەری دەستە و تاقمێك یان ئیدۆلۆژیایەیەکی جێگە لەسەر کۆمەڵگە کە ئاین مەرجەعی یەکەمە، کارکردنە بۆ ناساندنی مەزهەب و ئاینە جیاوازەکان، هەروەك رۆژئاواییەکان کاریان بۆ ئەوە کرد، چۆن کۆمەڵگە ئاشنا بکەن بەوەی چۆنیەتی لەچەندێتی ئاین جودا بکەنەوە، هەروەها هۆشیارییەکی تەواو بدەن بە کۆمەڵگە کە جگە لەئاینی ناسراو واتە مەسیحیەت و یەهودیەت ئاینی تری وەك (بوزی و زەردەشتی و هیندۆسی و کۆنفۆشیۆسی و هتد) هەیە، وەدەبێ لانیکەم کۆمەڵگە بیناسێت و خوێندنەوەیان بۆ بکرێت لەلایەن رۆشنبیر و کەسانی ئاکادیمیەوە، بۆ ئەوەی بچێتە نێو میتۆدەکانی خوێندنی باڵاوە، یان لەنێو ئینستیتۆتەکانەوە کە قوتابی لە خوێندنی باڵا کەڵکی لێوەربگرێت و رەنگدانەوەی هەبێت لەسەر بیرکردنەوەی کۆمەڵگە، ئەو ئەزموونە لەو کاتەوە سەرچاوەی گرتووە کە رۆژئاوا جیاوازی نێوان (کاسۆلیك و پرۆتستان و لۆسەری) کردە باو، بەڵام لەبەرئەوەی عەرەب نەیتوانی جیاوازی نێوان مەزهەبەکانی خۆی کە سوننە و شیعە و مەزهەبی دیکە هەن، بوو بەمۆدێلێك بۆ کوردی کە نەیتوانیوە

ئەو رۆشنبیرییە بکاتە باو بۆ خۆی و لەنێو بزووتنەوەی ناسیونالیزمیشدا ئەم جیاوازیە بکات، بۆیە ئاین و عەلمانیەتی لەیەکتر بۆ جودا ناکرێتەوە، بەڵکو تێکەڵ بەیەکتری کردوون. ئەگەر وای دابنێین کە ئاین یەکێکە لەبەربەستەکانی سیستمی بەڕێوەبردن، ئەوا دەبێت کورد چەند جارێك ئەم پرۆسەیە پراکتیك بکات، چونکە لە فرەیی مەزهەبی و نەتەوەیی و کولتووریدا ژیانی سیاسی دەکات، لەلایەك سوننە مەزهەبی ئیسلامیە و دراوسی دەوڵەتیەکانیشی رازی بکات، لەلایەکی تر دەبێت پرسیار لەهۆکارەکانی ئەم بەربەستە بکات کە رێگرە لە عەلمانی بوونی دەوڵەت، واتە بەو چەشنە تەماشای کۆمەڵگە نەکات کە زۆرینە لایەنگری یەك ئاینن، هەروەك لە گەڵ هاتنی جەمال عەبدولناسر جۆرێك سەرکەوتن بەدەستهات لەمیسر، لەگەڵ ئەوەی تەوژمی ئاینی لەلایەن زانایانی ئاینی هێڵی سەلەفیەت پێیان لەسەر ئیسلام بوونی کۆمەڵگە دادەگرت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەوژمی عروبە و سەلەفیەت جوداکرابۆوە، ئەم خۆ دابڕانە بەرلەوەی خۆدابڕان بێت لە ئاین، خۆ دابڕانە لە عەقلیەتی فیودالیزم و بیری دواکەوتووی خێڵ و عەشیرەت، ئەمەیە خۆ رزگارکردن لەداگیرکاری و هاوشەنگی نێوان دیسپلین و ئازادی لەبەرامبەر ئەو نەیارانەی کە کورد بەزۆرەملێی دەزانێ.

## دابەشکردنی کار لە رژێمی سیاسیدا

ئادەم سمیس گەورە بیرمەندی ئابوری سیاسی رۆژئاوایی سەدەی ١٩. لەکتێبی (سامانی میللەتان) پێیوایە کە دابەشکردنی کار دەبێتە بنەمایەك بۆ زیادبوونی بەرهەم و چاکەکردن و شێوازەکەشی، کەوابو بە کارلێکی ئەم دوو هۆکارە چەمکی بازاڕ و بازاڕکردن خۆی دەسەپێنێ، لەروویەکی دیکەوە بەپێی پسپۆڕی

تاکە کەسەوە بەرهەمی کاری مرۆڤ روو لەزیادبوون دەکات.
ئەم تێگەیشتنە بۆ دابەشکردنی کار نەك هەر لەنێو دەوڵەت، بەڵکو لەنێو دەزگایەکی بەرهەمهێنان یان دەزگایەکی تایبەت هەیە، بەوپێیەی کە دەرکەوتووە کەسێك ناتوانێ پسپۆڕی لەهەموو سێکتەرێکدات بەدەست بهێنێ، بەڵام لەنێو ئەو کۆمەڵگەیانەی کە تاکو هاتنی جهانگەرایی و کۆتایی سەرمایەداری کلاسیکی، نە شار و نە شارستانیەتیان هەبووە، نە خاوەنی سیستمی حوکمڕانی بوونە و نە کاریان بە پارە و سیستمی بانکی کردووە و نە خاوەنی بەرووبوومی ئابوری و داهاتی خۆیان بوونە، بۆیە ناتوانن تەنانەت لە دابەشبوونی لەدابەشبوونی کۆمەڵایەتیشدا کۆتایی بە ژیانی کۆیلایەتی و سەردەستەیی بۆ گروپێك لە دەسەڵاتدار بهێنن.
ئەوەی کە لەسیستمی سەرمایەداری هەیە و خودی ئینسان پێی نامۆ دەبێ، واتە لەخۆ نامۆبوون، ئەرکەیە کە لەسەر شانی خودی ئینسانە بەێ مافێکی یەکسان، واتە زێدەبایی و لەلایەك پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت و لەلایەکی تر دەوڵەمەندکردنی کەرتی تایبەت بەبێ هیچ زەمانێکی کۆمەڵایەتی ئەگەر هاتوو سەرمایەداری دوچاری قەیران هات، بۆ ئەمەش نمونە زۆرن کە کرێکار و هاوڵاتی ئاسایی دووچاری بوونە، بەڵام ئەویتر کە دژەکەیەتی، دابەشکردنی کارە لەدونیای سۆسیالیزمدا، « جەختکردن لەدابەشکردنی کاری سرووشتی و دەرەنجامەکانی دیترمێنیزمێکی لێدەکەوێتەوە کە لەودا شوێنەوارێك لە کردە و خودی نوێنەری مرۆڤ بەدی ناکرێ و لەئەنجامدا سۆسیالیزمیش وەکو گۆڕانێکی میکانیکی و سرووشتی لەجهانی شتی مێژوویدا سەیر دەکرێ، نەك لەجهانی خودو کار و پراکسیسی مرۆڤدا». (١٢٣).
لەراستیدا بەرهەمی کار و کردەوەی تاکە کەسین، ئەوەی ئەو تیۆرە لە دابەشکردنی کار جودا دەکاتەوتەوە، یەکێکیان بڕوای

بە سەرمایەیەك هەیە هەمیشە خۆی بەرهەمبهێنێتەوە و جگە لەپاراستنی بازنەیەك لەو گروپەی تێیدا هەڵدەسوڕێن و ئەویتر بۆ پاراستنی دەوڵەت و پاشان ئەو هێزە کارەی کە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دووبارە وەگەڕدەخاتەوە، ئەویدیکە بۆ نەهێشتن و پچڕانی ئەو بازنەیە کە گروپێك بەسیاسەتی ستایلێك لە سیستمی کار خۆشگوزەرانی بەدەستدەهێنن، ئەم ناعەدالەتییە لەشوێنێکدا بەیاسا رەوایەتی پێدراوە و هەم بەتیۆر و هەم بەخولْقاندنی فەزایەکی سیاسی کە ترسی بەرهەمهێناوە، چونکە سیستمەکە لەدوو سێکتەر پێکهاتووە، یەکەمیان هێز و ئەویتر سەرمایە، بۆ هەریەك لەو سێکتەرانەش کەرەستەی خاوی هەیە و هەمیشە خۆی بەرهەمدێنێتەوە، بۆ نمونە ناتوانرێ چینەکان لێکجودا بکرێتەوە، وەکو کرێکار و فەرمانبەر و بەرپرس و خاوەن کار و بۆرژوازی و هەژارەکان، چونکە سیستمەکە هەمیشە لەبیری داپۆشین و شاردنەوەی دیاردەکەیە، نەك پۆلین کردن.

فەلسەفەی سیستم و حوکمڕانیکردن و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و هتد، لەسەر بنچینەی دابەشکردنی هەیکەلی دارێشتووە و پێویستییەکی گشتە بۆ رادەستکردنی دەسەڵات بەخودی دەسەڵاتخوازان، «ئەرکی زانستە کە رووداوەکان و پەیوەندی رواڵەتگەراکان لە نێوانیاندا بە رێژەی گەورە گەورە و ئەوەندەی کە دەتوانێت، کۆبکاتەوە، دەبێت ریزبەندی ئەمانە روونبێتا بە جۆرێك پیشەسازییە جۆراوجۆرەکان بتوانن بگەن بەوەی کە خۆیان وەك بەرژەوەندییەکی هزری بەدویدا دەگەڕێن، چونکە بە ئەندازەیەکی زۆر کۆی ئەم داخوازییانە پێکەوە لە پیشەسازییەوە دێت».(١٢٤).

ئەمەی لەسەرەوە باسکرا ئەو بیرۆکە عەقڵییەیە کە فەرامۆشی هیچ ئۆرگانێك ناکرێت بە کەرتی تایبەتیشەوە کە بەشێکە لەدەسەڵاتی سیاسی و ئابوری و سەرمایەداری بە گشتی، بۆیە

هەرچی دابەشکردنی کارە لە خزمەت باڵادەستی سیستمە کە دەوڵەت بەرلەوەی حوکمڕانی بێت فەلسەفەیە، فەلسەفەش بڕوای تەواوی بە دابەشکردنی کارە، بۆیەش پیشەسازی و زانست و دەزگاکانی فێرکردن و پەروەردە کە بەشێکی زۆری یەخەی ئەنیستیتۆ و زانکۆکان و ڕاگەیاندن و کەنیسە و پەرستاگانی ئاینەکان کە بەشێکن لە سیستمەکە، کەوابوو دابەشکردنی کار تەنها لەچین و توێژەکاندا نییە، بەقەد ئەوەی کراوە بە ئەفسانە و ناناسرێتەوە، چونکە دەوڵەت و حوکمڕانی دەسەڵات هەمیشە لە فەزایەکدا کۆدەکرێتەوە کە هاوڵاتی لەشێوەی دابەشکردنەکەش شارەزایی نەبێت و وەکو سیحرێك تەماشای بکات.
لەسیستمی خۆبەڕێوەبەردرنی دەوڵەت و ژیان، ئەم فەزایە وەکو خۆی نابینرێ تەنانەت لەنێو کاریش هەستی پێناکرێ، چونکە سیاسەت هەمیشە فابریکەیەکە بۆ جێگیرکردنی سیستمەکە و قەناعەت پێکردنی کارگەر و ئەو کەسانەی کە ئامادە بەکارن، تەواوی ئەو ئەرك و مافانەی کە لەرژێمی کوردیدا قسەی لێدەکرێت، بریتین لە دانانی دوو چینی داریکراوی سەردەست و ژێردەست، ئەو توێژانەش کە دەکەونە نێو ئەم دوو چینەوە ئەو کارانە دەگرنە بەر کە لەپەراوێزی چینەکاندا هەن، یەعنی کار دەستەبژێرێکی سیاسی و ڕۆشنبیری، جیاوازی هەیە لەگەڵ کارێك بۆ جوتیار و کرێکار و قوتابی و فەرمانبەر و پیشەوەرەکان دانراوە، ئەمانەش دواتر دەبنە دوو چینی داریکراوی نێو کۆمەڵگەیەك کە لەهیچ شوێنێکی دونیادا بەو ستایلە کارناکرێت، رژێمی دروست لەو رژێمەی هیپۆدام دەچێت کە لەپێش ئەفلاتۆندا لە ئەسینادا دایڕشتبوو، ئەم رژێمە لەسەر بنچینەی دابەشکردنی چینەکان و تێڕوانینی بۆ چینەکان هەم جێگەوڕێگە و هەم دەسەڵاتەکانی دیاریکردبوو، فەلسەفەی ئەم دابەشکردنەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە هەرەمێك لەدەسەڵات دروست بکات، بەومانایەی کە هەم یەك لەو چینانەی دەبنە بەشێك لەو پلانانەی کە بۆ

دەوڵەت شایستە و لەبارە، رەنگە لەو تێڕوانینەی هیپۆدامەوە بتوانین هەمان دابەشکردنی کار لەسەر رژێمی کوردی پراکتیك بکەین، کە بریتین لەم چینانەی لای خوارەوە.
بەپێی ئەو پۆلین کردنەی سەرەوە بێت پیاوانی دەستەبژێر و پیاوە بەهێزەکان و پیاوانی بەرهەمهێنان جیاکردۆتەوە، کۆمەڵگە دابەش دەبێتە سەر دوو چین، چینێکیش لەنێوەڕاستدا وەکو چینی ئەرستۆکرات دەردەکەون کە ئێستا ئەو چینە ناوەندە لە رۆژئاواش نەماوە و هیچ کاریگەریەکیان لەسەر سیستم و سۆسیۆلۆژیای کۆمەڵگە نییە، کەوابوو تەنها دوو چینەکەی دیکە ماون کە بە بەئاشکرا دیارن، چینی پیاوە بەهێزەکان ئەو چینەن کە چارەنووسی خەڵك دیاریدەکەن لەڕووی سیاسیەوە، هەموو پێداویستیەکانی ژیانیشیان بەزۆرەوە بۆ دابین کراوە، هەر لە راگرتنی بالآنسی کولتوورە جیاوازەکانەوە بگرە کە بەخزمەتی خۆیان کۆتایی پێدێت تادەگاتە هەڵبژاردنی زەوی و ماشێن و ئارەزووەکانی دیکەی ژیان، ئەم شێوە سیاسەتی دابەشکردنی کارە، تەنها بابەتی سەرمایەگوزاری نییە، بەقەد ئەوەی گۆڕینی دۆخێکە بۆ دۆخێکی دیکەی شێوەی ژیان لەنادیاردا.

## چینی دەستەبژێری پێشڕەو

دەستەبژێر بەرلەوەی سەر بە کایەیەکی دیاریکراو بن سیاسەت یان رۆشنبیر، ئەو توێژەن کە هەم جیاوازن لەخەڵك و هەم خۆیان جودادەکەنەوە، دروستکردنی ئەو بازنەیەی کە وەك تخوب کێشراوە کەڵك لەو فەزا سیاسیە وەردەگرێت کە خەڵکی وەکو رەعیەت تەماشاکردووە و خۆشیان راعی.
بۆچی بەم چینە دەگوترێت پێشڕەو، چونکە مافیان بەخۆیانداوە پێشڕەوایەتی خەڵك بکەن و بەناوی مومارەسەی سیاسەتەوە چ لەنێو خۆیاندا و چ لەگەڵ دراوسێکانی کوردستان چارەنووسی

خەڵکیان بەدەستە و ئەوان دیاریدەکەن، ئەم فەزایە پێی دەگوترێ شەرعیەتی شۆڕشگێڕی کە بەهاکەی لە سەردەمی حوکڕانی بەعس بووە کە کۆمەڵێك لەو کەسانەی شاخیان هەڵبژارد، وەکو هاونیشتیمانی پلە یەك هەژمار بکرێن و لەهەندێ بواری یاسایشدا چاوپۆشیان لێبکرێ، لەحاڵێکدا ئەم ستایلە لە شەرعیەتدان سەرەتای دوولەت بوونی نەتەوەی کورد بوو، چونکە ژیانی شار جیاوازە لە ژیانی شاخ و ئەو پێوەرانەی شۆڕش دیاریدەکات.

## چینی پیاوە بەهێزەکان

ئەم چینە تەنها لە پیاوە سیاسیەکاندا کۆنەبۆتەوە، بەڵکو لەو کارێکتەرانە پێکهاتووە کە خاوەنداری سەرمایەن، یان عەشیرەت یان هێڵی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە وەکو شێخ و بنەماڵە ناودارەکان، بەزۆری لەوانە پێکهاتووە کە خاوەن عەشیرەت و بنەماڵە و خێڵ و هێزی ماتریاڵیان هەیە، ئەم چینە جگە لەوەی لەرووی ئابورییەوە سودمەندن و لەچوارچێوەی یاسادا جێگەیان بۆ کراوەتەوە و یاساش ناتوانێ کۆنترۆڵیان بکات، کەڵك لەو هەژارییەش دەبینن کە خەڵك بەگشتی دووچاری بووە و بەناچار سیاسەتی حیزبێك یان گروپێکی سیاسی لە رەفتاری رۆژانەیاندا رەنگیداوەتەوە، ئەمە جگەلەوەی ئەم چینە هەر لەکۆنترۆڵ کردنی کایەی ئابوری و وەبەرهێنان، دەسەڵاتی رەهایان هەیە لە کورد کوشتن و بێسەروشوێن کردنی خەڵك لەژێر عینوانی ئەخلاق و دەستدرێژی و تەجاوزی کۆمەڵایەتی و هتد. تادەگاتە ئەوەی پێشێل کردنی یاساکانی دەوڵەتیش، ئەم دیاردەیە کاریگەری خستۆتە سەر دامودەزگاکانی حکومەت و ئۆتۆریتەی سیستمەکەی خستۆتە ژێر پرسیاری نائاسایی، چونکە لەگەڵ خاوەن دەسەڵاتی سیاسی و بەرپرسە باڵاکاندا هاوبەشی پڕۆژەی ئابورین و کەڵك لەیەکتر وەردەگرن، بۆیە لەدەرەوەی

یاسا و سیستمەکەن.

## چینی کارگەر و بەرهەمهێن

ئەم چینە کەهەرچی لەگەڵ ئەوەدا ئەرکی قورس هەی کەوتۆتە سەرشانی، نەك هەر ناتوانێ لەو فەزا سیاسی و کۆمەڵایەتیانە رزگاری نابێت، ناشتوانێ وەك کارێکتەرێکی چالاك لەو بوارەی خۆیدا بەرهەمی هێزی کاری خۆی ببینێ، تەنانەت ئەو چینەش کە لەپەروایێزی بەرهەمهێنەکاندان ناتوانن خۆیان ببیننەوە وەك هاوڵاتیەکی سادە و ئاسایی بن، هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی دوای تیۆرەکەی هێربەرت مارکیۆز کە لەدوایساڵی ١٩٦٨ ی شۆڕشی خوێندکاران تیۆریزەی کرد، ئەوەبوو گوتی چینی کرێکار و بەرهەمهێن هاوشان لەگەڵ خوێندکاراندا دەتوانن چالاکتربن لە گۆڕینی سیستم و نەهێشتنی ستەمی ئابوری، چینێکی دیکەی نەناسراو و بێ شوناس سەریهەڵدا کە لەگەڵ هاتنی جهانگەراییدا و بەتایبەتی لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو هاتە نێو مەحفەلە سیاسی و ئابورییەکەوە، ئەویش کرێکاری یەخە سپییە کە لەپشتی کۆمپیوتەر و لەنێو نوسینگەی کۆمپانیا و دامودەزگا حکومی و نا حکومییەکان هەن، ئەمانە جێگەیان بە جێگەو رێگەی ئابوری چینی کرێکار و بەرهەمهێن لەق کرد، بەمەش وێنەی ئەم چینە لەبەرچاو خەڵك بەگشتی بەشێوەیەك پێناسە کراوە کە ناشیرینن و لەخوار خەڵکی ئاساییەوە تەماشا دەکرێن، ئەمە جگە لەوەی ئیرادەیان لێسەندراوەتەوە کە بتوانن هێزی کاریان وەگەڕخەن تاکو بتوانن سیستمەکە رابگرن وەکو چۆن لە سەدەکانی ١٩ و ٢٠ لەلایەن کرێکارانەوە دەبینران و دەوڵەت ترسی لێیان هەبوو، ئەم مۆدێلە لەلای رژێمی کوردی بەبێ ئەوەی هیچ کەرەستەیەکی مۆدێرنی هەبێت بۆ نەهێشتنی هێزی کار و ئیرادەی ئەم چینە، تەنها ئەوە نەبێت کە لەرێگەی ئۆرگانەکانی خۆیەوە توانای

ئەوەشی لە کرێکاراتن گرت نەتوانن خۆیان ڕێکخراو بکەن و شەقام بگرن، لەبەرامبەر ئەوەدا هەموو تواناکانی رادەستی ڕێکخراوو و سەندیکاکان کرد تاکو بە ئاراستەی سیاسەتی ئەوان بەڕێوەبچن و هەر ئەوان بتوانن بڕیار لەسەر چارەنووسیان بدەن و ئەوان ئاراستەیان بکەن بۆ ناڕەزایەتیەك کە سیاسەت دەوڵەت و حکومەت پشتگیری لێدەکات، ئەمە کاریگەرییەکی وەها نیگەتیڤی خستە سەر ئەم چینە کە تەنها زمانیان بۆ بمێنێتەوە و قسەی گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان دووبارە بکەنەوە کە دواجار ئەم گروپە بگاتە پنتێك وەك بەرژەوەندی سیاسی، پشتیان لێبکەن و بەنەفعیان کار نەکەن، هەروەك ئەوەی خودی ڕژێمەکەش بەو عینوانە کۆنترۆڵی کردن و بوو بە ڕژێمێکی نەشاز کە دژایەتی یاساکانی خۆی دەکات.

بەم جیاوازیە چینایەتیەی کە لەنیو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی کورد هەیە و هێشتا دەوڵەتی بونیات نەناوە و ئەگەریش بونیاتبنرێ شێوەی دابەشکردنی کار بە سیستم ناکرێ، چونکە ئەم دیاردە سیاسیەی کە هەرێمی کوردستانە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی یەکەمجارە لەشاردا حوکمرانی دەکات و یەکەمجاریشە لەرێگەی پوڵێکی بێشومارەوە مامەڵە دەکات، ناتوانێ خۆی ڕێکبخات، ئەمە سەرباری ئەوەی کە هێشتا یەکلانەبۆتەوە لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی دابەشی سەری کراون، بمێننەوە یان دابڕێن، بۆیە لێرەوە تێدەگەین کە نەشۆڕشەکانی شۆڕش بوونە بەمانا فکرییەکەی و نە بنەچەی شۆڕشەکانی لەپێناو ڕزگارکردنی تاکی کورد بووە لەدەست ستەمی چینایەتی کە شۆڕشی ناسیونالیستی لەنێو نەتەوەی ستەملێکراودا، بەپێی بۆچوونی پۆڵ سویزی بێت، بەشێکە لە شۆڕشی چینایەتی، کورد هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە هۆشیاری مەعریفی و ڕۆشنبیری وەکو بەشێك لە شۆڕشی دژی دوژمنەکانی بەرپا بکات، بەپێچەوانەوە بەهۆی کەم ئەزموونی لە شۆڕش و بەهۆی ناکۆکی نێوان ڕەوتە سیاسیەکان

و ناوچەگەرێتیەکانی، هەمان ئەو کارێکتەرەی بەرهەمهێناوە کە لەنێو، ململانێ سیاسیە نێوخۆییەکاندایە، بۆیە ئێستاش لە چەمکی ئازادی و تاکگەرایی دەترسێ و مەترسی گەورەشی لە رزگاربوونی تاکەکانیەتی لەدەست ستەمی ئاینی و سیاسی.

## فەرهەنگی چەمکە سیاسیەکان

١: **ناسیونالیزم:** وشەکە بەمانای نەتەوە دێت، ئەویش لەریشەی لاتینیەوە وەرگیراوە، لە فەرهەنگی نێودەوڵەتیشدا بریتیە لە فەلسەفەیەکی سیاسی کە پێیوایە نەتەوە یەکەم هەنگاوی کۆکردنەوەی نەتەوە بەرەو پێناسەکردن و بە دامەزراوەیی کردنی دەزگا سیاسیەکانی تایبەت بەو وڵاتە دێت کە لەژێر ئەو عینوانە دەسەڵاتی وەرگرتووە، ئەم زاراوەیە دیاردەیەکی کۆنی مێژووییە و زیاتر لە سەدەی ١٧ و لەسەردەستی فەرانسابیەکانەوە بەتایبەت لەدوای شۆڕشی فەرانسەوە هاتووە و بۆتە میتۆدی سیاسی و چۆنە نێو فەرهەنگی سیاسیەوە، نوسەرانی وەکو ماکیاڤیللی جان بودان و ئێرنست رێنان و تیۆریستیەکانی وەکو فیختە و هێردەری ئاڵمانی تیۆریزە کراوە و دواجار بۆتە مەتڵەبێکی سیاسی نەتەوەیی و بەتایبەتیش بۆ نەتەوە ژێر دەستەکان. بەڵام دواجار ستایلێکی دەستەبژێری وەرگرت بۆ باڵادەستی ئەو گروپانەی سیاسەت دەکەن لەژێر ئەو عینوانە، سەرەنجام دەبێ بگوترێت ئەم زاراوەیە هۆشیارییەکی تایبەتە بۆ ئەوانەی کە نەتەوە پەرست و کورت رەهەندن لە سیاسەت و جهان بینی، چونکە چەمکە کاریگەری نیگەتیڤی هەیە تا دەگاتە ئەو جێگایەی کە کەسی هەڵگری ئەم بیرە دەبێتە دژی ئەوانی تر و بە دوژمنی خۆی دەزانێ کە ئەمە تەنها گگروپە سیاسیە دەستەبژێرەکان کەڵکی لێوەردەگرن. ئەمە جگە لەوەی نەتەوە ئەتنیکیەکان و

نەتەوە ڕەسەنەکانیش دەگرێتەوە چەمکەکە، بەڵام ئەوان بەو ئاستە بیر لەو شێوازە وەرگرتنە ناکەنەوە، چونکە نەتەوەی ڕەسەن شوناسی بزر نابێت تاکو جەنگی دەروونی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لەبارەوە بکات.

**٢: ئینتەرناسیونالیزم:** زاراوەیەکە بەمانای نێو نەتەوەیی دێت، ئینتەرناسیونالی یەکەم یان یەکێتی کرێکاران ساڵی ١٨٦٤ بەهەوڵ و تێکۆشانی کارل مارکس لە لەندەن دامەزرا، ساڵی ١٨٧٢ دوو لقی لێجیابۆوە، لقی یەکەم لایەنگرانی مارکس بوون، لقی دووهەم میکائیل باکۆنین بوو کە لە ساڵی ١٨٧٦ بەهۆی ململانێی ئیدیۆلۆژییەوە شکستی هێنا و کۆتاییپێهات، ئینتەرناسیونالی دووهەم لە پاریس دامەزرا بەڵام بەهۆی نەبوونی ئەزموون و قەیراانە قوڵەکانەوە کە کێشەی ناسیونال و نەتەوە و هەڵگیرسانی شەڕی جهانی، دیسان شکستی هێنا، ئینتەرناسیونالی سێهەم ساڵی ١٩١٧ لەمۆسکۆ لایەن ڕابەری مەزنی شۆڕشی کرێکاری دژ بەقەیسەر و دامەزرێنەری یەکەم دەوڵەتی شورەوی، ئەویش بەهۆی کێشە کەڵەکە بووەکان لەماوەی زیاتر لە ٧٠ ساڵ شکستی هێنا. ئینتەرناسیونالی چوارەم ئەگەرچی ئەزموونی بە خۆیەوە نەبینی تەنها تیۆری سیاسی بوو لە سەردەستی لیۆن ترۆتسکی بوو و تا ئێستاش لەژێر ئەو ناونیشانە چالاکی دەکرێت، هەرزوو بە نەمانی ترۆتسکی کۆتایی بە ئەزموونەکە هات. بەهەر حاڵ چەمکە لەسەر بنچینەی یەکسانی بۆ نەتەوەکان مانای وەرگرتووە بۆیە لەنێو بیری سیاسی کۆمۆنیستیدا هیچ نەتەوە و پێکهاتە ئاینی و میللی و ڕەگەزییەك جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوی تر.

**٣: دەوڵەت:** وشەیەکی لاتینییە و ڕەگوڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕاوەستاو، دەوڵەت مانای تەواوی باڵای ڕواڵەتی و حاکمییەتە بەسەر تەواوی کۆمەڵگەکاندا، هەروەها هێمایەکە بۆ بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی ئاسایش و مافە سروشتییەکانی

تاك، دەوڵەت قەوارەیەکی هەمە گیرە و بریتیە لە کۆمەڵێك دەزگای جۆراوجۆر، بەمانایەکی تر کۆمەڵگەکان لەنێو یەك کۆمەڵگەدا کۆکراوەتەوە کە جوگرافیا و خاك و بەرژەوەندی کۆی کردوونەتەوە، بەمانایەکی دیکەش قەوارەیەکی سیاسی هەمەچەشنەیە و خاوەنی دەزگای جۆراوجۆی وەکو سوپا و دارایی و کولتوور و ئاسایش و باری کۆمەلایەتی و سیستمی دیاریکراو و هتد، هەروەها دەوڵەت خاوەن شوناسێکی تایبەتە و خاوەنی ئالاو دراو و نەخشەیەکی جوگرافی و سیستمێکی دیاریکراوە، دەوڵەت ئەو چەمکە فرە مانایەیە کە لەشوێنێکدا شوناسی نەتەوەیی هەیە و لەشوێنێکی دیکەدا فرە نەتەوەیی و لە شوێنێکدا نێونەوتەوەیی و لە بارێکی دیکەدا، شێوازەکانی دەوڵەتیش بریتین لە دەوڵەتی ئازاد. دەوڵەتی پۆلیسی و دەوڵەتی جەنگی و دەوڵەتی سێبەر و دەوڵەتی نەتەوە و دەوڵەتی فرە نەتەوەیی و دەوڵەتی یاسایی و دەوڵەتی کاتی و دەوڵەتی تاراوگە و دەوڵەتی خۆشگوزەران و دەوڵەتی تەواو دۆست کە نموونەیەکی شازە.

٤: **ئیدیۆلۆژیا:** چەمکە کۆمەڵێك مانای جیاوازی وەرگرتووە، بەمانا ئایدیا واتە بیرۆك و ئەندێشە دێت، هەروەها بەنای تصور واتە (بۆچوون) دێت، بەلام خۆی بریتییە لە فەلسەفەیەکی سیاسی دیاریکراو، ئەم زاراوەیە ئەگەر چی بنەچەکەی بۆ یۆنان دەگەڕێتەوە، بەلام بۆ یەکەمجار لە سەردەمی شۆڕشی فەرانسی لەسەردەستی دۆستتۆت دۆتراستی ساڵی ١٧٥٤ـ١٨٣٦ بووە، هەندێك بیرمەند ئەم چەمکەیان وەکو نازناوێك بۆ سەدەی ١٩ دەگەڕێننەوە، ئیدیۆلۆژیا جار هەیە بە چەمکێکی پۆزەتیڤ بەکاردێت و جاریش هەیە ناحەز و نیگەتیڤ بەکاردێت، مارکس لەکاتی لاوێتیدا کە بەکاریهێناوە وەکو تیۆرێکی وەکو واتایەکی دزێو کە رەخنە لە ئیدیۆلۆژیای ئالمانی دەگرێت و مەبەستیشی لە کانت و هیگڵ و فیورباخ و فیختە بووە. بەلام جۆرج لۆکاچ

و تیری ئیگلتۆن پێیانوایە ئیدیۆلۆژیا چەمکێکی قوڵی فکری و دیالکتیکییە و ئانتۆنیۆ گرامشیش بە هەمان شێوە بە چەمکێکی گرینگی تەماشا دەبینێ.
٤: **دەوڵەتی فرەیی:** بەو دەوڵەتانە دەگوترێت کە زیاتر لە نەتەوەیەکی تێدایە و بەرژەوەندی هیچ نەتەوەیەك ناخاتە پێش نەتەوەی زۆرینەی کۆمەڵگە، هەروەها بەو دەوڵەتانە دەگوترێت کە یەکسانیان لەنێوان نەتەوە و ڕەگەزەکاندا سازکردووە لەبوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژیان بەگشتی. بۆیە ئەو دەوڵەتانە لەسەر ئاستی توانا مامەڵە لەگەڵ تاك و هاوڵاتیەکانی دەکات بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و نەتەوە و ڕەنگ و ئاین و هتد.
٥: **دەوڵەتی نەتەوەیی:** بریتییە لەو دەوڵەتەی کە یەك شوناس و یەك مانای هەیە کە شانازییەکەی بۆ نەتەوەیەکی دیاریکراو دەگەڕێتەوە، دەوڵەتی نەتەوەیی
٦: **ڕاسیزم:** چەمکێکە بەمانای ڕەگەز پەرستی دێت، ئەم بیرە توندە لە کۆنەوە هەیە و تەسك بینی و تاك ڕەهەندییە، ئەگەرچی ئەم بیرە ناحەزە لەسەرەتای گەشەکردنی بەشەرییەتەوە هەبووە و سیاسەت و دەوڵەت و حکومەتە نادادپەروەرەکان کەڵکیان لێوەرگرتووە، شۆڕشی سپارتۆکۆس باشترین بەڵگەیە، بەڵام بەر لەسەدەیەك ئەم بیرە کۆنەپەرستانەیە لە ئامریکا هەبوو، وەختێك سپی پێستەکان بەرامبەر سوور پێست و هیندە سوورەکان هەبوو، تا ئەو ڕادەیەی بەدرێژایی نیو سەدە خوێن ڕژا بەناهەق، ڕاسیزم تەنها لە ئامریکا نەبووە، بەڵکو لە ڕۆژئاواش هەبووە، مەسەلەکەش تەنها لە ڕەنگ و ڕەگەزدا نەبووە، بەڵکو نەتەوە ڕەسەنەکانی ڕۆژئاوا لەدژی ئەو کۆچەرییانەی سەری خۆیان بۆ ڕۆژئاوا هەڵگرتبوو، بەهۆی ئەوەی تێکەڵ بە کولتووری ڕۆژئاواییەکان نابوون، ئیدی ئەوان تائێستاش ئەو خەڵکە بە سەر ڕەش و بە کۆنەپەرست ناودەبەن و ململانێکەش تائێستا

بەردەوامە.
**٧: لیبرالیزم:** کۆمەڵێك میتۆد و سیاسەت و ئیدیۆلۆژیا دەگوترێت کە ئامانجیان بیرهێنانەوەی ئازادییە هەمەلایەنەکانی سیاسەت و کولتووری کۆمەڵایەتییە. ئەم فکرە لە سەدەکانی ١٧ و ١٨ سەریهەڵداو بوو بەجێگای دەردەشە بۆ جێگیربوونی لەدونیای سیاسی و فکریدا، چەمکەکە کاردەکات بۆ بەهەند وەرگرتنی ئازادی بیرورای سیاسی و ئازادی بیرورا بەگشتی و چاپەمەنی و پشتیوانی کردنی دامودەزگای کۆمەڵایەتی پێشکەوتووخواز. بەرلەو مێژووەش لیبرلیزم ساڵ ١٦٨٨ لەشۆڕشی بەریتانی وەك بەرنامەیەکی سیاسی هاتە ئاراوە، جۆن ستیوارت میل بە ددامەزرێنەری ئەم چەمك و میتۆدە ناسراوە و دوو کتێبی بەناوبانگی هەیە لە ژێر عینوانی (لیبرالیزمی سیاسی و ئازادی تاك) کە لەبارەی مافی تاك و مافی سیاسی وەکو پان ئازادی ناسراوە لەلای ئەو. دوای ئەم تیۆریستینە چەمکەکە بووە بە مۆدیلێك بۆ گروپە سیاسیەکان وەکو داواکارییەکی سیاسی.
**٨: جەنگی عادیلانە:** بەو جەنگە دەگوترێت کە هێزێکی ستەمکاری گەورە لەگەڵ هێزێك بچووك کە نادادپەروەرانە هێرش بکەن سەر هێزی بچووك و بیانچەوسێننەوە، وەکو ئەو جەنگانەی ئاڵمان دژ بە پۆلۆنیا و هۆڵەندا و دانیمارك و عێراق لەدژی کورد و تورکیش بەهەمان شێوە، بەریتانیا و فەرانسە لەدژی جەزائیر و میسر و لوبنان و عێراق و سوریا و یەمەن و هتد کردیان. هەروەها جەنگی ناعادیلانە ئەو جەنگە هیچ پێوەرێکی جەنگیش بەکارناهێنێ و راست و چەپ کۆمەڵکوژی دەکات و هەرچی موڵك و خاوەنداریێتی دەوڵەت و هێزی بچوکە تێکدەدات.
**٩: شۆڕش:** زاراوەیەکە لەکۆنەوە هەیە و کەرستەیەکە بەدەست گروپ و نەتەوە و کەمینەی سیاسیەوە دژ بە سیستمی ناعەدالەتی و دیکتاتۆر و ستەمکارەوە، شۆڕش ئەو بنەمای

هەیە كە ئیدیۆلۆژیایەك لەدژی ئیدیایەكی دیكە بەكاریدەهێنێ بۆ سەرەوژووركردنی تەواوی سیستمەكە و هێنانە ئارای سیستمێكی دیكە. ئەم چەمكە لەدوای یۆنانەوە سەرەتا لە فەرانسەوە هاتووە كە رێنیسانس بە گەورەترین شۆڕش ناسراوە، دواتریش لە شۆڕشی ١٧ ی ئوكتوبەر لەدژی قەیسەری روسیا كە دواتر یەكێتی سۆڤیەتی بەرهەمهێنا و دەیان شۆڕشی دیكە كە هەندێكیان تائێستاش سەری نەگرتووە و بەردەوامە.

١٠: **سیستمی سیاسی:** سیستم وشەیەكە لە لاتینییەوە سەرچاوەی گرتووە، لە زاراوەی سیاسیدا بریتییە لە كۆمەڵێك دامەزراوەی جیاواز كە پێكهاتەی حكومەت و دەوڵەت بەدیدەهێنێت، لەبارێكی تردا بەمانای لۆژیك و تیۆرە و ئاراستەی جیاواز دێت، هەروەها ستایلی حوكمڕانیشە. بۆ وێنە پادشاهی و كۆماری و پارلەمانی و سەرۆكایەتی و دیموكراسی و سۆسیال دیموكراتی و كە تۆتالیتاری و پێشتریش فیودالیزم و پاشان هاتنی سەرمایەداری وەكو دوا سیستمی ناعەدالەتی كراوە بە پێوەر. هەر سیستمێك بیچم و شێوازی خۆی بەپێی كولتوور و مێژووی دەوڵەتەكە مامەڵەی لەتەك دەكرێت، مەسەلەی سەرەكیش بۆ ناساندنی سیستمی سیاسی، ئەوەیە كە هەم لەنێو خۆدا پێوەری هەبێت مامەڵە لەتەك دامودەزگاكانی، لە ئاستی دەرەوەش لادان لە پرنسیپەكانی سزادانی خۆی هەیە لە ئاستی نێودەوڵەتی، بۆیە دەبێت سیستمی حوكمڕانی پابەندی ئەو جەوهەرە بێت كە پێناسەی سیستمەكەی پێدەكرێت و مافی هەموو هاوڵاتییەك لەبەرچاو بگرێت.

١١: **ستەمكاری:** بەو دەسەڵاتە دەگوترێت كە هەم ناعەدالەتە لە سیستمەكەی خۆیدا و هەم كۆمەڵگە لەئاستە جیاوازەكان سەركوێر دەكات و رێگە نادات خەڵك چاوكراوە بێت و رێگری بكات لەهەر ئەگەرێك بۆ تاك حیزبی و دەسەڵاتی رەها لەنێو جومگە سەرەكیەكانی دەوڵەت و حوكمڕانی، لە ئاستی

فەرهەنگیشدا هەوڵێكە بۆ ئەوەی خەڵك رابهێنرێت لەو ستەمكارییە كە واتێبگەن دەسەڵات ئەو فۆڕمەیە كە ئازادە لە مامەڵەی لەگەڵ خەڵكدا بەبێ گەڕانەوە بۆ شەرعیەتی یاسایی.

١٢: **زۆرەملێ:** خۆسەپاندن و زاڵكردنی هێزێك و عەقڵیەتێكە لەلایەن كەمینەیەكی سیاسیەوە بەسەر زۆرینەی كۆمەڵگە، یان بەمانایەكی دیكە لە دەوڵەتی نەتەوەیی توندڕەوانەدا ئەوەیە كە نەتەوەی سەردەست هەموو دیسپلینەكانی خۆی بەسەر كەمینەدا زاڵ بكات، یان بەمانای ئەوەدێت كە ئیدیۆلۆژیایەك بەسەر ئەوانی دیكەی ناڕازای زاڵ بكات بەبێ گەڕانەوە بۆ رای گشتی.

١٣: **دەسەڵات:** ئەو هێزەیە بۆیەكەمجار ئەم زاراوەیە لەلایەن تۆماس هۆبز وەكو وشەیەكی ئاكادیمیەوە بەكارهاتووە، ئەم چەمكە یان ئەوەتا لەلایەن هێزی جەستەییەوە دێت یان لە هێزی تێكستەوە دێت، بۆ ئەمەش چەندین نمونە گریدراوی ئەم زاراوەیەیە، دەسەڵاتی ئاینی و دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی دەق و دەسەڵاتی كولتووری و دەسەڵاتی رۆشنبیری و دەسەڵاتی كۆمەڵایەتی و هتد.

١٤: **سیۆكراسی:** زاراوەكە لە وشە پێكدێت، یەكەم مانای خودادێت و دووهەم حوكمكردن دێت، بەواتای دەسەڵاتی سیستمی ئاینی دێت، بەومانایەی كە حوكمی خودادێت بۆ یەكەمجار ئەم زاراوەیە لەسەر زاری یۆسفۆس بەكار هاتووە كە ئاماژە بە تێگەیشتنی یەهودییەكان دێت بۆ ئاینپەرستی و خوداپەرستی، ئەمە لەتەوراتدا هاتووە، ئەمە گرێدراوی تیۆرێكە بەهانە بۆ دەستراگەیشتنی فەرمانڕەوایی رەها و كەسێتی پیرۆزەوە هەیە.

.

١٥: **كۆمەڵگەی مەدەنی:** ئەم زاراوەیە بۆ یەكەمجار لەلایەن هیگڵ ەوە بەكارهاتووە، زاراوەكە بۆ تاك گەرایی و ئازادیەكانی تاك بەكاردێت، هەروەها زاراوەكە بۆ ئەو رێكخراوانە كاری

پێدەكرێت كە رێكعروەكانی لەرێگەی رۆشنبیر و كەسانی خۆ بەخشەوە هاوكاری حكومەت و دەسەڵاتی سیاسی دەكەن بۆ چارەسەر كردنی كێشە هەمەلایەنەكان، ئەم جۆرە كۆمەڵگەیە بڕوای بە بەشدارییەكی خۆبەخشانە هەیە لەپەنا دامودەزگاكانی دەوڵەت بۆ رایی كردنی كاروباری خەڵك و بەهاناوە هاتنی كێشەی هەموو پێكهاتەكان و چاودێریكردنی دەزگاكانی دەوڵەتیش لەهەر ئەگەرێكی نەخوازراو، كۆمەڵگەی مەدەنی واتە ژیان دۆستی لەگەڵ ئەو یاساو رێسایانەی كە دەزگاكان دایان مەزراندووە و خەڵكیش لەهەر دەرفەتێكدا كە زانی لەبەرژەوەندی نییە، رەخنەی لێبگرێت و دەوڵەتیش گوێ لە خەڵك بگرێت، بۆئەمەش خەڵك مافی خۆپیشاندان و مافی بەشداری سیاسی و نارەزایەتی و سنووردانانی هەیە بەرامبەر نادادپەروەری.

١٦: **كۆمەڵگەی سەربازی:** بەو كۆمەڵگەیە دەگوترێت كە سەرتاپای بەهۆی كێشە و بەهۆی تێگەیشتنی دەسەڵاتەوە دەبێت بە دەسەڵاتی میلیتاری، واتە خەڵك بەهۆی پەروەردەی حكومەتەوە دەبن بە كەسانی توندوتیژ و كۆمەڵگە سەرتاپای دەبن بە سەرباز و بەو عەقلییەتە مامەڵە لەگەڵ كایەكانی ژیان دەكەن.

١٧: **تۆتالیتاریزم:** ئەم زاراوەیە بریتییە لە فۆرمێكی رێكخستن كە بەرمەبنای توانەوەی تاكەكانە و لەرێگەی توندوتیژییەوە بەرهەمهاتووە، لە زۆربەی بارەكاندا كەسایەتی كاریزمی و خاوەن هێزی سیحراوی بۆ سەرنجراكێشانی جەماوەر دروست دەكات. ئەم زاراوەیە لە سەدەكانی بیستەمدا كاری لەسەر كراوە.

١٨: **ستەمكاری عادەتی:** ئەم زاراوەیە بۆ زۆرەملێی و ستەمكاری كولتووری خەڵك بەگشتی بەكارهاتووە و بەكاردێت، واتە گشت لەدژی ئازادییە هەمەلایەنەكان كە لەلایەن كەسایەتی و تاكە جیاوازەكاندا مومارەسە دەكرێت. نموونەی ئەم ستەمكارییە ئاین و كولتووری زاڵ بەسەر كەمینە و ئاینزاكاندا دەسەپێنرێت.

کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەمەندە لەم بارەیەوە.

**١٩: فەندەمینتالیزم:** بەو گروپە توندڕەوانە دەگوترێت کە لەڕێگەی هێز و توندوتیژییەوە لۆژیکی خۆیان زاڵ دەکەن و لەگەڵ هیچ شێوەیەك لە یەکتر قبوڵ کردن و پێکەوەژیان نین. ئەم چەمکە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئایدیایەکی وەکو بنچینەی تیۆرە وەرگرتووە کە تێسکتی سەرچاوەکە زەمینەی بۆ خۆشکردووە تاکو ماتریالە ئایدیالیستیەکەی شەرعیەت وەربگرن بۆ بڵاوکردنەوەی توندوتیژی لەنێو خەڵك. زۆرجار ئەم لۆژیکە تەنها لەلایەن گروپی توندڕەوە نابینرێت، بەڵکو لەلایەن دەسەڵات و حوکومەتەوە هەستپێدەکرێت، نمونەش ئەو دەسەڵات و حومکڕانەنانەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە و پێشتریش لە ڕۆژئاوا هەبوو.

**٢٠: ئەنارشیزم:** ئەو گروپانەن کە بەمانای ئاژاوە پشوێی دەنێنەوە و کێشە بۆ دەوڵەت و سیستم دروست دەکەن، رائیدی ئەم بزووتنەوەیە لەسەدەی ١٨ و ١٩ لە ڕۆژئاوا، کەسانی وەکو برۆدۆن و فۆریە بوون، بەڵام دواتر ئەم بزووتنەوەیە شوناسێکی دیکەی وەرگرت کە وەکو ماف چاوی لێکراوە، ئەویش دژایەتی کردنی دەوڵەتانێك بووە کە ستەمکارین و ڕێگە بەهیچ جۆرە ئازادییەك نادەن، ئەو بزووتنەوانەش وەکو پەرچەکردارێك ئاژاوە دەگێڕن و بەبێ ئەوەی هیچ ئامانجێك لەبەرچاو بگرن دەوڵەت و دامودەزگاکانی سەربازی و ئەمنی سەرقاڵ دەکەن و زیان لە موڵکەکانی دەوڵەت دەدەن.

**٢١: فاشیزم:** ئەم چەمکە سیاسیانەی سەدەی ٢٠ و لە بنەچەدا لە وشەیەکی لاتینییەوە هاتووە، بەواتای دەست تەرك یان چێوەیەکی تەڕپاش جەنگی جهانی یەکەم مۆسۆلۆنی بوو کە ساڵی ١٩١٩ بوو بە یەکەم کارێکتەری سیاسی کە ئەم چەمکە پراکتیك بکات لە ئیتاڵیا، ئەم سیستمە ناحەزە بەناوی هێزێکی زاڵ بەسەر ئەوانی تر و ئیدیۆلۆژیەکانی تردا بوو بەدیاردەیەکی سیاسی کە

لەسەردەمی حیزبی دەسەڵاتدار لە ساڵی ١٩٢٢ دەستی پێکرد کە لە ساڵی ١٩٣٠ بوو بەهێزێکی باڵا، بنەمای فکری ئەم بیروڕا ناحەزە دژایەتی کردنی پرنسیپەکانی سیستمی سەرمایەداری سەنعەتی و نەهێشتنی گەیشتن بە سیستمی کۆمۆنیستی بوو بەتایبەتی لە شوێنە سەنعەتییەکان، بەبۆچوونی ئانتۆنیۆ گرامشی گەورە فەیلەسوفی ئیتالیا دەبوو لەگەڵ فاشیزم بەشێوەیەکی کۆیەك لە دۆزەکان بێجگە لەوە بە شێوەی دەستپێکی ئابوری سیاسی خەبات بکرابایە، دەبوو قەبوڵ نەکرابا ئەو دیاردە زوتر پوچەڵ بکرابایە تاکو تەشەنە نەستێنێ، هەربویە لە کتێبەکەیدا بەناوی (یاداشتەکانی زیندانی) بەدرێژی پێشبینی ئەو دۆخە سیاسیەی کردووە و ڕێگەشی بۆ دەربازبوون لەو دۆخە کردووە، تاکو کەڵك لە جەماوەر وەرنەگرن، بەڵام کاری پێنەکرا.

**٢٢: فێمینیزم:** لەوشەیەکی فەرانسەییەوە هاتووە کەمانای ژن و لایەنگیری لەمەسەلەی ژن دێت، فێمینیزم ناوی ڕێکخراوی یەکسانی یە، چالاکەکانی ئەم ڕێکخراوە کار بۆ نەهێشتنی ئەو دەسەڵاتە ڕەهایە دەدەن کە کۆمەڵگە رادەستی نێرینەی کردووە، سەرهەڵدانی ئەم ڕێکخراوە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٦ و ١٧ بۆچوونێکی دیکەش هەیە پێیوایە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٨ و بەتایبەتیش دوای سەرکەوتنی شۆڕشی فەرانسە ئەویش دوای ڕووداوە مێژووییەکانی ڕۆژئاوا بوو لەقۆناغی بڕوابوون بە شۆڕش و لەدوای ئەمەش ماری ڤۆلستۆن کرافت کتێبێکی لەژێر ناونیشانی سەلماندنی مافەکانی ژنان بوو لە ساڵی ١٧٩٢ و دواجار بوو بە جارنامەی فێمێنیزم. شەپۆلی دووهەمی ئەم تیۆرە لە ساڵەکانی ١٩٢٠ تاکو ١٩٦٠ دەستیپێکرد . شەپۆلی سێهەمیش لە دوای ١٩٨٠ دەستیپێکردووە.

هەڵبەت ئامانجی فێمێنیزم دەستەبەرکردن و هەڵسەنگاندنی کەسایەتی ژن و جیازاوزیەکانیەتی لەگەڵ پیاواندا، یان بەمانایەکی تر سڕینەوەی ئەو جیاوازییە دروستکراوەی کە

بۆ ژنالن بۆتە هەقیقەت لە زەینی کۆمەڵگە تاکو ژنان تەنها کاری ماڵەوە و بەرهەمهێنانی منداڵ و بەخێوکردنی منداڵ بێت، لەم بارەیەوە کەسێکی وەکو سیمۆن دی بۆڤار وەکو پێشەنگێك هاتە مەیدان و کتێبێکی بەناوی رەگەزی سێهەم نوسی و بوو بەمانیفێست بۆ بزووتنەوەکە و تائێستاش کاری پێدەکرێت، هەلبەت ئەم بزووتنەوەیە جگە لەمەدەنی بوونیان خەڵکانێکی توندڕەویی بەرهەمهێنا تائەو رادەیەی کە خراپ کەڵك لە یاسا و رێکخراوەکە ببینن و پیاو بچەوسێننەوە. ئێستا ئەم بزوتنەوەیە لە زۆربەی ئەو وڵاتانە بوونیان کە ژنان تێیدا کەمترین مافی ژنان هەیە. وەکو هیندستان و نیپاڵ و بەشێك لە ئەوروپا و تونس و میسر و تورکیا و بەشێك لە ولایەتەکانی ئامریکا. بەڵام بەگشتی ئەو گوتارەی کە ژنانی توندڕەو و ئەوانەی هەڵگری ئەم بیروڕایە کەوتوونەتە بەر رەخنەی فکری و بە بۆچوونێکی توندڕەوانە و ناحەزی سیاسی لەقەڵەم دەدرێت.

٢٣: **ئەیکۆلۆژیزم**: ئەم چەمکە بەمانای ئەندێشەی سەوز دێت، چەمکەکە لە دەیەی ١٩٧٠ هاتۆتە ئاراوە بەمانای تەداخولاتی نیگەتیڤی مرۆڤە لە سرووشت و گۆڕینی دۆخە رەسەنەکەی، بەڵام کە دواتر بوو بە بزافێکی رێکخراوەیی و سیاسی، ئیدی زیانەکانی زیاتر بوون لە سوودەکانی بوونی ئم ئیدیۆلۆژیایە، گیانەوەر ناسەکانی ئاڵمان ئەم پێشبینیەیان کردووە و مەترسی ئەوەیان لەبەرچاو گرتووە بۆ مرۆڤ کە زیان بە ژینگە دەگەێنن، لەوانەش زانای بەناوبانگ هاینرش هەکیل سالّی ١٨٦٠ کاری لەسەر کردووە، بویە دوای ئەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەی سەوز واتە ژینگە پارێزی پەیدا بوون و خەباتیان لەدژی ئەو ئەیکۆلۆژیە راگەیاند.

٢٤: **پلینیۆم**: لە وشەی لاتینییەوە کە مانا تەواوەکەی (لێوانلێو) ە، لە رووی سیاسیەوە بەو دەستە سەرکردایەتییەی حیز بیان رێکخراوی سیاسی دەگوترێت کە وەکو ئۆرگانێکی تایبەت لە

کاتی خۆیدا وەکو پسپۆڕییەك بڕیار لەسەر هەڵوێستی تایبەت وەردەگرن، هەروەها بە ئۆرگانێکی ناوەندی نێوان کۆنفرانس و کۆنگرەش هاتووە کە بۆ فریاکەوتنی حیزب لەوەی نەتوانێ کۆنگرە بگرێت، پلنیۆم دەتوانێ ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە.

**٢٥: پاڕادایم:** ئەم چەمکە لەلایەن بیرمەندی سیاسی تۆماس کۆڤەن (١٩٦٢) بۆ فەلسەفەی زانستگەرایی بەرهەمهاتووە، کۆڤەن بە نوسنی کتێبێك بەناوی (پێکهاتەی شۆڕشە زانستییەکان) ئەم چەمکەی جەماوەری کرد و وەکو نەریتێکی فکری لە ئارادایە و کاری پێدەکرێت، واتە پارادایم میتۆد و ستایلی پرۆژەی زانستی دیاری دەکات، یان بەواتای کۆمەڵێك گریمانەی لەبوارێکی تایبەت کە دەبێتە هۆکار بۆ درووسبوونی تیۆرەیەك.

**٢٦: پۆست مۆدێرنزم:** ئەم چەمکە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە سەریهەڵداو و بەمانای پاش تازەگەری دێت، چونکە سەرمایەداری وەکو سیستم کە پێشکەوتنی لە بوارە تەکنۆلۆژی و زانستی و فەرهەنگییەکان بەخۆیەوە بینی، بەڵام بیرکردنەوەیەکی دیکەی دژ هەیە کە پێیوایە هەڵبڕینی دەنگێکە دژی هەموو دەستکەوتەکانی چاخی رۆشنگەری کە شۆڕشی فەرانسی زەمینەی بۆ خۆشکردبوو، یۆرگن هابرماس پێیوایە تەواوکەی پرۆژەی مۆدێرنزمە، چونکە ئەو پرۆژەیە هێشتا کاری دیکەی ماوە.

**٢٧: فەزای گشتی:** ئەم چەمکە هەم بەمانای بەشدارییەکی گشتی خەڵك دێت لە دۆخە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان، هەم وەکو پەرچەکردانێکی کۆمەڵگە بەگشتی دێت بەرامبەر ئەو رووداوانەی دەسەڵاتی سیاسی دەیخوڵقێنێ، بۆیە رەهەندێکی کۆمەڵایەتی مرۆڤە لە ئاڵوگۆڕی پرۆسەی سیاسی، ئێستا لەدونیای سیاسی هەموو دونیادا گرینگییەکی لە رادەبەدەری پێدەدرێت، چونکە بەبێ گەڕانەوە بۆ خەڵك و بۆچوونە جیاوازەکانیان، کەلێنێك لە نوقسانی درووست دەبێت

کە ئەمە ڕێك مانای پشتگوێخستنی خەڵکە لە بەشداری گشت لە بڕیاردان و دەرەنجامەکان.
**٢٨: سیکۆلاریزم:** وشەکە لە لاتینییەوە هاتووە، بەمانای کاروباری دونیایی واتە جهات پەرستی، لەڕوانگەی سیاسیەوە بەمانای راگواستنی ئاین دێت لەنێو حکومەت و دەسەڵاتەوە، تاکو وەکو تاکە سەرچاوەی دەسەڵات وەرنەگیرێت، واتە جیاکردنەوەی کاروباری ئاین لە حکومەت، ئەم چەمکە زیاتر لە سەدەکانی پاش چاخی رۆشنگەری سەریهەڵداو و تاکو ئێستا ئەم بیرۆکە کاری پێدەکرێ و لە بەشێکی وڵاتانی دواکەوتووش تائێستا ململانێی لەسەرە لەنێوان هێزە پێشکەوتووخواز و ئاینییەکانەوە.
**٢٩: تابوری پێنجەم:** زاراوەیەکی سیاسیە و پێناسەیەکە لەلایەن دەسەڵاتداریێتی حکومەتە دژ بەو گروپانەی کە نەیاری دەوڵەتن، ئەم زاراوەیە یەکەمجار لەشەڕە نێوخۆییەکانی ئیسپانیا ١٩٣٦ هاتە ئاراوە، لەو کاتە فرانکۆ فەرماندەی سوپای دژە کۆمار بە چوار تابور هێرشیان بردە سەر مەدرید، هاوکات بڕیار بوو گروپێکی تر دزە بکەنە نێو ئەم شارە، ئیدی هێزەکانی پاراستنی شارەکە ئەم گروپەیان بە دەستوپێوەنی دوژمن لەناو حیزب ناوبرد.
**٣٠: تیۆر:** بە کۆمەڵێك ئەندێشە و بۆچوونی جیاواز دەگوترێت، زانستێکی تایبەتە لەهەموو بوارەکانی سیاسی و فیزیایی و ئەدەبی و کۆمەلایەتی کاری پێدەکرێت، زانایان لەرێگەی لێکۆڵینەوە و توێژنەوە وە هەوڵدەدەن بۆ دۆزینەوەی داتای واقیعی تاکو رێکبخرێت و وەکو پێوەر لەسەر هەر بابەتێك بەپێی تایبەتمەندی کاری پێبکرێت، هەروەها لەرێگەی تیۆرەوە دەرکەوتووە مانا ببەخشن نێوەندەکان بگۆڕن و پێشبینی داهاتوو بکەن و زەمینە خۆش بکەن بۆ داهاتووی پەرەسەندنی زانست لە تەواوی بوارەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و تەنانەت ئەدەبیش کە نموونەی زۆر هەن باسبکرێت.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١: ئێرنست گلینر. ناسیونالیزم. وەرگێرانی بۆ کوردی. عەبدوڵڵا رەسوڵی. بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان. ساڵی ٢٠١٦. ل٥٢
٢: تاريخ الفكر السياسى من مدينه الدوله الى الدوله القوميه. جان جاك شوفارليه. ت. محمد العرب صاصيلا. دار الوحده الوگنييه للگباعه و النشر. سنه ٢٠٠٤ . ل٣٧ ل٣٨.
٣: بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست. د. غانم محمد سالح. وەرگێرانی . سەلام کەریم. بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریان بۆ چاپ و بڵاوکرنەوە. ساڵی ٢٠١٠. ل٢٠١ و ل٢٠٢ .
٤: هەمان سەرچاوەی پێشوو.. ل٢٠٨
٥: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٢١١
٦: بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست . د. غانم محمد صالح. بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریان بۆ چاپ و بڵاوکرنەوە. وەرگێرانی . سەلام کەریم. ساڵی ٢٠١٠. ل١٩٩
٧: ئەندرو ڤنسنت. تیۆرەکانی دەوڵەت. وەرگێرانی. عەبدوڵڵا فازڵ گەرمیانی. بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێران، ساڵی ٢٠١١ . ل٤٥
٨: پێشەکیەك لەسەر کۆمەڵناسی سیاسی. د. ئەحمەد نەقیب . و. مەسعود رەواندۆست. بڵاوکراوەکانی دەزگای موکیان. ل٣٣. ل٣٤.
٩: مجموعة الاجزاء عالم السياسي. د. حسن الصعب. دار العلم الملاين للنشر البيروت. سنة ١٩٨٥. بيروت .مجلد ٣.
١٠: ئەنتۆنیۆ گیدنز. سەرمایەداری و تیۆری کۆمەڵایەتی هاوچەرخ. وەرگێرانی بۆ کوردی. ئارام ئەمین شوانی. ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. هەولێر.٢٠١٦. ل٣٥٧
١١:ئێرنست گلینر. ناسیونالیزم. وەرگێرانی بۆ کوردی عەبدوڵڵا رەسوڵی. بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان. ساڵی ٢٠١٦. ل٢٥
١٢: مجموعة اجزأ .. عالم السياسة. د. حسن الصعب. طبعة جديدة دار النشر العالم للملايين. سنة ١٩٨٥ بيروت .مجلد ٣
١٣: دليل بيرنز. المثل السياسية. ترجمة لويس اسكندر. راجعة. الدكتور محمد

انیس. دار الکتاب الوزارت تغلیم العالي. قاهرة. ١٩٦٤.ل٤٨
**١٤:** فۆکۆ یاما. رەگوڕیشەی سیستمی سیاسی لەسەردەمی پێش مرۆییەکانەوە تا شۆڕشی فەرانسا. وەرگێڕانی. ئاوات ئەحمەد سوڵتان. بڵاوکراوەکانی دەزگای دواڕۆژ بۆ روناکبیری و میدیا.ساڵی ٢٠١٦. ل٢٥٩
١٥: پێشەکیەك بۆ کۆمەڵناسی سیاسی. د. ئەحمەد نەقیب زادە. و. مەسعود رەواندۆست. لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپی موکریان. ل٤١ و ل٤٢.
١٦: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٤٤
١٧: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٤٥
١٨: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٤٧.
١٩: تاریخ الفکر السیاسي. جان توشار. لویس بودان . بیار جاني. جورج لافون. جان سیرین لي. ترجمة. د. علي المقلد. دار العالمیة لنشر و التوزیع . سنة ١٩٨١ بیروت.
٢٠: اسس البرالیة السیاسة. جون ستیوارت میل. ترجمة. امام عبدلفتاح امام. د. میشیل میتیاس . مکتبة المدبولي. قاهرة. سنة ٢٠٠٢.
٢١: مارکس ئەنگلس. مانیفێستی کۆمۆنیست. بڵاوکراوەکانی حیڤبی کۆمۆنیستی ئێران.کۆمەڵە. ل٥٥
٢٢: تیری ئیگلتۆن. بۆچی مارکس لەسەر هەق بوو. وەرگێرانی بۆ کوردی. پێشڕەو محەمەد. بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا. ساڵی ٢٠١٥. ل٢١ .
٢٣: د. حوسێن بەشیرییە. مێژووی سەدەی بیستەم. بەرگی یەکەم. دەزگای موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ساڵی ٢٠٠٩. ل١٣٣
٢٤: ئیرنست گلینر. ناسیونالیزم. وەرگێرانی بۆ کوردی. عەدوڵڵا رەسوڵی . بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیر جمال عیرفان. ساڵلی ٢٠١٦. ل٥٢،
٢٥: ئالین سوکال. ژاك برك مۆنت. بنەماکانی پۆست مۆدیرنیزم.. وەرگێڕانی هادی محەمەدی. ریکخراوە دیموکراتیەکانی یەکێنی نیشتیمانی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٩. ل٧١
٢٦: رۆزا لۆکسۆمبۆرگ. ریفۆرمی کۆمەڵایەتی یان شۆڕش. وەرگێرانی بابان ئەنوەر. کارزان عەزیز. پێشڕەو محەمەد. بڵاوکراوەکانی ناوەندی توێژینەوەی شەهید ئارام. ساڵی ٢٠١٦. ل٧١
٢٧: ج. تیومنز. روبیرتس. ئەیمی هایت. لە مۆدێرنەوە بۆ جهانگەرایی. وەرگێڕانی. محەمەد حسێن. بڵاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێم. بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران. ساڵی ٢٠٠٩. ل٨٧

٢٨: رامین جهانبەگلو. مۆدێرنەکان. وەرگێرانی ئازاد بەرزنجی. بڵاوکراوەکانی دەزگای نما بۆ فکری و لێکۆڵینەوە. سلێمانی ساڵی ٢٠٠٣. ل٧٦ .
٢٩: ئەرنست رێنان.. لەبارەی ناسیۆنالیزمەوە. گۆڤاری رەهەند ژمارە ٥ ساڵی ١٩٩٨
٣٠: ئەندرو ڤنسنت. تیۆرەکانی دەوڵەت. وەرگێڕانی. عەبدوللا فازڵ گەرمیانی. دەزگای وەرگێڕان. ساڵی هەولێر ٢٠١٢. ل١١٢
٣١: مارکس و الفوچویە. مبحپ فی العلم الاجتماعی لدی سان سیمون و برودون و مارکس. بیار انسار. الجزو الپالپ. ترجمە. ژوقان قرقوگ. دار الگلیعە للنشر و الگباعە . بیروت. گبعە الاولی ١٩٧٩.
٣٢: ئەحمەمەد نەجیب زادە، جهانی بوون و شوناس و نەتەوەیی، وەرگێڕانی بۆ کوردی. ئازاد وەلەدبەگی. بڵاوکراوەکانی سەنتەری رۆشنبیری هەتاو. ساڵی ٢٠٠٤. ل١٩١
٣٣: دڤید لیتین. وەرگێڕانی بۆ کوردی. رێبین هەردی. گۆڤاری سەردەم. ژمارە ٥٧.
٣٤: تیۆری سیاسی. ئاندرۆ هیبود. وەرگێرانی. گۆران سەباح. بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ساڵی ٢٠١١.. ل١٦٦.
٣٥: پەراوێز: مارکۆس گارڤێ یەکێك لە دامەزرێنەرانی فکری نەتەوەیی رەشپێستەکان بوو لە ئامریکا ( ساڵی١٨٨٧ لە جامایکا لەدایك بوو، تا ١٩٤٠ کۆچی دوایی کرد) ئەو هەر لەسەرەتای گەنجێتیەوە بیری لەوە کردەوە لەرێگەی ئەدەب و رۆژنامەگەرییەوە هەوڵی رێکخستنێکی گەنجانەی دژ بە کۆیلەکردنی رەش پێستی دا،ئەو یەکەمین کەس بوو بیری لەوە دەکردەوە بۆچی حکومەت یان دەوڵەتێکی رەشپێست نییە لەسەرانسەری دونیادا، لەکاتێکدا ئەم رەگەزە کە سروشتیە و لەمێژە کۆیلەی سپی پێستەکانە، بۆیە هەڵسا بەبونیاتنانی سەرهەڵدانێك دژی بە کۆیلەکردنی رەش پێستەکان لەسەرانسەری دونیا بەتایبەتی ئامریکای لاتین، ئەوەبوو شوهرەتێکی گەورەی وەرگرت و بوو بە کەسێکی ناسراو جەماوەری و سەرەنجام نەك هەر لە ئامریکا بەڵکو لەتەواوی ئافریقاش بیرۆکەکەی سەرکەوتنی بەدەستهێنا و کەسایەتی بۆ ئینسانی رەش پێست گەڕانەوە، تا ئەو جێگەیەی بیرۆکەکە بوو بە جهانی و دونیا کەوتنە ژێر کاریگەری ئەوەی کە چیتر جیاوازی نەمێنێ لەنێوان رەش پێست و سپی پێست.
٣٦: ئەرنست گلێنەر. ناسیونالیزم. وەرگێرانی بۆ کوردی. عەبدوڵلا رەسوڵی. بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان. ساڵی ٢٠١٦. ل١٧
٣٧: د. علي عبد الحمداوي. الاشكالية السياسة للحداثة. من الفلسفة الذات الي

الفلسفة التواصل. دار المان الرباط الاختلاف. سنة ٢٠١١. ل١٥
٣٨: هنري لؤفيفر. ما الحداثة. ترجمة. كاظم جهاد. دار ابن الرشد. ١٩٨٣.
٣٩: تیری ئیگلتۆن. بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو. وەرگێڕانی بۆ کوردی. پێشڕەو محەمەد. دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە. ساڵی ٢٠١٥. ل٢٢٩
٤٠: میتۆد و فەلسەفە. کۆمەڵناسی ئەدەبیات. کۆمەڵێك وتاری فکری. وەرگێڕانی لە فارسییەوە. هادی محەمەدی. ساڵی ٢٠٠٦. ل١١
٤١: برێندا مارشاڵ. پرسی پێکهاتەخوازی و پۆست مۆدێرنیزم. وەرگێڕانی بۆ کوردی. بەفرین. رۆژنامەی ئاسۆی رۆژهەڵات. ٢٠١٥
٤٢: ج. تیمونز روبیرتس. لەمۆدێرنەوە بۆ جهانگەرایی. بەشی دووەم. وەرگێڕانی. محەمەد حوسێن. بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان. سلێمانی ساڵی ٢٠٠٩. ل ٦٧
٤٣: ناسیۆنالیزم گۆڕانکاری لەتیۆری رەخنە. ئەکرەمی میهرداد. ل١٠٩. ل ١١
.
٤٤: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٢١
٤٥: کتێبی نەتەوەخوازی. عبدوللا ئەبرێشەمی. وەرگێرانی بۆ کوردی. سەلاحوددینی ئاشتی. ل ١٢٢.
٤٦: تیۆری سیاسی. ئاندرۆ هیبود. وەرگێڕانی د. گۆران سەباح. دەزگای ئاراس. ساڵی ٢٠٠٩. ل٢٠١.
٤٧: ئێرنست گلێنەر. ناسیونالیزم. وەرگێڕانی بۆ کوردی. عەبدوڵلا رەسوڵی. بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان. ساڵی ٢٠١٦. ل٩
٤٨: الامم و الامميه قچايا و افاق مفهوم الاشتراكی للامه. ليوبولد مارمورا. تعريب. ميشيل كيلو. منشورات وزاره البقافه جمهوريه العربيه السوريه. سنه ١٩٩٣. ل٨٥
٤٩: ج. تیمۆنز رۆبێرتس. ئەی می هایت. لەمۆدێرنەوە بۆ جهانگەرایی. وەرگێرانی. محەمەد حوسێن. بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٩. ل٨٨
٥٠: پەراوێز: ئەم داتایە کە لەبارەی لینین و مافی چارەنووسی گەلانە لەئێنتەرنێتەوە وەرگیراوە. بڕوانە سایتی مارکسیزم بەم لینکە. Marksizm. net . کە سایتێکی نێودەوڵەتییە و بەچەند زمانێکی جهانی فکر و سیاسەت و تێزەکانی مارکس و مارکسیزمەکان پەخش دەکات، لەم لینکەدا تەواو چالاکی و کتێبی بیرمەندە مارکسیەکان نمایش کراوە و وەکو کتێبخانەیەکی مارکسییە.
٥١: فالح عبدالجبار. المادية و الفكر الديني المعاصر. نظرة نقدية. مركز

الابحاث و الدراسات الاشتراكية في العالم العربي. ١٩٨٥. ١٣٥
٥٢: ليبولد مارمورا. الامة و الاممية.. قظايا و افاق مفهوم الاشتراكي للامة.. تعريب. ميشيل كيلو. منشورات وزارة الثقافة. دراسات اجتماعية في جمهورية العربية السورية .١٩٩٣ ل٦٠.
٥٣: ئەحمەد شەبانی. فەرهەنگی زانستی سیاسی. کوردی . فارسی. ئینگلیزی. دانشگاه کردستان. ٢٠١٥. ل٣٢٦
٥٤: برتراند راسل. ئایدیاڵە سیاسیەکان. وەرگێڕانی بۆ عەرەبی. ئەکبەر حەسن. چاپکراوەکانی یانەی قەڵەم. ساڵی ٢٠١٣. ل٩٤
٥٥: ليوبولد مارمورا. الامة و الاممية. قضايا و افاق مفهوم اشتراكي للامة.. تعريب. ميشيل كيلو. دراسات اجتماعية في جمهورية العربية السورية. سنة ١٩٩٣ . ل٣٣.
٥٦: د. رەفیق سابیر. کولتوور و ناسیۆنالیزم. بڵاوکراوەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی. ساڵی ٢٠٠٨. ل٢٥
٥٧: سلاڤۆی ژیژاك. چۆن لاکان بخوێنینەوە. وەرگێڕانی بۆ کوردی. وەلید عومەر. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ل٥٤
٥٨: ئەنتۆنی دی سمیس. نەتەوەخوازی تیۆری و ئیدیۆلۆجی و مێژوو.. وەرگێڕانی بۆ کوردی. هۆشیار عەبدولڕەحمان سیوەیلی. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. ساڵی ٢٠٠٤. ل١٣١
٥٩: لیبرالیزم. زەمینەی مێژوویی و فکرییەکانی لەسەدەی بیستەمدا. وەرگێڕانی بۆ کوردی. کۆمەڵێك نووسەر. زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ساڵی ٢٠١٧. و ل١٢١
٦٠: يورغن هابرماس. الدولة و التعدد الثقافي.. ترجمة. المصطفي الحسني. دار توبقال للنشر. مغرب. سنة ٢٠٠٨. ل٨
٦١: د. بكري خليل. الفكر القومي و القضايا التجدد الحضاري. مكتبة المدبولي. سنة ٢٠٠٤. ل١٦٤.
٦٢: ئەکرەم مهرداد. ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری ، تیۆری، رەخنە) بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری. ٢٠٠٦. ل٩١
٦٣: د. عباس وەلی لە رۆژنامەی رۆژنامە. ژمارە (٣٦٥). ٢٠٠٨/١٢/١٧. مەلەفێکی تایبەت بە ئیدیۆلۆژیا و ناسیۆنالیزم
٦٤: ئانتۆنیۆ دی سمیس. نەتەوەخوازی ئیدیۆلۆژی و مێژوو. وەرگێرانی بۆ کوردی. هۆشیار عەبدولڕەحمان سیوەیلی. بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس. ساڵی ٢٠٠٤. ل٧٣.

٦٥: ريجيس دوبرية. نقد العقل السياسي. ت. د. عفيف دمشقية. دار النشر الاداب. سنة ١٩٨٦. ل١٥٣.
٦٦: ج. تيونز رۆبيرتس. ئەيمی هايت. لە مۆديرنەوە بۆ جهانگەرايی. وەرگێڕانی بۆ كوردی. محەمەد حوسێن. بڵاوكراوەكانی وەزارەتی رۆشنبيری حكومەتی هەرێمی كوردستان. خانەی وەرگێڕان. ساڵی ٢٠٠٩. ل٣٧
٦٧: هانا ئارێنت. بنەماكانی تۆتاليتاليزم. وەرگێڕانی بۆ كوردی. حەمە رەشيد. زنجيرە كتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. كتێبی ژمارە ٤٠٩. ساڵی ٢٠٠٧. ل١٥٢
٦٨: ج. تيمونز روبيرتس. ئەيمی هايت. لە مۆديرنەوە بۆ جهانگەرايی. وەرگێرانی بۆ كوردی. محەمەد حسێن. بڵاوكراوەكانی وەزارەتی رۆشنبيری حكومەتی هەرێمی كوردستان. خانەی وەرگێڕان. ساڵی ٢٠٩. ل٣٥
٦٩: ريجيس دوبرييه. نقد عقل السياسي. د. عفيف دمشقية. الطبعة لبنان. ل١٤٣
٧٠: جەمال نەبەز. بيری نەتەوەيی كوردی. بڵاوكراوەی بنكەی كوردنامە. چاپی دووەم. ٢٠٠٢. ل٨٧
٧١: جەمال نەبەز. بيری نەتەوەيی كردی. بڵاوكراوەی بنكەی كوردنامە، چاپی دووەم ٢٠٠٢ لەندەن. ل٦٨
٧٢: ئەنتونی دی سيميس. نەتەوەخوازی تيۆری و ئيديۆلۆژی و مێژووی. وەرگێڕانی بۆ كوردی. وشيار عبدولڕەحمان سيوەيلی. دەزگای ئاراس. ساڵی ٢٠٠٤. ل٧٢.
٧٣: جان توشار. لويس بودان. بيار جاني. جورج لافو. جان سيرين لي. تاريخ الفكر سياسي. ترجمة. علي المقلد. دار النشر عالمية سنة ١٩٨١. ل ٤٤٥ .
٧٤: ئاندرۆ هيیود. تيۆری سياسی. دەزگای ئاراس. وەرگێڕانی . گۆران سەباح. ل١٦٦.
٧٥: د. عبدوڵلە ئەبريشەمی نەتەوەخوازی. وەرگێرانی سەلاحەدين ئاشتی. ل٤٨. ل٤٩
٧٦: عبدوالله العروي . مفهوم الدولة. دار النشر. مركز الثقافي العربي. ل٦٨
٧٧: عبدوالله العروي. مفهوم الدولة. دار النشر مركز الثقافي العربي. سنة ١٩٨٧. ل٦٨
٧٨: د. رەفيق سابير. بەشێك لەكتێبی (ئيمبراتۆريەتی لم). گۆڤاری سەنتەری برايەتی. ١٩٩٨ .
٧٩: عصر الثورة اوروبا. (١٧٨٩_١٨٤٨). اريك هوبسباوم. ترجمة. فايز الصباغ. تقديم. د. مصطفي الحمارنة. دار النشر. مركز دراسات الوحدة العربية.

سنة ٢٠٠٨. ل٢٧٢.
٨٠: ویڵ دیورانت. مێژوی شارستانیەتەکان. وەرگێرانی. ئازاد بەرزنجی و نەبەز کەمال و دانا ئەحمەد. بەرگی یەکەم. بڵاوکراوەکانی دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوەی سەردەم. ل١٣٢ ل ٢٢٣.
٨١: اریك هوبسباوم. عصر الثورة. (١٧٨٩_١٨٤٨) مركز دراسات الوحدة العربية. ترجمة فايز الصباغ. الفصل الثاني الايديولوجيا و الدين. تقديم. د. مصطفي الحمارنة. دار النشر. مركز دراسات الوحدة العربية سنة. ٢٠٠٨. ل٤٠٥.
٨٢: ئەکرەم میهرداد. ناسیۆنالیزم ( گۆڕانکاری تیۆری رەخنەیی) بڵاوکراوەی مەکتەبی بیر هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ٣٠. و هۆشیاری (ی.ن.ك) ٢٠٠٦. ل٢٩
٨٣: د.رەفیق سابیر. بەشێك لە کتێبی (ئیمپراتۆریای لم) گۆڤاری سەنتەری برایەتی. ژمارە ٦. ساڵی ١٩٩٨.
٨٤: ئەحمەد باڵایی. کوردو ئیسلام.. بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان. چاپی دووهەم. ساڵی ٢٠١١. ل١٦
٨٥: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٧
٨٦: ئەحمەد باڵایی. کورد و ئیسلام. بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و پەخشی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان. چاپی دووهەم. ساڵی ٢٠١١. ل٩٠
٨٧: ناسیونالیزمی کورد و روانگەی رۆژئاوا. کۆمەڵێك نووسەری بیانی. وەرگێڕانی بۆ کوردی. وریا رەحمانی. دەزگای چاپ و پەخسی سەردەم. ساڵی ٢٠١٢. ل ١٧٢.
٨٨: مەنسور مەخدووم گرینگی کورد و کوردستان لە قۆناغە مێژوویەکانی ئێران.. وەرگێڕانی بۆ کوردی. رەفعەت مورادی. هەولێر ساڵی ٢٠٠٥. ل ٨٧.
٨٩: مامۆستا جەعفەر. مێژووی بیری کورد. بڵاوکراوەکانی دیداری جیهانی مەولانا خالید. ٣. ساڵی ٢٠٠٩. ل ٥٥
٩٠: مەنوچهێر پارسادوست. جەنگی چاڵدێران لە کتێبی شا ئیسماعیلی یەکەمدا. وەرگێڕانی. وەفا بداعی. دەزگای موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ساڵی ٢٠١٤. ل٣١
٩١: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٥٧

٩٢: ناسیونالیزمی کورد و روانگەی رۆژئاوا. کۆمەڵێك نوسەر. وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە . وریا رەحمانی. بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ساڵی ٢٠١٢. ل١٧٩
٩٣: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٠
٩٤: گۆران سەلام. کاریگەری خێڵ و ئاین لەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەنێوان ساڵانی ١٨٤٧_١٨٨١.. بڵاوکراوەکانی دەزگای جەمال عیرفان. ساڵی ٢٠١٤. ل١٤٤
٩٥: پەراوێز: ثابت و المتحول، نامەی دکتۆرای ئەدۆنیس ە و کتێبێکە کە لە چوار بەش پێکهاتووە و هەر بەشێکی بریتییە لە بابەتێك، یەکێك لەوانە مەسەلەی عەقڵی عەرەبی و رەگوڕیشەی عەرەب و ئەدەب و مەعریفەیە کە تێیدا باس لە راڤەکردنی زمانی قورئان دەکات و بە تاکە سیخری دەقەکە پێناسەی دەکات.
٩٦: ئێرنست گلنیر. ناسیونالیزم. وەرگێڕانی بۆ کوردی. عەبدوڵڵا رەسوڵی. بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان. ٢٠١٥. ل٦٣
٩٧: اریك هوبزباوم. ارهاصات الشعبیة للنزعة القومیة.. ترجمة . عدنان حسن. مجلة النهج . عدد ١٧ سنة ١٩٩٩ . ل٢٣٠
٩٨: هەمان سەرچاوەی سەرەوە. ل٢٣٥.
٩٩: رۆلان بارت. رەخنەو هەقیقەت. وەرگێڕانی بۆ کوردی. پێشڕەو حسێن. زنجیرە کتێبی گیرفان دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ساڵی ٢٠٠٧. ل٤٥
١٠٠: رۆڤار. ژمارە ٢٨ . بڵاوکراوەی تایبەت بە عەلائەدین سەجادی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەریدەکات.
١٠١: رەفیق حیلمی. شیعر و ئەدەبیاتی کوردی. بەرگی دووەم بەغدا. چاپخانەی الشباب. ١٩٥٦. ل٢٠٦.
١٠٢: ناسیونالیزمی کورد و روانگەی رۆژئاوا. کۆمەڵێك نوسەری بیانی. وەرگێڕانی بۆ کوردی. وریا رەحمانی. بڵاوکراوەکانی دەزگای پەخشی سەردەم. ساڵی ٢٠١٢. ل٢٠٧.
١٠٣:هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل٢٠٨.
١٠٤: بول ویست. الروایە الحدیپە. ترجمە. عبدلواحد محمد. دار الرشید للنشر. سنە ١٩٨١. ص٢٢٤
١٠٥: د. محمد ئەرگۆن. عەلمانیەت و ئایین. وەرگێڕانی. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد. دەزگای سەردەم. ساڵی ٢٠٠٥ ل٤٧.
١٠٦: د. برهان غلیون. الوعی الژاتی. دار البیگار البیروت. سنە ١٩٨٧. ل٦٨
١٠٧: د. بکری خلیل. الفکر القومی و القڤایا تجدد الحڤاری. مکتبە المدبولی

القاهره. سنه ٢٠٠٤. ل٢٦.
١٠٨: د. رفيق سابير. ئیمبراتۆریەتی لم. گۆڤاری سەنتەری برایەتی. ژماره ٦. ساڵی ١٩٩٨.
١٠٩: ئەنتۆنی دی سمیس. نەتەوەخوازی تیۆر و ئیدیۆلۆژیا و مێژوو. و. هۆشیار عبدولڕەحمان سیوەیلی. بڵاوكراوەكانی دەزگای ئاراس. ل١٢٢.
١١٠: رۆڤار. ژماره ٢٨. مەلەفی تایبەت بە عەلائەدین سەجادی.وەرزنامەیەکی تایبەت بو بەداهێنەران دەزگای چاپی و پەخشی سەردەم دەریدەكرد. ساڵی ١٩٩٩
١١١: ئیحسان نوری پاشا. مێژووی رەگ و رەچەڵەكی كورد. پڕۆژەی ١٠٠ كتێبی كوردی. وەرگێڕانی بۆ كوردی. حەمە كەریم عارف. ساڵی ١٩٩٨. ل١٩
١١٢: ئیحسان نوری پاشا. مێژووی رەگ و رەچەڵەكی كورد. وەرگێڕانی بۆ كوردی. حەمە كەریم عارف. پڕۆژەی ١٠٠ كتێبی كوردی ساڵی ١٩٩٨ . ل١٦ و ل١٧
١١٣:: د. عباس وەلی. دەربارەی ناسیۆنالیزم و خانی لە پەراوێزی كۆنفرانسی خانی لە دیار بكر. رۆژنامەی رۆژنامە. ژماره ٤٣٥ . ساڵی ٢٠٠٩
١١٤: فریدیش انجلس. اصل العائله و الملكیه الخاصه و الدوله. دار النشر الجمل. البیروت. سنه ٢٠١٤. ل١٥٥.
١١٥: استاژ الدكتور. عبد ربه سكران ابراهیم الوائلی. اكراد العراق ١٨٥١_١٩١٤ . دراسه فی التاریخ الاقتصادی و الاجتماعی و السیاسی. ل٨١.
١١٦: هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل٩٠
١١٧: د. رەفیق سابیر. كولتوور و ناسیۆنالیزم. لە بڵاوكراوەكانی مەڵبەندی كوردۆلۆژی. ساڵی ٢٠٠٨. ل٥٠
١١٨: گۆران سەلام. كاریگەری خێڵ و ئاین لەسەر بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی كورد. لە نێوان ساڵانی ١٨٤٧_١٨٨١. بڵاوكراوەكانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان. ساڵی ٢٠١٤. ل٢١
١١٩: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٢٣
١٢٠: تاریخ الفكر السیاسی. من المدینه الدوله الی الدوله القومیه. جان جاك شوفالیه. ت. محمد عرب صاصیلا. دار الوحده الوگنیه. سنه ٢٠١٠. ل٣١٧
١٢١: تیۆری سیاسی. ئانرۆ هێیود. وەرگێرانی بۆ كوردی. گۆران ساڵح. بڵاوكراوەكانی دەزگای ئاراس. ل١٢٤.
١٢٢: مارتن فان بروینسن. ئاغا و الشێخ و الدوله. جزو الاول . ترجمه. امجد حسین. معهد دراسات الاستراتیجیه. سنه گبعه الاولی ٢٠٠٧. ل٢٨٣

١٢٣: د. حوسێن بەشیرییە. مێژووی بیری سیاسی سەدەم بیستەم. وەرگێڕانی. ناسر ئیبراهیم زادە. دەزگای موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ساڵی ٢٠٠٩. ل٢٩٢

١٢٤: ماکس هۆرکهایمەر و تیۆدۆرف ئەدۆرنۆ. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە. هاوژین مەلا ئەمین. بڵاوکراوەکانی نێوەندی رۆشنگەری بۆ لیکۆڵینەوەی فکری و سیاسی. ساڵی ٢٠١١. ل٣٥٠